

# مەحمود حەمەد شێخانی

## دەنگێکی ڕەسەنی ون ١٩٢٦-١٩٩٤

پ.ی.د. هۆشمەند عەلی مەحمود

٢٠١٩

مەحمود حەمەد شێخانی
پ.ی.د. هۆشمەند عەلی مەحمود
٢٠١٩

# مەحمود حەمەد شێخانی

## دەنگێکی ڕەسەنی ون

## (١٩٢٦-١٩٩٤)

نوسین و ئامادەکردنی:
**پ.ی.د.هۆشمەند عەلی مەحمود**
پسپۆڕ لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ
مامۆستا لە بەشی مێژوو/ زانکۆی کۆیە

ناونیشانی کتێب: مەحمود حەمەد شێخانی، دەنگێکی ڕەسەنی ون
نوسەر: پ.ی.د. هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی
دیزاینی بەرگ: ڕابەر عەزیز
تایپ: نوسەر
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ساڵ: ٢٠١٩
چاپ: یەکەم
ژمارەی سپاردن:
چاپخانە: چاپخانەی شەهاب- هەولێر.

**ئەم پەرتوکە لەسەر ئەرکی کورەکانی مام مەحمود**

**(عەمیدی پۆلیسی خانەنشین/ عەلی ئیلنجاغی)**

**(پ.د. وەلی/ سەرۆکی زانکۆی کۆیە)**

**چاپکراوە.**

ئەم پەرتووکە پێشکەشە بە
ڕوحی پاکی باپیرم

## پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| | **بەشی یەکەم: ڕوداوەکانی ژیانی** |
| | یەکەم: ژیانی منداڵی |
| | دووەم: ماوەی سەربازی کردنی |
| | سێیەم: ژیانی هاوسەری و بارودۆخی ژیانی |
| | چوارەم: هەوڵێکی سەرنەگرتوو بۆ تۆمارکردنی لاوک و حەیرانەکانی |
| | پێنجەم: کاری پارتایەتی لەنێوان ململانێی باڵی مەلایی و جەلالیدا |
| | شەشەم: دادگاییکردن و زیندانیکرانی لە بەندیخانەی هیرانی (پ.د.ک) |
| | حەوتەم: بەردەوامیدان بەکاری پارتایەتی لە دوای ئازادبوونی لە... |
| | هەشتەم: لە گوندەوە بۆ شار |
| | نۆیەم: نەخۆش کەوتنی تا کۆچی دوایی |
| | **بەشی دووەم: لاوک و حەیرانەکانی** |
| | یەکەم: لاوکەکانی |
| | دووەم: حەیرانەکانی |
| | **بەشی سێیەم: چەند کورتە وتار و چاوپێکەوتنێک دەربارەی...** |
| | یەکەم: شوکری فازیل شێخانی، بولبولی خۆشخوانی وراتی... |
| | دووەم: مامۆستا زرار قادر خەیلانی، جوامێرو قسەخۆش و نوکتە... |
| | سێیەم: ئەندازیار نادر صالح حمد شێخانی، کورتەیەک لەناسینی من... |
| | چوارەم: چاوپێکەوتن لەگەڵ (حەلیمە رەسوڵ) |
| | پێنجەم: شێخ صلاح شێخ شرف، کاک محمود حمد ئیلنجاغی... |
| | شەشەم: لیوا کاوە ئەنوەر نادر، سۆزێک لە غوربەتەوە |
| | حەوتەم: م. نوری عەبدوڵلا فەتحوڵلا، بەکۆچی دوایی خوالێخۆش بوو... |
| | هەشتەم: چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەنوەر نادر خدر) ناسراو بە (مام ئەنوەر) |
| | نۆیەم: هەڵسەنگاندنێکی تیۆریی و ئەکادیمی بۆ دەنگی مام مەحمود |
| | لیستی سەرچاوەکان |
| | سوپاس و پێزانین |
| | پاشکۆکان |

## پێشەکی

لاوک و حەیران بەشێکی گرنگی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیە. هەرچەندە لەئێستادا هونەرمەندانی بواری لاوک وحەیران زۆر کەم بوینەوەو کەمتر لەوبوارەدا کاردەکەن. بۆیە پێویستە ئەم لایەنە باشتر ئاوڕی لێ بدرێتەوەو ئەوانەشی لەم بوارەدا کاریان کردوە ئاوڕ لە کارو ژیان و بەرهەمەکانیان بدرێتەوە، یەکێکیش لەوانە مام (مەحمود)ە، کە لاوک بێژ و حەیران بێژێکی دەنگ خۆشی سەردەمی خۆی بووە.

## هۆکاری نوسینی ئەم کتێبە:

لەمێژووی کورددا، هەر لە کۆنەوە تا ئێستا، گەلێک بەسەرهات و ڕوداوی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسیی و ئەدەبی و ...هتد، بەهۆی تۆمارنەکردنیان لەناوچوون، یاخود بە ناتەواوی لە شێوەی گێڕانەوەی پشتاوپشت ماونەتەوە. هۆی ئەمەش ڕونە، کە هەر لە زووەوە تۆماری مێژووییمان نەبووە. بەڵکو دەیان و سەدان بەسەرهات و ژیاننامەی چەندین پیاوو ژنی هەڵکەوتوی نەتەوەکەمان تۆمارنەکراون و بەوهۆیەشەوە ڕۆڵ و تێکۆشانیان دوای دەیان ساڵ ونبووە. بۆیە گرنگی دان بە نوسینەوەی (مێژووی زارەکی) گرنگ و پێویستە زیاتر بایەخی پێبدرێ و لەڕێیەوە ڕابردوو تۆماربکەین. ئەمەش پاڵنەرێکی سەرەکیم بوو بۆ نوسین و ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە لەسەر ژیان و لاوک و حەیرانەکانی باپیرم (مام مەحمود).

## بیرۆکەی نوسینی ئەم کتێبە:

لەڕاستیدا بیرۆکەی نوسینی ئەم بەرهەمەو دەستپێکردنی، دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی ساڵی ٢٠١٦، ئەوکاتەی کە سەردانێکی بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوەی کۆیە (پ.ی.د. هیمداد مجید)م کرد لە دادگای کۆیەو دوای چەند باس و گفتوگۆیەک باسی لە نوسینی نامیلکەیەکی خۆی کرد سەبارەت بە باپیری

بەناوی (کوێخا عەلی شون هەڵگر)، پاشان منیش باسم لەگرنگی نوسینەوەی مێـژوو کـرد لەچوارچێـوەی مێـژووی زارەکـی و کەم و کووڕیەکـانی ئـێمەی کورد لەو بوارەداو گرنگی نەدان بەتۆماری ڕوداوەکانی ڕابردومان. هەربۆیە لەدوتوێی ئەم گفتوگۆیەدابوو بیرۆکەی نوسینەوەی ژیان و بەرهەمەمـی لاوک و حەیرانەکانی باپیرم (مام مەحمود)م لادروست بوو، وەخستمە بەرنامەی کارەکـانمەوە، بەڵام بەهـۆی سـەرقاڵیم بەدەوام و ژیـان، دوای زیـاتر لە دوو ساڵ هاتە بەرهەم.

## سەرچاوەکانی ئەم کتێبە:

یەکەم/ مێـــژووی زارەکـــی: مێژوونوســـان جـــگە لەوەی گرنگـــی بە بەکارهێنـانی سـەرچاوە دەدەن، گرنگـی بە شـایەتحاڵی مێـژووی زارەکـیش دەدەن، کە ســـەرچاوە زارەکیەکـــانیش بـــۆ دوو بەش دابەش دەبـــن، یەکەم/ بـــریتیییە لە یـــادەوەری زارەکـــی، کە تـــوێژەر ڕاســـتەوخۆ دەتوانێـــت چاوپێکەوتنیـان لەگەڵـدا بکـات وزانیاریـان لێوەربگرێـت. لە کۆتـایی سـاڵانی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردو ئەم جـۆرە میتـۆدە لە وڵاتـی بەریتانیـاو وڵاتە ڕۆژئاواییەکـان بەکارهـاتووە، بەتـایبەتی لە بـواری مێـژووی کۆمەڵایەتیـدا. دووەم/ بـریتییە لە کلتـوری زارەکی، واتە هەمـوو ئەوشـتانەی لە ڕێـی قسـەی وتـــراوی زارەکـــیەوە لە نەوەیەکەوە بـــۆ نەوەیەکـــی تـــر دەگـــوازرێتەوە، لە چیـرۆک-هەواڵ-ڕوداوەکانی ڕابـردو. هەرچەندە ئێسـتا لە وڵاتە ڕۆژئـاوایی و پیشە سازییە پێشـکەوتووەکاندا زۆر کەم بـووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا گرنگی خۆی هەرماوە. تاکو ئێستاش ئەو زانیارییانەی کە لەڕێی مێژووی زارەکیەوە دەگوازرێتەوە جێی گومانن و کەمتر پشتی پێ دەبەستن[1].

لەڕاسـتیدا سـەرچاوەی سـەرەکی ئەم کتێـبە مێـژووی زارەکـیە، بەشـی یەکەمی ئەم کتێبە کە تایبەتە بە ڕوداوەکانی ژیانی و بەشـی دووەمـی بـریتین

(١) بڕوانە: (جون توش: المنهج في دراسة التـاريخ، اتجاهـات ومنهجيات وأهداف جديدة فـي دراسـة التـاريخ الحـديث، ترجمـة: د.ميلاد المقرحـي، منشـورات جانعـة قـاريونس، بنغـازي- ليبيـا، ١٩٩٤، ص٢٩٧).

له لاوک و حەیرانەکـــانی، زۆربەی زانیـــاری و گێڕانەوەکـــان لەزاری کـــوڕە گەورەی مـام مەحمـود (عەلـی ئیلنجـاغی) وەرگیـراون، بەڕاسـتی گەر هەوڵ و کۆششـــی ئەوو زانیاریەکـــانی ئەو نەبـــایە ئەم دوو بەشــــە بەو فـــراوانیەوە نەدەتواندرا بنوسرێتەوە، لەپاڵ ئەویشـدا زانیـاری و گێڕانەوەکانی (پ.د.وەلـی) کوڕی مام مەحمود بەهەمان شێوە جێی بایەخ بوون.

**دووەم/ چاوپێکەوتن:** دیدەنی نوسەر لەگەڵ بەشێک لە دۆست و هـاوڕێ و خزمـــانی مـــام مەحمـــود، بەشـــێکی تـــرن لەو زانیاریـــانەی کە ســـودیان لێوەرگیراوە، هەروەهـا سـەرجەمیان لەبەشـی سـێیەمی ئەم کتێبە بەدوای یەک و بەپێـی ڕێککەوتـی مێژوویـی دانـراون بـۆئەوەی خـوێنەر وەک خـۆی بیـان خوێنێتەوەو تەنـانەت دەقـی وتـارو دەستنوسـەکانیش لە پاشـکۆی ئەم کتێبەدا خراونەتەڕوو. یاخود لەسـەر ژیاننامەی بەشێک لەوانەی ناویـان هـاتووە، یـان ناساندنی گوندێک و ...هتد، لەڕێی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە بەوانەی شـارەزایی و زانیارییان هەبووە سوودمان لێیان وەرگرتووە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکـان و لەشوێنی خۆیاندا ئاماژەمان پێیان داوە.

**سێیەم/ کتێب و گۆڤارو ڕۆژنـامە:** بـۆ ڕونکردنەوەی بەشێک لە ڕوداوە مێژووییەکان، یاخود بەشێک لەو کەسـایەتی و شـوێنانەی کە لە دووتـوێی ئەم پەرتـوکەدا ناویـان هـاتووە، پشـت بەچەنـد سـەرچاوەیەک لە کتێـب، گۆڤـار، ڕۆژنامەو ئینتەرنێت بەستراوەو لەشوێنی خۆیاندا ئاماژەیان پێکراوە.

## بەشەکانی ئەم کتێبە: ئەم کتێبە لە پێشەکی و سێ بەش و پاشکۆکان پێکهاتووە:-

**بەشی یەکەمی** باس لە ڕوداوەکانی ژیانی دەکات، کە دابەشکراوە بۆ سەر نۆ تەوەری جیاواز: (ژیانی منداڵی، ماوەی سەربازیکردنی، ژیانی هاوسەری و بارودۆخی ژیانی، هەوڵێکی سەرنەگرتوو بۆ تۆمارکردنی لاوک وحەیرانەکانی، کاری پارتایەتی لەنێوان ململانێی باڵی مەلایی وجەلالیدا، دادگاییکردن وزینـدانیکرانی لە بەندیخانەی هیرانـی (پ.د.ک)، بەردەوامیدان بەکاری پارتایەتی لە دوای ئازادبوونی لە بەندیخانە، لە گوندەوە بۆ شار، نەخۆش کەوتنی تا کۆچی دوایی).

**بەشی دووەم** تایبەتە بە لاوک و حەیرانەکانی لە دوو تەوەری جیاوازدا، یەکەم: سەرجەمی لاوکەکانی خراوەتە ڕوو، کە بریتییە لە (١٧) لاوک: (چەتۆی کوڕی فەرعۆ، مەمێزەری بابی قەپرانی، نعۆی گەر گەری، محەمەد و سێوێ، صالح و کەژێ گوڵی سۆر، صالح و نورێ، شێخ موس، حەسەن و مریەم، مەترانی فەلە، سمایل ئاغا بابی سەرهەدی، دەروێشی عەبدی، جەوهەر ئاغا، جەوێ، بێریوان، گەنج خەلیل، مەمۆ، صەباحی نوری باویلاغاو سمایل بەگی ڕەواندزێ). دووەم: حەیرانەکانی خراوەتە ڕوو، کە بریتین لە (٩) حەیران.

**بەشی سێ یەم** بریتییە لە چەند کورتە وتار و چاوپێکەوتنێک دەربارەی مام مەحمود، کە تەرخانکراوە بۆ ئەو وتارو دیدەنی و چاوپێکەوتنانەی کە لەلایەن دۆست و هاوڕێ و خزمانی تایبەت بە ئەو باسکراون و لێرەدا وەکو خۆیان خستومانەتەوە ڕوو لە (٩) تەوەری سەربەخۆدا. لێرەشەوە زۆر سوپاس بۆ ئەو بەرێزانەی کە ئەرکیان کێشاو کەلێنێکی گەورەیان بۆ پڕکردینەوە، ئەوانیش بریتین لە بەرێزان: (شوکری فازیل شێخانی، مامۆستا زرار قادر خەیلانی، ئەندازیار نادر صالح حمد شێخانی، حەلیمە ڕەسوڵ، شێخ صلاح شێخ شرف، لیوا کاوە ئەنوەر نادر ناسراو بە م.کاوە، م.نوری عەبدولا فەتحوڵلا، ئەنوەر نادر خدر ناسراو بە مام ئەنوەر، مامۆستا ئارەزوو ئیسماعیل مەنصور).

# بەشی یەکەم
# ڕوداوەکانی ژیانی

## یەکەم/ ژیانی منداڵی:

محمود حەمەد ڕەسوڵ بەپێی پێناسی باری شارستانی لە ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی ئیلنجاغی گەورەی سەر بەناحیەی تەق تەق- قەزای کۆیە لە دایک بووەو لە (هۆزی شێخانی[١])ە، پێمان وایە ساڵی لەدایک بوونەکەی هەڵەیەو لەساڵی ١٩٢١ یان ١٩٢٢ لە دایک بووە. لە تەمەنێکی زۆر منداڵی باوکی کۆچی دوایی کردوە، دایکی بە کولە مەرگی لەگەڵ سێ براو خوشکێکی تری پەروەردەی کردوون، بەناوەکانی (ئەحمەد) کە لە خۆی گەورەتر بووە، (جلال)، (جمیل) و (لعلی). برایەکی گەورەتریان هەبووە لە دایکی وان نەبووە بەناوی (ئیسماعیل)، ئەو ئیسماعیلە چونکە دایکی نەبووە لەلایەن نەنکی یەوە (دایکی باوکی) بەناوی (ڕەحیمە) کە پێیان وتووە (نەنکە کەڕە) بەخێوکراوە.

لەبەرئەوەی باوکی محمود زوو کۆچی دوایی کردووە، بۆیە بەناوی دایکی یەوە بانگکراوەو پێی گوتراوە (محمودی عیسمەتێ). هەر لە تەمەنی چوار پێنچ ساڵیەوە کەوتۆتە بەر زەحمەتی ژیان و کارکردن کە ئەو کات لە ژیانی لادێ دا بەرخەوانی و کارەوانی و شوانی باوبووە. وەک خۆی

---

(١) هۆزی شێخانی: یەکێکە لە هۆزە دێرینەکانی باشووری کوردستان و ناوچەی کۆیە، ئەم هۆزە بە شێخانی بن داسنی ناسراوەو ڕەچەڵەکیان بۆ سەر کوردانی ئێزیدی و داسنیەکان دەگەڕێتەوە. کۆیە مەڵبەندی سەرهەڵدان و دروستبوونی شێخانیەکانە، هەروەها هەموو ئەو شێخانیانەی ئێستا لە دەشتی هەولێرو شەمامک و گوێڕ دەژین سەرەتا لە دەڤەری کۆیە ژیاون، کە کۆیەو کۆیسنجاق مەڵبەندی کوردانی ئێزیدی بووە. هاتن و پەیدابوونی شێخانیەکان بەسێ قۆناغی مێژوویی بووە، یەکەم: قۆناغی حوسێن بەگی داسنی (١٥٣٤-١٥٣٦)، دووەم: قۆناغی ساڵانی (١٦٥٠-١٧٠٠)، سێیەمیش قۆناغی عەلی بەگی داسنی (١٨٣٢-١٨٣٦). بۆ زیاتر بڕوانە: (شکۆ حەمەد: شێخانی بن داسنی، مێژووی سەرهەڵدان و دروستبوونی هۆزی شێخانی لە دەڤەری کۆیە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، دووتوێیەکی تایبەتە سەبارەت بە هۆزی شێخانی، ساڵی بیست و حەوتەم، ژمارە (٧٧٤٧)، هەینی و شەممە ٢١-٢٢/١٢/٢٠١٨، ل٢-٤).

دەیگێڕایەوە لەزۆر شوێن شوانی کردووە، وەک زێدی باوو باپیری گوندی (ئیلنجاغی گەورە[١])و گوندی (مەرزانی خواریّ[٢])و (تاڵەبانی گەورە[٣])و گوندی (مورتکەی گەورە[٤])و گوندی (نەبیاوای ساڵەیی[٥]). لە گوندی مورتکەی گەورە شوان بووە، لەویّ تووشی (نەخۆشی خوریکە[٦]) بووە، وەک خۆی باسی دەکرد نەخۆشیەکەی زۆر توند بووە و بەنەخۆشی هێناویانەتەوە بۆ گوندی ئیلنجاغی گەورەو ماوەیەک لەناو جێگادا کەوتووە، تا کۆچی دوایی کرد شوێنەواری ئەم نەخۆشیە بەسەر جەستەیەوە دیاربوو.

(١) ئیلنجاغی گەورە: سەربەناحیەی تەق تەق- قەزای کۆیەیە، دەکەوێتە خوارووی ڕۆژئاوای کۆیەو سەرووی خۆرئاوای تەق تەق و لە ڕۆژئاوای ڕێگای سەرەکی کۆیە- تەق تەق هەڵکەوتووەو نزیکەی ٦ بۆ ٧کم لەم ڕێگا سەرەکیەوە دوورەو زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانەکەی لە هۆزی شێخانین و هەندێک هۆزی تریشی تێدایە وەک پاڵانی، شوان و خۆشناو.

(٢) مەرزانی خواریّ: هەردوو گوندی مەرزانی سەریّ و خواریّ نێوانیان نزیکەی دووسەد مەتر دەبێت، لەهۆزی مەرزانن بۆیە گوندەکانیان بەم ناوە ناونراون، بەهەمان شێوەی گوندی ئیلنجاغی گەورە دەکەونە خوارووی رۆژئاوای کۆیەو سەرووی رۆژئاوای تەق تەق و سەربەناحیەی تەق تەق نو لەرۆژئاوای ریگای سەرەکی کۆیە-تەق تەق بەنزیکەی ٥ بۆ ٦کم لێیەوە دوورن.

(٣) تاڵەبانی گەورە: سەربەناحیەی تەق تەق و دەکەوێتە سەرووی رۆژئاوایی و خوارووی شاری کۆیەو لەرۆژئاوای ڕێگای سەرەکی کۆیە-تەق تەق بەدووری ٣کم لێیەوە، دانیشتوانەکەی پێکهاتووە لە هۆزەکانی خۆشناو، پاڵانی، سەید، باجەلان و ... هتد.

(٤) مورتکەی گەورە: دەکەوێتە ناوچەی پشتڕێ نزیک ڕێگای سەرەکی هەولێر-کەرکوک، جاران سەر بەناحیەی قوشتەپەبوو، ئێستا بەهۆی ڕێگای سەرەکی هەولێر-کەرکوک و ڕێگای بیستانەوە بۆتە دوو بەش، بەشێکی سەر بەناحیەی قوشتەپە ماوەتەوەو بەشەکەی تری سەر بەناحیەی دارەتووە، دانیشتوانەکەی لەچەندین هۆز پێکهاتووە، وەک: بلْباس، سنجاوی، کەلهوڕ، مەنتک و ... هتد. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (حاجی پیرداود حەمەدئەمین) وەرگیراوە.

(٥) نەبیاوای ساڵەیی: یەکێکە لە گوندەکانی ناوچەی ساڵەیی، دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی پردیّ (ئاڵتون کۆپری) کەرکوک و نزیکەی ١٠ خولەک لە پردیّ وە دوورەو دانیشتوانەکەی زۆربەی ساڵەین. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (جەلال ئەحمەد شوشە) وەرگیراوە.

(٦) نەخۆشی خوریکە: ئەم نەخۆشیە لە کۆندا زۆر باوو بڵاوبووە، نەخۆشیەکی بکوژوو کوشندە بووە، یەکێک بووە لە نەخۆشیە گواستراوەکان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، بەلاّم بەهۆی دۆزینەوەی لوقاح و کوتانی منداڵان ئێستا ئەم نەخۆشیە نەماوە.

## دووەم/ ماوەی سەربازی کردنی:

دوای ئەوەی بەشــوانی و ڕەنــج بەریەوە ژیــان دەگــوزەرێنێ تەمەنــی سەربازی دێت و لە هەولێرو موصل و ناوچەی ئاکرێ سەربازی کردوە، بە دوجار سەربازی تەواو کردووە، جاری یەکەم لە بنکەی مەشقی هەولێر بووە بەسەرباز لە ساڵی ١٩٤٤. لێرە ڕوداوێکی خۆی گێڕاوەتەوە، کە ئەو کاتە هەرکەسێک ناوی هاتووە بۆ سەربازی موختاری گوندی ئاگاداری کردۆتەوە کە بچێتە فەرمانگەی تجنید، ئەویش بۆ ئەم مەبەستە چۆتە تجنیدی قەزای کۆیەو دیارە ئەو ڕۆژە سێ گەنجی تریش لە دەورو بەری کۆیە ناویان هاتووە بۆ سەربازی، یەکێک لەمانە ناوی سید قاسم بووە خەڵکی (گوندی گۆمەتاڵ[1]). دیارە ئەوان کە سێ گەنج بوون ڕەوانەی سەربازی دەکرێن بۆ هەولێر ئەوکاتیش ئۆتۆمبێل نەبووەو یاخود زۆر کەمبووە پۆلیسی سوارە هەبووە، واتە پۆلیسی ئەسپ سوار، دەرچوون بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی میری، بەمەبەستی گەیاندنی ئەم سێ گەنجە (مکلف) بۆ بنکەی مەشقی هەولێری سەربازی، ئەم ئەرکە بەسێ پۆلیسی سوارە سپێردراوە.

(سید قاسم)ی مکلف بە پۆلیسەکان دەڵێت ئەگەر بۆنانی ئێوارە میوانی ئێمە دەبن ئەوا وەڵام دەنێرم بۆ ماڵەوە گیسکێک سەربڕن، ماڵمان لە هەوارەو لەژێر دەواردایین لە سنوری گوندی گۆمەتاڵ. پۆلیسەکان دەڵێن باشە. هەر لە کۆیە دەردەچن مام محمود ڕوو لە پۆلیسەکان دەکات و دەڵێت: برواینە ئێمە هەمومان کوردین، ڕاستە ئێوە پۆلیسن ئەرکتان پاراستن و چاودێری کردنی ئێمەیە تاکو ڕادەستی بنکەی مەشقی سەربازی هەولێرمان دەکەن، بەڵام خۆ گوناح نییە ئەگەر هەر یەکێکتان یەکێک لە ئێمە لەگەڵ خۆی سواری ئەسپەکەی بکات، شتێکی ئاساییەو بارێکی قورس نییەو ئەسپەکانیش توانای هەڵگرتنی دوو کەسیان هەیە. پۆلیسەکان دەڵێن باشە، وا ڕێک دەکەوێت ئەو (مام مەحمود) لەگەڵ (عبدالرحمان[2]) سوار دەبێت و بۆیە لەم ڕۆژەوە دەبن

---

(١) گوندی گۆمەتاڵ: ناوەکەی لە گۆمە ئاوی تاڵەوە هاتووە، دەکەوێتە نێوان هەولێرو کۆیە نزیک ناحیەی دێگەڵەو دانیشتوانەکەی پێکهاتووە لە سەید، ڕەژی کەری، بلْباس و شێخان. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (ئەسعەد خضر قادر حەمەد) وەرگیراوە.

(٢) عبدالرحمان: ناوی تەواوی عبدالرحمن محمد ئۆمەرە، لەساڵی ١٩١٠ لەشاری هەولێر لەدایک بووە، بۆتە پۆلیس و بەردەوام بووە تاکو خانەنشین کراوە، بۆیە بە ڕەحمان شورتە ناوی

بەدۆستی گیانی بەگیانی. لەڕێگا محمودی دەنگ خۆش دەست بە گوتنی لاوک و حەیران دەکات، دیارە ئەم ڕۆژە هەستێکی تایبەت تری لە ڕۆژانی پێشوو هەبووە، چونکە دەچێت بۆ سەربازی و ماوەیەکی زۆر لەخزم و کەس و کار دوور دەکەوێتەوەو ئەم کاتەش ئامرازەکانی هاتوو چۆو پەیوەندیکردن و گواستنەوەو گەیاندن نەبووە بۆیە نێوانی لادێ یەکی وەک ئیلنجاغی گەورەو پارێزگای هەولێر زۆر بەدوور ئەژمار کراوە، جگە لەمەش لە هەڕەتی لاوی دابووەو لاوێکی یاران و ڕوو خۆش و دەنگ خۆش بووە، ڕەنگە دۆست و یارو خۆشەویستی جێ هێشتبێت بۆیە ئیلهامی لاوک و حەیرانەکانی ئەم ڕۆژەی زۆر باشترو خۆشترو جوانتر لە ڕۆژانی تر بۆ هاتووە. (مام عبدلرحمان)یش شتێکی لەلاوک و حەیران زانیوەو دەنگیشی خراپ نەبووە، بۆیە ئەویش ناوە ناوە وەڵامی داوەتەوەو بۆتە هۆی لەبیرکردنی دوورو درێژی ڕێگاکەو لە ئەنجامدا ئاسان و زوو گەیشتن بە سنووری گوندی گۆمەتاڵ. دەیگوت کە گەیشتینە سنووری گۆمەتاڵ ڕەشماڵێک هەڵدرابوو سەرەتای وەرزی بەهارێکی تەڕ بوو گوڵە نیسان و حاجیلەو گوڵەکانی تر خەملابوون بۆن و بەرامەی خۆشی گیاو گوڵ بۆنێکی تایبەتی دابوو بە ناوچەکەوماڵی (سید قاسم)یش گیسکێکی باشیان سەربڕی بوو خوانێکی باشیان ڕازاندبۆوەو نانی ئێوارە خورا. لەهەموو قۆناغ و سەردەمەکانی عێراق و ناوچەکە جۆرێک لە بازرگانی نایاسایی (واتە قاچاغچیەتی) هەبووە ئینجا قەبارەو بڕەکەی بەپێی سەردەمەکان جیاواز بووە، دیارە ئەم سەردەمە دەرمان چایە قاچاغی پێوە کراوە، بەڵام خەڵکی سادە بێ ئاگا بووە لەم بابەتەو پۆلیس ئاگاداربوونەو ڕێگا قاچاغەکان و کاتی تێپەڕکردنیش شارەزابووینە بۆیە پەلە ناکەن لە ڕۆیشتن تاکو درەنگانی شەو لەماڵی (سید قاسم) دەمێننەوەو ئینجا بەڕێ دەکەون، کە دەگەنە دەربەندی گۆمەسپان

---

دەرکردووە، دوای خانەنشینی لەگەڕەکی سەیداوەی شاری هەولێر نیشتەجێ بووە، لە ڕێککەوتی ٢٠٠١/١٢/١٥ کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی گردە ڕەشە نێژراوە. دۆستێکی نزیکی مام محمود بوو، تاکو کۆچی دواییان کرد دۆستایەتیان زۆر باش بووەو هاتوچۆی گەرم و گوڕی یەکتریان دەکرد، مام عبدالرحمان خودا لێی خۆش بێت پیاوێکی زۆر دڵ ناسک بوو، ژیان و گوزەران لەگەڵی زەحمەت بوو بەڵام هەرگیز لە محمودی برادەری زوێر نەدەبوو. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (نیهاد جەمیل) وەرگیراوە.

نزیک چوار ڕیانی ئێستا پۆلیسەکان دەڵێن تۆزێک دانیشن، بەڵام بەبێ دەنگی دوای کەمێک وڵاغ دار پەیدا دەبن و پۆلیسەکان دەنگیان دەدەن و تفەنگیان لێ ڕادەکێشن پاشان دوای گفتوگۆی نێوان قاچاغچیەکان و پۆلیسەکان بە بڕێک پارە (واتە بەرتیل) قاچاغچیەکان ئیزن دەدەن، محمود بە پۆلیسەکان دەڵێ براینە ئێمە هاوبەشین لەگەڵتان ئەگەر لەم پارەیە بەشمان لێ نەدەن خەبەرتان لێ دەدەم (مام عبدالرحمان) هەرزوو ڕازی دەبێت دوو پۆلیسەکەی تر هەندێک خۆیان توڕە دەکەن و سەرەتا ڕەتی دەکەنەوە بەشیان بدەن، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوانیش ڕازی دەبن و هەریەکێک شتێک پارەیان پێ دەدەن. بۆ بەیانیەکەی دەگەنە بنکەی مەشقی هەولێرو ڕادەستیان دەکەن.

دیارە ئەو کات دوو جۆر مامەڵەکردن هەبووە دەربارەی ماوەی خزمەتی سەربازی، ماوەکە ئاسایی دوو ساڵ بووە، بەڵام ئەوەی پەنجا دیناری دابێت سێ مانگ سەربازی کردووەو ئازاد کراوە ئەم جۆرە سەربازی کردنە پێی گوتراوە (سەربازی کردن بە بدل) واتە لەجیاتی ساڵێک و نۆ مانگ خزمەتی سەربازی ئەم پەنجا دینارە دراوە. لە بنکەی مەشق خۆی تۆماردەکات بە سێ مانگە و دوو مانگ زیاتر دەوام دەکات، ڕۆژێک لە نوسینگەی بنکەوە بانگی دەکەن و پێی ڕادەگەیەنن کە خەریکە سێ مانگەکە تەواو دەبێت ئەگەر پەنجا دینارەکە دەهێنیت ئەگینا لەگەڵ دوو ساڵە تۆمار دەکرێیت، ئەویش دەڵێت سێ ڕۆژ مۆڵەتم بدەنێ تاکو بچمەوە پارەکە بهێنم، بەنیازی ئەوەی هەندێک ئاژەڵیان هەبووە بچێتەوە بیان فرۆشێ و پارەکە ببات، مۆڵەتەکە وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە گوندی ئیلنجاغی گەورەو تووشی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەبێت دەگیرێت و لە قشڵەی کۆیە بەند دەکرێت بۆ چەند مانگێک لەگەڵ ئەحمەدی برا گەورەی، دەیگوت ماددەو بڕگەی ڕاگیرکردنەکەمان (توقیف) زۆر قورس بوو ئەگەر ئەم ماددەو بڕگەیە لەسەرمان بسەلمێندرایەو لەدادگای تاوانەکانی ئەوسا کە پێی وتراوە (محكمة الجزاء) دادگایی بکرانایە و حوکم بدرانایە بەپێی ئەو بڕگەو ماددانە ئەوا یان لە سێدارەدان بوو یان گرتنی هەمیشەیی بوو.

مام محمود گوتویەتی کاکم (ئەحمەد) زۆر عاجز بوو، خەمی لەبارودۆخەکە دەخواردو منیش جێگای خەوتنم لەناو یەکێک لە پەنجەرەکانی

قشڵە ڕاخستبوو (پەنجەرەکانی قشڵە پانن) هەمیشە لاوک و حەیرانم دەچڕی بەتایبەت ئەو ڕۆژانەی کە ژنان و کچان دەهاتن بۆ سەر مەزاری (باپیر فقی ئەحمەد)، کە لە تەنیشت بینای قشڵەیە، یاخود دەهاتن بۆسەر گۆڕستانی کەکۆن، کە ئەویش هەر لە تەنیشت قشڵەیە، دەیگوت ئەم ژن و کچانە نەدەڕۆیشتن و دەمانەوە هەتاکو من لە لاوک و حەیران نەوەستامایە، ئینجا کاکم لێم توڕە دەبوو جنێوی پێ دەدام و پەلاماری دەدام و دەیگۆت تۆ وا لە سێدارە دەدرێی چ لۆلۆ و لێ لێ و حەیران حەیرانتە، دەیگوت منیش وەڵامم دەداوە لە سێدارە دەدرێم بە پێڵاوەکەت.

پاشان هەر لە قۆناغی لێکۆڵینەوە ئازاد دەکرێن، بەڵام ناگەڕێتەوە سەربازی و بەپێی قسەی خۆی شەش ساڵ زیاتر قاچاغ دەبێت و لەگەڵ پۆلیس لە چاوشارکێ دادەبێت و وای لێدێت زۆربەی پۆلیسەکانی ناوچەی کۆیەو تەق تەق وەک دژایەتی کەسی لەگەڵیدا دەکەونە ململانێ و هەوڵدان بۆ گرتنی تەنها (عبدالرحمان)ی هاوڕێی نەبێت، وەک گوتویەتی: دەچوومە کۆیە ماڵی ئەوان و پشووم دەداو لەگەڵ خۆی دەیبردمە بازاڕو چایخانەو ....هتد. مام عبدالرحمانی ڕەحمەتی پیاوێکی کەڵەگەت بوو، منیش کورتە باڵا بووم، ئەگەر بیزانیایە پۆلیس هاتن بۆ چایخانە یان لەڕێگا توشمان بونایە دەیخستمە ژێر پاڵتۆکەی خۆیی و ڕزگارمان دەبوو.

سەرەنجام ڕۆژێک ماڵی (مام کوێخا ڕەسوڵ)ی مەرزان زبارەیان (واتە: کاری هەرەوەزی یاخود کاری بە کۆمەڵ) دەبێت بۆ دروێنەی گەنم، ئەویش خۆی پێ ناگیرێت و لەخۆشی ئەوەی کۆمەڵێک کوڕو کچی گەنج ئەمڕۆ کۆبونەتەوەو پێکەوە کاردەکەن ئەویش لەگەڵیان دەچێت، تەبارەی گەنمەکە لەنزیک گردی (چیا پەلکە[1]) بووە، هەرچەندە (مام کوێخا رەسوڵ) لەسەر گردی چیا پەلکە دیدەبان دەبێت بۆ ئەوەی ئەگەر پۆلیس هاتن زوو هەواڵی بداتێ و ڕابکات، بەڵام پۆلیسەکان کاتێک هەواڵی ئەم زبارەیە دەبیستن و دەزانن ئەویش لەگەڵ دایەوە دروێنە دەکات دێن لە دۆڵی (کفرە دۆڵ[2]) ئەسپەکانیان دەبەستنەوە و سیدارەی سەریان و قایشی پشتیان پێچەوانە

(١) چیا پەلکە گردێکە لە نێوان هەردوو گوندی مەرزانی سەروو خواروو، گردێکی شوێنەوارەو ئێستاش کەوتۆتە نێوان ماڵەکانی گوندی مەرزانی سەروو.
(٢) کفرە دۆڵ ئاوو بەراوێکە لەنێوان گوندی ئیلنجاغی گەورەو مەرزان.

دەکەنەوە بـۆ ئەوەی نیشـانەی (علامـة) سـیدارەکان و ئـاوزێنەی قایشـەکان شـەوق نەداتەوە لەبەر ڕۆژو نەبریسـکێتەوە بەهـۆی ئەم فـێڵە و هەنـدێک خافڵانی (مام کوێخا ڕەسوڵ) کاتێک دەوری دەگیرێت و دەیگرن. مام کوێخا ڕەسوڵ لەسوێی ئەوەی لەکاری ئەوو دیدەبانیشی بووەو خافڵاوە، ناهێڵێت پۆلیسەکان بڕۆن، دەیان باتەوە ماڵەوەو گیسکێک سەردەبڕێت و چێشتیان بۆ ئامادەدەکات، ئەحمەدی براگەورەی لەبانی ئیلنجاغی گەورە، شوێنێکە پێی دەڵێن (پسیلان[١]) دروێنە دەکات کاتێک هەواڵی پێ دەدەن پۆلیس محمودی براتیان گرتووە، ئەویش تفەنگێکی سێ تیری پێ دەبێت دەستی دەداتێ و بەڕاکردن ڕوو لەمەرزان دەکات لەبەردەم دیوەخانی مام کوێخا ڕەسوڵ خۆی بەزەوی دادەدات و تفەنگەکەی سوار دەکات و بەتوڕەییەوە هەندێک جنێو بە محمود دەدات و دەڵێت هەڵسە وەرە دەرێ چۆن وا بەئاسانی تەسلیمی ئەم پۆلیسانە بویت و هەندێک جنێویش بە پۆلیسەکان دەدات و پێیان دەڵێ ئەوەی بجوڵێ دەیکوژم. پۆلیسەکان دەڵێن قوربانت بین کاک محمود هەڵسە لەگەڵی بڕۆ بەم خوایە ئەمە دەمان کوژێ، کەچی ئەم دەچێت دەست لەملی کاکی دەکات و ماچی دەکاو دەڵێت من خۆم حەزدەکەم لەگەڵیان بڕۆم تازە گیراوم و لەلایەکیش بێزاربووم لەم ژیانەی یاخی بوون و قاچاغیە چیتر بەرگە ناگرم و لەگەڵیان دەڕۆم، ڕازیدەکات وکاکی دەگەڕێتەوەو ئەویش لەگەڵ پۆلیسەکان دەڕواو لە ئەنجامدا ڕادەستی بنکەی مەشقی سەربازی هەولێر دەکرێت، بەند دەکرێت و لەدادگای سەربازی دادگایی دەکرێت کۆی گشتی بەندکردنەکەی بەڕاگیران و حوکمەوە مانگ و نیوێک دەبێت، دیارە سەرۆکی دادگاو ئەندامەکانی کورد بوون ناویشی دەهێنان (بەداخەوە ناوەکان لەیاد نەماون) بۆیە بەزەییان پێی هاتووەو هەر ئەوەندەیان حوکم داوە، پاش تەواو بوونی حوکمەکەی دەگەڕێتەوە ڕیزی سەربازی. پاشان دەگوازرێتەوە بۆ شاری موصڵ لەوێ ماوەیەک لەبەشی ئازووقە و چەک (اعاشة) بووە، پاشان گواستراوەتەوە سریەی ڕێککاری سەربازی (سرية انضباط العسكري)، چونکە کەسێکی چاوکراوەو وشیارو پاک و خاوێن و خاوەن دیسپلینی سەربازی بووە وە زۆر زوو شتەکان فێر بووە، وەک باسی دەکرد فەرمانـدەکانی

(١) پسیلان ناوی زەویەکی کشتوکاڵیە لە سنووری گوندی ئیلنجاغی گەورە.

خۆشیان ویستووەو زۆریش هەوڵیان لەگەڵ داوە کاتێک دوو ساڵەکە تەواو بوو نوێی بکاتەوە (تطوع) بکات و بەڵێنی پێ دەدەن زوو پلەی زیاد بکەن و لە شوێنی باشی دابنێن، بەڵام ڕازی نەبووە تسریح بووەو گەڕاوەتەوە گوندی ئیلنجاغی گەورە.

## سێیەم/ ژیانی هاوسەری و بارودۆخی ژیانی:

لەساڵی ١٩٥٢ یان ١٩٥٣ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە لەگەڵ (خجیج حمدامین[١])، یەکەم منداڵیان کچ بووە بەناوی (فەیمە) لەتەمەنی پێنچ شەش مانگیدا مردووە، دوا منداڵیشیان بەناوی (ئاسۆ) ئەویش لەتەمەنی دوو مانگیدا مردووە، دوو کوڕو کچێکی هەیە، (عەلی[٢])، (وەلی[٣]) و (فەیمە[٤]).

دوای ئەم هاوسەرگیریە لە گوندی ئیلنجاغی گەورە یەک دوو ساڵێک بەکاری سەپانی و کرێکاری خەریک بووە، پاشان دەبێتە ئاشەوانی ماڵی (کاکاغای مەلا ئەحمەداغا[٥]) لە ئاشی داربەڕوو، کە ئەوسا پێیان گوتووە ئاشی ئاگر[٦]، ماڵەکەشی دەباتە ئەوێ و بۆیە لەگەڵ کاک (نافع ئاغا[٧])و

(١) خجیج حمدامین لە ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لە دایک بووەو ساڵی ١٩٩٢ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

(٢) عەلی لە ١٩٥٤/٧/١ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لە دایک بووە، عمیدی پۆلیس بووەو ئێستا خانەنشینەو بڕوانامەی بکالۆریۆسی لەیاسادا هەیە.

(٣) دکتۆر وەلی لە ١٩٦٣/٦/٢٤ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لە دایک بووە، خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایە لە کیمیاو پلەی زانستی پرۆفیسۆرەو لە ٢٠١٥/١/٢٧ ەوە سەرۆکی زانکۆی کۆیەیە.

(٤) فەیمە لە ١٩٥٦/٧/١ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لە دایک بووەو ژنی ماڵەوەیە.

(٥) کاکاغای مەلا ئەحمەداغا: ناوی تەواوی سلێمان ئەحمەد سلێمانە، ناسراوە بە کاکائاغای مەلا ئەحمەداغا، لەساڵی ١٩١٠ لەشاری کۆیە لەدایک بووە، لەهۆزی غەفوریە، یەکێک بووە لەکەسایەتیە دیارەکانی شاری کۆیەو ساڵانە ئەندام بووە لە لیژنەی پشکنینی توتن لە فەرمانگەی انحصاری کۆیە بەناونیشانی شارەزا، لە ڕێککەوتی ١٩٨٥/٨/٨ کۆچی دوایی کردووە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (فەرهاد نافع ئاغا) وەرگیراوە.

(٦) ئەم ئاشە دەکەوێتە نزیک گوندی داربەرولە لەسەر ڕێگای سەرەکی کۆیە-تەق تەق و ئێستاش شوێنەوارێکی کەمی ماوە، بۆیەش پێیان گوتووە ئاشی ئاگر، چونکە پێشتر ئاش بە ئاو کاری کردووە، بەڵام ئەم ئاشە مەکینە بووەو بە گازوایل کاریکردووە.

(٧) نافع ئاغا: ناوی تەواوی نافع سلێمان ئەحمەدە، ناسراوە بە نافع ئاغا، لە هۆزی غەفوریەو ساڵی ١٩٣٠ لەشاری کۆیە لەدایک بووە، کەسایەتیەکی دیاری شارەکەیەو فەرمانبەر بووە لە فەرمانگەی انحصاری کۆیە، لەرێگەی هەڵبژاردنەوە بویتە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی کۆیەو

حەلیمە خانی خێزانی تێکەڵاویان هەبووەو نێوانیان زۆر خۆش بووە، ماوەیەک ئاشەوان دەبێت و پاشان لەبەر گەرماو هاڵاوی مەکینەکان واز لە ئاشەوانی دەهێنێت، بەڵام ماڵەکەی هەر لەوێ دەبێت و بەیانیان بۆ کرێکاری چوویتە کۆیەو ئێواران گەڕایتەوە، وەک دەیگێڕایەوە قوتابخانەی یەکەمی سەرەتایی لە شاری کۆیە دروست دەکرا، بەڵێندەرەکەی (محەمەدی مەلا سابیر[1]) بووە، بەهۆی ئەوەی مام مەحمود پیاوێکی قسەخۆش و دەنگ خۆش و وریابووە کردویەتیە چاودێرو پێی گوتووە بۆ هەمیشە لەگەڵ من کاربکە، بەڵام ڕۆژێک پێی دەڵێن هەرچەندە بەیانی هەینییە، بەڵام ئێمە هەندێک کارمان هەیە بۆیە خۆت و چوار کرێکار وەرنەوە کاربکەن، کەچی دوای چەند ڕۆژێک داوای کرێی ئەو ڕۆژەیان لێدەکات ئینکاری دەکەن و دەڵێن تەنها ڕۆژانەکەی خۆت دەدەین، ئەویش بەمە ڕازی نەبووە و کارەکەی بەجێ هێشتووە، دوای ئەوە ماڵەکەی بردیتەوە بۆ گوندی ئیلنجاغی گەورە.

دەستی داوەتە کاری کشتوکاڵی و توتنەوانی کردووە بە پیشە، چونکە زەوی و بەراوی خۆی نەبووە دوو سێ ساڵێک لە دۆڵی کفرە دۆر لە بەراوی مام حمدامینی خەزوری توتنەوان بووەو پاشان چۆتە سەربەراوی دایماوی (مام کوێخا وەسمانی ئامۆزای باوکی[2])،لەهەموو قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی توتندا پیاوێکی لێزان و شارەزابووە[3]، توانایەکی باشی هەبووە لەهەموو

---

چواردە ساڵ بەردەوام بووە، لە رێککەوتی ٢٠١٤/١٠/٢١ کۆچی دوایی کردووە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (فەرهاد نافع ئاغا) وەرگیراوە.

(١) محەمەدی مەلا سابیر: لە ١٩٢٩/٧/١ لەشاری کۆیە لەدایک بووە، لە ١٩٨٦/١٢/١٥ بەنەخۆشی دڵ لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە، یەکێک بووە لە بەڵێندەرە کۆنەکان. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (م. ڕۆستەم تاهیر عزەت) وەرگیراوە.

(٢) کوێخا وەسمان: وەسمان یوسف مەلاک ئیلنجاغی لەدایک بووی ساڵی ١٨٩٧ لە گوندی (ئیلنجاغی گەورەی شێخانیانی) وراتی کۆیە. کەسایەتی و ڕیش سپی نێو شێخانیەکانی وراتی کۆیە بووە. خاوەن دیوەخان بووە و هەمیشە میوان دۆست و دیوەخانی قەرەباڵغ بووە لەسەر بنەمای خزمایەتی هۆزی شێخانی یارمەتی گەلێک کەسی داوە کە شێخانی ناوچەکانی تری کوردستان بووینە. کوێخا وەسمان لەسەر ئاستی وراتی کۆیێ کەسایەتی و پیاوماقوڵ بووەو دەرگای ماڵەکەی کراوە بووە بۆ هەموو چین و توێژەکان کە ڕێیان کەوتبێتە لای ئەو بەڕوویەکی خۆشەوە میوانداری کردوون و بەڕێزەوە بەڕێ کردون. ساڵی ١٩٨٥ کۆچی دوایی کردوە و لە شاری (کۆیە)، گۆڕستانی شەهیدان بەخاک سپێردراوە.

(٣) توتن کردن پرۆسەیەکی هەندێک ئاڵۆزو زەحمەتە هەر لە کیلان و ئامادەکردنی زەویەکەو هێڵ کیشان وهەڵدانەوەی قەتارەو گۆڵ چاندن و ئاودان و پەروەردەکردن و لێکردنەوەی پەلکەکەیی

قۆناغەکان ئازاو خێرابووە، تەنها کاری لەشیش و داودان نەبێ بۆ تاکەکەس هەندێک زەحمەتەو هاوسەرەکەشی هەر لەیەکەم پرۆسەی منداڵ بونیەوە توشی (نەخۆشیەکی کوشندە[1]) بووە، بۆیە لەکاتی لەشیش وداودانی پەلکی توتن لاوک و حەیرانی لەگەڵ کچ و کاڵی خزم و دراوسێکاندا بەکار دەگۆڕیەوە، پێی دەگوتن ئەگەر دێن داوم بۆ لیدەدەن ئەوا لاوک و حەیرانی خۆشتان بۆ دەڵێم ئەگەر نا هیچ شتێک ناڵێم بۆیە بە کۆمەڵ دەهاتن و کارەکەیان بۆ تەواو دەکرد. لەبەرباشی بەرهەمەکانی و لێزانی لەکارەکەیدا دوو سێ جار لەلایەن فەرمانگەی توتنی کۆیە وەک جوتیاری باش (متمیز) ناوی نوسراوە.

هەرچەندە ئەو سەردەم خەڵک زۆر هەژارو نەداربووە، ژیان زۆر سادەو ساکار بووە، زۆربەی ژەمی نیوەڕۆ لەکەژی بەهار نان و دۆ بوو ئەگەر تەرەپیازی لەگەڵ بایە ئەگینا هیچی تر نەبوو، هاوینانیش شوتی یان کاڵەک یان ئەگەر تەرۆزی و تەماتە هەبوایە ئەویش لەبەر ئەوەی تەماتە نابێت لەگەڵ توتن شەش حەوت ڕۆژ جارێک ئاو بدرێت بەلانی کەم نابێت لە سێ ڕۆژ زیاتر تێپەڕێت، بەڵام لەدایماو تەماتەیان لەگەڵ توتن ئاودەدا بۆیە نەیاندەزانی کاریگەری ئاودانەکەیە بۆیە بەرهەمی تەماتەیان نابێت، دەیانگوت دایماو بەشوتی ئازایەو تەماتەی نابێت، بۆ ژەمی ئێوارەش ئەوەی لەسەر کار بمایەوە نەگەڕا بوایەوە بۆ گوندی ئەوا هەمان ژەمی نیوەڕۆ بوو ئەگەر بچوبوایەوە گوندیش شلە ساوارێک یان نیسکێنەیەک بوو، بێگومان زستان و پایزیش خواردنەکە لەمە باشتر نەبوو، جل و بەرگ و پۆشاک وپێڵاوو پێداویستیەکانی تریش بەهەمان شێوە زۆر سەرەتایی و سادەو ساکاربوون، بەڵام خەڵک زۆر ڕازی بووینەو لەگەڵ یەکتری بەسۆزو خۆشەویستی وهاوکارو هەماهەنگ بووینەو زۆر بەدڵ خۆشیی وشادی ژیاون.

---

لەشیش دان و داوو چارداغ و هەڵخستن و تاکو هەڵواسینی لە زاخەو کردنی بەفەردە... هتد ئەمانە هەمووی پێویستن.

(١) ئەم نەخۆشیە پێی دەگوترێ (روماتیزم الحاد) بەکوردی (بای سوور یان بای هاری پێ دەگوترێ)، ئەم نەخۆشیە زۆر کاری تێ کردبوو دەست و پەنجەکانی وە قاچەکانی خوارو خێچ بوو بوون پێیەکانی ئەستور بوو بوون ئەم نەخۆشیە وای لێکردبوو لەکار کردن زۆر لەسەر خۆبێت و کارکردنی زۆر بە زەحمەت بێ و جگە لەمەش ناوە ناوە دەکەوتە نەخۆشخانە.

له (دایماو) نزیکەی شەش حەوت ماڵێک توتنەوانیان کردوە، ئەرزو ئاوی ماڵی (مام کوێخا وەسمان) بووەو بە نیوەیی کردویانە، هەر لە نزیکەی مانگی شوباتەوە تاکو نزیکەی مانگی تشرینی یەکەمەوە خەریک دەبوون، هەر لەچاندنی تۆوی توتن بۆ ئەوەی ببێت بە شەتڵ و بیچێنن تاکو ئامادەکردنی ئەرزەکەو تا گەیشتۆتە داگرتنی لە فەردە. بێگومان ئەو ڕۆژەی کە توتن فرۆشراوە پێیان گوتوە فحص، لە فەرمانگەی توتن (دائرە الانحصار) پارەکەیان وەردەگرت و پاکتاوی قەرزو قۆڵەی جل و بەرگ و شەکرو چایی و خواردەمەنی کەلەلایەن یەکێک لە بازرگانەکانی کۆیە هێناویانە کراوە، هەروەها پاکتاوکردنی قەرزی شیش و داوو فەردەو کرێی داگرتن و هەڵگرتن و گواستنەوەش کراوە، کە ئەویش یان لەلایەن بازرگانێک بوو یان ماڵی مام کوێخا وەسمان خۆیان کردبویان و پاکتاو کردنەکە لەگەڵ ئەوان کراوە.

ئەمانە هەمووی پاکتاو کراون وزۆر جارو زۆر لە توتنەوانەکان نەک هەر سەرو بەر دەرچووینە، بەڵکو قەرزاریش بووینەوە. نزیکەی سێ مانگی زستانیش هیچ کارێکیان نەبووە، بەتایبەتی ئەو هیچ کارێکی نەکردوە جگە لە گەرمکردنی کۆڕی شەوانەی لاوک و حەیران، سەرەڕای ئەم هەژاری و کەمدەرامەتیە، هەمیشە کەسێکی یاران و مەشرەب خۆش و دڵ خۆش و دەم بەخەندە بووە، نەدارو بێ دەرامەت بووە، تەنها ئەوەندە بووە ماڵەکەی خنجیلانەبووە، بۆ زستان سۆبایەکی داری داناوەو هاوسەرەکەشی لەگەڵ ئەم نەخۆشیەشی سۆباکەی جوان داگیرساندوەو ئاگرێکی گەرم و خۆشی هەبووە، ئەگەر چایەک هەبوایە داویەتی بەمیوانەکان، ئەگەر نا تەنها گەرمایی پێ بەخشین و لەگەڵ لاوک و حەیرانە بەسۆزەکانی، بەدەنگە خۆشەکەی مەجلیسی گەرم کردووە، خزمان لە تەمەنە جۆراوجۆرەکان دەوریان لێداوەو جگە لە لاوک و حەیران، نایەکی زۆر خۆشیشی ژەنیوە، وەک دەڵێن شمشاڵی (قالە مەڕە) ئەوها ناوبانگی دەرکردووە، نایەکەی ئەویش چی وەهای لە شمشاڵی قالە مەڕە کەمتر نەبووە.

**چــوارەم/ هەوڵێکــی ســەرنەگرتوو بــۆ تۆمــارکردنی لاوک و حەیرانەکانی:**

بەپێی لێکدانەوەکان دەردەکەوێت لەسالآنی پەنجاکانی سەدەی ڕابردو هەندێک برادەری کۆیی هەبووە، لەوانە (حەمەدەمین عەباس[١])، کە دۆستی هونەرو هونەرمەندان بووینەو هەوڵی پەرەسەندنی هونەری گۆرانی و لاوک و حەیرانی کوردیان داوە، بۆ ئەم مەبەستەش قسەیان لەگەڵ مام مەحمود کردووەو قەناعەتیان پێ هێناوە بۆ ئەوەی ئەم دەنگە ڕەسەنە تۆماربکرێت و بڵاو ببێتەوەو بەرهەمەکانی نە فەوتێن لەگەڵ خۆیان بیبەن بۆ بەغدادو لە بەشی کوردی ڕادیۆی بەغداد چەند لاوک وحەیرانێکی بۆ تۆماربکەن، بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندیان بە هونەرمەندی گەل (تاهیر تۆفیق شێخانی[٢]) کردووە تا هاوکاریان بکات، چونکە ئەوکاتە ئەو لە بەشی کوردی ڕادیۆی بەغداد بووە.

بەمەبەستی چوون بۆ بەغداد، چووینە کەرکوک و لەوێستگەی شەمەندەفەر کارتی سەفەریان بڕیوە بۆ ئەوەی شەو بڕۆن، ئەویش دەچێتە سەردانی ماڵە خزمێکی لە کەرکوک بەناوی (حاجی مەحمود جومعە[٣])، کە خەڵکی ئیلنجاغ بووە، دوای چاک و خۆشی و پرسیاری لە هۆی هاتنی بۆ کەرکوک لێکردووەو ئەویش لەوەڵامدا مەبەستەکەی بۆ ئاشکراکردووەو

---

(١) حەمەدەمین عەباس پیرۆت: ساڵی ١٩٢٨ لەشاری کۆیە لەدایک بووە، دەنگێکی خۆشی هەبووەو هونەردۆست بووە، لە ١٩٩٦/٩/١٠ لەشاری کۆیە کۆچی دوایی کردووە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز خاتوو (شیلان عومەر عەباس) وەرگیراوە.

(٢) تاهیر تۆفیق شێخانی: لە ساڵی ١٩٢٢ لە شاری کۆیە هاتۆتە دنیاوە، لەباوەشی خێزانێکی هەژار چاوی کردۆتەوە و خوێندنی تا پۆلی سێیەمی ناوەندیی بووە و لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستەمەوە لەو کاتەی کە قوتابی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووە بەهرەی گۆرانیبێژی هەبووەو بووەتە سروودبێژێکی دەنگخۆش و مامۆستاکانی هانیان داوە سروود و گۆرانی بڵێ. لە ڕێککەوتی ١٩٨٧/١٠/٢٠ لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کردوەو لە شاری کۆیە بە خاک سپێردراوە. لە ویکیپیدیا وەرگیراوە:
https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D8%AA%D8%A7%DB%8C%DB%95%D8%B1_%D8%AA%DB%86%D9%81%DB%8C%D9%82

(٣) محمود جمعە وسو ساڵی ١٨٨٩ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایک بووە، پاشان چۆتە شاری کەرکوک و کاری دوکانداری کردووە، ساڵی ١٩٧٩ کۆچی دوایی کردووە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (فازڵ محەمەد شەریف) وەرگیراوە.

ناوبراویش دەستی کردووە بە ئامۆژگاری کردنی، کە ئەم کارە بەچاوەشی و دوور لە نەریتی کوردانەو عەشایەری وەصف کردووەو ڕێگری لێکردووەو لەماڵی هێشتویەتیەوەو نەیهێشتووە ئەم شەوە بچێتە دەرەوە، برادەرەکانی دەڕۆن و پاشان زۆریش گلەییان لێی کردبوو، بەم شێوەیە حاجی مەحمود بەهزرو بیری دواکەوتوانەو عەشایەری ئەوکاتە بوویتە کۆسپ لەبەردەم چوونی بۆ ڕادیۆی بەغدادو ناساندن و تۆمارو بڵاوکردنەوەی لاوک و حەیرانەکانی.

## پێنجەم/ کاری پارتایەتی لەنێوان ململانێی باڵی مەلایی و جەلالیدا:

دوای پەرەسەندنی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک) لەناوچەکە، لەگەڵ هەندێک لە خزمەکانی تری پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی (پ.د.ک)ەوە کردووە ، بەڵام لەگەڵ جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی ئەویش و خزمەکانی تریشی زۆربەیان بەلای باڵی (م.س) داکەوتون، نەک وەکو چەکدار یان ڕێکخستنی فەرمی، بەڵکو تەنها وەک لایەنگرو هەوادار.

ئەندام بوونی لە (پ.د.ک) ڕێگربووە لەوەی کە بەکرێکاری فەرمی لە کۆمپانیای نەوت دابمەزرێ، چیرۆکەکەشی بەم شێوەیە:-

(لەساڵی ١٩٦٠ بۆیەکەمجار ئەندازیارێکی بواری نەوت و زەوی ناسی دێت لە ناوچەی کۆیە بەدوای نەوت دا دەگەڕێت و لە شوێنێک کە پێی دەگوترێت (چوار جوتیار[١]) خاڵێک بۆ هەڵکەندنی بیری نەوت دەستنیشان دەکات، کە ئێستا بە بیری نەوتی ژمارە یەک بەناوبانگە. ئەم ڕۆژە مام مەحمود لەگەڵ چەند کەسێکی تری گوندەکەی بۆ دارکردن دەچنە (چیای بەنەباوێ[٢]) دوای نیوەڕۆکەی لەکاتی گەڕانەوەیان چاویان بەئەندازیارەکەی

---

(١) چوار جوتیار: شوێنێکە دەکەوێتە نێوان هەرچوار گوندی ئیلنجاغی گەورە، داربەسەری بچوک، شیواشۆکی خواروو مەرزانی سەروو، لەخوارووی ڕۆژئاوای کۆیە، بەواتای بەیەک گەیشتنی جوتیاری هەرچوار گوندەکە لەم شوێنە.

(٢) چیای بەنەباوێ: یەکێکە لە چیاکانی قەزای کۆیە، دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیە، ئاراستەی چیاکە لەباکوری ڕۆژئاوا بۆ باشوری ڕۆژهەڵاتە لەنزیک گوندی زیارەت لە گەرووی گۆمەسپانەوە دەست پێدەکات تاکو دەگاتە نزیک گوندی کرۆژ، بەرزترین لوتکەی ئەم چیایە ١٣٣٠م لەئاستی ڕووی دەریاوە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (د.ناڵی جواد) وەرگیراوە.

بـواری نەوت دەکەوێـت، دوای گفتوگـۆیەکی کـورت، ئەنـدازیارەکە مەبەسـتی هاتنی خۆی بۆ نـاوچەکەو بـوونی نەوتـی لەوشـوێنە پێدەڵێت و پاشـان بەڵێنی پێدەدات کە هەرکاتێک کارکردنی کۆمپانیای نەوت دەستی بەکارەکانی کرد، ئەو بچێــتە لای لە کەرکــوک تــا بەفەرمــی دایبمەزرێنێــت. دوای مــاوەیەک کـارکردن و لێدانی بیـری نەوت دەسـتپێدەکات، مـام مەحمـودیش دەچێتە لای ئەنــدازیارەکە لە کەرکــوک بەمەبەســتی دامەزرانــدنی و ئەویــش لەســەر بەڵێنەکەی خۆی مامەڵەی دامەزراندنی بۆ تەواودەکات، تەنها یەک پشتگیری بەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەق ی لێداوادەکەن، هەرچەنـدە بەڕێوەبەری نـاحیە باش ناسیویەتی، بەڵام پشتگیریەکەی بۆناکـات و دوای چەندجارێک سـەردانی کـردنەوەی، چەنـد ڕاپۆرتێـک نیشـانی مـام مەحمـود دەدات و دەڵێـت ئەوانە هەمـووی لەسـەر تۆهـاتوون لەلایەن (کـۆمەڵەی هەرەوەرزی جوتیـاران)، کە ئەوکـاتە حیزبـی شـیوعی عێراقـی (حشـع) هەڵسـوڕێنەری بـوو، بـۆیە نـاتوانم پشتگیری دامەزراندنت بۆ بکەم). ئەمەش ئاکامی ململانێی حیزبایەتی بووەو ڕەنگدانەوەو کاریگەری بەسەر ژیانیەوە هەبووە.

لەسـاڵی ١٩٦٣ وەک هێـزی بەرگـری بەشـدار دەبێت لەگەڵ ئەم هێـزەی پێشـمەرگە، کە لەسـەر ڕێگـای نێـوان هەولێـر-کـۆیە پێشـیان بە هێـزەکەی حکومەتی عێـراق گرتبـوو، کە بەرەو شـاری کـۆیە دەهـات و لەئەنجامـدا دوای بەرگری کردن سوپای عێراق گەیشتە شاری کۆیەو داگیری کردەوە، ئەوانیش (واتە هێزی پێشمەرگە) پاشـە کشـە دەکەن بۆ شـاخی هەیبەت سـوڵتان. وەک بۆخـۆی گوتـویەتی: مـن (حەسـەن حەیـران[1])م نەدەناسـی لەشـاخی هەیـبەت

(١) حەسـەن حەیران: یەکێک بـووە لەحەیـران بێژە بەناوبانگەکانی کوردسـتان و خەڵکی نـاوچەی دەشتی هەولێرە. حەسەن حەیران هەر تەنیا حەیران بێژ نەبوو، بەڵکو پێشمەرگەیەکی بەوەفای کوردسـتان بـووە و حەیـران و لاوکەکـانی ئەو بـووەتە پاڵپشـتێکی بەهێـزی پێشـمەرگە. لە شەڕەکانی دەشتی هەولێر تاوەکو ساڵی١٩٧٠ بەشداربووە، لە ڕێگەی حەیران و لاوکەکانییەوە مێژووی خەباتی چەکداریی و داستانەکانی پێشمەرگەی تۆمار کردووە، بۆیە هەر حەیرانێکی ئەو هونەرمەنـدە پڕیەتـی لە چیـرۆک و قارەمـانیەتی پێشـمەرگە. لە ڕێکەوتـی ١٦-٧-١٩٨٤ لە گەشـتێکی نێـوان نەغەدە و ڕەزایـیەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بە کارەسـاتی ئۆتۆمبێـل گیـان لەدەسـتدەدات و لەسـەر وەسـیەتی خـۆی لە سـاڵی ١٩٩١ تەرمەکەی دەگـوازنەوە گونـدی تەلەخیمی گەورە زێدی باوک و باپیری. وەرگیراوە لە:
http://www.rudaw.net/NewsDetails.aspx?pageid=316191

سوڵتان بەڕێککەوت گەیشتینە یەک و یەکترمان ناسی و پێکەوە دانیشتین و دەستمان کرد بە گەڕەلاوژە، واتە بەنۆرە حەیران و لاوکمان دەوت، دەیگۆت حەسەن حەیران لە ڕستەو وشەی حەیران لەمن زۆرتری لابوو، بەڵام لەلاوک من لاوکی زۆر زیاترم دەزانی، لە دەنگیش دەنگی من زوڵاڵ ترو بەهێزتربوو. چەند ڕۆژێک دوای گرتنەوەی شاری کۆیە لەگەڵ ئەم خزمانەی کە بەیەکەوە چووبوون بۆ ئەم شەڕە دەگەڕێنەوە گوندی ئیلنجاغی گەورە.

لە کۆتاییەکانی هاوینی ساڵی ١٩٦٩ شەڕ لەنێوان هەردوو باڵی سەرکردایەتی پارتی و باڵی (م.س)، کە بە مەلایی و جەلالی ناسرابوون زۆر توند بوو، باڵی (م.س) بە پشتیوانی هێزەکانی سوپای عێراق ناوچەی کۆیەیان لەباڵەکەی تر پاک کردەوەو بەرەو ناوچەکانی خۆشناوەتی دوریان خستنەوە. لێرە شتێک دەگێڕینەوە کە هەم سۆزو بەهێزی خزمایەتی ئەوکاتەو هەم دڵسۆزی و بوێری ئەم پیاوە دەسەلمێنێ، چەند کادیرو پێشمەرگەیەکی کەمی مەلایی لەناوچەکە مابوون لەوانە (عەبدولوەهاب فەتحولا[1])، کە بە وەهاب کادیر ناسرابوو. ڕۆژێکیان دوای نیوەڕۆ ئەم کۆمەڵە پێشمەرگە بە بەردەمیماڵەکەی ئەودا تێپەڕدەبن وچاک و چۆنی دەکەن، یەکێک لەوان بەناوی (نامیق ڕەحمان[2])، کە بەرپرسی یەکەمیان دەبێت دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ مام محمود و ئەویش وەک دەربڕینی پشتیوانی و هاوسۆزی و هاوکاری کردنیان (هەرچەندە لە دڵدا باڵی جەلالی خۆش دەویست) پێی دەڵێت کاک نامیق هیچ خەم مەخۆن لەم شاخ و داخانەی نێوان گوندەکانی ئیلنجاغ و سماقە و ئۆمەرگومبەت خۆتان بشارنەوە بە ڕۆژو شەویش وەرنەوە بۆ نانخواردن،

---

(١) عبدالوهاب فەتحولا کاوێس مەلاک: ناسراو بە وەهاب کادیر، لە ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایک بووە، لە ٢٠١٠/١/١ لە شاری کۆیە دوای ساڵانێک ململانێ بەنەخۆشی کوشندە کۆچی دوایی کردووەو لە گوندی ئیلنجاغی گەورە نێژراوە. لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی (پ.د.ک) کردووە، لەساڵی ١٩٦٣ چویتە ناو شۆڕش و بویتە پێشمەرگە، هەرزوو بووە بەکادیرو چالاکانە کارەکانی ئەنجامداوەو بۆتە کادیرێکی دیاری ناوچەی کۆیە.

(٢) نامیق ڕەحمان حسێن: ساڵی ١٩٤٦ لەگوندی سەردەشتی سەر بەناحیەی قوشتەپە لەدایک بووە، لە شۆڕشی ئەیلول پێشمەرگەو کادیر بووە، کادیرێکی دیاری ناوچەی کۆیە بووە، لە ڕێککەوتی ٢٠١٨/٩/١٥ کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی گوندی مورتکەی گەورە نێژراوە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز وەستا (مەحمود عوسمان قادر) وەرگیراوە.

ئەگەر شارەزاش نین من ئامادەم بێم شوێنتان پێ نیشان بدەم، خۆ ئەگەر پێویست بکات بە شەویش مەگەڕێنەوە ناو گوندەکان من ئامادەم نان و ئاوو پێداویستیتان بەشەو بۆ بهێنم، کاک نامیق یش سوپاسی دەکات.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر، (وەهاب کادیر) بە تەنها چویتە ماڵەکەیی و پێی گوتوە (کاکە[١]) محمود چارەیەکم بکە، ئەویش گوتویەتی کەسی کاکی هەروەک دوێنێ بە کاک (نامیق)م گووت چ زۆرە ئەشکەوت و کونەشاخ زۆرە خۆتان بشارنەوەو من شەوانە نان و پێداویستیتان بۆ دێنم تاکو بزانین ئەم بارودۆخە چی لێدێت، کاک وەهاب دەڵێت ئەمە نابێ و ناتوانم، ئەویش دەڵێ باشە ئەم شەو من خۆم دەبەستم و پێشتان دەکەوم بۆ ئەودیوی چیا واتە بۆلای جەماعەتی مەلایی، دوو سەد مەتر لەدوای من بڕۆن ئەگەر من کوژرام بگەڕێنەوە دواوە ئەگەر هیچیش نەبوو ڕادەستی جەماعەتی مەلایتان دەکەم و خۆم دەگەڕێمەوە، کاک وەهاب دەڵێت ئەوەش نابێت، دەڵێ ئەی چیت دەوێ؟ چۆن من چارەسەرت بکەم؟، دەڵێت بمبەوە ڕادەستی جەماعەتی جەلالیم بکە لە کۆیە، ئەویش دەڵێت ئینجا ئەوە منی بۆ چیە خۆت بڕۆ تەسلیم بەوە بۆچی من توشی ئەوە دەکەیت دوو ڕۆژی تر جەماعەتی مەلایی بێنەوەو بزانن ئیعدامم دەکەن، بەڵام کاک وەهاب هەر سوور بوە لەسەر قسەی خۆی.

بۆیە مام مەحمود گوتویەتی باشە کاک (وەهاب)، سەروبەندی هاتنەوەی خوێندن و قوتابخانەیە، من ئێوارە دوای نانخواردن عەلی کوڕم و جاسمی مام بایزو نوری عبدالله بەناوی ئەوەی بۆ خوێندن دەگەڕێنەوە، نوری بۆ بەغداو ئەوانی تریش بۆ کۆیە، تۆش بەتەنها لەدوای مەلای خەوتنان وەرە (سەرکانی زێلواو[٢])، بەڵام جەخت دەکەمەوە بەتەنهاو لای کەسیش باسی

(١) وشەی کاکە تاکو ئەم دواییە لە گوندی ئیلنجاغ زۆر باوبوو، هەرکەسێک بچوکتربوایە بە لە خۆی گەورەتری دەگوت کاکە، وەک نیشانەی ڕێزی بچوک بۆ گەورە، تاکو وای لێهاتبوو لە هەندێک لە گوندەکانی دیکەی دەوروبەر باس دەکرا ئینجا هەندێک بە باشە و هەندێکیش بە خراپە، کوڕێکی خەڵکی ئۆمەر گومبەت بەناوی (خدر) لە ئیلنجاغ بویتە شوان، بەسەردان دەچێتەوە ئۆمەر گومبەت، خزمەکانی بەخێرهاتنەوەی دەکە ن و لێی دەپرسن خزمەکانی ئیلنجاغ چۆنن؟ لەوەڵامدا دەڵێت زۆر بێ عەقڵن. ئەوانیش دەڵێن ئەڕا واتە بۆ؟ دەڵێت من ناوم خلەست بەمویشن کاک خدر، واتە من ناوم خلەیە پێم دەڵێن کاک خدر، بەداخەوە ئێستا ئەم ڕێزە کەم بووە و بەرەو لەناوچوون دەچێت.

(٢) زێلواو کانی و بەراوێکە لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی گوندی ئیلنجاغی گەورە.

نـاکەی، دیـارە لە کـاتی دیـاریکراو بەڕێـدەکەون لەسـەر کـانی زێلـواو کە سەیردەکات کاک (وەهاب) سێ کەسـی تریشـی لەگەڵ دایە زۆری پێ نـاخۆش دەبێت و پێی دەڵێت من نەمگوت بەتەنها خۆت، بۆ ئەمانەت هێناوە، بەهەرحـاڵ دەڕۆن تا دەگەنە گوندی (تاڵەبانی گەورە)، کە نزیکە لەرێگای تەق تەق- کۆیە، پێی گوتوە من وخوێندکارەکان دەچینە ماڵی (مام صـاڵحی خەیـاڵ)، ئێوە نـابێ لەگەڵ ئێمە بێن و بڕۆنە ماڵێکی ترو لەگەڵ ڕۆژهەڵات ئێمە دەڕۆین بۆ کۆیەو لەوێ بە (شـێخ جەنگـی[1]) دەڵـێم و وا دەکەم ئۆتۆمبیلتـان بـۆ بێـت، کـاک (وەهـاب) دەڵـێ ئـێمە دەچینە مـاڵی میرخـان، لەو کـاتەدا یەکێـک لەوانەی کە لەگەڵ کاک (وەهاب) بوە بەناوی (عەبدوڵا صالح خەزار[2])، کە خەڵکی گوندی (کـانی لەلە) بـووە گوتـویەتی: مـن پەیوەنـدیم بە جەمـاعەتی جەلالـیەوە هەیە و پسولەی فەرمیم پێیە و ناترسم و بۆیە بەیانی کاک (محمـود) لەگەڵ تـۆدێم بـۆ کۆیە.

بەیـانی زوو هەر پێنجیـان، واتە: (مـام محمـود)، (عەلـی)، (جاسـم)، (نـوری) و(عەبدوڵلا) ڕۆیشتون بۆ کۆیە، مام محمود لەگەڵ عەبدوڵلا دەچـنە لای (شـێخ جەنگـی) و هەواڵەکەیـان پێـداوە، ئەویـش ئۆتۆمبێلێـک لەگەڵ مەفـرەزەیەک و(عەبـدوڵلا)ش لەگەڵیـان چـووە بـۆ گونـدی تاڵەبـانی گەورە، کـاک (وەهـاب) و ئەوانی تریان بردووە بۆ کۆیە.

دوای نیوەڕۆ گەڕایتەوە، دیـارە تـرس و دڵەڕاوکێیەکـی هەبـووە، کە کـاک وەهاب و جەمـاعەتەکەی لەلای یەکێک لە ژن و منداڵەکانیان یـان خزمەکانیـان درکانـدبیتیان، کە ئەم شـەو مـام محمـود دەیانبـاتەوە بـۆ کـۆیە و ڕادەسـتی جەمـاعەتی جەلالیـان دەکـاتەوە، بـۆیە کە لە جـادەی ڕاسـتی گونـدی (تاڵەبـانی

(١) شێخ جەنگی: جەنگی بورهـان نـوری، سـاڵی ١٩٢٤ لەدایک بـووە، لە دایکەوە براگەورەی (مـام جەلال)ەو لە کۆتـایی شەسـتەکانی سـەدەی رابـردوو جێگـری فەرمانـدەی هێـز بـووە لە بـاڵی مەکتەبـی سیاسـی (پ.د.ک)، کەسـایەتیەکی دیـاری شـاری کـۆیەو نـاوچەکە بـووە، لە ٢٠١٦/٢/٤ کۆچی دوایی کردووەو لە تەکیەی تاڵەبـانی، لە گۆڕسـتانی تـایبەتی شـێخانی تاڵەبـانی لە شـاری کۆیە نێژراوە.

(٢) عەبـدوڵا صـاڵح خەزار: نـاوی تەواوی عەبـدوڵا صـالح مسـتەفایە، لە ١٩٤٨/٧/١ لە گونـدی کـانی لەلە لەدایک بووە، پێشمەرگەی باڵی مەکتەبی سیاسیی بووە، لە رێککەوتی ١٩٦٩/١٠/١٤ لەدۆڵی شەهیدان شەهید بووە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (وەهاب محەمەد نەجیم) وەرگیراوە.

بچوک) لە ئۆتۆمبێل دابەزیوە و چویتەوە (بیان[1])، کە ئەو ساڵە کاک (حەمشین)ی ئامۆزای لەوێ توتنی کردبوو، بە ناوی سەردان و گەرشتێکیش هەبێت ئەوا لەویەوە بیزانێت. کاتێک گەیشتۆتە لای، ئەویش گوتویەتی: کاکە ئەوە تۆ ئەم شەو چیت کردووە؟، مام مەحمودیش گوتویەتی: چیم کردووە (عەلی)، (جاسم)و (نوری)م بۆ خوێندن بردۆتەوە، ئەویش دەڵێ کوڕە عەلی و جاسم و نوری چی، لە هەموو ماڵەکانی ئیلنجاغ بڵاوبۆتەوە، کە تۆ ئەم شەو کۆمەڵێک کادیرت ڕادەستی جەلالیەکان کردووە.

دوای ماوەیەک کە بەرەو زستان چووە، باڵی مەلایی گەڕاینەوە ناوچەکە و لەهەمان کاتیشدا شەوێکیان شێخ ستار (عەبدولستار تاهیر شریف[2])، کە لەسەر باڵی (جەلالی) قائیمقامی کۆیە بوو بەهێزێکەوە چووە بۆ گوندەکانی گۆمەشین، گۆپتەپە، شیواشۆک، ئیلنجاغی گەورە، کە ئەم شەوە جەماعەتێک پێشمەرگەی مەلایی لە گوندی ئیلنجاغی گەورە بوینە، هێزەکەی شێخ ستار چواردەوری گوندیان گرتوەو پێش ڕۆژهەڵات تەقە دەستی پێکردووە، لەم شەڕەدا دوو پیشمەرگەی باڵی (جەلالی) کوژراوە و یەکیشیان لێ بەدیل گیراوە بەناوی (عوسمان)، کە خەڵکی گوندی باوەقوب بووە، شەش پێشمەرگەی باڵی (مەلایی)ش بریندار بوینە.

بۆ بەیانیەکەی دەنگۆیەک لەناو گوندو پێشمەرگەکان دروستکراوە، کە گوایە هاوڵاتیەکی خەنجەر دەسک سپی چاوساغی و پێشڕەوایەتی ئەو هێزەی شێخ ستاری کردووە بۆ سەر گوندی ئیلنجاغی گەورە، ئەوەش وەک

---

(١) بیان: ئاوو بەراوێکە لە ڕۆژهەڵاتی گوندی ئیلنجاغی گەورە، کەساڵانە کشتوکاڵیان لێکردووە.

(٢)عبدالستار تاهیر شریف: ساڵی ١٩٣٥ لەشاری کەرکوک لەدایکبووە، لەساڵی ١٩٥٨ پەیوەندی کردووە بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوەو لەساڵی ١٩٦٦ بۆ ساڵی ١٩٦٩ بەرپرسی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان بووەو لەساڵی ١٩٧٠ کراوە بە ئەندامی یەدەگی لیژنەی مەرکەزی ئەو حیزبە. لەساڵی ١٩٧٣ بۆ ساڵی ١٩٧٥ بووە بەسکرتێری حزبی سەوری کوردستانیو لەساڵی ١٩٨٥ وازی لەکاری حزبی هێناوەو پاشان لەساڵی ١٩٩٥ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعسی بەجێهێشتووەو گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان لەئیدارەی پارێزگای سلێمانی بەمامۆستای زانکۆ وەرگیراوە، پاشان لەساڵی ١٩٩٧ کوردستانی جێهێشتووەو چۆتە نیوزیلەنداو دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، ڕاژەکەی گواستۆتەوە بۆ زانکۆی کەرکوک، لەساڵی ٢٠٠٤ کراوە بەڕاگری کۆلێژی پەروەردەو زانستە دەرونییەکان. لەڕێککەوتی (٢٠٠٨/٣/٥) لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە لەشاری کەرکوک کوژرا. لە کوردیپیێدیا وەرگیراوە:
https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20081126133731526&lng=1

ئاماژەیەک بۆ (مام وسو[1])ی کوڕی کوێخا وەسمان، لەگەڵ ئەم دەنگۆو قسە لۆکە، (ئەحمەدی حاجی عەلی[2])، کە فەرماندەی بەتالیۆن بووە لە هێزی دەشتی هەولێر لەباڵی مەلایی، مام وسوی بانگکردوەو پارەی ئەو کەفالەتەی لێوەردەگرێت، کە لەبەهاری ساڵی ١٩٦٩ کەفالەتی (ئەنوەر نادر)ی کردبوو[3]، هەرچەندە ئەو ماوەیەک بوو ڕۆیشتبوو، باڵی مەلایش هاتبونەوە ناوچەکە، بەڵام هیچ باسی ئەم کەفالەت وپارەیە نەکرابوو، بۆیە مام وسو وخەڵکی

---

(١) مام وسو: وسو وەسمان وسو، ناسراو بەمام وسوی کوێخا وەسمان، لەساڵی ١٩٣٣ لەگوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایک بووە، لە ١١/ ١٠/ ١٩٨٣ لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەی (مام بایزو عەلی برنۆ/ کەخەڵکی گوندی کونە گورگی نزیک هەولێر بوون)، لە نزیک گوندی شیواشۆکی سەروو کەوتنە بەر دەستڕێژی هەلیکۆپتەرەکانی ڕژێمی عێراق و شەهید بوون. هەر لە منداڵیەوە کەسێکی بزێوو ورياو خۆشەویست بووە، بۆیە پێشگری (مام)ی لێنراوە. لەهیچ قوتابخانەیەک نەیخوێندووە،➔ بەڵام لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششەکانی بەچاکی فێری خوێندنەوەو نوسین بووە. یەکێک بووە لە کەسایەتیە دیارەکانی بنەماڵەو گوندو ناوچەکەیی، نیشتمان پەروەرو دڵسۆزبووەو لەسەرەتای لاوێتی دا پەیوەندی بەرێکخستنەکانی (پ.د.ک) کردوەو خزمەتێکی زۆری شۆڕش و بزوتنەوەی کوردایەتی کردووە. کەسایەتی و پیاوماقوڵ بووە هەر بۆیەش کاتێک ساڵی (١٩٦٢) خوالێخۆشبوو (مەلا مستەفا بارزانی) بۆئەوەی نوێنەری خۆی لەناوچەکە دیاری بکات، بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژاردن لە گوندەکانی (قەزای کۆیە) و (ناحیەی تەقتەق) کرا زیاتر لە (٢٢) گوند بەتایبەتی ئەو گوندانەی سەر بە ناحیەی (تەقتەق) بوون و کەوتوونەتە بەری ڕۆژئاوای ڕێگای گشتی (کۆیە – تەقتەق) بە تێکڕای دەنگ (مام وسو)یان وەکو نوێنەری بارزانی هەڵبژارد، هەرچەندە ئەم دواتر ئەم نوێنەرایەتیەی ڕەتکردەوە بۆ (شێخ کاکە سوری ئامۆزای مام جەلال).

(٢) ئەحمەدی حاجی عەلی: ئەحمەد عەلی خدر بڵباس لە ١٩٣٧/٧/١ لە گوندی هەمزە کۆری سەر بەناحیەی قوشتەپە لە دایک بووە، ناسراوە بە ئەحمەدی حاجی عەلی و ئەحمەد تەکتریۆف، لە ١٩٥٦/٢/١ بویتە سەربازو لە ١٩٥٧/١١/٢٢ خزمەتی سەربازی تەواوکردووەو دواتر بووە بە پۆلیس، لەساڵی ١٩٥٨ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی (پ.د.ک) کردووەو بویتە ئەندامی پارتی. لەچالاکیەکداو لە ڕێککەوتی (١٩٦٢/٨/١١) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکەی بنکەی پۆلیسی تەق تەق_یان ڕادەستی هێزی پێشمەرگە کردووە. فەرماندەی بەتالیۆنی ٣ی هێزی دەشتی هەولێر بووە، بەشداری دەیان شەڕو چالاکی پێشمەرگانەی کردووەو لەبەشێکی ئەو چالاکیانەدا سەرپەرشت و فەرماندە بووە، لە ١٩٧٤/٦/٣٠ لە کانی ئۆمەرئاغای چیای باواجی- کۆیە شەهید بووە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (فەرهاد حاجی عەلی خدر) وەرگیراوە.

(٣) پێویستە ئاماژەی پێ بکەین کە بەهارەکەی پێش ئەوەی باڵی جەلالی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکەن ئەنوەر نادر کە خەڵکی گوندی ئیلنجاغی گەورەیە لەلایەن ناوچەی باڵی مەلاییەوە دەگیرێت بە تۆمەتی ئەوەی کە جەلالیەو کاری ڕێکخستنیان بۆ دەکات، مام وسو دەبێتە کەفیلی بە بارمتەی ٣٠٠دینار، بەڵام دوای ئەوەی باڵی جەلالی کۆنترۆڵی ناوچەکەیان کرد ئەنوەر نادر بە فەرمی چووە گەڵیان چەکی هەڵگرتووماڵەکەی بردە کۆیە.

گونـدیش وەرگرتنـی ئەم پارەیەیـان وەک تـۆڵە سـەندنەوە سـەیر کـردوە لەبەرانبەر هاتنی هێزەکەی شێخ ستارو دەنگۆی خەنجەر دەسک سپی.

پێویستە ئاماژە بەشتێکی تر بدرێت، کە ئەو شەوەی هێزەکەی شێخ ستار چوبوە سەر گوندی ئیلنجاغی گەورە، (عمر ڕەشاش)، کە سەردەستە بووە، لەگەڵ برایەکی بەناوی (عوسمان) لەماڵی مام محمود بوینە، کە زۆر دۆست بووینە، بەیانیەکەی پێش ئەوەی تەقە دەست پێبکات، ماڵی مام محمود چوار پێنچ بزنیان هەبووە لەگەڵ مێگەلی ماڵی مام کوێخا وەسمان بووە، کاتێک کە بزنەکان دەبات بۆ ناومێگەل، لەو کاتەدا تەقە دەستی پێکردووە، ئەویش بە پەلەو ڕاکردن دەگەڕێتەوە (عمر رەشاش)و براکەی لەخەو هەڵدەستێنێت ومەخزەن و شتی ڕەشاشەکەی بۆ هەڵدەگرێت و پێشیان دەکەوێت تاکو لە گوندی دەیان باتە دەرەوە، ئینجا دەگەڕێتەوە. لەگەڕانەوە توشی دوو پێشمەرگە بووە بەناوەکانی: (ئەحمەد عەودل)و (ئەحمەد ڕەسوڵ)، ئەوەی دووەم پێڵاوی لەپێ نەبوەو گوتویەتی: خاڵە محمود ئەم پێڵاوانەم بدێ، ئەویش پێی گوتوە بچوکەو بەپێت ناکات و نەی داوەتێ. (ئەحمەد عەودل)یش گوتویەتی: بڕۆ ئەوەی کەوتە بەرێ دایکی ..... وەک وەڵامێکی توندو ڕقێک بەرامبەر نەدانی پێڵاوەکە. کە چویتەوە ماڵێ ڕووداوەکەی گێڕایتەوە، یەکسەر هاوسەرەکەی پێی گوتوە: بت دابوایە ئەوەت لەسەر گەورە دەکرێت. ئەویش گوتویەتی: بچوک بوو بەپێی نەدەکرد، بەڵام هاوسەرەکەی گوتویەتی بەپێی دەکرد نەدەکرد کەیفی خۆی بوو، دڵنیام باجی ئەوەت لێوەردەگرن. هەربەڕاستی دواتر دەرکەوت کە ئەمەشیان لێ گەورەکردووە.

**شەشەم/ دادگاییکردن و زیندانیکرانی لە بەندیخانەی هیرانی (پ.د.ک):**

دوای ئەوەی پارەی کەفالەتەکە لە (مام وسو) وەرگرن و قسەو قسەلۆکی خەنجەر دەسک سپیش تەشەنە دەسەنێ، مام کوێخا وەسمان نامەیەکی بۆ (خورشید شێرە[١]) نوسیبو، کە کارگێڕ یان لێپرسراوی لقی دووی پارتی بووە[٢].

مام محمود جگە لە خزمایەتی لەگەڵ (مام وسو) زۆر لێک نزیک و تێکەڵاو بوون زۆریش یەکتریان خۆش دەویست، کە بیستبوی ئەو دەچێت بۆ گوندی (نازەنین) بۆ لای (خورشید شێرە)، پێی گوتبو بەتەنێ مەڕۆ من لەگەڵت دێم، مام وسوش زۆری پێ خۆشبوەو بەباوکی ڕاگەیاندبوو کە بەتەنها ناڕواو کاک محمود لەگەڵی دەچێت. بەڕێکەوتون بەرەو گوندی (نازەنین)و بۆ نانخواردنی ئێوارە چوبونە ماڵی دۆستێکیان بەناوی (جەلال ئەحمەد)، دوای نانخواردن بەرەو بارەگای (خورشید شێرە) چوبون، دیارە خانەخوێش لەگەڵیان چوو بوو بۆ چاوساغی، پێش ئەوەی بگەنە بارەگای (خورشید شێرە)، چەند لایت بەدەستێک بەرەوڕوویان هاتبوو، کە سەیردەکەن (خورشید شێرە)، (سابیر شێخ جامی[٣])، (ئەحمەدی حاجی عەلی) و چەند

---

(١)خورشید شێرە: خورشید سەلیم شێرە، لە ١٩٣٨/٧/١ لەدایک بووە، لە هۆزی سنجاویە، کادیرو پێشمەرگەو سەرکردەیەکی دیاری (پ.د.ک) بووە، لەژیاندامانەوە نیشتەجێی شاری هەولێرە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (زانا وسو وەسمان) وەرگیراوە.

(٢) بە هۆی ئەوەی دایکی مام کوێخا وەسمان لە عەشیرەتی سنجاویەو خورشید شێرەش هەر سنجاویە تێکەڵاویەکی خاڵ و خوارزایەتیان هەبوو. مام کوێخا وەسمان لەم نامەیە داوایکردبو کە پشتیوانیان بکات و ئەوان لەم جۆرە پیاوانە نین هێز بهێننە سەر گوندو پێشمەرگەو کەس و کاری خۆیان، ڕاستە لەگەڵ ماڵی شێخەکانی تاڵەبانی خزمایەتی و تێکەڵاویان هەیە، بەڵام ئەوان هەردوو باڵ (مەلایی و جەلالی)یان خۆش دەوێ و دژایەتی هیچ لایەک ناکەن و چەکیش بۆ هیچ لایەک هەڵناگرن. لێیان گەڕێن ئەوان جوتیاری دێ نشینن و با کاروکاسبی خۆیان بکەن، هەروەها باسی ئەو پارەیەشی کردبو کە لێیان سەندراوە بەناوی کەفالەت، بەڵام ئەوان بە پەڵپ و سزای دیکەی دەزانن، چونکە ئەم کەفالەتە زۆری بەسەردا تێپەڕی بوو تاکو ئەم شەڕە نەبوو باسی نەکرابوو.

(٣) سابیر شێخ جامی: سابیر شێخ جامی شێخ ئەحمەد ساڵەیی لە ١٩٣٨/٧/١ لە گوندی گەڵۆزی سەر بە ناحیەی پردێ (ئاڵتون کۆپری) لەدایک بووە. چەندین جار زیندانی کراوە، لە ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، دوای ماوەیەک دابڕان لە ساڵی ١٩٦٤ لەهێزی ڕزگاری بویتەوە پێشمەرگە، لە ساڵی ١٩٦٦ هاتۆتە دەشتی هەولێرو لە پایزی

کەسێکی ترن بەرەو بارەگای (فارس باوە[١]) دەچن بۆ کۆبوونەوە. (مام وسو) (خورشید شێرە)ی جیاکردبۆوەو نامەکەی باوکی دابوێ، هەندێک باسی بارودۆخەکەشی بۆ کردبوو. (ئەحمەدی حاجی عەلی)ش (مام محمود)ی جیا کردبۆوەو پێی گوتبو: خاڵە محمود خێرە بۆچی هاتوون؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتبوی: بۆ لای جەنابت هاتووین[٢]. وەک لەوانەیە جەنابیشت زانیبێتت دەنگۆیەک لەسەر (مام وسوو) بڵاوبۆتەوە، خۆشت دەزانی (مام وسوو) لەم جۆرە کەسانە نییە ئەم کارانە بکات و لەخۆیی و بنەماڵەی ئێمە ناوەشێتەوە، ئەم پارەی لێشی سەندراوە ئێمە بەکەفالەتی نازانین و بەپەڵپ و بیانووی دەزانین، بۆیە هاتووین جەنابت چارەسەری ئەم کێشەیەمان بۆ بکەیت و ڕێگری لێبکەیت. ئەویش دەڵێت زۆر باشە بەیانی زوو وەرن بۆ بارەگاکەم و ئاسانەو چارەسەری دەکەین.

ئیتر دەگەڕێنەوە بۆ ماڵی خانەخوێ یان و زۆر هەوڵی لەگەڵ (مام وسوو) دابوو کە واز لە (خورشید شێرە) بهێنن و سبەینێ بچنە لای (ئەحمەد حاجی عەلی)، بەڵام ڕازی نەبوەو گوتبوی: ئەو خزمەو نامەی باوکیشم داوەتێ و دەچینەوە لای ئەو. بۆیە بەیانی دوای نانخواردن چوبونە بارەگای (خورشید شێرە)و لە ژورێک دایان نابون و هەرگوتبویان کاک خورشید کاری هەیەو دوای تەواوبوونی کارەکەی دەتان بینێ، کەچی ئێستاش

---

١٩٦٨ بویتە جێگری ئامر هێزی دەشتی هەولێر. لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ بویتە ئامر هێزی قەرەچوغ، پاشان بویتە ئامر فەوجی ١ی پاراستنی هەولێر، بەرپرسی دەزگای ئەیلول بووە لە هەولێر، ماوەیەکیش بووە بەسەرۆک هۆزی ساڵەیی، لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٤/٢/٢٧ کۆچی دوایی کردووە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (فەرهاد حاجی عەلی خدر) وەرگیراوە.

(١) فارس باوە: فارس حەمەد باوە، لەساڵی ١٩٣٣ لە گوندی مەلا قەرەی سەر بەناحیەی دیبەگە لە دایک بووەو لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلول پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە، پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە تا بویتە فەرماندەی هێزی دەشتی هەولێرو تا هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە خەبات و فەرماندەیی ئەم هێزە بەردەوام بووە، لە ١٩٩٤/٣/٢١ کۆچی دوایی کردووە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (ئەنوەر عزیز باوە) وەرگیراوە.

(٢) دیارە بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئەم قسەیەیەی کردووە، چونکە زۆر باوەڕی بەوە نەبووە خورشید شێرە هیچیان بۆ بکات پێی وابووە ئەحمەد حاجی عەلی لە هەموو ڕویەکەوە باشترە تەکلیفی لێبکەن هەم بەرپرسی سەربازی بووە لە ناوچەکەو بە گفتوگۆتریش بووە لە خورشید شێرە وە پارەی کەفالەتەکەش ئەم وەری گرتووەو دەنگۆی خەنجەر دەسک سپیش هەر لەلای ئەوو جەماعەتەکەی پەیدابووە، بۆیە پێی وابووە ئەو باشتر دەتوانێ چارەسەری کێشەکە بکە.

نایانبینێت و لەگەڵ پێشمەرگەیەک بردبویانن بۆ بارەگای (سابیر شێخ جامی)، لەوێش ماوەیەکی باش لەچاوەڕوانیدا وەستابوون، پاشان بە مەفرەزەیەک پێشمەرگەوە بردبویانن بۆ هیران و ڕادەستی بەندینخانەیان کردبوون.

وەک دواتر باسی کردووە، کە چوونەتە ژووری بەندینخانە زۆر تاریک بووەو تاماوەیەک هیچیان نەدیتووە، کە سەلامیان کردبوو (وەسمانی مام مەولود)ی (داربەسەری بچوک)، کە لەوێ بەند بووە، وەڵامی دابونەوەو بەدەنگ ناسیبونی و گوتبوی یاخوا بەخێربێن خاڵە محمود، زۆرم پێخۆشە کە (مام وسوو)شت لەگەڵە، هیوادارم (حاجی محەمەدی کوێخا صاڵح)ی ئامۆزاشم بهێنن (دیارە ئەمەی بۆ خۆشی و مجامله بووە). پاشان لێی پرسیبون ئەوە بۆ گیراون؟، (مام مەحمود)یش گوتبوی: لەسەر بابەتی شەڕەکەی ئیلنجاغ قسەو قسەلۆکێکیان دروست کردووە گوایە ئەم هێزەی جەلالیەکان بە چاو ساغی (مام وسوو) هاتبێتە سەر گوندی ئیلنجاغ، یەکسەر (مام وەسمان) گوتبوی: ئەمە جەلالیەکەیە لەوێ بەدیل گیراوە، مام محمودیش بانگی جەلالیەکەی کردبوو لێی پرسیبو تۆ ناوت چیە؟، ئەویش وتبوی ناوم (عوسمان)ە. دەڵێت کاک عوسمان تۆ من و ئەم پیاوە دەناسیت؟ ئەویش دەڵێت نەخێر ناتانناسم و هەرگیز ئێوەم نەدیوە، (مام محمود) گوتبوی ئەی کەواتە ئەم خەنجەر دەسک سپیەی پێش هێزەکەی ئێوە کەوتبوو چیە و کێیە؟، ئەویش دەڵێت پێشمەرگەیەکی خۆمان بوو بەناوی (حەمە بایز) دەسکی خەنجەرەکەی سپی بوو، شارەزای ناوچەکە بوو، پێشی هێزەکە کەوتبوو، کەسی ترمان لەگەڵ نەبووە، (مام محمود)یش گوتبوی: جەماعەتی بەندیەکان شاهید بن.

دوای چەند ڕۆژێک بانگیان کردبوون بۆ دادگایی کردن، مام مەحمود دواتر گێڕابویەوە گوتبوی: شانزە کەس دانیشتبوون، بەرپرسی گەورەیان فارس باوە بوو، کە ئەوکاتە فەرماندەی هێزی دەشتی هەولێر بوو، بچوکەکەیان (عەلی هەژار[1]) بوو، ئەوکاتە ئەندامی لقی دووی پارتی بووە.

---

(١) عەلی هەژار عەوێنەیی: لە ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی عەوێنەی سەر بە هەولێر لە دایک بووە. ساڵی ١٩٦٢ خانەی مامۆستایانی هەولێری تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٦ کۆلیژی یاسای لە زانکۆی مستەنسریەی بغداد تەواو کردووە. پەیوەندی بە یەکێتی لاوان وقوتابیان کردووە. لەقۆناغەکانی ژیانی چەندین بەرپرسیارێتی هەبوە: بەرپرسی یەکێتی جوتیارانی کورد، کارگێڕی لقی دووی

ئەو بەبۆچوونی خۆی تەنها بۆ هاوڕێیەتی کردنی (مام وسوو) چووە بۆ ئەو سەفەرە بۆ ئەوەی تەنها نەبێت، کەچی کەوتبونە ڕاپۆرت خوێندنەوە و چواردە ڕاپۆرتیان لە دژم خوێندەوە. ڕاپۆرتێکیان گوایە بە (نامیق ڕەحمان) و جەماعەتەکەی گوتووە خەمی چیتانە من دەتانبەم ڕادەستی جەماعەتی (مام جەلال)تان دەکەم، (سەیرکەن ئەم هەڵگێڕانەوەیە، ئەو پێی گوتبوون لەم شاخانە خۆتان بشارنەوە من نان و ئاوتان بۆ دێنم)، ڕاپۆرتێکی تر ڕادەستکردنەوەی کۆمەڵێک کادیر (وەهاب کادیرو جەماعەتەکەی)، هەروەها پێشمەرگەیەک داوای پێڵاوی لێکردووە پێی گوتووە بڕۆ سەگی وەک ئێوە چیە من پێڵاوی بدەمێ، ...هتد. لەم چواردە ڕاپۆرتە تەنها بردنەوەی وەهاب کادیر ڕاستیەکی تێدابووە، ئەویش بەم شێوەیەی کەپێشتر خستمانە ڕوو.

هەر سیانزە ڕاپۆرتەکەی تر هەڵبەستراو بوون، ئینجا دوای خوێندنەوەی هەموو راپۆرتەکان، (ئەحمەدی حاجی عەلی) گوتبووی: (کاک فارس) بەشەرەفم بەناموسم ئەم (خاڵە محمود)ەی دەیبینی خائینە، تاوانبارە، تاوانباری کورد و کوردستانە، ئەویش لەدڵی خۆیدا گوتبوی ئەم چواردە ڕاپۆرتەیان لەدژم خوێندەوە، (ئەحمەدی حاجی عەلی) کە فەرماندەی بەتالیۆن بووە ئەم سوێندەی خواردوەو ئەوها تاوانباری کردوەو هیچی تێدا نەماوەو مسۆگەرە فەرمانی ئیعدام کردنم دەدەن، بۆیە بەرگری کردووە و ئەم ڕاپۆرتانەی ڕەتکردۆتەوە، هەروەها گوتویەتی: (کاک ئەحمەد) تۆ کەدەهاتیە گوندی (ئیلنجاغ) پێش هەموو کەس من پێشوازیم لێ دەکردی، هەڵسان و دانیشتنت لەگەڵ من بوو، زۆربەی جار میوانی من دەبووی، ئەگەر من تاوانبارێکی ئەوها گەورەم بۆچی زوو نەت دەکوشتم؟، ئەحمەد وەڵامی دابۆوەو گوتبوی: بۆیە زوو نەم کوشتی تاکو سودت لێببینم، ئەویش پێی

---

پارتی دیموکراتی کوردستان، بەرپرسی لقی دووی پارتی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، بەرپرسی مە کتەبی ڕێکخستنی پارتی، دەستەی دامەزرێنەری بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان بووە. لە ڕێککەوتی ٩-٤-١٩٧٩ لەگەڵ (کاردۆ گەلاڵی) لە لایەن ڕژێمی بەعس لە کاتی دەوام لە دادگەی هەولێر دەستگیر کران. بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی دوای رووخانی ڕژێمی بەعس دەستکەوتوون، دوای زیاتر لە چوار ساڵ لە زیندان وئەشکەنجەدان بە بێ درکاندنی هیج زانیاریەک لە ڕێککەوتی ٢-٥-١٩٨٣ لەسێدارە دراون وتەرمەکانیشیان نەدراوەتەوە کەس وکاریان و گۆڕیان ونە. وەرگیراوە لە: پەیجی عەلی هەژار لە فەیسبوک /https://www.facebook.com/pg/shahidalihazhar/posts)

گوتبوو نەخێر من سوودم لە تۆ بینیوە، چونکە بەرپرسێکی گەورەیی و من هاوڵاتی تۆ سوود لەمن نابینی، ڕووی کردبوە (فارس باوە)و پێی گوتبو: باش بزانە من هەر هەنگاوێکم هاوێشتووە لەگەڵ ئەم کاک (ئەحمەد)ەو بە فەرمانی ئەو بووە.

دوای ئەم وەڵامەی، (فارس باوە) گوتبوی یەک لەم پێشمەرگە بریندارانە بمرێت سەگ بابینە ئیعدامتان دەکەم. ئەویش گوتبوی (کاک فارس) ئێمە بێ تاوانین و چۆن شتی وادەکەین، ئەگەر لەبەر کوردایەتیش نەبێت لەبەر خۆمان و ئیلنجاغ هەمووی خزم و کەسی ئێمەیە، لەوەڵامدا (فارس باوە) گوتبوی ئەگەر مرۆڤ ویژدانی خۆی فرۆشت هەموو شتێک دەکات و گوێ بەخزم و کەس نادات. مام مەحمود گێڕابویەوە کە (عەلی هەژار) لەتەنیشتی بووە، پێی گوتوە (کاک محمود) بزانە کێیە لە گوندی خۆتان کەیفی پێتان نایەت ئەم شتانەی بۆ ئێوە هەڵبەستاوە، ئەویش لەوەڵامدا پێی گوتبوو مامۆستا ئێمە ڕقمان لەکەس نییەو کێشەمان لەگەڵ کەس نییە، ئەوەی ئەو کارەشی لەگەڵ ئێمە کردووە حەواڵەی خوای بێ.

دوای بەرگری کردنی لەخۆی لەبەرامبەر ئەم تۆمەتەی (ئەحمەدی حاجی عەلی)، ناوبراو ڕەنگی بزرکاوەو زۆرتێکچووە، بەتایبەت کە گوتبوی بێ پرسی (کاک ئەحمەد) هەنگاوێکم نەهاویشتووەو چیم کردووە ئەو ئاگادارە[١].

دواتر پاسەوانەکان لەشوێنی دادگایی کردنەکەوە بۆ ژووری بەندینخانەیان بردبونەوە، یەکێکیان پێی گوتبو بەخوای خاڵە تۆ داتەوە کەندێ (واتە دەکوژرێی)، ئەویش لەوەڵامدا پێی دەڵێت دامەوە کەندێ بە پێڵاوەکەم، هەزارانی لەمن گەنج ترو جوانتر ڕۆیشتون منیش بابڕۆم، کەسی خاڵی دوا

---

(١) دوایی زانرا کە ئەو کاتەی ئەو کاتەی جەماعەتی مەلایی شوێنیان لەسەر تەنگ بویەوەو ناوچەی کۆیەیان لێ پاک کرایەوە، ئەحمەدی حاجی عەلی نامەیەکی بۆ شێخ جەنگی نوسیبو، پێی گوتبو من لەگەڵ ئێوەم چی فەرمانم پێ دەکەن وادەکەم، هەروەها وتبوی خۆم ڕادەستان دەکەمەوە یان ئەگەر دەڵێن لێرە کارتان بۆ دەکەم، لەوانەیە ئەحمەدی حاجی عەلی وای زانیبێت کە مام محمود ئاگاداری ئەم نامەیەیە، وا بەسەر بڵندی و دەنگی زوڵاڵ و بەبێ ترس ئەحمەد تاوانبار دەکات، بۆیە وا ڕەنگی تێکچووەو قسەی دیکەی پێ نەکراوەو ترساوە باسی نامەکەی بکات، ڕەنگە فارس باوەش بەم نامەیەی زانیبێت.

ڕۆژمان هەر مردنە. ڕۆژی دوای دادگایی کردنی ئەوان (مامۆستا زاهیر[١])ی کوێخا وەسمانیش دەبەن، بەڵام ئەم هیچ دادگاییەک ناکرێت و بێ لێپرسینەوە بەند دەکرێت و ماوەیەکی باش لە بەندینخانەی هیران بۆ ماوەی نزیک بە دوو مانگ مانەوە، سوپاس بۆ خوا بریندارەکان کەسیان نەمردن و چاک بونەوەو ئەوانیش ئازاد کران[٢].

دوای ئازادکرانیان لە بەندینخانەی هیرانی (پ.د.ک)، دەگەڕێتەوە گوندی ئیلنجاغی گەورەو خەریکی کارو گوزەرانی جارانی خۆی دەبێت.

## حەوتەم/ بەردەوامیدان بەکاری پارتایەتی لە دوای ئازادبوونی لە بەندیخانە:

لەدوای بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کە گوایە هەردوو باڵی (پ.د.ک)، واتە مەلایی و جەلالی تێکەڵ بوونەوە، هەرچەندە بەکردارو بە بیرو

(١) مامۆستا زاهیر: زاهیر عوسمان یوسف، لە ساڵی ١٩٤٠ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لە دایک بووە، لە ٢٠٠٢/٦/١ لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کردووەو لەگۆڕستانی کەکۆنی شاری کۆیە نێژراوە. کوڕی کوێخا وەسمانی ئیلنجاغی گەورەیەو دەرچووی خانەی مامۆستایانە، پیاوێکی کورد پەروەرو نەتەوەیی و دڵسۆزی نیشتیمان و پیشەکەی بووە، ڕاستگۆو حەق گۆبووە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (م. هەوراز زاهیر عوسمان) وەرگیراوە.

(٢) هەڵوێست و پەیڤی مەردانە دەبێت باس بکرێت، ئەم مەفرەزەیەی کە لە گوندی نازەنینەوە دەیان بەن بۆ هیران لەڕێگا دوو سێ یەکی گەنجیان خەریک دەبن گاڵتەیان پێ بکەن، بەتایبەتی لەگەڵ مام وسوو بەگاڵتەو پێ کەنینەوە پێی دەڵێن برۆ کاکی خەنجەر دەسک سپی، یان دەڵێن چەندت پارە وەرگرتوە بەرامبەر ئەم جاسوسیەو ..... هتد. مام محمود بەدەنگێکی بەرز دەڵێت ئەرێ کێ بەرپرسە؟، گوتی لە پێشەوە پیاوێکی باڵابەرزو دیمەن پیاوانە وەڵامی دامەوە گوتی برام من بەرپرسم ناوم هەمزە سێوێیە بۆ دەپرسی؟، ئەویش دەڵێت برام ئێوە ئێمە دەناسن، ئێمە کێین و چیمان کردووە؟، ئەوە مام وسووە، کوڕی کوێخا وەسمانی ئیلنجاغی گەورەیە، خاوەن دیوەخانەو پیاوێکی پیاوانەو میوان دۆست و ناسراوە، ئێمە لەسەرەتای شۆڕشەوە بەسەرو ماڵ لەگەڵ شۆڕش بووین، ئیستا شتێکمان بۆ هەڵبەستراوە پێویست دەکات ئەوها بمان کەنە گاڵتەجاڕ؟، گوتی هەمزە سێوێ زۆر توڕەبوو، یەکسەر پێشمەرگەکانی کۆکردەوەو زۆری جوێن پێدان و ئامۆژگاری کردن، ئیتر کۆتایی بەم گاڵتەکردنە هات تاکو گەیشتنە هیران، گوتی لە هیران بردینی بۆ کەبابخانەو دەعوەتی کردین نانمانخواردوو چوین لە مزگەوت نوێژمان کردوو ئینجا پێی گوتین براینە دەزانم بێ تاوانن، بەڵام من دەسەڵاتم نییەو دەبێ ڕادەستی بەندینخانەتان بکەم و من ماڵئاواییتان لێ دەکەم، دڵنیاشم ئازاد دەکرێن، چونکە دیارە ئێوە پیاوی کورد پەروەرو مەردو بێ تاوانن.

بـاوەڕی ڕاسـتەقینە وانەبـووە، لە ڕیزەکـانی (پ.د.ک) بەشـێوەی چالاکـانە کەوتەوە کارکردن و بووە بەسەر شانە.

لێـرە پێویسـتە شـتێک بگێـڕینەوە بـۆ دەربڕینـی ئەوەی کە حیزبـایەتی و بەرپرسـیاریەتی حیزبـی لە کوردسـتان هەرگیـز لەسـەر بنەمـای زیرەکـی و هۆشیاری و تێگەیشتن نەبووە، بەڵکو هەمیشـە لەسـەر بنەمـای خزمـایەتی و نزیکایەتی و دەستەگەری بەرپرسەکان دانراون، لەسـەرەتای حەفتاکـان دوای بەیـانی ١١ی ئـازار (کوێخـا سـەلیم[1])، کە خەڵکـی گونـدی تاڵەبـانی بچـوکەو خزمی (نامیق ڕەحمان)ە، کە ئەوەی دووەم لێپرسراویەتی هەبوو لە نـاوچەکە، لەگەڵ ئەوەی نەخوێندەوار بوو کرابوو بە کادیر لە سنووری گوندەکانی ئێمە، دوای مـاوەیەک گواسـترایەوە سنورێکی تـرو لە شـوێنی ئەو (جەمـال) ناوێک دانرابوو، کە خەڵکی ناوچەی سلێمانی بوو، دیارە خوێندەوار بووەو هەندێک شارەزایی لەسەر مێژووی کوردو بزوتنەوەکانی و مێژووی (پ.د.ک) هەبووە، ئەم کاتە پەیکەری ڕێکخستنی (پ.د.ک) بەم شێوەیە بووە: لایەنگر، پاڵێوراو، ئەنـدام. کـادیر کە دەچـوە گونـدێک بـۆ کۆبـوونەوە تەنهـا سەرشـانەکان یـان ئەنـدامەکانی دەبینـی، ئەم (جەمـال) نـاوە بـۆ یەکەمجـار کە هـاتبوە گونـدی ئیلنجـاغی گەورە، گوتبـوی پـێم خۆشـە هەمـوو ڕێکخسـتنەکان، واتە هەرسـێ پلەکە ببینم و کۆبونەوەیـان لەگەڵ بـکەم، ئەم کـاتەش شـەڕ نەبـووە، گفتوگـۆ لەنێوان (پ.د.ک) وحکومەتی عێراق هەبووە، دیارە ژمـارەی لایەنگرو پاڵێوراو هەتـاکو ئەنـدامیش زۆر زیـادی کـردوە، بـۆیە بیریـان کـردیتەوە شـوێنێک بـدۆزنەوە کە بتـوانێ ئەم ژمـارە زۆرە لە خـۆ بگرێـت، چـونکە (جمـال) بـۆ کۆبونەوەی حیزبی مزگەوتی پێ باش نەبووە، پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین لەدوای سـاڵی ١٩٧٠ (مامۆسـتا زاهیـر) بەگەرم وگـوڕی چوبـوە نـاو ڕێکخسـتنەکانی (پ.د.ک)و هەنـدێک گۆڕانکـاری لەشـانەو شـانەی سـەرەکی گوندەکە کردبوو، پێشتر محمود حمد و (حمد ڕەسوڵ[2]) و (وەستا عزیز[1])

---

(١) کوێخا سەلیم: سەلیم کۆخە حەوێز عەساف، لە ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی تاڵەبانی بچوکی سەر بەناحیەی تەق تەق لەدایک بووە، تاکو ئێستا لەژیاندا ماوەو کەسایەتیەکی دیاری ناوچەکەیەو لە بنەماڵەیەکی ناودارە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (فەرهاد سەلیم کۆخە حەوێز) وەرگیراوە.

(٢) حمـد ڕەسـوڵ عەوڵا: سـاڵی ١٩٣٠ لە گونـدی ئیلنجـاغی گەورە لە دایـک بـووە، کەسـایەتیەکی دیـاری گونـدەکەو نـاوچەکە بـووە، پیـاوێکی قسـە خـۆش و خـۆش مەجلـیس بـووە، ڕێککەوتـی

وەک سەرشانەو بەرپرسی یەکەم دانرابوون، (مامۆستا زاهیر) هەڵسابوو بەتەمەنەکانی جیاکردبۆوەو دوو سێ شانەی بەجیای لێ دروستکردبوون، گەنج و لاوەکانیش بەجیا. سێ کەسی گەنجیشی بەلیژنەی سەرپەرشتی یەکەم دانابوو، کە بریتی بوون لە: (مەلا قاسم[٢])، (لەتیف عبدالرحمان[٣])، خوالێخۆش بوو (محەمەد ئەحمەد[٤])، کە پێیان گوتراوە ڕێکخەر.

دوای ئەوەی بەرپرسی حیزبی (جەمال)، داوای بینیی هەموانی کردبوو، لەلایەن لیژنەی ڕێکخستنەوە ماڵی (مام محمود) یان پێ باش بووە. لەگەڵ ئەوەی دوو ژووریان هەبووە، بەڵام یەکێکیان ئەوەندە پان و بەرین و درێژ بووە بەقەد سێ ژووری ئاسایی ئەم کاتە هەبووە، لەبەر فراوانی کۆڵەگەیەکی زۆر ئەستورو قایم لە ناوەڕاستی ژوورەکە چەقێندرابوو، لە هەر چوار لاوە دارەکانی تر هاتبوونەوە سەری، هەڵسابوون بەچۆلکردنی ئەم ژوورە، خەڵک هەژاربوو شتێکی وای نەبووە، فەردەیەک ئاردو صندوقێکی دارو هەندێک شرە جاجم و لێفەی لەسەر بووە، یەک دوو پرێسکە ساوارو نیسک و برِوش، تاقمێکی بچکۆلانەی چایە، واتە کتری و قۆری و چەند پیاڵەیەک، هەندێک قاپ و کەل و پەلی سادەی چێشتلێنان و خواردن و خواردنەوە، یەک دوو گۆزە،

---

٢٠٠٢/٢/١٩ کۆچی دوایی کردووە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (ڕەسوڵ حەمەد ڕەسوڵ) وەرگیراوە.

(١) وەستا عەزیز: عەزیز حەمەدەمین ئۆمەر ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایک بووە، سەردەمانێک پیشەی پینەدۆزی بووە بۆیە بە وەستا ناسراوە، پاشان دوکانداری کردووەو لەژیاندا ماوەو نیشتەجێی شاری هەولێرە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (عەلی عەزیز حەمەدەمین) وەرگیراوە.

(٢) مەلا قاسم: قاسم بایز کاوێس ساڵی ١٩٥٠ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایک بووە، خوێندنی شەشی سەرەتایی هەرلەوێ تەواوکردووە، پاشان چۆتە پەیمانگای ئیسلامی لەشاری کۆیەو ئێستا مامۆستای ئاینی یە.

(٣) لەتیف عبدالرحمان بایز: ساڵی ١٩٥١ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایک بووە، فەرمانبەری خانەنشینەو لەژیاندا ماوەو نیشتەجێی شاری کۆیەیە.

(٤) محەمەد ئەحمەد حەمەد: ناسراو بە محەمەد ئیلنجاغی یان حەمە چاوشین، ساڵی ١٩٥١ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایک بووەو بەشداری هەردوو شۆڕشی ئەیلول و نوێی کردووەو فەرماندەیەکی ئازاو قارەمان بووە، لەدەیان شەڕو چالاکی بەشداری کردووەو لە هەندێکیان ⬅ سەرپەرشت بووە، دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەڕێوەبەری پۆلیسی نەوت و گازی هەرێم بووە، لەڕێککەوتی ٢٠١٦/٧/٢٩ بەنەخۆشی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەی پار-شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووەو لە گوندی ئیلنجاغی گەورە نێژراوە.

چۆلکردنی ژوورەکە زەحمەت نەبووە، بۆ ئێوارە دوای نانخواردن پۆل پۆل و یەک یەک و دوو دوو سەرجەم ڕێکخستنەکانی (پ.د.ک) لە گوندی ئیلنجاغی گەورە ڕوویان تێ کردبوو، ژوورەکەیان پڕ کردبۆە، (جەمال) دەستی بە قسەکردن کردبوو، کورتە مێژوویەکی لەسەر کوردو بزوتنەوەکەیی و مێژووی پارتی باسکردبوو، کە لێ بوبۆوە، گوتبوی کێ پرسیاری هەیە، (وەستا عزیز) گوتبوی بەڵێ مامۆستا، ئەویش گوتبوی فەرموو کاک (عزیز)، وای زانیوە پرسیار دەکات، کەچی (وەستا عزیز) گوتبوی مامۆستا تۆ زۆر زیرەکی، (کوێخا سەلیم) هیچی نەدەزانی، کە دەهات بەناو کۆبونەوە بوو هیچی نەدەگوت لە قسەی ئاسایی زیاتر، (کاک جەمال) گوتبوی نا (کاک عزیز) ببورە وامزانی پرسیارت هەیە (کاک سلیم) زیرەکەو کادیرەو زۆر شت دەزانێ، بەڵام (وەستا عزیز) هەر سووربووە لەسەر ئەوەی هیچ نازانێ و چەند جارێک دووبارەی کردبۆوە.

هەرئەو شەوەی کە کۆبونەوە تەواوبوو، هەستابون بڕۆن، (حەمەد رەسوڵ) بەخاوەن ماڵی گوتبو دەبی پێڵاوەکانمان مابی؟، ئەوە وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە زۆر هاتوون و خەڵکی گەنج و زۆرو بۆری تێ کەوتووە، ئەگەری هەیە دزیشی تیابێت، ئا ئەوە بووە حیزبایەتی و قوتابخانەی پارتی و پەروەردەکردنی ئەندام و ڕێکخستنەکانی بەم شێوەیە بووە، بۆیە بەهەموو کادیرەکانی بەدرێژایی ساڵانی ١٩٦٢ تاکو ١٩٧٥ کە هاتونەتە ناوچەکە، یەک لەسەردەی (مامۆستا زاهیر) لەڕووی پەروەردەکردن وپێگەیاندنەوە سوودیان بەڕێکخستنەکانی پارتی نەگەیاندوە، دڵنیام لە دڵسۆزیش لە زۆربەیان دڵسۆزتر بووە.

## هەشتەم/ لە گوندەوە بۆ شار:

لەساڵی ١٩٧٤ (نایفی عزیز ئاغای کەوری شێخانی[١]) پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات ودێتە گوندی (ئیلنجاغی گەورە)، بەهۆی عەشیرەتیەوە،

(١)نایف عزیز ئاغای کەوری شێخانی: ناوی تەواوی نایف عەزیز حەمەدە، لە ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی کەور لەدایک بووە، باوکی براگەورەو دەمڕاستی هۆزی شێخانی ناچەکەیان بووە، دوای کۆچی دوایی باوکی ئەم شوێنی گرتۆتەوەو کەسایەتیەکی دیارو ناودارە، لە ژیانداماوەو لەقەزای خەبات نیشتەجێ یە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (سالم ڕەشید ڕەزا) وەرگیراوە.

واتە بەهـۆی ئەوەی کە هەردوولا شـێخانی بـن داسـنین، لـێ نـاگەڕێن وەک خەڵکی تر دابەش ببن هەر ڕۆژەو لەماڵێک یان لە گوندێک بن، (کاک نایف) کە کۆمەڵێک لە خزمەکانی خۆی لەگەڵ دەبێت خۆیی و دوو سێ کەسی تر بە هەمیشـەیی لەمـاڵی (مـام کوێخـا وەسـمان) دەبـوون، ئەوانەی تـریش هەردوو دوو لە چەند ماڵێکی تری خزمەکان بەهەمیشـەیی داندرابوون، (کـاک خەیـری) بـرای (کـاک نـایف)و (جەلال ڕەزا)ی ئـامۆزای لەمـاڵی (مـام مەحمـود) بـۆ مـاوەیەک مـابونەوە، دوای ئەوەی لەسـەرکردایەتی ئەوسـای شـۆڕش لەدوای (کاک نایف)و براکانی دەنێرن وبەندیان دەکەن، نازانرێ لەبەندیخانەی ڕایات بووە یان خەلان. دوای گرتنی ئەوان خزمەکانی تری (کاک نایف) هەریەکەی بەلایەکدا بڵاوەی لێدەکەن، (جەلال ڕەزا) بە (مـام محمـود)ی گوتبـو مـن هـیچ شارەزا نیم و ڕێگا بۆ هچ شـوێنێک دەرنـاکەم، دەبێت چارەسـەرێکم بکەیت و بمبەیتەوە بۆ هەولێر، ئەویش پیاوێکی زۆر ئازاو چاو نەترس بووە، هەرگیز لەکـاری وا سـڵی نەکردبـۆوە. بـۆیە هەڵدەسـتێ لەگەڵ (جەلال) دەڕوا و تـاکو دەیگەیەنێتەوە مـاڵەکەی خۆی لەشـاری هەولێر لە گەڕەکی ئازادی، شـەوێک لەمـاڵی ئەوان دەمینێـتەوە و لەوێ (قـادر صـالح) و (نـادر صـالح)، کە هەم لە عەشـیرەتی شـێخانن و خزمایەتیشـیان لەگەڵ (جەلال) هەیەو تیکەلاویـی ژن و ژنخوازیشیان هەیە. (نادر صالح) ئەندازیارێکی کۆنەو ئەو کاتە لە فەرمـانگەی ڕێگاوبانی هەولێر بوەو سەرپەرشتی پڕۆژەی ڕێگای هەولێر-کۆیەی کردووە.

(جەلال رەزا)، کە ماوەی زیـاتر لە مانگێک لەمـاڵی مـام محمـود بوو بوو، بـــاش تێگەیشـــتبوو کە بـــاری ئـــابوری زۆر خـــراپەو لەو پەڕی هەژاری و بێدەرامەتی دایە، بۆیە پێشنیازی بۆ کردبوو کە لە پڕۆژەی ڕێگـای هەولێر-کۆیە دایـدەمەزرێنن و مـاڵەکەی بێنـتە هەولێـر. دوای گفتوگـۆو هەڵسـەنگاندنی پێشـنیازەکە، ئەویـش ڕازی بـوە، چەنـد ڕۆژێـک دوای گەڕانەوەی لەم سـەفەرە دەچێتەوە هەولێرو لەم پڕۆژەیە بە کرێکـار دادەمەزرێت و دوای مـاوەیەکیش بە یەکجاری ماڵەکەی دەباتە شاری هەولێر[(١)].

---

(١) لێرەدا پێویستە شتێک بگێڕینەوە لەسەر بردنی مـاڵەکەی بۆ هەولێر. کوڕە گەورەکەی (عەلی)، کە خوێنـدکار بـوو لە ئامـادەیی کشـتوکاڵی کەربەلا، لە خـولی هـاوینە گەڕابـۆوەو لەگەڵ جاسـم بـایز دەگەنەوە هەولێرو دەچنە مـاڵی مـام مستەفا، ئێوارە مـام محمـودیش لەکار دەگەڕێتەوەو دێتەوە هەمـان مـاڵ، خـولی هـاوینە لە ئامـادەییە کشـتوکاڵیەکان سـێ مانـگ بـوو یەکێـک بـوو

بۆ گواستنەوەی ماڵەکەیان بۆ هەولێر، شەوێک کەل و پەلەکانیان لە دوو سێ گوێدرێژ باردەکەن و لە گوندی ئیلنجاغی گەورەوە بەرەو شاری کۆیە بەڕێکەوتون، بەشەو بەڕێکەوتون، چونکە بەڕۆژ نەیان توانیوە لەبەر

---

لەمەرجەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ئامادەیی کشتوکاڵی، بە دوو ساڵ خوێندکار ئەنجامی دەدات لە هەر هاوینەک چل وپێنچ ڕۆژیان دەکرد، ئامادەییەکانیش پشوی هاوینیان دەکرد بە دوو بەشەوەو لیستی خوێندکارانیشیان دەکرد بە دوو بەشەوە، ئەو ساڵە عەلی و جاسم لە پۆستەی دووەم بوون، پێش ئەوەی بۆ خولی هاوینە بگەڕێنەوە خوای گەورە کوڕێک بەماڵی مام محمود دەبەخشێت، لەلایەن عەلی یەوە ناوی لێ دەنرێ (ئاسۆ)و بە لەدایک بوونی زۆر دڵ خۆش دەبێت، چونکە تەنها یەک براو خوشکێکی هەبوو هەروەها یانزە ساڵ تێپەڕی بوو بەسەر لەدایک بوونی وەلی برایی و زۆر شادومان بوو بە هاتنی ئەم برایەی، کە بۆ شاری (کەربەلا) دەگەڕێتەوە بەدایک و خوشکی دەڵێت زۆر ئاگاداری ئەم منداڵەبن ئەوەندە مەیخەنە بەردەستی خەڵک، چونکە وەک بڵێی خزم و دۆستانی ئاوایی پێیان شتێکی سەیربێت بەتایبەتی ژنان و کچان دەهاتن سەیریان کردووە. لەکاتی خولی هاوینە، شەوێک عەلی خەوێک دەبینێت، لەخەودا سێ ددانی دەکەوێت و زۆری پێ ناخۆش دەبێت، بەیانی خەونەکە بۆ کوڕێکی عەرەب بەناوی (صبحی عودە)، کە لەساداتی شیعە بووە، دەگێڕێتەوە، ئەویش دەڵێت ئەم خەونە مەگێڕەوەو بیری لێ مەکەوە. ئەو ڕۆژەی کە عەلی و جاسم لەگەڵ مام محمود لەماڵی مام مستەفا (کە مامی مام مەحمود بووە) لە هەولێر بەیەک دەگەن، یەکسەر عەلی دەنگوباسی ئاسۆ لە باوکی دەپرسێت، باوکی زۆر بە ئاسایی دەڵێت ڕەنگە مردبێ، ئەویش دەلێ چۆن ولەبەرچی؟، دەڵێت شەش حەوت ڕۆژ لەمەوبەر مۆڵەتم وەرگرت بچم ماڵ بێنم، بەڵام ← (ئاسۆ) زۆر نەخۆش بوو بۆیە منیش گەڕامەوە، زۆر لە باوکی توڕەدەبێت، دەڵێت باشە چۆن توانیت ڕێگا بگری و بەم نەخۆشیە جێی بهێڵی بۆ نەت برد بۆ دکتۆرو چارەسەری بکەی؟، باوکی زۆر بەهێمنی و ئەعصابی ساردەوە دەڵێت کوا دکتۆر؟، جگە لەمەش من مۆڵەتم تەواودەبوو دەبوایە بگەڕێمەوە، ئەم هەواڵەو بۆچوونی باوکی بەم شێوەیە عەلی زۆر بێ تاقەت دەکات، بەیانی عەلی و جاسم دەگەڕێنەوە بۆ گوندی ئیلنجاغ و کە دەگەنە ماڵەوە یەکسەر پرسیاری (ئاسۆ) لە دایکی دەکات و قسەکانی باوکی بۆ دەگێڕێتەوە، دایکی دەگرییێت و دەڵێت باوکت زۆر بێ بەزەیی و قایمە خۆ ئەو لە ماڵان ئاودیو نەبوو بوو منداڵەکە گیانی سپارد. دوای یەک دوو ڕۆژ مام محمودیش مۆڵەت وەردەگرێتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ گوندی ئیلنجاغ، لەهەمان کاتدا هەواڵی شەهید بوونی (جەوهەری مام مستەفا)ی ئامۆزایان پێ دەگات، کە (ئەنوەر)و (عوسمان)ی برای دێنەوەو هەواڵەکە پشتڕاست دەکەنەوە. شەهید (جەوهەر) لەشاخی ماکۆک لە نزیک بێتواتە لەشەڕێکی سەختداو لە بەرەنگاریەکی کەم وێنەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا شەهید بوو بوو، لەهەمان کاتدا هەواڵی بەبریندار گیرانی (شەریف عبدالرحمان) دەگاتە دەستیان، شەهید (شەریف) لەشاخی ئاوەگرد دوای شەڕێکی قارەمانانەو بەرگریکردن لە هێرشەکانی ڕژێم بە بریندار دیل کراو پاشان لە بەندینخانەی موصڵ لە سێدارەدرا، بەڕاستی ئەم هەواڵانە هەرسێک دڵتەزێن و ناخ هەژێن بوون وەڵامەکەی (صبحی عودە)یان سەلماند، کە گوتبوی خەونەکە باش نییەو باسی مەکەو بیری لێ مەکەوە، بەڕاستی سێ ددان کەوتبوو لەخەوەکە سێ خزم و پشتیوانی لەدەستدا. دوای ئەوەی دوو سێ ڕۆژ لەگەڵ (ئەنوەر)و (عوسمان) لەماڵەوە دادەنیشن و خزمان دێنە لایان و سەرەخۆشیان لێدەکەن.

هێزەکانی ڕژێم بەڕێدابڕۆن، چونکە هەم چاودێرو ڕەبایەیان هەبووە، هەمیش قافڵەو کاروانی سەربازی هاتوچۆیان کردووە. ئەو سەردەم حیزبی شیوعی عێراقی (حشع) لەگەڵ حیزبی بەعس لەبەرەیەک دابوون، لە کوردستان (حشع) بارەگایان لە شارو شارۆچکەکان هەبوو، وە چەکداریش بوون، کەماڵی مام محمود گەیشتبوە شاری کۆیە چوبونە ماڵی (مام هیدایەت[1])، کە ماڵیان لە گردی جولەکان بووە (گەڕەکی سەرباغ).

ئەو کات دەبوایە بۆ ماڵ گواستنەوە لە شارێک بۆ شارێکی تر پسوڵەی ڕێگا پێدان لە سەرۆکی یەکەی کارگێڕی (پارێزگار، قائمقام، بەڕێوەبەری ناحیە) وەربگیرێت، مام هیدایەت لە ڕێگای لێپرسراوانی (حشع) لە شاری کۆیە دوو ڕۆژ هەوڵدەدا بۆ وەرگرتنی ئەم ڕێگە پێدانە، بەڵام بێ سوود دەبێت، مام محمود مۆڵەتی تەواودەبێ بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ هەولێرو ماڵەکەی بە جێدەهێڵێت، کە کوڕە گەورەکەی ڕێگە پێدان وەربگرێت و بیبات بۆ هەولێر، دوای چوار ڕۆژ چاوەڕوان کردن هەندێک دۆست بە عەلی دەڵێن بڕۆ لای لێپرسراوی ناوچەی (پ.د.ک)ی کارتۆنی سەر بە (عزیز عقراوی)و (هاشم عقراوی) ئەوان دەتوانن ڕێگە پێدانتان بۆ وەرگرن، لەسەر قسەی ئەم دۆستانە سەردانی ئەم ناوچەیە دەکەن و ئەوان پسوڵەکەیان بۆ وەردەگرن، ماڵەکەیان لە پیکابێکی شۆفرلێت باردەکەن بۆ هەولێر. ماڵەکە زۆر کەم بووەو حسابی ماڵی بۆ نەکراوە، بۆیە لە هیچ بازگەیەک داوای پسوڵەی ڕێگە پێدانیان لێنەکراوە، چونکە نەیانزانیوە کە ماڵە. ماڵەکە دەگاتە هەولێرو لە گەڕەکی (کوران) ماڵی مام مستەفا دوو ژوریان هەبووەو یەکێکیان دەدەن بە ئەوان مانگی بە یەک دینار.

ساڵی ١٩٧٤ مام محمودو کرێکارێکی تر لەناو گەلابەیەکدا لەکاتی ئەرک لە ڕێگای هەولێر-کۆیە لە نزیک گوندی (ئەشکەوت سەقا) بە سەر مینێکدا کەوتن و بریندار بون، کە سێ پەراسوو وسەریشی هەندێک شکابوو، کە

(١) هیدایەت خضر سمایل، لە ساڵی ١٩٣٤ لەدایک بووە، لە ڕێککەوتی ٢٠٠٤/٥/٢٠ کۆچی دوایی کردووەو لە گوندی ئیلنجاغی گەورە نێژراوە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (فەهد هیدایەت) وەرگیراوە.← مام هیدایەت خزمێکی باش بوو، کادیرێکی دێرین و ڕێبوارێکی ماندونەناسی ڕێبازی (حشع) بوو، تێکۆشەرێکی دڵسۆزو سەر ڕاستی ئەم ڕێبازە بوو، چەندین ساڵ لە ڕێکخستنەکانی (حشع) وەک کادیری ئەم حیزبە لە ناو جوتیاران کاری کردووە.

دواتـــر زانـــرا ئەو میـــنە لەلایەن دەســـتەیەک لە پێشـــمەرگەکانی (پ.د.ک) دانرابۆوە[1]، کە بەرپرسی دەستەکە (مەلا سلێمان هەنارەیی[2]) بووە.

دوای مـاوەیەک پیشـەکەی دەگۆڕدرێـت لە کرێکـاری بـۆ یاریـدەدەری شـوفێری بڵـدۆزەرو وردە وردە دەگۆڕێـت بـۆ شـوفێرو مـۆڵەتی شـوفێری مەکینەی قـورس وەردەگرێت و تـاکو وای لێدێت دەبێتە یەکێک لە شـوفێرە باشـەکان و زۆربەی جار بۆ دەستپێکردنی پڕۆژەو ڕێگای نوێ سـەرەتا بۆ کردنەوەی ئەم دەست نیشان دەکرا.

پیاوێکی ماندوو بوو لە ژیان زۆرجاریش توشی ڕوداوی سامناک دەبوو، وەک گوتمـان جارێـک مینیـان پێداتەقیەوەو جـارێکی تـریش لەسـاڵی ١٩٧٥ لە ڕێگای کۆیە-هەولێر تەختەیەک داری ئەستورو قورسی بەسـەردا دەکەوێت، دواجـاریش سـاڵی ١٩٨٦ لە ڕێگـای کاولۆکـانی لای ڕوانـدز ئۆتۆمبێلەکەیـان وەردەگەڕێت و سـێ بڕبـڕە لە بڕبڕەکـانی پشـتی دەشـکێت و مـاوەیەکی زۆر لەسەر جێگا کەوت تا چاک بۆوە، بەڵام ئەم جارەیان کاریگەری شکستەکەی لەســەر مـابوو، وە پێـوەی دیـاربوو تـاکو کـۆچی دوایشـی کـرد، ئەگەر لێـی وردبوایەوەو سەرنجت بدابایە لە ڕۆیشتن بەباشی هەست بەلەنگینی دەکرا.

لەمـاوەی ئەم چەنـد سـاڵەی کارکردنیشـی لە فەرمـانگەی ڕێگاوبـان لە چەندین پڕۆژە بەشداری کردووە، وەک: ڕێگای هەولێر-کۆیە، بێستانە-دێگەڵە، باپشـــتیان-مێرگەســـۆر، دیانـــا-ســـیدەکان و....هتـــد. پەیوەنـــدیەکانی لەگەڵ هاوڕێکـانی زۆر بـاش بـوو، لەلایەن زۆربەی هاوڕێکـانی خۆشەویسـت بـوو، بەهەمـــان شـــێوەش لەگەڵ ئەنـــدازیارو چـــاودێرو ســەرپەرشـــتانی پڕۆژەکـــان

---

(١) محمەد ئیلنجاغی برازای مام محمود ئەندامی ئەم دەستەیە بوو، پاشان دەیگێڕایەوە کە لەسەر شاخ بە دووربین سەیریان کردووەو خۆشحاڵ بوون کە مینەکەی دایان ناوەتەوە تەقیوەتەوەو زیانی بە ڕژێم گەیاندووە، دەیگوت من چوزانم مامم لەناو ئەو بارهەڵگرەدایە. بۆ شەوی دواتر ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە هەواڵەکان خوێندیەوە کە لە چالاکیەکی پێشمەرگانەداو دانانەوەی مینێک ئۆتۆمبێلێکی ڕژێم بەرکەوتووەو سێ چڵکاوخۆری تێدابووەو هەپڕون بە هەپڕون بوون.

(٢) مەلا سلێمان هەنارەیی: ناوی تەواوی سلێمان عبدالقادر سلێمان مستەفایە، لە ١٩٢٧/٧/١ لە گوندی هەنارەی نزیک شاری هەولێر لەدایک بووە، لە ١٩٤٨/٨/١٥ بۆتە پۆلیس لە شاری هەولێر، لە ١٩٥٩/٦/٥ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی (پ.د.ک)ەوە کردووە، بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە وەک پێشمەرگەو کادیرو فەرماندە، لە ٢٠١٢/٨/٢٢ کۆچی دوایی کردووە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز مقدم (دڵزار ئیسماعیل) وەرگیراوە.

پەیوەندیەکانی باش بوو لەگەڵیان زۆر تێکەڵ بوو بەتایبەت لەکاتی پشووەکان یان لەم پڕۆژانەی کە شەوانە دەمانەوەو بۆ هەولێر نەدەگەڕانەوە، لاوک و حەیرانی بۆ دەگوتن و نایەی بۆ لێدەدان و قسەو چیرۆکی خۆشی بۆ دەگێڕانەوە. دوای ئەوەی کە تەمەنی یاسایی خانەنشینی تەواوکرد لە ساڵی ١٩٨٩ خانەنشین کرا، بەڵام هێشتا گورج و گۆڵ بوو، وە پێی خۆش نەبوو لەماڵەوە بێ کار دابنیشێت، بۆیە بە گرێبەست لە کۆمپانیای تاریق بە شوفێری بلدۆزەر دادەمەزرێتەوە.

## نۆیەم/ نەخۆش کەوتنی تا کۆچی دوایی:

لەساڵی ١٩٩٠ یەک دوو رۆژ بوو دەنگی باش نەبوو، تەڵخ بوو بوو لەماڵەوە لێی دەپرسن دەنگت بۆ ئەوهایە ئازارت هەیە؟ لەوەڵامدا دەڵێت هیچ ئازارم نییە هۆکاری تێکچوونی دەنگم ئەوەیە لەسەر کار ئاومان بۆ دێنن زۆر ساردە و هەر سەهۆڵاوە. هاوسەرەکەشی پێی دەڵێ ئەم دەبە خاوێنە بە پڕئاوی لە تەنیشت خۆتی دابنێ و کە ئاوت بۆ هات لەم ئاوە گەرمەی تێ بکەو بە ساردی مەی خۆرەوە، بەڵام دوای یەک دوو ڕۆژی تر دەنگی زیاتر تێک دەچێت. بۆیە دەیبەن بۆلای پزیشکێکی پسپۆر لە قورگ و لوت بەناوی (دکتۆر حەسەن نەقشبەندی)، پشکنینی بۆ دەکا و نمونەی لێوەردەگرێت و دەینیرێت بۆ پشکنین لە تاقیگە، ئەو کاتەش ئەم جۆرە پشکنینە لە هەولێر نەبوو دەیان نارد بۆ موصڵ، یەک مانگی پێدەچوو تاکو ئەنجامەکە دەگەڕایەوە، لەهەمان کاتدا هەندێک دەرمانی بۆ دانا بوو، دوای مانگەکە ڕاپۆرتی پشکنینەکە دەگەڕێتەوەو ئاماژەدەکات، کە شانەی باشە و پیس نییە و هەندێک دەرمانی تری بۆ دادەنێت و دەڵێت پاش ماوەیەکی تر بیهێنەوە بۆ لام.

بارودۆخی عێراق تێکچوو بەهۆی گرتنی کوێت و دانانی ئابلۆقەی ئابوری لەسەر عێراق و پاشان گرد بوونەوەی نێودەوڵەتی و هاوپەیمانی سەربازیان دژی عێراق و هێنانی هێزیان بۆ کەنداو بەمەبەستی لێدانی سوپای عێراق و دەرکردنی لە کوێت و گرتنەوەی کوێت و دانەوەی بە دەسەڵاتدارانی کوێتی. چەندین هۆشداری درایە ڕژێمی عێراق، بەڵام گوێی نەگرت و لە کوێت

نەکشایەوە بۆیە شەڕەکە ڕویدا و سوپای عێراقیان تارومارکرد و ڕژێم کەوتە ئەو پەڕی دۆخی لاوازی و بەم هۆیەوە ڕاپەڕین لە خوارووی عێراق دەستی پێکردوو شیعەکان ڕاپەڕین و کەوتنە پەلاماردانی دامودەزگاکانی ڕژێمی عێراق[1].

لە کوردستانیش بەهەمان شێوەی خواروی عێراق، (بەرەی کوردستانی[2]) کەوتە پەیوەندیکردن بە سەرۆک جاشەکانەوەو، لەناو ڕێکخستنە نهێنیەکانی خۆشیان شانەی چەکداریان دروست کردو، دەستەی چەکداری پارتیزانیشیان لە سنورەکانەوە بەرەو نزیک شارەکان ناردەوەو ڕاپەڕینی خەڵک دەستی پێکردوو لە ٥ی ئازاری ١٩٩١ شاری رانیە ئازادکرا. دوای ئەویش شارو شارۆچکەکانی تریش بە تەواوی ئازادکران تاکو ڕۆژی نەورۆز شاری کەرکوکیش ئازادکرا[3]، هەرچەندە دەتوانین بڵێین کەرکوک تەواو ئازادنەبوو، چونکە شەڕ لە خواروی ڕۆژئاوای کەرکوک بەردەوام بوو تاکو ڕژێم توانی ڕاپەڕینی خواروی عێراق سەرکوت بکات و کوشتارێکی زۆری شیعەکان بکات، ئینجا هەرچی هێزی هەبوو بەرەو کوردستان هێنایی و خەڵکی کوردستانی سەرکوتکردو و ڕاپەڕینەکەی کپکرد[4]، سەرجەم شار و شارۆچکەکانی گرتەوە و دەتوانین بڵێین سەدا هەشتای خەڵکی کوردستان ئاوارەی ئێران و تورکیا و ناوچە شاخاویەکان بوون، کە لە مێژوومان‌دا بەکۆڕەوی ملیۆنی ناسراوە.

---

(١) ڕاپەڕینی ١٩٩١ی شیعەکان لەخوارووی عێراق و باشووری کوردستان لەئاکامی چەندین هۆکارەوە بوو، بۆ هۆکارەکانی ڕاپەڕینی ١٩٩١ بڕوانە: (هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕاپەڕینی شاری هەولێر ساڵی ١٩٩١-توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، چ١، چاپخانەی شهاب-هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٣-٦٦).

(٢) بەرەی کوردستانی: لە ١٩٨٧/٥/٧ پێکهاتووە، ئەندامەکانی بریتی بوون لە (ی.ن.ک)، (پ.د.ک)، (حسک)، (پاسۆک)، (پارتی گەل)، (لقی کوردستانی حشع)، پاشان لەساڵی ١٩٩٠دوو حیزبی تریش هاتنە ناوئەم بەرەیە، کە ئەوانیش (حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)و (جولانەوەی دیموکراتی ئاشووری) بوون، (هۆشمەند عەلی مەحمود: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥).

(٣) دەربارەی ڕاپەڕینی شاری کەرکوک، بڕوانە: (پشکۆ عبدالرحمن: ڕاپەڕینی شاری کەرکوک لە ساڵی ١٩٩١، چ١، مەکتەبی ڕووناکبیری ی.ن.ک، ٢٠٠٣).

(٤) سەبارەت بەهۆکارەکانی شکستی ڕاپەڕین، بڕوانە: (هۆشمەند عەلی مەحمود: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥-١١٧).

منداڵەکانی مام محمودیش بەهەمان شێوە هەولێریان جێهێشت و لەناوچە شاخاویەکان گیرسانەوە، بەڵام مام محمود و هاوسەرەکەی لە هەولێر مانەوە. بەهۆی ئەم بارودۆخەوە کوڕەکانی ئاگایان لە باوکیان بڕا و نەشتواندرا لەم وەختەی کە دکتۆر دایناڤوو سەردانی بکەنەوە.

دوای شەڕی کۆڕێ (١٩٩١)، کوڕەکانی (عەلی و وەلی) بارەگایان هاتەوە شەقڵاوە و لەوێ جێگیربوون[١]، لەوکاتەشدا ڕژێم لێبووردنی گشتی دەرکردبوو، خەڵک هاتوچۆی دەکرد و لێپرسینەوە لە بازگەکان لەگەڵ کەس نەدەکرا، تەنها چەکدار نەبوایە بە ئازادی دەهات و دەڕۆیشت. هەواڵی مام محمود گەیشتە کوڕەکانی کە بارودۆخی زۆر خراپە و تەندروستی تێکچووە و زۆر گلەیی لە کوڕەکانی دەکات کە ئاگایان لێی بڕاوە، بۆیە (دکتۆر وەلی) دەچێتەوە هەولێر و باوکی دەبات بۆلای دکتۆر و دووبارە نمونەی بۆ پشکنین لە تاقیگە لێوەردەگرن، بەڵام ئەمجارەیان ماوەی پانزە ڕۆژیان دابوو بۆ گەڕانەوەی ئەنجامی پشکنینەکە، هەندێک دەرمانیشیان بۆ دانابوو. دوای پانزە ڕۆژەکە (عەلی) کوڕی دەچێتەوە و ڕاپۆرتی پزیشکی وەردەگرێتەوە، کە بەداخەوە ئەم جارەیان ئەنجامەکە زۆر خراپ بوو، چونکە تیایدا هاتبوو کە دەنگە ژێکانی (اوتار الصوتیە) توشی شێرپەنجە بووە.

لەم کاتەشدا هێزی هاوپەیمانان تاکو ناوچەی بلێ و بارزان هاتبوون، دەنگو باسیش هەبوو کە هەندێک نەخۆشخانەی زۆر باشی وڵاتانی ڕۆژئاوا هاتونەتە کوردستان لەوانە نەخۆشخانەیەکی (بەلجیکی) هاتبووە ناحیەی (شیلادزێ) لە پارێزگای (دهۆک)، یەکێکی ئیتاڵیش هاتبووە قەزای زاخۆ. (عەلی) باوکی لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ (شەقڵاوە) و بەیانیەکەی لەگەڵ (دکتۆر وەلی)، کە ئەم کاتە ئۆتۆمبێلیان نەبوو، ڕەوان شاد (حەسەن دۆسە)، کە بەیەکەوە لە تیپێک پێشمەرگە بوون ئۆتۆمۆبیلەکی لاندگرۆزەری هەبوو

(١) لەڕێکخستنەوەی نوێی هێزەکانی ی.ن.ک تیپی ٨٨ی مرکێ پێکهات، کە عوسمان بانیمارانی فەرماندەی تیپ و محەمەد ئیلنجاغی جێگری فەرماندەی تیپ و د.وەلی ڕابەری سیاسی تیپ و عەلی ئیلنجاغی فەرماندەی کەرت بوو.

بەخۆشـحاڵیەوە ئامـادەیی خـۆی نیشـاندەداو بەخـۆو بە ئۆتۆمـۆبیلەکەیەوە لەگەڵیان دەچێت بۆ (شیلادزێ)[1].

دوای گەیشتنە نەخۆشخانە بەلجیکیەکەی (شیلادزێ)، دکتۆرێک هەبووە خەڵکی دەبینی وخەڵکێکی زۆریش لەپێش دەرگاکەی نۆرەیان گرتبوو، لەهەمان کاتدا پیاوێکی خەڵکی گوندی (بانەموردی خواروو) بەناوی (حەسەن) لە دیانا لە ژێر خێمە بوون بەبێ ئاگایی لەجیاتی نەوت بەنزین لەچرا دەکەن و گڕدەگرێت و ئەم پیاوە زۆر بەخراپی سوتابوو وەک کورد دەڵێ بوو بوو بە بزۆت، ئەویشیان بردبووە ئەو نەخۆشخانەیە.

مام محمود یان بردبووە ژوورەوەو ئەنجامی پشکنین و تیشک و شتەکانی پێیان بووە دابویانە دەست دکتۆرەکە، ئەویش پشکنینی بۆ کردوەو گوتویەتی: ئەمە شێرپەنجەیە لە توانای ئێمەدانییە چارەسەری بکەین ببەن بۆ بغداد، (دکتۆر وەلی)یش گوتبووی: ئەوە باوکی ئێمەیەو ئێمە هەردووکمان پێشمەرگەین و لە حکومەت قاچاغین ناتوانین بچینە بغداد، جگە لەمەش کوردستان زۆربەی دەربەدەرەو ئێوەش هاتوون هاوکاریمان بکەن، ئەم پیاوە یەکێکە لەوانەی زۆر پێویستی بەهاوکاری ئێوە هەیە، ئەگەر هاوکاری نەکەن سەد لە سەد دەمرێ، ئەگەر لێرە چارەسەریتان پێ ناکرێ ببەن بۆ وڵاتەکەی خۆتان، دکتۆرەکە دەڵێ ئەوەش دەسەڵاتی من نییە تۆزێکی تر بەڕێوەبەرەکەمان دێت پێی دەڵێم.

پاش ماوەیەک پیاوێکی باڵامام ناوەندی سورو سپی چاوشین بەرگێکی سەربازی خاکی لەبەردابووە بە هەلیکۆپتەر هاتووە و دابەزیوە و هاتۆتە

---

(١) ئەمە با بۆپێکەنین نەبێت، چونکە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە. لە نزیک بلێ بازگەیەکی هاوپەیمانان هەبووە، ئەم کاتە ئۆتۆمۆبیلی جۆری سۆپەر زۆر نایاب بووە، هەموو کەسێکیش نەیدەتوانی بیکڕێت، تەنها پارە دارەکان نەبێت، سۆپەرێک لە پێش ئەوانەوە دەبێت کەسێکی ڕانک و چۆغەڵی کر لەبەر و سەرو جەمەدانی بەگورینگ زۆر بەسەرۆک و فەرماندەی مەفرەزەی جاشەکانی سەردەمی ڕژێم دەچوو دیاربوو داوایان لێکردبوو صندوقی ئۆتۆمۆبیلەکەی بکاتەوە ئەویش یەکسەر دیتە خوارێ و شتێکی لە دواوەی ئۆتۆمۆبێلەکەی دەردێنێت و دەیدات بە سەربازە بیانییەکە، سەربازەکەش بە گورجی سەیرێکی ئەم لاو ئەولا دەکات و خێرا لە باخەڵی دەنێت، کە پێدەچوو قوتوی بیرە بێت بۆیە بە بێ ئەوەی سەیری صندوقی ئۆتۆمۆبیلەکەی بکات ئیزنی دا ئەمەش وەک بەرتیل و بەرتیل کاری و کوردەکانی ئێمە بیانیەکانیشیان فێرە بەرتیل وەرگرتن کردبوو، چونکە لەسەردەمی ڕژێمەوە شارەزاییەکی باشیان لەم کارەدا هەبوو.

ژوورەوە، دیــارە دکتــۆرەکە بــابەتی نەخۆشــیەکەی مــام محمــودی لەگەڵ باســکردوە، ئەویــش یەکســەر لەگەڵ (دکتــۆر وەلــی) بە ئینگلیــزی کەوتــۆتە گفتوگۆ، دیـارە (دکتـۆر وەلـی) هەمـان داواکـاری کە پێشـتر لەگەڵ دکتـۆرەکە کردبـوویی، بـۆ بەڕێـوەبەری دووبـارە کردبـۆوە، هەرچەنـدە بەڕێـوەبەرەکە گوتبوی بیبەن بۆ بغداد، چونکە ئەوان چارەسەریان پێ ناکرێت، بەڵام دکتۆر وەلـی پێـی گوتبـوو ئێـوە هـاتوون یـارمەتی گەلـی ئـێمە بدەن، ڕژێمـی (صـدام حسێن) دوژمنی هەموو گەلی کوردە و گەلی ئێمە بەگشتی قاچاغە لەم ڕژێمە، بەتایبەتی ئەم پیاوە باوکی ئێمەیە، کە هەردوکمان پێشمەرگەین و چۆن بچینە بغـداد و کـێ بیبـات؟! جـگە لەمەش ئێـوە ئەگەر بەڕاسـتی هاوکـاری ئـێمەی لێقەوماو و دەربەدەر دەکەن بیبەن بۆ وڵاتی خۆتان و چارەسەری بکەن.

دوای ئەم گفتوگۆیە بەڕێوەبەر گوتبوی (I Think/ واتە: بیردەکەمەوە)، جگەرەیەکی داگیرساندوە و کەوتۆتە پیاسەکردن، دوای کەمێک بـانگی (دکتـۆر وەلـی) کـردوەو پێـی وتبـوو بـۆ باوکت و بـۆ ئەم سـوتاوە دەچـم قسـە لەگەڵ فەرماندەی هاوپەیمانـان دەکەم، (گوتیـان سـوتاوەکە ئەگەر چاکیش ببێتەوە و نەمرێ چەناگەی بەسینگیەوە دەنوسێت)، سواری هەلیکۆپتەر بوە و ڕۆیشـتوە و دوای نــزیکەی کاتژمێرێــک گەڕابــۆوە، کە ئەو ڕۆژە چوارشــەممە بــوە و وتبوی شەممەی داهاتوو وەرنەوەو خوا کەریمە، هەروەهـا سـێ دەنکە حەبـی بچوکی پێدابوون و وتبووی ئەگەر زۆر تەنگە نەفەس بوو حەبێک بخـاتە ژێـر زمانی، گەڕابونەوە بۆ دهۆک و چوبونە هۆتێل.

بەڕاستی باوکیان تەندروستی زۆر خـراپ دەبێت و ئـازاری زۆر دەبێت، بۆیە بەیانی بەرەو زاخۆ دەکەونەڕێ و تاکو بیبەن بـۆ نەخۆشـخانە ئیتـاڵیەکە، بەڵام هەر لە پرسـگە نەیانهێشـتبوو بچـنە ژورەوەو پێیـان دەڵـێن چارەسـەری نەخۆشەکەی ئێوە لێرە ناکرێت، هەرچەنـدە (دکتـۆر وەلـی) زۆر هەوڵـدەدات بە ئینگلزی قسەیان لەگەڵ دەکات سودی نابێت و بەناچاری گەڕابونەوە دهۆک.

ڕۆژی شــەممە بەیــانیەکەی چوبــونەوە بــۆ شــیلادزێ بــۆ نەخۆشــخانە بەلجیکیەکە، کە بەڕێوەبەر چـاوی پێیـان کەوتبـوو یەکسـەر گوتبـوی چـاوەڕێ بکەن ئێستا دەگەڕێمەوە، سواری هەلیکۆپتەر بوەو ڕۆیشـتوەو پـاش مـاوەیەک

گەڕابۆوەو بەهەمان شێوەی جاری پێشوو گوتبوی سێشەم وەرنەوە خوا گەورەیە.

دووبارە گەڕابونەوە دهۆک و چوبونەوە هۆتێل، بەڵام تەندروستی باوکیان هەمیشیـە بەرەو خراپ بوون دەچێت پشوو سواریەکەی زۆر زیاد دەبێت و بێزاری دەکات، بۆیە دەست دەکات بەجوێندان و قسەکردن وە خۆی تورەدەکات و دەڵێت ئێوە من نابەن بۆ موصڵ و ئەوانە کافرن وغەیرە دینن و درۆمان لەگەڵ دەکەن و من نابەن بۆ دەرەوەو چارەسەرم ناکەن و موصڵ لە هەموو شوێنێک باشترە. ئەوانیش لە سوێی باوکیان نازانن چی بکەن، بردبویان بۆ لای دکتۆرێک لە دهۆک، ئەویش سەیری ڕاپۆرت و شتەکانی کردبوو پشکنینی بۆ کردبوو یەکسەر نامەیەکی نوسی بوو بۆ دکتۆرێک بەناوی (فایق یونس لە موصڵ).

هەرچەندە هەردوو کوڕەکەی فیراری سەربازی بوون، وهیچ بەڵگەیەکیان پێ نەبووە، بەڵام لە سوێی باوکیان بۆ موصڵ کەوتبوونە ڕێ، چەند بازگەیەک لەنێوان دهۆک و موصڵ هەبووە، کە لێیان نزیک دەبنەوە باوکیان دەستی کردبوو بەخوێندنی ئایەتەلکورسی و نزاکردن، ئەوانیش پێی دەڵێن هەر بێدەنگ بە باهەستمان پێ نەکەن، سوپاس بۆ خوا هیچ بازگەیەک داوای بەڵگەنامەیان لێ نەکردبوون تاکو گەیشتبونە موصڵ. بردبویان بۆلای دکتۆری ئاماژەپێدراوی سەرەوە، ئەویش بەهەمان شێوە سەیری ڕاپۆرتەکانی کردبوو پشکنینی بۆکردبوو گوتبوی بەداخەوە ئەمە لە پسپۆڕی مندا نییە و بیبەن بۆلای (دکتۆر حازم الحافظ) و ناونیشانەکەشی پێ دابوون، بانگی بەردەستەکەشی کردبوو پارەی نۆڕینگە (عیادة)ی دابونەوە. دەیبەن بۆ لای (دکتۆر حازم الحافظ) سەیری ڕاپۆرتەکان دەکات و پشکنینی بۆ دەکات و پسوڵەیەکیان بۆ دەنوسێت کە بەیانی زوو بیبەن بۆ (مستشفی الطب الذري) لەبەری ڕۆژئاوای موصڵ.

بێگومان تاکو لای دکتۆر تەواودەبن بوو بوو بە شەو، ئۆتۆمۆبیلەکیان بەکرێ گرتبوو بۆ هەولێر، بەباوکیان گوتبوو ڕاکشێ و بە شوفێرەکەش دەڵێن لە بازگەکان بڵێ نەخۆشێکی شرم پێیە، لەنێوان موصڵ و هەولێر چەندین بازگەی سەربازی لێ هەبووە، بەڵام خۆش بەختانە لە هیچ بازگەیەک داوای

بەڵـگەو پێناسـیان لـێ نەکرابـوو، بەهەمـان شـێوەی نێـوان دهـۆک- موصـڵ. دەگەنەوە هەولێـر (دکتـۆر وەلـی) پێناسـێکی خوێنـدکاری زانکـۆی هەبـوە و دەسـتکاری بەروارەکەی کردبـوو دووبـارە کەپسـی کردبـۆوە، (عەلـی)ش دەفتەری ڕاژەی سەربازی هەبوە، کە دوو جار تیایدا لە سەربازی (تصـریح) بوو بوو، هەردووکیان ئەم بەڵگانەیان خستبووە باخەڵیان و بۆ بەیانی بەرەو موصڵ کەوتبونەوە ڕێ. گەیشتبونە نەخۆشخانەی ئاماژە پێکراوی سـەرەوە و سێ چوار دکتۆر پشکنینیان بۆی کردبوو، سەیری ڕاپۆرتەکانیان کردبوو، دکتۆرێکی بەساڵاچویان تیدابووە بەناوی (عبدالمنعم لیله)، کە سەیری ناو دەمی مام مەحمودی کردبوو گوتبووی: (اه حجی اشکت تدخن جگایر/ واته حاجی چەندە جگەرە دەکێشی)، (عەلی)ش دەڵێ دکتـۆر (من ١٩٧٤ مبطل جگایر/ واتە لە ١٩٧٤ەوە جگەرەی تەرک کردووە)، دیارە دکتۆرەکە تۆزێک ئیحـراج بـووە، بەڵام ئەم دکتـۆرە بەسـاڵا چـووە گوتبـووی بەڕای مـن نەشتەرگەری بـۆ بکرێت و صندوقی دەنگی دەربهێنـدرێت چـاک دەبێتەوە، چونکە نەخۆشیەکە لە ژێیە دەنگیەکانیەتی و هێشتا بڵاو نەبۆتەوە، بەڵام مام مەحمود ڕازی نەبوە و گوتبووی ئێستا بمرم پێم باشترە لەوەی دەنگم نەمینێت، کە دەنگم نەما بۆچی بژیم، (عەلی) زۆر هەوڵیدابوو ڕازی بکات، بەڵام دیارە (دکتۆر وەلی)ش پشتیوانی لە (عەلی) نەکردووە، بەڵکو لەگەڵ ڕای باوکی بووە.

لە نەخۆشـخانە خەوێنـدرابوو، دەسـتکرابوو بە چارەسـەرکردنی، چارەسەرەکەی لێدانی لێزەر و دەرزی کیمیاوی بووە، بە سێ کۆرس ئەم چارەسەرەی بۆ کرابوو، ڕەنگ و ڕوو و تەندروستی بۆ ماوەیەک زۆر باش بووە، بەڵام دوای ماوەیەک تەندروستی دوبارە بەرەو خراپبوون دەچێ و دەنگی تێک چوبۆوە، هەناسەی توند بووە، بارودۆخی زۆر خراپ بووە.

دوای ئەوە باسی دکتۆرێکیان بۆ کردبوون لە بغداد بەناوی (جلبرد تۆما)، کوڕەکانیشی هەردووک فیرار و پێشمەرگە بوون، نەیاندەتوانی بیبەن بۆ بغداد، (عبدالجبار)ی پورزایان خوێندکاری زانکۆ بوو لە بغداد بە سەردان هاتبۆوە و ئەوانیش ڕویان لێی نابوو کە لەگەڵ خۆی باوکیان ببات، (عبدالجبار) لەگەڵ خۆی بردبووی، بەڵام شەو لە هوتێل تەندروستی تێک

دەچێت و هەناسەی توند دەبێت و دەشێوێت بۆیە یەکسەر دەیبەن بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن و لەوێ قوڕگیان کون کردبوو، پێشیان گوتبوو دوای مانگێکی تر وەرنەوە. دوای مانگەکە (حاجی کاکەخان)ی ئامۆزای بردبویەوە بۆ نەخۆشخانە و داخڵ کرابوو، بۆ ڕۆژی نەشتەرگەریەکەش (ئیسماعیل)ی زاوای چوبوو.

نەشتەرگەریان بۆ کردبوو صندوقی صوتیان دەرهێنابوو، دەنگی نەماو چەند ساڵێک ژیانی بەبێ قسەکردن بردە سەر، تەنها بە ئاماژە قسەی دەکرد، ئەم دەنگ و سەدایە خۆشەی کە هەموو خزم و دۆست و ناسیاوێک بە حەسرەتەوە بوو گوێیان لە بەندە لاوکێک یان حەیرانەیەکی بگرێ جگە لە قسە خۆش و مجلیس تەڕیەکەی، بەم شێوەیە ژیا تاکو ڕۆژی (١٩٩٤/٨/٢٠) دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوتو چاوەکانی لێک نا، دوای تەمەنێک لە ژیانی کولەمەرگی و کارو ئەزیەت و ئازاری نەخۆشی بەیەکجاری ماڵئاوایی لەم دونیایەکردوو لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لە گۆڕستانی (شێخ ئەحمەد) لە شاری (هەولێر) بەخاک سپێردرا[1].

(١) لەسەر چۆنیەتی مردنەکەی ئاماژە بە شتێک دەدەین، ماوەیەکی باش بوو هیچی نەخواردبوو، بەیانیەکی زوو (١٩٩٤/٨/٢٠) لە دەرگادرا کە دەرگایان کردەوە ئیسماعیلی زاوایان بوو صندوقێک تەماتەی هێنابوو، گوتی ئەم تەماتەیەم بۆ مامم هێناوە، دیارە لە ژوورەوە گوێی لێ بووە بۆیە دوای کەمێک بە ئاماژە پێیگوتن لەو تەماتەیەی ئیسماعیل هێناویەتی دانەیەکم بۆ کوزکەن و خوێی پێداکەن و بۆم بێنن، دانەیەکی بۆ دەشۆنەوەو کوزی دەکەن و خوێی پێدادەکەن و بۆی دەبەن. لەوکاتەدا دوو خزم لە نەخۆشخانە داخل کرابوون، یەکێکیان کچی ڕوقیەی پورزایان بوو سووتابوو، ئەوی تریان بەگمی خێزانی عبدالخالق بوو لە نەخۆشخانەی لەدایک بوون داخل کرابوو، دکتۆر وەلی بەکاکی دەڵێت ئەمڕۆ دیارە باوکم تەندروستی باشترە تۆ و فەهیمە بچنە لای کچی پورزاکەمان وە پەیمانیش بچێتە لای براژنی دەڵێ باشە. پەیمان بەڕێ دەکەوێت و عەلی یش چاوەڕوانی فەهیمە دەکات بۆ ئەوەی ئامادەبێت و بڕۆن، لەوکاتەدا باوکیان تەندروستی تێکدەچێ و دەکەوێتە گیانە لا، علی لەباوەشی خۆی دەگرێت و دکتۆر وەلیش دەست دەکات بە خوێندنی سورەتی یاسین، کە سەیردەکەن کوزە تەماتەکە هێشتا لەناودەمیتی و تەنها ئاوەکەی هەڵمژیوەو توێکڵەکەی ماوەو لەدەمی دەهێننە دەرەوە، مەبەست ئەوەیە بەشی لە دونیا تەنها لە ئاوی ئەم کوزە تەماتەیە مابوو، ئینجا (عەلی) دەڵێ کە سەیرم کرد باوکم وردە وردە لە پێیەکانیەوە جەستەی سارد دەبوو، لە کۆتاییدا شتێک وەک هەوایەک لە دەمی دەرچوو، ئیتر ماڵ ئاوایی یەکجارەکی کرد.

# بەشی دووەم
# لاوک و حەیرانەکانی

لاوک و حەیران بەشێکن لە فۆلکلۆرو کەلەپوری نەتەوایەتی کورد، بەشێوەی زارەکی گوتراوەو لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر هاتووە.

لاوک داستان و گێڕانەوەیەکی مێژوویيە لەسەر ڕوداوەکانی قارەمانیەتی و ئازایەتی و شەڕو تالان و خۆشەویستی و ... هتد. مەڵبەندی لاوک زیاتر لەنێو کوردەکانی یەریڤان و باکوری کوردستان و نێوچەی بادینانی باشوری کوردستانەو ئینجا بۆ نێوچەکانی دیکەی کوردستان بڵاوبۆیتەوە.

لەم بارەوەیە (ئەسعەد عەدۆ) دەڵێت: (لاوک ئەو سەربردە قارەمانەتیە یان ئەڤینیەیە سەروبن گرێدراوە جەرگ بڕەو پڕتام و لەزەتەیە، کە مرۆڤی کورد دەگەڕێنێتەوە ڕۆژانی ڕابردووی کورد، بە دۆڵ و چیای سەرفرازی کوردستان بەرەو گۆڕەپانی جەنگ و مان و نەمان و بەرهەڵستی دوژمنکاران و داگیرکەران و جێ ژوانی ڕۆڵە داوێن پاکەکانمان دەبات و لە دیوەخانی برا گەوران و پیاوماقوڵانی نەتەوەکەمان دەست لە ئەژنۆو چاو بە فرمێسک، زامی هەرەگەورەی کۆن و نوێمان دەکولێنێتەوەو بە بەژن و باڵای کیژۆڵە نەشمیلەو دەست و پێ بەخەنەو چل وچوار کەزی، بەکل و کلدان و ئاهی نامرادی خەج و ستی و خەزاڵ و ئەسمەرێ کابایزو عەیشێ ئیبی دا هەڵدەڵێ یان شۆڕە سوارانی خۆبەختکەرانی کوردو ئەوانەی سەری نائومێدیان بردۆتە ژێر گڵ و دەست و بازووی ڕمی هەژدە قەف و سینگ بەزرێ داودی و سوارانی شێخ غەزالی و بەحری بۆرە. لەوەتەی کورد کۆچ و کۆچ باری لە بناری چیای سیپان داکوتاوە، لەوەتەی پەلی دارە بەنێ جەرگی سیامەندی کون کون کردووەو لوتکە شاخەکانی کوردستان بە دڵۆپە خوێنی کەوی خۆخۆر سور هەڵگەڕاوە، لەوەتەی مامان برازا بزرکردوو بەکرۆکە بنگەوەڕێش بۆتە دارێکی دڕکاوی نێوان مەم و زین، لاوک هەیە واتە تەمەنی لاوک لە تەمەنی ئازارو ئەشکەنجەی نەتەوەی کوردە. لاوک جۆرە مەقامێکی

نەتەوەی کوردە، هەروەک زبانی کوردی هی کوردە، کەچی ئەم زوبانەی خۆمانیش دابەشی چەند شێوە دەکرێ و دەتوانین ئەم شێوانەش لەسەر جوگرافیای کوردستان دابەش بکەین هەروەها گۆرانیش... بۆ نمونە لاوک بۆ هەموو ئەو ناوچەیە کە بەشێوەی کرمانجی ژوورو قسەدەکەن واتە تا سەر زێی بادینان، جارجاریش لەبەر تام و چێژی دەگاتە دەشتی هەولێر[1]).

سەبارەت بە (حەیران)یش، وەکو وشە ئەم مانایانە دەگەیەنێت: (هۆگری، شەیدایی، خۆشەویستی)، بۆ نمونە گوێمان لێدەبێت کەسێک دەڵێت بە حەیرانی یان بە حەیرانت بم، یان دەڵێت وەی حەیرانی، مەڵبەندی حەیران زیاتر دەشتی هەولێرە ئینجا بڵاوبۆتەوە بۆ نێوچەکانی دیکەش.

لەبارەی حەیرانەوە (ئەسعەد عەدۆ) دەڵێت: (حەیران جۆرە مەقامێکی تایبەت بە میللەتی کوردو لایەنی دڵداریەکەی بەسەردا زاڵەو لەو چەند ساڵەی دوایدا سەبارەت بە باری ژیانی نەتەوەکەمان کەمە سیفاتێکی لاوەکی گرتۆتە باوەش، بەڵام لەبەندایەتی دڵداریەکە دەربازی نەبووە. هەرچەندە ئەم گۆرانیە تایبەتە بەناوچەی دەشتی هەولێر بەتایبەتی ناوچەی دزەیی بەڵام لەبەر تام و چێژی بەلەزەتی توانیویەتی ئەو سنورە تەسکە ببەزێنێ و بگاتە ناوچەی خۆشناوەتی و هەروەها بناری هەیبەت سوڵتان و ئینجا سەرلوتکە بەرزەکەی قەندیل بەڵکو خۆی گەیاندۆتە ناوچەی موکریان و لەدەوروپشتی حەوزی بۆکان خولی خواردۆتەوە لەوێوە بەرەو حاجی ئۆمەران گەڕاوەتەوەو دەنگی زوڵاڵی بردۆتەوە نێو ئەشکەوت و گوێچکەی ئەو خانمانەی سەرکانی و کانیاوی زینوێ و دەربەندی ڕایات لەوێش لەسەر لوتکە بەرزەکەی هەندرێن و زۆزگ بەرەو دارەشەکرانێ و ناوچەی بەڕانەتی و شەمامک گەڕاوەتەوە کانگاو لەباوەشی قەراج و لە بێژینگ بەسەر پەڕوباڵی گڤ کردۆتەوە بەڕای من لەوکاتەی ئەم گۆرانیە لەکانگای بەدوور دەکەوێ، کەمێک لە تام و چێژی تایبەتی خۆی بزردەکا و حەیران بێژەکانیش سەرکەوتنیان لەو مەیدانەدا کەمە[2]).

---

(١) بڕوانە: (ئەسعەد عەدۆ: کەلەپوری کوردەواری، کۆبەرهەم، چ١، هەولێر، ٢٠١٥، ل٤٩٣-٤٩٤).

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٥١٨-٥١٩.

سەبارەت بەهاتنی لاوک و حەیران بۆ کۆیەو دەوروبەری، ئەوا شێخانیەکان ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە، وەکو (مامۆستا باکوری[١]) ئاماژەی پێدەدات، شێخانیەکان یەکەم کەس بوون حەیران ولاوکیان هێناوەتە کۆیەو بەتایبەت لاوک[٢]. (شوکری فازیل شێخانی)ش نوسیویەتی: (من بەڕاستی تا ئێستا لەوراتی کۆیێ بێجگە لە مام مەحمودی کەسم نەدیوە لاوک ببێژێ، چونکە زۆر وەستایانە لاوکی دەگوت بەتایبەتی دەروێشی عەبدی، کە ئەمەش بۆ ئەو بنەچە مێژووییەی ئێزیدیەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە، چونکە شێخانیەکانی وراتی کۆیێ لەبنەڕەت ئێزیدی بوون دواتر بویتنە ئیسلام[٣]). هەروەها مامۆستا (تاهیر ئەحمەد حەوێزی) لە کتێبی (مێژووی کۆیە)، کە باسی دەنگ خۆشەکانی گوندەکانی کۆیە دەکات یەکەم ناو نوسیویەتی (مەحمود حەمەد ئیلنجاغی)[٤].

مام مەحمود لە منداڵیەوە زیرەک و بێ شەرم بووەو بەهۆی گوێگرتنی لە لاوک بێژو حەیران بێژە ناودارەکانی سەردەمی خۆی فێری لاوک و حەیران بووە، هەروەها بەهۆی ئەوەی (عەولای ڕەسوڵی[٥]) مامی

(١) مامۆستا باکووری: ناوی (ئەندریۆس ئیسرائیل خەمۆ)یەو لە ٥/ ١٠/ ١٩٢٨ لەشاری کۆیە لەدایک بووە، لەتەمەنی لاویەوە بەهرەی هونەری و گۆرانی گوتنی هەبووە، ساڵی ١٩٥٧ بەشی ئینگلیزی لە زانکۆی بەغدا تەواوکردووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای باواجی لە کۆیە، تا خانەنشین بوونی لە ساڵی ١٩٩٦ مامۆستا بووە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە هەولێر. زیاتر لە دە کتێبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە. (د.هاوژین صلێوە، مێژووی هەرمۆتە، چاپخانەی زانا- سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٣، ل١٤٠-١٤٢).

(٢) بڕوانە: صلاح شێخ شرف، ئەمیناغای حەوێزی- ئەختەر ١٨٨٨/١٨٣٨، شاعیرو مامۆستای مەقام و خاوەن دیوەخانی هونەر، سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە، ٢٠٠٨، ل١٤.

(٣) شوکری فازیل شێخانی: بولبولی خۆشخوانی وراتی کۆیێ (مەحمود حەمەد شێخانی)، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە (٣٦)، مایسی ٢٠١٥، ل١٥. بۆ دەقی ئەم وتارە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

(٤) تاهر احمد حوێزی: مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم- بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٤، ل٢٧٠. بۆدەقی نوسینەکەی بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢).

(٥) عەولای ڕەسوڵی: ناوی تەواوی عەبدولا ڕەسوڵ مەلاک، لە ١٩٠٤/٧/١ لەگوندی ئیلنجاغی گەورە لەدایک بووە، لە ٦/٥/ ١٩٧٣ لەنەخۆشخانەی کۆماری شاری هەولێر بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کردووەو لە گوندی ئیلنجاغی گەورە نێژراوە. کەسایەتیەکی دیاری ناوچەکەبووەو هەمیشە دیوەخانی هەبووە، ڕۆڵی هەبووە لە سوڵح و ئاشتەوایی ناوچەکەی. پیاوێکی ژیرو قسە زان بووەو دڵ تەڕو مەجلیسی و خۆش مەشرەب بووە، یەکێک بووە لە سوار چاکەکانی سەردەمی خۆی. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (م. کاکەخان عەولا ڕەسوڵ) وەرگیراوە.

پیاوێکی دیاربووە لە گوندی ئیلنجاغی گەورەو ناوچەکەو خاوەن هەست و سۆزیش بووە، خاوەن دیوەخان بووە بۆیە زۆر کات میوانداری لاوک بێژو حەیران بێژەکانی ئەو سەردەمی کردووەو لەدیوەخانەکەی دالّدەی داون و شەوانە لاوک و حەیرانیان گوتووەو ئەویش گوێی لێگرتوون و لێیانەوە فێربووە.

لەم ناوانەی باسی کردون کە لێیانەوە فێربووە، (فەقێ محەمەدی تەیب)، (مەلا ئەحمەدی حەسەن، کە ناسراوە بە مەلا ئەحمەدە کۆر)و (سمایلە سۆری بانیمارانی)(١) . هەروەها لاوک بێژان (مەلا قادر، کە برای مام ئەحمەد فڕنی داربەسەری بچوک بووە)، (مام فەرحان ناوێک)و (محەمەدی کوڕی مام فرحان)، بەپێی قسەی خۆی لەمانە زۆر لاوک و حەیران فێربووەو خۆشی بەهرەیەکی باشی تێدابووەو دەنگێکی زۆر خۆشیشی هەبووە، ئەم سەردەمانەش دانیشتن لەدیوەخانەکان و گەرمکردنی کۆڕی لاوک وحەیران و چیرۆک گێڕانەوە باو بووە.

جگە لە گوتنی لاوک و حەیران، نایەو شمشاڵی زۆر خۆشی لێدەدا، دەتوانین بڵێین هاوتای (قالە مەڕە)ی شمشاڵ ژەنی بەتوانا بوو، بەڵام بەداخەوە لە کاتی خۆیدا خەمی لێ نەخوراوەو کەمتەرخەم بووینە لە تۆمارکردنی ئەم کۆمەڵە هونەرە ڕەسەنەو ئەم سامانە نەتەوەییەو کەلەپورە میللیە ڕەسەنە پشتگوێ خراوەو فەوتاوە، جگە لە دوو کاسێت لاوک و حەیران هیچ شوێنەوارێکی تری لەپاش بەجێ نەماوە، ئەم دوو کاسێتەش لە پایزی تەمەنیدا تۆمارکراوە(٢)، کە لەو تەمەنەدا هەم دەنگی وەک پێشان زوڵاڵ و بە هێز نەبووە، هەم زۆرشتی وەکو جاران لەیاد نەبووە. لەم بارەیەوە (عەلی ئیلنجاغی) گوتی: جێی داخە کە خەمخۆر نەبوین و هیچمان لێ تۆمار نەکرد، ئەم هونەرە ڕەسەنە کەم وێنەیە پێش کۆچکردنی خۆی لەناوچوو، چی

(١) سەعدوڵلا شێخانی: سەربردەی کۆمەڵە حەیران بێژێکی کورد، چ١، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئەسعەد، ١٩٨٨، ل٥٨.

(٢) بۆ گوێگرتن لە لاوک و حەیرانە تۆمارکراوەکانی، کە لە کەناڵی یوتوبی (زانیار وەلی مەحمود) بڵاوکراینەوە، بڕواننە ئەم لینکە:
https://www.youtube.com/channel/UCvVCeZ4BzfLCdBBSnGnWvFA?view_as=subscriber&fbclid=IwAR27GMqHv1I08p4MJMUqp3rgXYYNyu7TmCHZLMSVFCkRtEIsdRF9kaL22gs

لاوک و حەیرانەکانی چی نایە بە سۆزەکەی، چونکە لاوک و حەیرانەکانیشی ئەوەی کاتی دەنگ خۆشی، واتە سەردەمی لاویێتی هیچی لێ تۆمار نەکراوە، ئەوەی کە تۆمـــارکراوە دوو کاســـێتە لە ناوەڕاســـتی ســـاڵانی حەفتاکـــان تۆمـارکراوە، واتە دوای سـاڵی ١٩٧٤و کە تەمەنـی پەنجـا سـاڵ زیـاتر بـووە، نایەکەشـی هیچـی لـێ تۆمـارنەکراوە، بـۆیە دەڵێـین هـونەرەکەی پـێش خـۆی مـردووە، چـونکە خـۆی چەنـد سـاڵێک پـێش کـۆچی دوایـی بەهـۆی نەخۆشـی شێرپەنجەی قوڕگەوە صندوقی دەنگی دەرهێندرابوو، دەنگی نەمابوو.

**یەکەم/ لاوکەکانی:**

لاوکەکـــانی کە دەیگـــوتن لە شەســـتەکانی ســـەدەی ڕابـــردو، ئەوەی لەیادمابێت، بریتی بوون لەم لاوکانەی خوارەوە:-

١- چەتۆی کوڕی فەرعۆ.
٢- مەمێزەری بابی قەپرانی.
٣- نعۆی گەر گەری.
٤- محەمەد و سێوێ.
٥- صالح و کەژێ گوڵی سۆر.
٦- صالح و نورێ.
٧- حەسەن و مریەم.
٨- شێخ موس.
٩- مەترانی فەلە.
١٠- جەوێ.
١١- بێریوان.
١٢- گەنج خەلیل.
١٣- جەوهەر ئاغا.
١٤- سمایل ئاغا بابی سەرهەدی.
١٥- دەروێشی عەبدی.
١٦- مەمۆ.
١٧- صەباحی نوری باویلاغاو سمایل بەگی ڕەواندزێ.

لەگەڵ چەند وردە لاوکێکی تر کە بەداخەوە ناوەکانیان لە یاد نەماوە.

لێرەدا بەپێی یادەوەری و لەبیرنەکردنی (عەلی) کوڕی، ناوەڕۆکی لاوکەکان دەخەینەڕوو:

### ١- لاوکی چەتۆی کوڕی فەرعۆ:

بەداخەوە بە بەند و بەڕێکی هیچ شتێکی ئەم لاوکەمان لەبەردەست نییەو لە یاد نەماوە، کە ئەم لاوکە یەکێکە لە لاوکە درێژەکان و خوالێخۆش بوو پێی گوتووە ڕەشە لاوک، چیرۆکی ئەم لاوکە بەسەرهاتێکی مێژووییە دەربارەی بنەماڵەیەک یان خێڵێک لەسەردەمی دەرەبەگایەتی و ژیانی خێڵەکی و کۆچەریدا، کە هەمیشە لەسەر شەڕو شۆڕو تالانکردنی یەکترو کوشت و کوشتار ژیاون، واتە دوو خێڵ یان چەند خێڵێک هەمیشە دژی یەکتر بووینەو یەکتریان تالانی کردووە و یەکتریان کوشتووە، لەم لاوکەدا باسی شەڕی نێوان دوو خێڵ دەکات، کە یەکیان بەناوی پیر بۆزو پیرکانە ئاغای ئێزیدیە، ئەوەی تریان خێڵی فەرعۆی باوکی چەتۆیە، ئەم لاوکە لەبەرئەوەی زۆر درێژبوو ناوە ناوە وەک چیرۆک و بەقسە هەندێکی باس کردوەو ناوە ناوەش کردیتیە بەند، واتە بەتێکەڵی بەقسەو بە بەند لاوکەکەی تەواو کردووە، پوختەی لاوکەکە ئەوەبووە:-

سەرەڕای ئەوەی ئەم دوو خێڵە لە شەڕی بەردەوام و تالانکردنی یەکتردابوون کوڕی هەرە بچوکی فەرعۆ کە ناوی چەتۆ بووە لە تەمەنێکی زۆر بچوک دەردەکەوێت و هەڵدەکەوێت ناوبانگی ئازایەتی دەردەکات، ئەم چەتۆیە شەوێک شیرنەخانی کچی پیربۆزی ئێزیدی دێتە خەونی و عاشقی دەبێت، سبەینێ دەڵێتە باوکی دەبێ بچیتە خوازبێنی شیرنەخان، چەندی باوکی دەڵێت شتی وانابێت ئێمە چەندین ساڵە دوژمنی یەکین و چەند تالان و بڕۆی یەکترمان کردووەو چەند کەسمان لێک کوشتووە، چەتۆ دەڵێت بەتەنها دەڕۆم بەخۆشی دایان باشە ئەگینا بەشەڕ دەیهێنم، چەتۆ سوار دەبێت کە ولاغەکەی پێی دەگوترێت تێلی عەیشان بەڕێدەکەوێت بەناچاری فەرعۆش خۆیی و کوڕەکانی تری و پیاوەکانی دەکەونە شوێنی و بەرەو ناوچەی ئێزیدیان و

ڕوو لە دیوەخانی پیر بۆزی ئێزیدی دەکەن و داواکەیان دەخەنە ڕوو ئەویش زۆر بەجوانی پێشوازیان لێدەکات و کچەکەشی پێش کەش دەکات، لەم کاتەدا پیرکان ئاغای ئێزیدی، کە ئامۆزای پیر بۆز دەبێت ناڕازی دەبێت و تورە دەبێت و بۆیە شەڕ دەکەوێتە نێوان ئەم دوو ئامۆزایەوە، ئەوەی لەیاد ماوە هەر ئەم کورتەیە بوو لە ماناو واتای ئەم لاوکەدا.

## ٢- مەمێژەری بابی قەپرانی:

بەهەمان شێوەی لاوکی پێشوو ڕەشە لاوکەو خوالێخۆش بوو بەهەمان شێواز بەقسەو بەند گوتویەتی. مەمێژەر سەرۆکی تایەفەو خێڵەکەی خۆیان بووە، خێزانەکەشی ناوی عەیشە سۆر بووە کوڕێکی هەبووە بەناوی قەپران، کە بەناو باوکی خۆی کردۆتەوە، خێزانەکەشی حامیلە بووە، ڕەشید ئاغای ئێزیدی هەبووە لە دەشتی عودێ دانیشتووە خوشکەکی هەبووە بەناوی زەینەب خان لە جوانیدا پەری ئاسا بووە چاوی زۆر سەرنج ڕاکیش بووە، هەر عەگید و شۆڕە سوارێک ویستبێتی ئەم خوشکەی بخوازێ چۆتە مەیدانی ڕەشید ئاغاو مەیدانیان لێک گرتووە. ڕەشید ئاغا خوشکەکەی بەسەر پۆشەوە لەسەری مەیدانێ ڕاگرتووە، هەرکاتێک تینی بۆ هاتبێ ئاماژەیەک لە نێوانیاندا وەک نهێنی هەبووە ئاماژەی پێداوەو خوشکەکەی سەرپۆشی لاداوە، عەگیدی بەرامبەر لەهۆش خۆی چووەو ڕەشید ئاغا سەری بڕیوە، گوایە یەک کۆشکی بەسەری ئەم عەگیدە سەربڕاوانە کردووە، مەمێزەر قاوە چیەکی هەبووە وەختی خۆی باوکی ئەم قاوەچیە لەلایەن بنەماڵەی مەمێزەرەوە کوژراوە، بەڵام ماڵێ مەمێزەر بەوەیان نەزانیوە، قاوەچی لە هەلێک دەگەڕێت مەمێزەر ڕەوانەی مەیدانی ڕەشید ئاغای ئێزیدی بکات، ئینجا ڕوداوی لاوکەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:-

سبەیە خۆش سبەیە تاوێ ڕۆژێ دەرکەتیە مەمێزەرم بابی قەپرانی سەربانی قەسرێ کەتیە، دارێ دووربینێ بەرچاوێ خۆ لە قاندیە، وەک تەماشای کردیە سەدوو بیست سوارێ شەمەران دێن و بەرێ خۆیان لە دیوەخانی مەمێژەری کردیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ......

مەمێزەرم بە سێ دەنگان گازی قاوەچی کردیە، قاوە کالێنێ لە قاوەی قەندەهاریە، ئەتوو نازانی سەدوو بیست سوارێ شەمەران بەرێ خۆیان لە دیوەخانی بابی قەپرانی کردیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ.......

قاوەچی بانگ دەکات بابی قەپرانی تەچ گۆتیە سەرێ سێ مانگە قاوەی قەندەهاری لە دیوەخانی مەمێزەریدا نییە ئەتوو بەخۆت دەرێی ڕەیسی پێنج سەد ماری کۆچەریان ئەتوو ئاغانی ڕەشیداغای ئێزیدی ئاغایە لە دەشتی عودێ دانیشتیە خوشکەکی هەیە زەینەب خانی چاوبەنگیە قەسرەکی هەر بەسەری عەگیدان کردیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ......

مەمێزەر گازدەکا کوڕۆ قاوە چیە سەگی لەبابی سەگیە تە چ گۆتیە ئەگەر قاوە لە دیوەخانی مەمێزەریدا نەبی مردن چاترە لەم ژیانەی قەراری مەمێزەری وابی بچمە وە مەیدانی ڕەشیداغای ئێزیدیە یان سەری خۆم دادەنێم لە قەسری ڕەشیداغای یان دەینم چاوی زەینەب خانێ بە بوکیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

مەمێزەرم بابی قەپرانی دەنگی لە خولامان کردیە لەبۆمن دەرینن ڕەشکۆتیە لەپشتا وی بکەن زینەکا عەنتافیە لەگەڵ جۆتە ڕکێفەکا حەوێزیە دانە لغاوەکا مرواریە، مەمێزەر لەبەرخۆ کردیە کورتە ک و شەروال و دەمەل قۆپانەکا ئاسمانیە لەگەڵ چەفیەکا زمڕانیە جۆتە زرێ یەکا لەشانی خۆکردیە لەپێی خۆی کردیە چەکمەکا عامودیە لەبەر پشتی خۆی کردیە خەنجەرەکا صالح بەگی نێرۆیی کرمانیە لەگەڵ ڕمەکا بیست و چوار قەفیە پێ نابوو لە ڕکێفێ خۆ خستە ناوخانێ دەزینیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

مەمێزەرم خۆش مەمێزەرە بابی قەپرانیە خۆ لە چەکاندا غەرگاندیە سوارە لە بۆرەکا خارخاریە دەچووە بەردەمی هۆدەی عەیشە سۆری حەلەبیە بەسێ دەنگان گاز کردیە عەیشە سۆرێ حەلەبیە پەرچەم سۆرێ خورماییە کیژی یاسین ئاغای تەرجانیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

وەکی عەیشە سۆر وای دیتیە دەگۆ یالا یاحافیز بابی قەپرانی چی بووەو چت زانیە، مە مێزەر دەگۆ عەیشە سۆرێ حەلەبیە پەرچەم سۆرێ خورماییە کیژی یاسینا غای تەرجانیە سەدوو بیست سواری شەمەران دێن وبەرێ خۆیان لە دیوەخانی مەمێزەری کردیە قاوەچی بە منی ڕاگەیاندیە قلێ

قـاوەی قەنـدەهاری لەدیوەخـانی مەمێزەریـدانیە میـوان دابەزی لە دیوەخـانی مەمێزەریە نۆش نەکەن قاوەی قەندەهاریە مردن چاکترە لۆ مەمێزەری لەو ژیانیە سوندەکم خواردیە بە کەلامی بەڕەبیە دەچمەوە مەیدانی ڕەشیداغای ئێزیدیە یان سەری خۆم دادەنێم لە قەسری ڕەشیداغای یان دەینم چاوێ زەینەب خانێ بە بوکیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

عەیشە سۆرێ حەلەبیە پەرچەم سۆرێ خورماییە کیژی یاسینا غای تەرجـانیە دەگـۆ هەرچەنـدە زێـڕو زەبەن و دڕو یـاقوتێ قەدی خـۆم هەیە دەدەمە دەست دەڵاڵ و دەڵاڵ باشیە ببەنە شاری خەرپوتێ بفرۆشن بدەن بە قاوەی قەندەهاریە حەفت پشتی دیکە میوانی پێ بەڕێ بکە بەسەر بڵندیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

مەمێزەر دەگۆ نابی عەیشە سۆر نابی دانیشتن لە دیوەخانی بابی قەپرانی بەبێ قاوە نابی بنێرە بێتەوە چەند بەردیلی ناو مەڕیە سەربڕن بیکەنە قاوەڵتی و بریانیە هەمووی تێکەن لەقاپ و فەخفوری زێڕ بۆ هەرمیوانێک قاپێک بەتەمامیە، ئینجا بەخۆت بڕۆ دیوەخانێ بڵێ بەخێربێن سەرچاوێ عەیشە سۆرێ حەلەبیە هەرمیوانێک قاپی خۆی لەباتی قاوەی بنێتە باغەریە، چونکە لەپاش مەمێزەری قاوە لێنان لە دیوەخانێ عادەت نییە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

مەمێزەر دوعابوونی لە عەیشە سۆرێ خواستیە پشتی خۆی کردە ئـاوەدانێ و ڕووی کردە چۆلییە، جەرەوی ولاغی خۆی شۆڕکردیە، باژۆ مەمێزەرم باژۆ بابی قەپرانیە باژۆ سواری بەتەنێ پێشڕەوی سوارانم باژۆ ڕەیسێ پێنچ سەد ماری کۆچەریە چەند شەوو چەند ڕۆژان ڕەشکۆتی ئاژۆتیە هیلاک بووە لەبەر تێ نیتی و برسیەتیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

باژۆ مەمێزەرم خۆش مەمێزەرە بابێ قەپرانیە لە کاتێکدا وەلەکە عارەبەکی توش هاتیە، وەلەکە عارەبی چۆک ڕەشی چۆک بەتەنیە، شفتیەکی لەسەر شانیە، وەلەکە عارەب سەلامی لە مەمێزەری کردیە ئەویش عەلەیکی لێوەرگرتیە، مەمێزەر دەگۆ وەلەکە عارەب ئەم شفتیەم پێ بفرۆشە زۆرم برسیە، وەلەکە عارەب دەگۆ کوڕۆ شۆڕە سواری حوسێنیە تە چ گۆتیە لەوراتی مە گرانی و نەهاتیە بیستانم کردیە ئەو شفتیەی لێ هەرکەتیە لۆ

مەمێزەری قەپرانا غای دەبەم بە دیاریە، بەڵکو خەرجی مارومندارم ئەوساڵ بدا بەتەمامیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

مەمێزەر دەستی لە باغەڵی کوتیە وەک تەمەشادەکا قەت مەقەڕەکی لە باغەری دانیە، مەمێزەر دەگۆ وەلەکە عارەب پێم باوەڕ بکە مەمێزەرم بابی قەپرانیە، وەلەکە عارەب پێ کەنیە دەگۆ کوڕۆ سوارۆ تە چ گۆتیە ئەگەر مەمێزەر بڕوات سەد سواری لەگەرە بەلای کەمیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

ئەوجا مەمیزەر دەگۆ وەلەکە عارەب پێم بفرۆشە ئەم شفتیە بەرامبەر بەوە خۆموو ڕەشکۆت دەبینە هی تو بەیەکجاریە ئەتو سواربە لە ڕەشکۆتی ئەمنیش پیادەدەبم دەبمە عەبدی تو بەتەمامیە بەم جۆرە مەمێزەر لەگەر عارەبی ڕێککەتیە بابی قەپرانی دابەزیە شفتیەکەی شکاندیە شفتیان لەگەر عارەبی خواردیەو پەلکەکەشی دەدا ڕەشکۆتیە ئەوجا وەلەکە عارەب سواربووە لەڕەشکۆتیە مەمێزەر بەپێیان پێشی کەتیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

چەند سەعات ڕۆیشتیە دەگەنە کاروانی توجارەتی ئەحمەد توجاڕیە لەسەر کانیێ باریان هێخستیە مەمێزەر دەگۆ ئەحمەد توجاڕ ئەمن عەبدی عارەبیمە بمکڕە لە عارەبی بەخۆو بەڕەخشەوە دەبمە عەبدی تو بەتەمامیە، ئەحمەد توجاڕ دەگۆ کوڕۆ ئەمن عەبدم لۆچیە چڵ وراغم بارکردیە چڵ خورامم لەگەڵ ڕاگرتیە، مەمێزەر دەگۆ وەرە گرەوەکی بکە لەگەڵ عارەبیە هەر چل عەگیدی تو ڕمی خۆیان بچەقێنن لەعاردیە ئەمن یەک یەک هەر چلیان دەردەهێنم بەتەمامیە، ئەمن ڕمی خۆم دەچەقێنم لە عاردیە ئەگەر هەر چل عەگیدی توو ڕمەکەی منیان پێ هەرنەقەندرا لە عاردیە ئەتو عارەبی ڕازی بکەو ئەمن دەبمە عەبدی تو بەیەکجاریە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

چل عەگیدی ئەحمەد توجاڕی ڕمی خۆیان داکوتا لە عاردیە، مەمێزەر یەک یەک هەرچلی دەرهێنا زۆر بەئاسانیە، ئەوجا مەمێزەر ڕمی خۆی داکوتا لە عاردیە بە هەر چل عەگیدی ئەحمەد توجاڕی نەیان توانی دەریبێنن لە عاردیە، ئەوجا وەکی ئەحمەد توجاڕ وای دیتیە دەنگی لە خورامان کردیە دەرکی بارەکیان وارا کردیە عارەب لچکە کەوای خۆی لەبەر ڕاخستیە تاکو مرازی خۆی لێ حاسڵ کردیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

خورامی ئەحمەد توجاڕی بارەکانیان بارکردیە بابی قەپرانی دەست نوێژی هەرگرتیە چار ڕکات نوێژی کردیە، کاروانی ئەحمەد توجاڕی بەڕێ کەتیە لە کەلێ بەسەر کەتیە چل تەلی دەباشی پێشیان پێ گرتیە، ئەحمەد توجاڕو هەر چل خورامیان یەخسیر کردیە، دەستیان بەسەر توجاڕەتەکەی داگرتیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

ئەحمەد توجاڕ گازدەکا هاوارە عەبدی عارەبی هاوارە کەتینە بۆسەی چەتەو ڕێگرانە توجارەتەکەیان بردین بەتارانە، وەکی مەمێزەر وای گێ لێبووە تەنگەو بارا ڕەشکۆتی توند کردیە پێ نابوو لە ڕکیفێ خۆ خستە ناوخانێ زینیە، خۆی لە ئەحمەد توجاڕی نەگەیاندیە لەپێشی تەلی دەباشی لەسەر گردی عەلیوانێ ڕوو نشتیە، قەلونا خۆی دەرهینابوو قەل نەکا لە توتنی گارێ تێ کردیە بەبەرلێوی تەنکی هەربردیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

سەرتەلی دەباشی دارێ دوربینێ بەرچاوێ خۆ لەقاندیە، بانگ دەکا کورۆ سوارەکا لەسەر گردی عەلیوانێ لەپێشی مە سەکنیە، قەلونەکا تێ کردیە قەڵ نەی وی دارکەو تۆزی توتنی تێدانیە، ڕابن لەبۆوی ببەن چەنگەکا لە توتنی گارێ لەگەڵ چەند مەجیدیا، بێژن ئاغای مە دەبێژی ڕێگای مە چۆل کە بەتەمامیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

وەکی تەلی دەباشی بەسەر گردی عەلیوانێ کەتیە سەلامی لە مەمێزەری کردیە ئەویش عەلەیکی لێوەرگرتیە سەلام و کەلامی سەرتەلی دەباشی بەمەمێزەری ڕاگەیاندیە، مەمێزەر توتن و مەجیدی لێوەرنەگرتیە دەبێژی بێژە ئاغای خۆ توجاڕەتی ئەحمەد توجاڕی جێ بێلی بە تەمامیە دەنە بکەوینە هۆرتی مەیدانێ بزانین کێ بەرخەو کێ بەرانە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

تەلی دەباشی گەڕاوە لای سەرتەلی دەباشیە دەبێژی کورۆ سوارەکا لە پێشی مە سەکنیە نازانم نە خالندی بنی وەلیە نە مەلەکی عاسمانی ژێریە، بەمنی ڕاگەیاندیە تارانێ جێ بێلین بە گشتیە، دەنا سەری مە دەبڕی وەک کاری بەرداکییە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

مەمێزەرم خۆش مەمێزەرە بابێ قەپرانیە پێ نابوو لە ڕکێفێ خۆ خستە ناو خانێ دەزینیە مەیدانی لە تەلی دەباشی گرتیە دێتن سینگینێ

ڕکیفانە هەوێلی سوارانە کۆڕینی عوبەیشیانە مێر مێران دەلەقاندن داوو دەلینگان لەتۆزێ دەئاراندن دوو سەعاتی مەیدان لە تەلی دەباشی گرتیە هەر چلیانی سەربڕیە بە ئەلفێ دارێ ڕمێ نسریە تارانێ ئەحمەد توجاڕی پێشی بەسەر پاشیدا وەرسوڕاندیە، وەکی ئەحمەد توجاڕ وای چاو پێکەتیە مەمێزەری لەباوەش گرتیە دەیگۆ بخوازە ماری دنیایێ هەرچیت ویستیە. مەمێزەر دەیگۆت داخوازی من تەنها ئیزن دانە بچمەوە مەیدانی ڕەشیداغای ئێزیدیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

بەداخەوە لێرەوە لاوکەکەمان بەبەند لەیاد نیە، بەڵام پوختەو واتای ئەوەیە کە مەمێزەر سەروەتی ئەحمەد توجاڕی گەڕاندۆتەوە، ئەحمەد توجاڕ پێی دەڵێ بخوازە هەرچی تۆ دەتەوێ بۆت دابین دەکەم، مەمێزەر دەڵێ هیچم ناوێ تەنها ئازادم بکەی بچمە مەیدانی ڕەشید ئاغای ئێزیدی، هەرچەندە ئەحمەد توجاڕ زۆری پێ ناخۆش دەبێ، بەڵام چونکە ئەم چاکەی لەگەڵ کردیەو توجاڕەتەکەی بۆ گەڕاندۆتەوە ئازادی دەکات، مەمێزەر دوعا بوونی لێ دەخوازێ و دەڕوات، چەند شەوو چەند ڕۆژ دەهاژووا تاکو دەگاتە ئەم شارەی کە ڕەشید ئاغای ئێزیدی لێ دانیشتیە، لەوێ دەچێتە شوێنێک وەک ئوتێل و قاوەخانە بەیەکەوە بووە، چەند ڕۆژێک لەوێ دەمینێتەوەو پارەی پێ نامینێت، ڕۆژێک زرێیەکی شانی لەباتی پارە دادەنێت ڕۆژی دواتر زرێیەکەی تر دادەنێت، دیارە خەڵکی شوێنەکەش تێبینیان کردووە لە شان و شەوکەت و هەیبەتی تێدەگەن پیاوێکی گەورەو عەگیدە، پێیان سەیردەبێت تەنهایەو پارەی پێ نییە، ئاغایەکی تر لەم شارە دەبێت بەناوی فەتاح ئاغا، دیارە هەمیشە دوو دەسەڵاتدار لە شوێنێک لە وڵاتێک ئەگەر پێکەوە بن تەماح و ناکۆکی و ململانێ دەکەوێتە نێوانیان، بۆیە نێوانی فەتاح ئاغاو ڕەشید ئاغا خۆش نەبووەو ڕقیان لە یەکتر بووە، کاتێک هەواڵی بوونی ئەم عەگیدە لەم شارەو لەم شوێنە بە فەتاح ئاغا ڕادەگەیەنن ئەویش دەچێت بۆلایی و دوای دیتن و گفتوگۆکردن تێی دەگات بۆچی هاتووەو مەرامی چیە، ئینجا فەتاح ئاغا پێی دەڵێ باوەڕناکەم لەبەرجوانی و سەرنجی چاوی زەینەب خان خۆت ڕابگری، مەمێزەر بەڵێنی پێ دەدا کە جوانی زەینەب خان هیچ کاری تێ ناکات، ئینجا فەتاح ئاغا دەڵێ هاتنە مەیدانی ڕەشید ئاغا ئەوها نیە، دەبێ تۆ دووچادرت

هەبێ و لە نزیک مەیدانەکەی ڕەشید ئاغا ئێوارە هەڵیان بدەی، یەکێک بۆخۆت یەکێک بۆ خوڵام و خزمەتکاران، بەیانی زوو پێشی ڕۆژهەڵات قاوەچی تۆ قاوە بکوتێ ئینجا پیاوەکانی ڕەشید ئاغا هەواڵی پێدەدەن کە عەگیدێک هاتووەو ئامادەی مەیدانێ یە، بەم شێوەیە فەتاح ئاغا ئەم شتانەی هەموو بۆ دابین دەکات و یەکێک لە باشترین و ئازاترین پیاوەکانی خۆشی بەگەڵ دەدات.

بەیانی قاوەچی مەمێزەری قاوە دەکوتێ و هەواڵ دەدەن بە ڕەشید ئاغا ئەمڕۆ شەڕو مەیدانت هەیە، لەگەڵ ڕۆژهەڵات کەژاوەی ڕەشید ئاغا بە تەپڵ و زوڕناو کەڕەناوە بەرەو مەیدان دێت و زەینەب خانی خوشکی بەسواری و نەقاب پۆشی لەسەری مەیدانێ ڕادەگری و مەمێزەریش پیاوەکان ماینی بۆ پۆشتەو پەرداغ دەکەن و چەک و ئەسڵەحەی دەبەستێ و سواردەبێ و لەگەڵ ڕەشید ئاغا دەکەونە مەیدان و مەمێزەر پشت لە ڕەشید ئاغا دەستێنێ و خەریک دەبێت لێی بدات، ڕەشید ئاغا هاواردەکات خوشکم نەقابت لادە، کە زەینەب خان نەقابی لادەدات و مەمێزەر چاوی پێ دەکەوێ لە هۆش خۆی دەچێ و دەکەوێتە سەر ئەرزی، ڕەشید ئاغا دادەبەزێت سەری ببڕی ئەم پیاوەی کە فەتاح ئاغا بەگەڵ مەمێزەری داوە شیرەکەی لەسەر ملی ڕەشید ئاغا دادەنێ و دەڵێت تۆ مەمێزەر سەر ببڕی منیش تۆ سەر دەبڕم (هەرچەندە ئەمە پێچەوانەی یاساو ڕێسای شەڕو مەیدانی ئەم زەمانی بووە، بەڵام دیارە مەمێزەری زۆر خۆش ویستووە بۆیە ئەم سەرپێچیەی کردووە).

ئیتر مەمێزەر دەبەنەوە ژێر چادرەکەیی و زۆر سەرزەنشتی دەکەن و پێی دەڵێن ئەگەر ئاوا بەجوانی زەینەب خان بێهۆش دەبی هەر ئێستا بگەڕێوە وڵاتی خۆت، مەمێزەر بەڵێن دەدات کە سبەینێ بێهۆش نەبێت، دیارە زەینەب خانی خوشکی ڕەشید ئاغاش کە چاوی بە مەمێزەر کەوتووە عەشقی بووە، بۆیە شەو بەدزی خۆی گەیاندۆتە چادرەکەی مەمێزەرو پێی دەڵێت خەمت نەبێت سبەینێ نەقاب هەر نادەمەوەو کاکم بکوژە، بەهەمان دەستوور سبەینێ مەمێزەرو ڕەشید ئاغا لە مەیدانێ ڕوو بەڕوو دەبنەوەو مەمێزەر پشتی لێ دەستێنێ چەندی ڕەشید ئاغا هاواردەکات خوشکم نەقابت هەڵدەوە بێ سوود دەبێت و مەمێزەر ڕەشید ئاغا دەکوژێت.

ئینجا فەتاح ئاغاش خوشکێکی هەبووە پێشکەشی مەمێزەری دەکات و لەشــکرێکی گەورەی بەگەر دەدات بــۆ گەڕانەوەی بــۆ وڵاتــی خــۆی، شــەو دەگەنەوە شــارو کۆشــکەکەی خــۆی، مەمێــزەر شــەو لەگەڵ عەیشــە سـۆری خێزانــی دەخەوێــت، دایکــی مەمێــزەر پیرەژنەکــی پیــرە، لەدوای ڕۆیشــتنی مەمێزەر چـاوی کوێربـووە، ئەم شـەوە لەگەڵ گەیشـتنەوەی مەمێزەر چـاوی ڕوناکـایی بـۆ دەگەڕێـتەوە، خەریکـی خەڕەک ڕسـتن بـووە (دیـارە خەڕەک ئامیرێکی نوک تیژ بووە وەک تەشی خوری و مەرەزیان پێ ڕستووە) هەست دەکات یەکێک لەگەڵ عەیشە سۆر خەوتووە نازانێ مەمێزەرە دەڵێت داخوا کێ یەو عەیشـە سـۆر حەزی لێکـردووە، نـووکی خەڕەک لەسـەر چـاوی مەمێـزەر دادەنـێ و دایـدەگرێ زیـڕەی لـێ هەڵدەسـتێ تـاکو عەیشـە سـۆر هاواردەکـات ئەوە مەمێـزەرە سـوودی نـابێ و دەیکـوژێ، دیـارە ئەم کـاتەی مەمێـزەر ڕۆیشتووە ژنەکەی حـامیلە بـووە، دوای مەمێزەری کوڕێکی دەبێت نـاوی لـێ دەنێن مەمێ مەمان، پاش ئەم ڕوداوەو کوژرانی مەمێزەر زەینەب خـان سـەر پشک دەکەن لەنێوان قەپران و مەمێ مەمـان مێرد بەکامیـان دەکـات، ئەویش سەیریان دەکات دەڵێت هەرچەندە قەپران گەورەترە بەڵام مەمێ مەمان چاوی بەچاوی باوکی دەچێت بۆیە ئەم هەڵدەبژێرم، خوشکی فەتاح ئاغاش دەدەن بە قەپران.

ئەمە بەسەرهاتی مەمێزەری قەپران ئاغای، دوای ئەم هەموو ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمەو دوورە وڵاتیە بەهەڵە بەدەستی دایکی کوژراوە.

وشەو ماناکانی لاوکی (مەمێزەری بابی قەپرانی)

| وشە | ماناکەی |
|---|---|
| تەلی دەباشی | چەتەو ڕێگر. |
| زین | ئەم کەرەستەیە لەسەرپشتی ماین و ئەسپ دادەنرێ بۆئەوەی سوارەکە لەسەری دابنیشێ. |
| گردی عەلیوانێ | ناوی تەپۆلکەیەک یان بەرزاییەک بووە. |
| مەجیدی | - ناوی دراوێکی ئەو سەردەم بووە.<br>- مەجیدی، ڕەشادی دوو جۆر دراون بەنێوی سوڵتان مەجیدو محمد ڕەشاد، کە لە زەمەنی |

| وشه | ماناکەی |
|---|---|
| | ئەوان لە سکە دراون. |
| قەڵنە | یاخود سپیل شێوەی پیتی ئێڵی ئینگلیزی هەیەو سەرێکی تۆزێک فراوانەو توتنی تێدەکرێت و ئاگری دەخرێتەسەر، دەکێشرێت وەک جگەرە. |
| بەران | نێرەی مەڕ دوای ئەوەی قۆناغی بەرخی و کاوڕی و شەکی تێدەپەڕێنێت و توانای کارکردنی دەبێت وەک نێرەی مێگەل (ڕان)ە مەڕ. |
| بەرخ | بێچووی مەڕ تاکو تەمەنی شەش مانگی. |
| خالیدی بەنی وەلید | یەکێک بووە لەسەرکردەکانی لەشکری ئیسلام و لەسەردەمی فتوحات بەئازایەتی بەناوبانگ بووە. |
| مەلەکی عاسمانی ژێری | فریشتەی سەر زەوی. |
| هەوێلی سواران | بانگە بانگ و هاوار هاواری سواران. |
| کۆڕینی عوبەیشیان | دوورنیە حەبەشی بێت، ئەو ڕەشە عەبدانە کە بۆ شەڕکردن بەخێودەکران. کۆڕینش هاوارو بانگ، واتە هاوارو بانگی حەبەشیان. |
| سینگینێ ڕکێفان | یان ڕکێبان، واتە سوارەکە پێی لەناو ڕکێفێ یەو بەلەقە لەبەر سینگی وڵاغەکەی دەدات. |
| کەڕەنا | ئامێرێکی مۆسیقایی و دەنگی بووە، وەک بوقی سەربازی ئێستا. |
| شەمەر | یەکێکە لە هۆزە گەورەکانی عەرەب. |
| ڕەشکۆت | ناوی ماینەکەی بووە. |
| زینەکا عەنتافی | جۆرێک بووە لەزین، پێمان وایە عەنتابیە واتە دروستکراوی شاری عەنتاب لە باکووری کوردستانی ئێستا. |
| جۆتە رکێفەکا حەوێزی | رکێف یان رکێب، بەقەد زینەکەوەیە کە سوار پێی دەخاتە ناوی، پێمان وایە ئەم جۆرە وەستاکەی ناوی حەوێزبووە. |
| دانە لغاوەکا | لغاو دەخرێتە ناو دەمی ئەسپ و ماین لەکاتی سواربوون، |

| وشه | ماناکەی |
|---|---|
| مرواری | مرواری جۆرە کانزایەکە ئەم لغاوەی لێ دروستکراوە. |
| شەرواڵ و دەمەل قۆپان | پێمان وایە دەمەل قۆپان پارچەی سەرەوەی جلی لەبەرکردن بووە، چۆن دەڵێن کورتەک و شەرواڵ، یان ڕانک و چۆغەر. |
| چەفیەکا زمڕانی | جۆرێکی چەفیەبووە کە پیاوان لەسەریان کردووە. |
| زرێ | - کەرەستەیەک بووە لەکاتی شەڕدا شەڕکەر لەشانی خۆی کردووە بۆ خۆپاراستن لەلێدانی ڕم وشیرو تیری بەرامبەر، وەک گولە بەندی ئێستا.<br>- زرێ لە حەلقەی وردی ئاسن دروستکراوە لە مۆزەخانەکان هەیە، شەڕکەر لەبەرخۆی دەکرد، بەنێوبانگترینیان زرێی داودی بەناوبانگ بووە. |
| چەکمەکا عامودیە | چەکمە واتە پێڵاو، پێدەچێت ئەم جۆرە دروستکراوی شاری عامودای ڕۆژئاوای کوردستان بووبێت. |
| خەنجەرەکا ساڵح بەگی نێرۆیی کرمانیە | خەنجەر بەم دواییانەش چەند جۆرێکی هەبووە، دیارە ئەمەش جۆرێکیان بووە، بەپێی پاشگری کرمان، دەبێت دروستکراوی شاری کرمانی ئێران بووبێت. |
| دەلال و دەلال باشی | دەلال ئەم کەسەی بانگەواز دەکات بۆ فرۆشتنی کەل و پەل، یاخود دەیگێڕێ، دەلال باشی، واتە سەرۆکی دەلالەکان. |
| حەلەبی | ئەگەر نازناو نەبوبێت بۆ عەیشە سۆر، ئەوا لەگەڵ شاری حەلەبی سوریا یەتی. |
| خەرپوت | شارێکی کوردستانی باکوورە، تورک تەتریکی کردووە نێوی کردۆتە ئێلغاز. |
| مەقەر | لێرە بەمانای دراو بەکارهاتووە. |
| ڕەخش | - مەبەستی ماینەکەیەتی.<br>- دەبێ بەشێکی جڵەو بێت. |
| ڕم | جۆرە چەکەکی ئەو سەردەم بووە، وەک شیرو خەنجەرو...هتد |

## ٣- نعۆی گەرگەری:

ئەم لاوکەش بەهەمـان شـێوەی لاوکەکـانی پێشـوو یەکـێکە لەلاوکە درێژەکان و واتە پێی دەگوترێ ڕەشە لاوک، بەتایبەت شەوانی زستانان کە کۆڕو مەجلیسی خزمـان گەرم دەبـوو دەوریـان لێـدەدا یەکێک لەم ڕەشـە لاوکانەی دەگۆت، هەندێک بەقسەو هەندێک بە بەند. بەداخەوە هیچ بەندێکمان لەم لاوکە لەبەردەست دانیەو لەیادمان نەماوە، چونکە لە شەستەکانی سەدەی ڕابـردوو ئەم لاوکەی وتـووە، بەڵام ئەوەنـدە دەزانـین ئەم لاوکەش لەشـێوەی داستانێکەو مەدح و پێهەڵگوتنی ئەم عەگیدە یە (واتە نعۆی گەرگەری)، ئەویش لەگەڵ چەنـد هـۆزو خیـڵ وبنەمـاڵەیەک دوژمنـی یەکتـری بـوینەو کوشـت و کوشتاریان لێک کردووەو تالآنی یەکتریان کردووە.

نعۆ پیاوێکی ئازاو عەگیدێکی هەڵکەوتوو بووە و لەگەڵ کچی یەکێک لەم بنەمالآنەی کە دوژمنی بوینە حەزیان لێک کردووە، هەرچەندە نعۆ بەڵێنی بەم کـچە داوە کە بچێت بەشـەڕ بیهێنێت و بیکـاتە هاوسـەری خـۆی، بەڵام هاوسـەرەکەی خۆشـی زۆر خـۆش ویسـتووە کەناوی یارسـەمەن بووە، بۆیە ئەم کچەی پشتگوێ خستووە تاکو ڕۆژێک لەماڵی خۆیان لەژێر دەوار خەوی لێکەوتـووەو لەم کـاتەدا کـچەکە نـامەیەکی بە قاسـیدێکدا بـۆ نـاردووەو گلەیـی لێکردووە و کە بێ وەعدو بەڵێنەو ئەم وەعدەی لەگەڵـی بەسـتبوو جـێ بەجێـی نەکـردووە، قاسـید دێ و نـامەکە تەسـلیم بە یارسـەمەن دەکـات، ئەویـش دەیخـوێنێتەوەو نعـۆ لەخەوێ هەڵدەستێنێ و پێـی دەڵـێ بـڕۆ ئەم بەڵێـنە جـێ بەجـێ بـکە کە لەگەڵ ئەم کـچە لەسـەری ڕێککەوتبـووی، نعـۆ زۆر خۆشـحاڵ دەبێت و دەڵێت مـن لەبەر خۆشەویسـتی تـۆ پشـتگوێم خسـتووە، یارسـەمەن دەڵێـت نـابێ نعـۆ پەیمانێـک بـدات و جـێ بەجێـی نەکـات ئەمە ڕیسـوایی و شەرمەزاریە، بۆیە نعۆ سواردەبێت و دەڕواتو پاش شەڕێکی سەخت و دژوار کچەکە دێنێ.

ئەم لاوکە داسـتانێکی زۆر خـۆش و مەجلیسـی بـوو، داخەکەم لەکـاتی خۆی تۆمارنەکراو بەم شێوەیە فەوتاوە.

## ٤- محەمەد و سێوێ:

ئەم لاوكەش هەم داستانی دڵداریەو هەم باسی عەگیدو پیاوی ئازاو شۆڕە سوارە هەمیش باسی پیاوی نامەردوو نامەعقول و حیزفرسەت و ناپیاوە.

بەداخەوە ئەمەشیان بەبەند هیچمان لەیادنییە، چونكە لەسالانی شەست دەیگوت و گوێمان لێی بووەو تۆماریش نەكراوەو ماوەكەشی چل ساڵ زیاترە بۆیە هیچ بەندێكی لێ نازانین.

(محەمەد)و (سێوێ) ئامۆزا بووینە، (محەمەد) باوك و دایكی زۆر زوو كۆچی دواییان كردووەو هیچ براو خوشكیشی نەبووە، لەماڵی مامی گەورە بووە واتە باوكی (سێوێ)، هەر لەتەمەنێكی زۆر منداڵی عەشقی یەكتر بووینە، مامیشی بەڵێنی پێداوە حەوت سالان شوانی و ڕەنجبەری بۆ بكات (سێوێ)ی پێ دەدات بە حەلاڵی، كەچی حەوت ساڵەكە تەواودەبێت مامی لێی پەشیمان دەبێتەوەو دەیەوێت (سێوێ) بداتە كوڕە دەسەلاتدارێك، بۆیە (سێوێ) بە (محەمەد) دەڵێت بابڕۆین بۆ مەملەكەتی سلێمانی لای بنەماڵەی (شێخ محمود) بنەماڵەیەكی ناودارو خانەدان و گەورەن، جێی هەژاران و لێقەوماوانە. (محەمەد) دەڵێ كۆر بیتەوە ماڵی باوكم وەكی كۆر بۆتەوە، تەرەفی سلێمانی شارەزانیمە، بەلام دەڕۆین دەچینە ماڵی (حوسێن ئاغای) ماڵێكی گەورەو خانەدانە جێگای ژن هەڵگر و پیاو كوژانە، بۆیە (محەمەد) و (سێوێ) دەڕۆن دەچنە ماڵی (حوسێن ئاغا)، كاتێک (حوسێن ئاغا) چاوی بە (سێوێ) دەكەوێ عەشقی دەبێت و فەرمان دەكات (محەمەد) بەند بكەن، هەوڵدەدات (سێوێ) ڕازی بكات كە شوی پێ بكات، بەلام (سێوێ) ڕازی نابێت و ڕەتی دەكاتەوە، بۆیە (حوسێن ئاغا) بە (ڕەشید)ی كوڕە گەورەی دەڵێت (محەمەد) بكوژەو جلە خوێناویەكانی بۆ (سێوێ) ببە تاكو دڵنیابێت و ڕازی بێت شوم پێ بكات، بەم شێوەیە كە (سێوێ) دڵنیا دەبێت (محەمەد) كوژراوە ڕازی دەبێت كە شوو بە (حوسێن ئاغا) بكات، بەلام بۆ بوون بەهاوسەری هەمیشەیی نا، بەڵكو بۆ تۆڵە كردنەوەی خوێنی (محەمەد)، كە (سێوێ) لە (حوسێن ئاغا) مارە دەبڕن و شەو لە كەژاوەی زاوابەندیدا (سێوێ) بە خەنجەرەكەی (حوسێن ئاغا)، (حوسێن ئاغا) دەكوژێت، (ڕەشید ئاغا)ی كوڕی (حوسێن ئاغا) پەلاماری

(سـێوێ) دەدات بیکـوژێ، بەڵام (سـێوێ) قەنـاعەتی پـێ دەکـات کە عاشـقی (ڕەشید ئاغا)یە بۆیە بە باوکی ڕازی نەبووە و کوشتویەتی، بەم شێوەیە خۆی لە (ڕەشـید ئاغـا) مـارە دەکـات و بەهەمـان شـێوەی بـاوکی (ڕەشـید ئاغـا)ش دەکوژێت و ئینجا خۆشی دەکوژێت.

بەداخەوە ئەم لاوکەش وەک بەرهەمەکـــانی تـــری تۆمـــارنەکراوەو لەناوچووە.

## ٥- صالٚح و کەژێ گوڵی سۆر:

ئەم لاوکەش ڕەشـــە لاوکەو یەکـێکە لە لاوکە خۆشـــەکان و بەهەمـــان شـێوە لە شەسـتەکان وسـەرەتای حەفتاکـانی سـەدەی ڕابـردوو زۆر خۆشـی گوتووە، بەڵام وەک بەرهەمەکانی تری فەوتاوەو تۆمار نەکراوە، ئەم لاوکەش بـاس لەداسـتانی دڵـداری و خۆشەویسـتی و ئـازایەتی و پـاڵەوانی دەکـات، داخەکەم بەبەند هیچمان لەیادنییەو لەبەردەست دانییە، بەڵام پوختەی لاوکەکە بەم شێوەیە بووە:-

(کەژێ گـــوڵی ســـۆر) کچـــی یەکێـــک لە خـــانەدان و ســـەرۆک عەشیرەتەکانی ئێزیدی بووە، باوکی خاوەن دیوەخان بووەو ئەم کچەش زۆر جوان و شۆخ و شـەنگ بـووە، (صـالٚح) پیـاوێکی هەژارو بێکەس بـووە لەماڵی باوکی (کەژێ گوڵی سۆر) قـاوەچی بـووە، بەڵام لاوێکـی قۆزو لاوچاک بـووە لەگەڵ کەژێ عەشـقی یەکتـر بـووینە، بەڵام لەبەرئەوەی (صـالٚح) هەژاربـووەو قاوەچی بووەو لەهەمان کاتدا موسڵمانیش بووە نەیتوانیوە باسی کەژێ بکات و یان خوازبێنی بکات و یان وابکات کەس و کاری کەژێ پێ بزانن، بەهەمان شێوەش کەژێ نەیتوانیوە باسـی خۆشەویسـتی خۆیی و (صـالٚح) بکـات لەبەر جیاوازی چینایەتی و ئاینی ئەم عەشق و خۆشەویستییە بە پەنهانی ماوەتەوە.

پاش ماوەیەک بنەماڵەیەکی ئێزیدی خانەدان بەناوی (محەمەدی میری گـران) خـوازبێنی کەژێ یـان کـردووە بـۆ (حەسـەن ئاغـای کـوڕی) و بـاوکی کەژێش ڕازی بـووەو هاوسـەرگیریەکەیان بەئەنجـام گەیشـتووە. دوای ئەوەی کەژێ بـۆتە هاوسـەری حەسـەن ئاغـاو گواسـتراوەتەوە بـۆ مـاڵی (مـحەمەدی میـری گـران)، (صـالٚح)ی قـاوەچی مـاڵی بـاوکی کەژێـی جێهێشـتووەو چـۆتە

دیوەخـانی (مـحەمەدی میـری گـران) و بـۆتە قـاوەچی ئەوان، (صـاڵح) لەگەڵ ئەوەی پیـاوێکی قـۆزو جـوان بـووە، دەنگیشـی زۆر خـۆش بـووە، هەرزوو سـەرنجی میـری گـران و بنەمـاڵەکەی بۆخـۆی ڕاکێشـاوەو زۆریـان خـۆش ویستووە.

ڕۆژێکیــان (صــاڵح) لەبەردەمــی دیوەخــانێ دانیشــتووەو غەریبــی هەڵساوەو لاوکێکی خۆشی گوتوە، دیارە (کەژێ گوڵی سۆر) لەلای ماڵێ و لە نهـۆمی دووەم بـووەو گـوێی لـێ بـووەو لەگەڵ دەنـگەکە ڕاچلەکـیەو پێـی سەیربووە ئەمە دەنگی (صاڵح)ی قاوەچییە، (کەژێ گوڵی سۆر) کارەکەرەکانی بانگ کردیە دەڵێ ئەمن نازانم نە دەنگی قازانە نە دەنگی قورینگانە نە دەنگی پۆڕانە نە دەنگی سیانە نە دەنگی (صاڵح)ی سەبابی قاوەچییە لە گێ یا من خۆش هاتیە. کارەکەر خۆ بەدەرەجاندا شۆڕکردیە وەکی تەمەشای کردیە صــاڵحی ســەبابی قــاوەچییە لەبەردەمــی دیوەخــانێ لەســەر کورســیەکا دارسـەندەڵ دانیشـتییە میسـالێ پـۆڕەو لەدەوچەمـێ دا چریکانـدیە، ئەوجـا کارەکەر لە دەرەجان سەرکەتیە بانگ دەکا ئاگرێ کولێ حەلەبێ بکەویتە ماڵێ بابێ کەژێ گوڵی سۆر بە تەمامیە ئەوە نەدەنگێ قازانە نە دەنگێ قورینگانە نە دەنگێ پۆڕانە نە دەنگێ سیانە دەنگێ (صاڵح)ی سەبابی قاوەچییە لەبەردەمی دیوەخانێ دانیشتیە میسالێ پۆڕەو لەدەو چەمێ دا چریکاندیە، ئەوجا (کەژێ گوڵی سۆر) دەرێ کارەکەر بێژە (صاڵح)ێ سەبابێ قاوەچی یە (کەژێ گوڵی سۆر) لە نهۆمی سەرێ دانیشتییە ئەم شەو لەبۆمن بێنی قاوەکا قەندەهاریە، شەوێ (صاڵح)ێ سەبابێ قاوەچییە قاوەکا لێنابوو بەهێلێ بەدارچینی یە لە فنجانی زێڕ تێکردیە لە دەرەجان سەرکەتیە خۆی بەهۆدا (کەژێ گوڵی سۆر) ڕاگەیاندیە، وەکی کەژێ چاو پێ کەتیە باوەشی دابوو لەناوقەدیا دەگۆ ئاگرێ کولێ حەلەبێ بکەویتە ماڵێ بابێ من بە تەمامیە شۆلێ تو لەمارێ میری گران چییە، (صاڵح) دەگۆ لەدوای تو ماڵی بابی توم جێ هێشتییە هاتیمە دیوەخانی میری گران بە قاوە چیاتیە، ئەوجا (صاڵح) و (کەژێ) دەستیان لە ملی یەک کردیە خەویـان لـێ کەتـیە، وەختەکی (سـەعید)ی کوڕە گچکەی میری گران سـەرکەتیە دەبینـی (کەژێ) و (صـاڵح) پـێکەوە خەویـان لـێ کەتـیە، (سـەعید) سغورمەکی گەیاندە بن پێی (صاڵح)ی قاوەچییە لە خەوێی هەڵساندیە وەکی

(صالّح) چاوی به (سەعید)ی کەوتیه دەگۆ (سەعید) دەستم دامێنت تەگبیری چییه، هەنگینێ (سەعید) دەگۆ ئەگەر وەعدم بدەیێ ئەم شۆلەی تەرک کەی به یەکجاریه ئەمن له دیوەخانی بابی خۆم چ جاران نابێژم ڕاستییه، ئەوجا (سەعید) (صالّح)ی له پشتی خۆی کردیه بەرەو دیوەخانێ ی بردیه وەکی میری گران چاو پێ کەوتیه دەگۆ (سەعید) کوڕێ من ئەوه چییه گورێ مەجلیسێ چی بەسەر هاتیه، دەگۆ بابۆ گوری مەجلیسێ ئالیکی بۆ وراغان بردیه له دەرەجان هەرزەلیه ئەوه چەند ساعاته له تەویلان کەتیه له دیوەخانێ مه کەس ئاگای لێ نییه. میری گران دەگۆ ڕابا کوڕێ من دەستەکا لەدۆشەک و بالیفا بێنه له بۆ قاوەچی بابێ خۆ دانێ، بەڵکو خوا حەزێ بکه چاببی و هیچی بەسەر نەیه.

ڕۆژەکێ (حەسەن ئاغا)ی مێردی (کەژێ گوڵی سۆر) بەم ئیشەی زانییه، سبەینێ زوو مەسینەو دەست شۆری لەپێش دیوەخانێ لۆ بابی ڕاگرتیه، میری گران دەگۆ کوڕێ من چ بووەو چ قەومیه بەو سبەینەی صالّحانی ئەتو دەست شۆرو مەسینەت لۆمن ڕاگرتیه، ماڵا بابی تو چ خورام تێدانیه، (حەسەن) دەگۆ بابی منۆ خورامێ مه هیچیان دیارنییه، دەیگۆ کوڕێ منۆ گوری مەجلیسێ لۆ دیارنییه، (حەسەن ئاغا) دەگۆ گورێ مەجلیسێ ئاغایەو هێشتا لەناو دۆشەکان و ناز بالیفان هەرنەستایه، میری گران دەگۆ حەسەنۆ کوڕی منۆ بەو سبەینەی صالّحانی قسەی توو هەمووی درۆیه وهیچی ڕاست نییه، توبی ئەو خوایەی تودەرگا شێخا مەلەکا تاوس ئەگەر لۆبابی خۆ نەبێژی ڕاستیا، ئەوجا (حەسەن ئاغا) دەگۆ بابۆ ئەوێ شەوێ (سەعید) لەگەڵ مەی نەگۆتیه ڕاستیه، (صالّح) لەنهۆمی سەرێ لەگەڵ (کەژێ گوڵی سۆر) نوستیه، ئەوه سەرێ حەفت ساڵه (صالّح) لەگەڵ کەژێ دڵداریه، ناموسی مەی لەناو ئێزیدیان بردیه.

میری گران دەگۆ حەسەنۆ کوڕی منۆ بریا خەنجەرەکیان لەسەر دری من بدایه بەتەمامیه نەک ئەو قسەم گوێ لێ ببوایه، میری گران به (حەسەن) دەڵێ ڕۆژەکێ ئەمن لەماڵ نەبم چوبم سەفەریه لەگەڵ براکانت (صالّح) ببەنه جێ یەکی چۆڵ و بیکوژن بەبێ دەنگیه.

ڕۆژەکی لە ڕۆژان میری گران لەماڵێ نابێ (حەسەن ئاغا) هەرچوار برای خۆی تێدەگەینی دەرێ ئەمڕۆ (صالّح) دەبەینە دەشتێ و بەفێری چوونە ڕاوێ لەوێ دەیکوژین. (حەسەن ئاغا) دەگۆ صالّحۆ صالّحی قاوە چییە ئەمڕۆ بابم لەمار نییە، دەچینە دەشتا سروزا شوتی لۆ ڕاوا کێروشکان و مامزان و کەیفو خۆشیە، (صالّح) دەگۆ (حەسەن ئاغا) سەرم زۆر دێشی ئەمڕۆ حەزم لەڕاوێ نییە، (حەسەن ئاغا) دەگۆ سەرێ تو بێشی یا نەیەشی بابم لەمار نییە ئەمڕۆ دەبی بچینە دەشتا سروزا شوتیە.

بەم شێوە (صالّح) تێدەگات کە بەئیشەکەیان زانیوەو مەبەستیان کوشتنێتی دەڵێ (حەسەن ئاغا) ئەنگۆ سوارن من بە پێیانم وەعدتان دەدەمێ ئەمنیش لەدوای ئێوە دێم. (صالّح) چ کریە خۆ بەهۆدا (کەژێ گوڵی سۆر) ڕاگەیاندیە وەکی (کەژێ گوڵی سۆر) چاو پێ کەتیە دەگۆ ئاگرێ کولێ حەلەبێ بکەویتە مالا بابی من بە تەمامیە ئەورۆ تە ڕەنگی خۆت نییە، (صالّح) دەگۆ (کەژێ) ئەتو نەتزانیە ئەورۆ میری گران لەمار نییە تەگبیریان لەمن کردیە بەفێری ڕاوێ بمبەنە دەشتا سروزا شوتیە سەرم بڕن وەک کاری بەرداکیە، (کەژێ گوڵی سۆر) دەستی خۆی لەناوقەدی (صالّح)ی وەرینایە دەگۆ جارێ ڕاموسانەکا لە (کەژێ گولّی سۆر) بستێنە بە عەینیە ئەوجا (صالّح) چ کریە بسک و شابسکا (کەژێ) بلّند کردیە بە ئیسراحەت ڕاموسانەکا لێستاندیە، (کەژێ گوڵی سۆر) دەستە جلکەکا (حەسەن ئاغا) دەرینابیە لەگەڵ ڕمەکا بیست و چوار قەفیە (صالّح)ی قاوەچی لەبەری کردیە هەنگینێ (کەژێ) دەگۆ صالّحێ قاوە چییە خۆ بەتەویلان ڕابگەیەنە بێژە مەیتەرۆ مەیتەر وانۆ لەبۆمن دەرینە ماینا تێل حەڕیا. (صالّح) چ کریە خۆ بەتەویلان ڕاگەیاندیە بانگ دەکا مەیتەرۆ مەیتەر وانۆ لەبۆمن دەرینە ماینا تێل حەڕیا، لەپشتێ وی بشەتینە زینەکا عەنتافیە جۆتە ڕکێفەکا حەوێزیا دانە لغاوەکا مرواریە هەتا ئەمن سواربم بچمە دەشتا سروزا شوتیە بکەم ڕاوێ کێروشکان و مامزان و کەیف و خۆشیە، مەیتەرۆ دەگۆ صالّحێ قاوە چییە ئەمن سەرێ حەفت سارانە ماینا تێل حەڕی لە تەویلاندا ڕاتەوراندیە تریسکەی ڕۆژێی بەچاوی خۆی نەدیتیە، ئەوە ماینا تاران و پیاو کوشتنانە، ماینا شەڕو هەوێلانە، ماینا ڕاوێ کێروشکان ومامزان نییە، (صالّح)ی قاوە

چـی دەگـۆ ئەتـو نەتـزانیە ئەورۆ ڕۆژا پیـاو کوشـتنێیە ڕۆژا ژن ڕەوانـدنێ یە.
وەکی ماینـا تێل حەڕی لە تەوێلان ڕاکشـاندیە صـاڵحێ قـاوەچی پێ نـابوو لە ڕکێفـێ خۆخسـتە نـاو خـانێ زینیـە، (کەژێ گـوڵی سـۆر) لەسـەر بـانی قەسـرێ تەمەشـای کـردیە، (صـاڵح) دووسـەران لەبـن دیـواری قەسـرێ ئەو سـەرو ئەوسەری کردیە، گوێی ماینا تێل حەڕی کورتن کێروشکانینە، سما وی خڕن کۆتکـانینە، هەربازەکـا وی بە چـل بـازا کەری کێـوینە، میسـالا قوشـەو دێـوو لەلانێ تێ کشـیە، (کەژێ گـوڵی سـۆر) دەگـۆ بڕۆ صـاڵحێ قاوەچییە چ شـۆڕە سوارو عەگیدی وەک توم لەهیچ عێل و عەشیرەتا نەدیتیە.
(صـاڵح) دەڕوا تـاکو دەگـاتە کوڕانی میـری گـران (حەسـەن ئـاغ) وەک چاوی بە (صاڵح)ی کەتیە دەگۆتە برایێ خۆ ئەمڕۆ کوشتنی ئەوسەبابەی نایێ بەعەینیە، بانگ دەکا صاڵحۆ صـاڵحێ قاوە چییە ئەتـو لۆ ماینـا تێل حەڕی لە تەویـلان دەرکـردیە، بـابێ مـن سـەرێ حەفـت سـارە ئەو مـاینەی لەتەویـلان گرێدایە ئەوە ماینا تاران و شەرتانە، ماینـا ڕاوی کێروشکان و مـامزان نییە، (صاڵح) دەگۆ (حەسەن ئاغا) نیازی دری تۆ تێدەگەم بەتەمـامیە، ئەورۆ ڕۆژی پیاو کوشتنێ یە ڕۆژی ژن ڕەواندنێیە بۆم بکەوە مەیدانێ هەتـاکو بزانین کێ بەرخەو کـێ بەرانە، (صـاڵح)و کـوڕانی (مـحەمەدی میـری گـران) یەک یەک مەیـدانیان لێـک گـرتیە دیـتن سـینگینێ ڕکێفـانە سـێرژنێ قایشـانە کـۆڕینێ عوبەیشـانە هەوێلـی سـوارانە تـۆز دەگـرتن بەرێ عاسـمانانە مێـر مێـران دەلەقانـدن. داوو دەلینگـان لە تـۆزێ دەئارانـدن، دوو سـەعاتیان مەیـدان لێـک گـرتیە سـەری هەرچواریـانی بـڕیە وەک کـاری بەرداکـیە تەنهـا (سـەعید)ی سەرنەبڕیە دەیگۆ سەری تو نابڕم لەباتی ئەوێ شەوێ بە عەینیە لەکن مەیتی براکانت دانیشـەو ئێواری بیان بەوە لۆ گوندیە، ئەوجا (صـاڵح) بانگ دەکات گـاوانۆ گـاوانێ گونـدیە بێـژە (کەژی گـوڵی سـۆر) (صـاڵح) لەسـەر کانیەکـا بەرمـاران ڕونشـتیە وەکـی گـاوان بـانگی کـردیە دەگـۆ (کەژی گـوڵی سـۆر) (صاڵح) لەسەر کانی بەرماران چاوەڕوانی تۆیە (کەژی گوڵی سۆر) چەنگەکی زێـڕ دەداتە گـاوانی وەک مـزگێنیە ئەوجـا خـۆی دەگـۆڕی و هەرچەنـد زێـڕو زەبەن و یـاقووتی هەیە، لەبەریـدەکات دەڵـێن لە خـڕەی زێـڕو یـاقووتی بەر (کەژی گوڵی سۆر) حەفت گەڕەکی ئێزیدیان چۆلیـان کـردیە. (کەژێ) دەگـاتە

(صالّح)ی قاوەچی و لە پشتی خۆی سواری دەکات و لەڕێگا لەلای چەند ئاغایەکی ناوداری ئێزیدیان لادەدا، بەڵام هیچیان نەک هەر ڕای ناگرن، بەڵکو حەز لە (کەژێ) دەکەن و پیاوەکانی خۆیان دەنێرنە سەر ڕێگای (صالّح) بۆئەوەی بیکوژن و (کەژێ) بۆ ئاغاکانیان ببەن، بەڵام هەموو جارێک (صالّح) پیاوەکان دەکوژێت و سەردەکەوێت، دەڕوا تاکو دەگاتە مالّی (حوسێن ئاغا)یی و باسی بارودۆخی خۆی بۆدەکات، (حوسێن ئاغا) پیاوێکی زۆر ماقوول و خانەدانە خاوەنی بیست و چوار کوڕانە بەگەرمی بەخێرهاتنی (صالّح) دەکات و بانگی مەلای دەکات و لێکیان مارەدەکات، ژوریکیان بۆ ئامادەدەکات و بە (صالّح) دەلّێ ئەگەر سبەینێ لەشکری هەموو دونیا بێتە سەرمان نابی تۆ لەژورێ بێیە دەرێ. (صالّح) ئەم هەمووە خەلّکەی کوشتووەو ژنی هەلّگرتووەو ئەم هەمووە ئاغایەی ئێزیدیان لەم خوێنە خۆش نابن، کە دەزانن (صالّح) لای (حوسێن ئاغا)یە لەشکرێکی گەورە کۆدەکەنەوەو دێنە سەریان و شەڕ دەست پێدەکات، لەم شەڕە کوڕێکی (حوسێن ئاغا) دەکوژرێت، (کەژێ) دەچێتە دەرەوە گوێی لەدەنگی شین و گریان دەبێت و دەچێتەوە ژورەوەو بە (صالّح) دەلّێ پێم وایە مالّی (حوسێن ئاغا) کوژراویان هەیەو شین و گریانە، ئەوجا (صالّح) دەلّێ ماینا تێل حەڕیم بۆ دەرینە، (صالّح) سواردەبێت و دەچێتە شەڕەکەوەو چەند ڕۆژێک شەڕدەبێت و لەشکری ئێزیدیان دەشکێت و مالّی (حوسێن ئاغا) سەردەکەون، ئەوجا (حوسێن ئاغا) بە (صالّح) دەلّێ تۆ ببە کوڕی من لە جێی ئەو کوڕەی کە لە شەڕەکەدا کوژراوە.

وشەو ماناکانی لاوکی (صالّح و کەژێ گولّی سۆر)

| وشە | ماناکەی |
|---|---|
| قورینگ، پۆڕ، سی | هەرسێکیان سێ بالّندەی دەنگ خۆشن. |
| چەم | یاخود چۆم، شوێنێکە ئاوی هەیەو داروباری زۆری تێدایە، بۆیە بالّندەو گیاندارانیش لەخۆ دەگرێت و بەزۆریش شوێنەکەی نزمە، واتە دۆلّە. |
| ئاگری کولێ حەلەبێ | ئاگری کورەی حەلەب، کە ئێزیدیەکان دانیشتوی ناوچەی حەلەب بوینەو بەم جۆرە ئاگرکردنەوەیە بەناوبانگ بوینە. |
| سوغرمە | نوقرچە |

| | |
|---|---|
| ڕاموسان | لە باوەشکردن و ماچکردن. |
| مەیتەر | ئەو کەسەی سەرپەرشتی وڵاغ دەکات و خزمەتیان دەکات. |
| کۆتک | دەفرێکە، یاخود تاسەیەکە یان جامێکە لە دار دروستکراوەو جاران بەزۆری دۆی تێدا خوراوەتەوە. |
| کەری کێوی | یان کەڵی کێوی، نێرەی ئاژەڵی کێوی، کەلەسەر شێوەی بزنیماڵیە. |
| قوش | جۆرە باڵندەیەکی خێراو تیژ ڕەوە. |

## ٦- صاڵح و نورێ:

بەداخەوە ئەم لاوکەش یەکێکە لەبەرهەمە فەوتاوو تۆمارنەکراوەکان و هیچ شوێنەوارێکی بەدەنگی خوالێخۆشبێت نەماوەو هیچ شتێکمان لەبەردەست دانییە، بەڵام پوختەو ناوەرۆکی ئەم لاوکە بەم شێوەیەیە:-

(صاڵح) و (نورێ) عاشقی یەکتر بووینەو ئامۆزای یەکیش بوینە، پێدەچێت خەڵکی باکوری کوردستان بووبن و لەسەردەمی ڕژێمی (مستەفا کەمال[1]) بوبێت، هەمیشە (صاڵح) لەڕژێمی (مستەفا کەمال) قاچاغ بووە، بەڵام لەخۆشەویستی (نورێ) کە ویستویانە هاوسەرگیری بکەن چۆتە دیاربەکر بۆئەوەی جل و زێڕو دیاری بۆ نورێ بکڕێت، کە دەگاتە دیاربەکر لەگەڵ جەندرمەی تورک توشی یەک دەبن و شەڕێکی باشیان لەگەڵ دەکات و چەند جەندرمەیەک دەکوژێت، بەڵام ئەویش بەدیل دەگیرێت و لەبەندینخانەی (دیاربەکر) بەند دەکرێت و هەتاهەتایە لەم بەندینخانەیەدا دەمینێتەوەو (نورێ) لەسەر دڵی دەبێتە ئاخ و کەسەرو بەیەک ناگەن.

(١) مستەفا کەمال (کەمال ئەتاتورک)، دامەزرێنەری کۆماری نوێی تورکیا لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی.

### ٧- حەسەن و مریەم(١):

ئەم لاوکە کـورتە لاوکە و زۆر دریـژنییە، (حەســەن)و (مــریەم) دوو هاوسەر بووینە لە عەشیرەتی لەک دانیشتووی گوندەکانی قەشقەو خورخور، بەپێـی ئەوەی لەلاوکەکەدا باسـکراوە (حەســەن) پەیوەنـدی لەگەڵ کچێکـی تـر یـاخود ژنێکـی تـر دەبێـت بـۆیە لە گونـدەکەی خـۆی دەڕوات، بەڵام دیـارە (حەسەن) پێشتریش پیاوێکی یاخی و قاچاغ بووە لە حکومەتی پاشایەتی ئەو سـەردەمە، بـۆیە یەکێـک بـووە لە لایەنگرانـی (عەلـی مەحمـودی کاکەخـانی دزەیی[٢])، بۆیە (حەسەن)یش دەستی (مریەم)ی هاوسەری دەگرێت و بەنیازی ئەوەی بگاتە نـاوچەی (گـردمەلا[٣])و پەیوەندی بە (عەلی ئاغـا)وە بکـات، بەڵام لەرێگا لەگەڵ پۆلیس توشی یەک دەبن و شەڕ دروسـت دەبێ و هەردووکیـان (واتە حەســـەن و مــریەم) دەکــوژرێن و ئەگەر هەڵە نەبــم گۆڕەکانیـــان لە شێخەلای هەولێر بوو، زۆر جاریش خەڵک وەک بە پیرۆز زانین و گۆڕی پیاو چاکان سەردانیان دەکردن و نزایـان دەکردوو مرازیـان دەخواسـت، ئەوەی لە بەندەکانی لاوکەکەش لە یادمابێت بەم شێوەیە بووە:-

بەگردێ قوشتەپەدا کەتم گردەکا لەمـن برنـدە لە کەنـدێ دا، حەسـەن و مریەم دەستی خۆیان گرت و دێن بەرێدا، دوو شـورتەی فەلە شـینەو مەتـران قاڵتاغیان لێدا وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

---

(١) بۆ بەسـەرهاتی حەسـەن و مـریەم، بڕوانە: (عـومەر شـێخەلا دەشـتەکی: داسـتان و گـۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیدا، چ١، بەرگی یەکەم، چاپخانەی صلاح الدین- هەولێر، ١٩٧٨، ل٥٩-٦٥).

(٢) عەلی مەحمود: نـاوی تەواوی عەلـی مەحمـود کاکەخـان ئیسماعیل کاکەخـانە، لەهـۆزی دزەیـی (ئاغـایە)، لەسـاڵی ١٨٩٥ لەگونـدی گـرد مەلای سـەر بەنـاحیەی قوشـتەپەی نـاوچەی پشـت ڕێ لەدایـک بـووە، پیـــاوێکی ئـــازاو بوێربـــووە، یەکێـــک بـــووە لەوانەی لەســـەردەمی پاشـــایەتی بەربەرەکـانی ڕژێمـی کـردووەو زۆرجـار یـاخی بـووەو هاوکـاربووە لەگەڵ شـێخ مەحمـودو بەشداری بزوتنەوەکەی کردووە، مـاوەیەک لەداری کەلی بووە، لەسـاڵی ١٩٧٠ کۆچی دوایـی کردووەو لەگۆڕستانی مەلا فاریق لەگوندی گرد مەلا نێژراوە. هەروەهـا یەکێک بـووە لە ئاغا ناودارەکانی دزەیی و پیاوێکی ئازاو بوێربـووەو هەمیشـە دژی ڕژێمـی پاشـایەتی بـووەو چەند جارێک یاخی بوونی ڕاگەیاندووە، بۆیە هەمیشە چەند چەکدارێکی ئازای ئەم سـەردەمی لەگەڵ بووە، ئەوکەسانەی توشی کێشە دەبوون و لە ڕژێم یاخی دەبوون پەنایان بۆلای ئەم بردووە. ئەم زانیاریانە لە بەرێز (فەریق سەرهید دزەیی) وەرگیراوە.

(٣) گوندی گرد مەلا سەر بەناحیەی قوشتەپەیە.

مەتران بانگ دەکا کوڕۆ حەسۆ تفەنگێ دەستێ تە قاچاغە پاسم وێدە، حەسەن دەگۆ کوڕۆ مەتران بێ دین تفەنگێ کوچک چاپ بێ پاسەو پاسی نینە  وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

مەتران دەگۆ کوڕۆ حەسۆ ئەمڕۆ تفەنگێ تە دەبەمە شاری هەولێرێ یە لەبەر خاتری تە پاسی دەبڕم لە قشر ێ یە، حەسۆ دەگۆ تفەنگێ دەستی حەسۆ بێ پاسەو پاسی نینە تفەنگێ وەرناگرن بەبێ خینە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

بەوێ سەحەرێ سبەینێ حەسۆ چ کریە چۆکێ خۆ دانابوو سەر عاردیە تفەنگێ کوچک چاپ سوارکردیە، چاوێ چەپەی لێ قوچاندیە بە چاوێ ڕاستە سێرەی لە مەترانی گرتیە، پەنجەی شادەی لێ بزافتیە دابووی لە قەپاغێ سەرێ مەترانی فەلەی هەڵگرتیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

مریەم دەگۆ هایێ سەد جارا هایێ چەندی هاواردەکەم هاوارنایێ هاوارێ لەکان و(عەلی مەحمود) دوورە لەمەنایێ حەیفێ دلێ من دەمینێ بەوی سەحەرێ سبەینێ سەری من و حەسۆ لاوێ لەکان کەوتە بەرداری بەدەعوایێ وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

وەکی شینە چاو پێکەوتیە مەیتێ مەترانێ فەلە کەوتە سەرعاردیە، حەیفێ دلێ من دەمینێ لولەی ئینگلیزی وەرسوڕاندیە دابوی لە قۆڵی حەسۆ قۆڵی ڕاستی حەسۆی شکاندیە تفەنگێ دەستی حەسۆ کەتە سەر عاردیە، حەسۆ بانگ دەکا مرۆ ڕابە خۆ بلە قینە کەمبەرا قەدێ خۆ مەزرینگینە تفەنگا لەبۆ لاوا خۆبینە ئەتونازانی بەوێ سەحەرێ سبەینێ ئەو سەبابە قۆری منی شکاندیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

وەکی شینە چاو پێکەوتیە مرۆ تفەنگا لۆ حەسۆ بردیە لولەی تفەنگا ئینگلیزی وەرسوڕاندیە دابوی لە سینگی مرۆ بەرو کەمبەرەی لە خوێنێ دا سۆر کردیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

دیسان مرۆ بەسێ دەنگان بانگ دەکا هایێ سەد جارا هایێ هاوارێ لەکان و عەلی مەحمود دوورە لەمە نایێ حەیفەک و سەد جاران مەخابنی وی دونیایێ سەرێ من و حەسۆ لاوێ لەکان کەتە بەردارێ بە دەعوایێ وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

وەکی حەسۆ چاو پێکەتیە شینە بەرو کەمبەرەی مرۆی لە خوێنێ دا سۆر کردیە بانگ دەکا کورۆ شینە بێ دین شۆلێ توو لەگەڵ حەسۆیەو لەگەڵ ژنان نییە، تو چ کریە گەلەک حەیفە بەرو کەمبەرەی مرۆت شکاندیە بەژن و باڵای ویت لە خوێنێ دا سۆر کردیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

ئەوجا حەسۆ چ کریە بەدەستی چەپە تفەنگا کوچک چاپ لەشانی خۆ گیرکردیە چاوێ چەپە لێ قوچاندیە بە چاوێ راستە سیرەی لە قەپاغی سەری شینە گرتیە، مرۆ بانگ دەکا لەمنت کەوی لاوێ لەکان سەدجاران لەمنت کەوی لولەی تفەنگی خۆ بکە نەوی بەلکو قەپاغی سەرێ وی سەبابە بە بەرکەوی، حەسۆ پەنجەی لێ بزافتیە دابووی لە نیوچەوانی شینەی فەلە مەیتێ وی خستە سەر عاردیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

مرۆ گاز دەکا بە گردێ قوشتەپە وێراندا کەتم بەهارا لە من بە گورەزرە، ترومبێلەک وادێ تێیدایە مەجید پاشا قۆمیسەرە، حەیفەک و سەدجارا مخابنێ دڵێ من دەمینێ مەیتێ من و حەسۆ داوێنە بەرهەتاوێ مەیتێ فەلان داوێنە بەر سێبەرە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ....

وشەو ماناکانی لاوکی (حەسەن و مریەم)

| وشە | ماناکەی |
|---|---|
| لەک | هۆزێکی گەورەی کوردە. |
| قەشقەو خورِ خورِ | دوو گوندن لەسەر زێی بچوک سەر بەناحیەی قوشتەپەنە، نێوانیان نزیک بە دوو کیلۆمەتر دەبێت، سەرجەمی دانیشتوانیان لە هۆزی لەک-ن. |
| قوشتەپە | ناحیەی قوشتەپە سەر بەقەزای دەشتی هەولێرە، دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی هەولێر-کەرکوک و نزیکەی پانزە کیلۆمەتر لەهەولێرەوە دوورە، ئێستا پێک هاتووە لەناوەندی ناحیەکەو سێ ئۆردوگای گەورە. |
| پاس | مۆڵەتی چەک هەڵگرتن بووە لەسەردەمی ڕژێمی پاشایەتی. |
| قشرە | یاخود قشڵە، باڵەخانەی حکومەتی بووەو شوێنی بنکەی پۆلیس و قائممقام و ...هتد. |

| ماناکەی | وشە |
|---|---|
| پشـــتێنێکی ئـــاڵتونی بـــووە ژنـــان لەپشـــتیان کـــردووە، ووشەکەش لەکەمەرەوە هاتووە، واتە ناوقەدی مرۆڤ | کەمبەر |
| یـان کۆمیســەر (مفـوض)، پلەیەکـی ســەربازی ڕیزەکـانی پۆلیسە. | قۆمیسەر |

## ٨- شێخ موس:

ئەم لاوکەش یەکـێکە لەم ڕەشــە لاوکــانەی کە زۆرجــار لەکــۆڕو دانیشـتنەکان بەتـایبەتی شـەوانی زسـتان گوتـویەتی، لەبەر درێـژی لاوکەکە هەندێکی بەقسە وەک چیرۆک گوتوەو هەندێکیشی بەبەند، واتە بەتێکەڵی، ئەم لاوکەش هــیچ شــوێنەوارێکی نەمــاوەو تۆمــارنەکراوەو فەوتــاوە، پــوختەی لاوکەکە باسی داستانی مێرخاسان وعەگیدان بووە، چیرۆکی شەڕو هەوێری سـواران بـووە، داسـتانی پیـاو کوشـتن و تالآنـان بـووە، (شـێخ مـوس) وەک پاڵەوانی داستانەکەو پیاوی ئازاو بوێری سەردەمی خۆی لەم لاوکە چیرۆکەدا هەڵکەتبوو، پیاوێکی قارەمان و نەبەردو شـۆڕە سوارو عەگیدو پاڵەوانی ئەم داستانە بووە.

## ٩- مەترانی فەلە:

ئەم لاوکە یەکـێکە لە کـورتە لاوکەکـانی کە بەدەنـگ و ئـاوازێکی زۆر خـۆش چڕیـویەتی. لاوکەکە باسـی خۆشەویسـتی وعەشـقی کچێکـی فەلەو کوڕێکی ئیسلام دەکات، بەناوی (مێرەم خان)و (عەلی).

(عەلـی) خۆشەویسـتی مەترانـی فەلە بـووەو مەتـرانیش پیـاوێکی دلێرو قارەمان بووە، جیاوازی نەکردووە لە نێوان ئاینی ئیسلام و ئاینی مەسـیحی و هەردووکیـانی بەپیرۆزو گەورە زانیـوە، پشـتیوانی لە عەشـق و خۆشەویسـتی (مێـرەم خـان) و (عەلـی) کـردووەو هەوڵیـداوە بەیەک بـگەن و لەســەر ئـاینی ئیسلام ببن بە هاوسەر، واتە (مێرەم خان) بێتە سەر ئاینی (عەلی)و موسڵمان ببێت. بەڵام قەشـەی ئەم شـوێنە دژی ئەوە بـووە کە (مێـرەم) ببێتە موسڵمان، بەڵکـو داوای کـردووە (عەلـی) ببێـتە مەسـیحی و بێـتە ســەر ئـاینی (مێـرەم). (مێرەم)یش لەگەڵ ئەوەی زۆر عاشقی (عەلی) بووە، بەڵام ویستویەتی (عەلـی)

ببێتە مەسیحی و بۆیە ئامادە نەبووە ببێتە موسڵمان، (عەلی)یش ئامادە نەبووە ئاینی خۆی بگۆڕێ و ببێتە مەسیحی، پاش هەوڵێکی زۆری مەتران کارەکە مەیسەر نەبووە، مەتران داوای لە (عەلی) کردووە ئەگەر (مێرەم) ڕازی دەبێت با هەڵی بگرێت و بیهێنێت بۆ دێرێ ئەو مەلایەک بانگ دەکاو لەسەر ئاینی ئیسلام لێی مارەدەکات، (عەلی) (مێرەم)ی هەڵگرتووە و بردویەتیە دێرێ بۆلای مەتران، بەڵام (مێرەم) ئامادە نەبووە موسڵمان بێت و لەسەر ئاینی ئیسلام خۆی لە (عەلی) مارە ناکات، بۆیە مەتران پێی دەڵێت ئەگەر خۆتی لێ مارە ناکەی بۆچی بەدوای کەوتووی، بۆیە بە خەنجەرەکەی (مێرەم) دەکوژێت، گوایە مەتران خوشکەکی هەبووە لەسەر ئاینی ئیسلام لە (عەلی) مارە دەکات و خۆشی بۆتە ئیسلام و ناوی لەخۆی ناوە (عومەر).

ئەوەی لەیاد مابێت چەند بەندێکە لەم لاوکە بەم شێوەیە:-

دیسان دیسان سبەیە خۆش سبەیە جۆتێ کەوان دەفڕین چوونە لیسان قەشەو مەتران لە مەجلیسان تێک دەگیرسان، ئای یادێ یابۆ لە مەترانی مەترانی فەلە حۆگنە هاوجگە گەل بەرانی.

مەتران بانگ دەکا ناکەم مامێ من قەشە ناکەم بەختێ دێرێ یەخترمانێ گەلە گەورەیە خراناکەم دینێ محەمەد دینەکا گەلە بەهەقە ڕەزیل ناکەم من ئەمڕۆ مێرەم خانێ فەلە لەسەر دینێ محەمەد لە عەلی ئیسلام مارە دەکەم یادێ یابۆ لە مەترانێ مەترانێ فەلە حۆگنە هاوجگە گەل بەرانی چ جارەکێ مەترانێ فەلە دەست بداتە دارێ جام بێزاری بەرێ خۆ وەرناگێڕی لەبەر چار تابور عەسکەرێ دە ئیسلامێ.

قەشە دەگۆ ناکەم مەتران ناکەم بەختێ دێرێ یەخترمانێ دینێ عیسا گەلە گەورەیە خراناکەم مێرەم خانێ فەلە لە عەلی ئیسلام مارە ناکەم هەتا عەلی نەیەتە سەر بەختێ دێرێ یەخترمانێ دینێ عیسا شولێ واناکەم یادێ یابۆ لە مەترانی من گۆ مەترانێ فەلە ڕابە ڕەخت گرێ تفەنگا لانی.

مەتران دەگۆ نابی مامێ من قەشە نابی بەختێ دێرێ یەخترمانێ دینێ عیسا گەلە گەورەیە خرانابی دینێ محەمەد دینەکە گەلە بەحەقە ڕەزیل نابی ئیسلام لەبۆچاوێ کچکەکا فەلە بەدیان نابی یادێ یابۆ لە مەترانێ مەتران

فەلە ڕابە ڕەخت گرێ تفەنگا لانێ مەترانێ فەلە بەرێ خۆ وەرناگێڕی لەبەر چار تابور عەسکەرێ دە ئیسلامێ.

قەشە دەگۆ نابی مەتران نابی بەختێ دێرێ یەخترمانێ دینێ عیسا گەلە گەورەیە خرانابی شولێ وانابی ئەم هاوسەرگیریە لەسەر دینێ عیسا نەبی نابی مێرەم خانێ فەلە ئیسلام نابی یادێ یابۆ لە مەترانێ مەترانێ فەلە حۆگنە هاو جگە گەل بەرانێ.

مەتران دەگۆ ڕابە عەلی ڕابە مێرەم خانێ فەلە بڕەوینە لای من لەدێرێ دایبەزێنە، هەنگینێ من لەتوو مارە دەکەم میرەم خانێ فەلە بە مەلایەکە حوسێنی یە لەسەر دینێ محەمەدیە یادێ یابۆ لە مەترانێ.

عەلی ئیسلام چ کردیە دەستی مێرەم خانی فەلەی گرتیە بردی لە دێرێ سەلامی لە مەترانی کردیە مەتران عەلەیکی لێوەرگرتیە، مەتران دەگۆ کچکا من مێرەم خان من بانگ دەکەم مەلایەکا حوسێنیە تومارەبکا لە عەلی لەسەر دینێ محەمەدیە، هەنگینێ مێرەم خان دەگۆ ناکەم مامێ من مەتران ناکەم من خۆ لە عەلی ئیسلام مارە ناکەم هەتا عەلی نەیەتە سەر بەختێ دێرێ یەخترمانێ دینێ عیسا من خۆ لە عەلی مارە ناکەم دینێ عیسا گەلە گەورەیە من خرا ناکەم یادێ یابۆ لە مەترانێ، مەترانێ فەلە دەست بداتە جام بێزاری بەرێ خۆ وەرناگێڕی لەبەر چار تابور عەسکەرێ دە ئیسلامێ.

هەنگینێ مەتران دەگۆ ئەگەر خۆ لە عەلی مارە ناکەی لەسەر دینێ محەمەدیە لەبەرچی عەلی ئیسلام لەناو چەند هەزار مارێ فەلە تۆی ڕەواندیە، مەتران هەریکێشا خەنجەرێ نێرۆییە دابووی لە بەینی جووت مەمکی مێرەمێ یە لە خینێ دا سۆرکردیە، وەکی عەلی سەری بڵند کردیە چاو پێ کەتیە مەتران بەژنێ مێرەم خانێ لە خینێدا سۆرکردیە، بانگ دەکا مامێ من مەتران تە چ کرد چ نەکرد بەژنێ میرەم خانێ فەلە باغێ گوران و ڕێحانان بوو سەرێ حەفت ساران من بەدەستی خۆ پەروەردەم کرد هەنوکە بە جووتەکا خەنجەرا تەهیشک کرد یادێ یابۆ لە مەترانێ.

ئەوجا مەترانێ فەلە خوشکی خۆی بانگ کردیە بە مەلایەکا حوسێنی لەسەر دینێ محەمەد لە عەلی مارە کردیە ئیسلام بوونی خۆشی بەناوی عومەر ڕاگەیاندیە یادێ یابۆ لە مەترانێ، مەترانێ فەلە حۆگنە هاوجگە گەل

بەرانی چ جارەکێ دەست بداتە جام بێزاری بەرێ خۆ وەرناگێڕی لەبەر چار تابور عەسکەرێ دە ئیسلامێ.

وشەو ماناکانی لاوکی (مەترانی فەلە)

| وشە | ماناکەی |
|---|---|
| قەشە | - پلەیەکی ئاینی مەسیحیە.<br>- مەلای مەسیحیان، شەماسە وەک فەقێی ئیسلامان دێ. |
| دێرێ | پەرستگای مەسیحیەکانە. |
| لیس | شوێنی هەڵنیشتن و حەوانەوەی باڵندەیە بەتایبەتی شوێنی حەوانەوەی کۆتر پێی دەگوترێ لیس. |
| حۆگنە هاوجگە گەل بەرانی | حۆگنە واتە قارەمانە پاڵەوانە، هاوجگە گەل بەرانی واتە یەکسانە هاوتایە لەگەڵ بەرانی، لێرەدا بەران وەکو هێمای هێزو پیاوەتی بەکارهاتووە. |
| جام بێزار | جۆرە تفەنگێکی ئەو سەردەم بووە. |
| تابور | - یەکەیەکی سەربازی سەردەمی عوسمانیەکان بووە.<br>- ڕەتلی سەربازی. |
| ڕەخت گری تفەنگا لانی | واتە دەست بدە تفەنگێ یاخود تفەنگ لەدەست بگرە. |

## ١٠- لاوکی جەوێ:

زۆربەمان دەزانین و بیستومانە یان خوێندومانەتەوە دەربارەی (سمایل ئاغا یاخود سمکۆی شکاک[1])، کەیەکێک بووە لەسەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە (هۆزی شکاک) بووە، ماوەیەکی زۆر لەگەڵ

(١) سمکۆی شکاک: ساڵی ١٨٧٥ لەدایک بووە، کوڕی محەمەد ئاغای شکاکە، باوکی سەرۆکی هۆزی شکاک بووە، دوای کوژرانی جەعفەراغای شکاکی براگەورەی لەتەمەنی بیست ساڵیدا، واتە ساڵی ١٨٩٥ دەبێتە سەرۆکی هۆزی شکاک، سمکۆ بەهێزترین کەسایەتی نێو هۆزی شکاک بوو، دوای وەرگرتنی سەرۆکایەتی هۆزەکەی لە پەلاماردانی دەوڵەتی قاجاریدا بەردەوام بوو، سەرکردەیەکی دیارو رۆڵی لە بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبووە، بەفەرمانی ڕەزا شا لە ڕێککەوتی ١٩٣٠/٧/٢٠ تیرۆرکراو کۆتایی بەخۆیی و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی هات. بۆزیاتر بڕوانە: (هۆشمەند عەلی مەحمود: سمکۆی شکاک، ڕۆڵی لەبزووتنەوەی کوردایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا (١٩١٨-١٩٣٠)، گۆڤاری ٢١K، ژمارە (٩)، ساڵی ٢٠١٠، ل٧٥-٨٣).

ڕژێمی ئێران لە ململانێ دابووەو لە ناوچەی (ورمێ) فەرمانڕەوا بووەو هێزێکی باشی لە هۆزەکەی خۆیی و هۆزەکانی تری کورد لەگەڵ دابووە، دوای لەناوبردنی (جەوهەر ئاغا یا جەعفەر ئاغا)ی برای، سەرکردایەتی هۆزەکەی وەرگرتووە، لە کۆتاییدا بەهەمان شێوەی (جەعفەر ئاغا)ی برا گەورەی ڕژێمی ئێران بە فێڵ و پیلان گێڕی لەناویان بردووە، ئەم لاوکە باسی یەکێک لەشەڕەکانی (سمکۆی شکاک) دەکات، ئەوەی لە یاد مابێت بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:-

پوختەی لاوکەکە ئەوەیە هێزی ڕژێمی ئێران بەیانیەک زوو پێشی ڕۆژهەڵاتن چواردەوری کۆشکی (سمکۆ)یان گرتووە و لەم کاتەشدا هاوسەری (سمکۆ) بەناوی (جەوێ) خەریکی منداڵ بوون بووە، دوای ئەوەی (سمکۆ) شەڕێکی باشی لەگەڵ ئێرانیەکان کردووە زانیویەتی هێزەکەی ڕژێمی ئێرانی زۆرەو پێی ناشکێندرێ، بۆیە دەبێ خۆی دەربازبکاو کۆشک جێ بهێڵێ و ئەم بیرۆکەیەش بە (جەوێ) ڕادەگەیەنێ، (جەوێ) دەڵێ من بکوژەو ئینجا بڕۆ، جێم مەهێڵە بکەومە دەست دوژمنان وبڵێن هاوسەری (سمکۆ) کەوتۆتە دەست دوژمنان[1]، ئەوەی لەیاد مابێت بە بەند بەم شێوەیە گوتویەتی:-

هەیار هەیار لێ هەیار جەوێ کچکێ جەوێ من گۆ بەژن برندێ کارمامزی لەپێش ڕەوێ.

بەیانە گەل بەیانە بەرێ ڕۆژێ لەمن سۆرو زەرد بوون تیپەکا سوارێ قەوازێ عەجەمان دێن و دەوری قەسرێ سمایل بەگ بابێ گولێ وەربوون دە

(١) هەرچەندە لەم لاوکەدا دەڵێت کە جەوێ (خێزانی سمکۆ) لەکاتی شەڕی لەگەڵ ئێرانیەکاندا سمکۆ بەدەستی خۆی کوشتویەتی، بەڵام بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، جەوێ لەشەڕی سمکۆ لەبەرامبەر ڕژێمی تورکیا کوژراوە، ئەو کاتەی کە سمکۆ لەشەڕی گەر ئێرانیەکان شکاوەو چۆتە ناوخاکی تورکیا بەئومێدی ئەوەی تورکیا هاوکاری بکات، بەڵام هێزێکی تورکە کەمالیەکان چوینەتەسەری و لەئەنجامدا خێزانەکەیی و هەندێک لەپیاوەکانی کوژراون و خەسرەوی کوڕی بەدیل گیراوەو هەرچی پارەو دارایی هەبووە تاڵانیان کردووە، لەئەنجامدا سمکۆ بەناچاری لەگەڵ ئەحمەداغای برایی و چەند کەسێکی تر پەنایان بۆ باشووری کوردستان هێناوەو هاتونەتە گوندی دێرێ لە باکووری شاری هەولێر. بڕوانە: (نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردو عەجەم، مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٤٥٧-٤٥٨).

هەیار هەیار هەیار جەویَ کچکیَ جەویَ بەژن برندیَ چاو ڕەشیَ چاو لە خەویَ.

سمایل بەگ بەسیَ دەنگان گازدەکا کچکیَ جەویَ، جەویَ دەگۆ لۆ ئاغا بەریَ، سمایل بەگ دەگۆ ڕابە لە بۆ من دەرینە تاقمیَ قۆریان و قاوان و لیَ سەماوەریَ دە هەیار هەیار لیَ هەیار جەویَ کچکیَ جەویَ بەژن برندیَ کار غەزالی لە پێشڕەویَ.

جەویَ دەگۆ بابی گوڵیَ ڕۆژیَ سیَ جاران سەریَ من ببی بە خورامی سەریە دەتوو ڕابە فیشەکا عەمەلی گەلە خراپن ناکەن دەریَ فیشەکا کارخانە جۆت جۆت باویَ بەریَ، بەوەی کەمە بە ڕەبیە کوشتنیَ عەجەمان سەباب غەزایەو قەت گوناح نییە دە هەیار هەیار لیَ هەیار جەویَ کچکیَ جەویَ بەژن برندیَ چاوڕەشیَ چاو لە خەویَ.

سمایل بەگ دەگۆ کچکیَ جەویَ جەویَ دەگۆ ئاغا بەریَ دەگۆ تیپیَ سواریَ عەجەمان گەلە زۆرن نایەنە شکاندنیَ، جەویَ دەگۆ بابیَ گولیَ ڕۆژیَ سیَ جاران سەری جەوێت ببی بە خورامی سەریە بەجێم مەهێڵە بە زیندیتییە لەناو کۆشک و وەتاغانا خەرک بریَ ژنیَ سمکۆ کەوتە دەستی دوژمنانە دە هەیار هەیار لیَ هەیار جەویَ بەژن برندیَ کارمامزی لەپێشڕەویَ.

سمایل بەگ چ کریە دەستی خۆ بە دەمانچەی بەرەبێل ڕاگەیاندیە جۆتەکا فیشەکا بەر بەژنیَ جەویَ تەقاندیە، لەسەر سینگی جەویَ قولپی خینیَ دەربووە دە هەیار هەیار لیَ هەیار جەویَ بەژن برندیَ چاوڕەشیَ چاو لەخەویَ.

ئەوجا سمایل بەگ گاز دەکا دە هەیار هەیار لیَ هەیار جەویَ سوندەکم خواردیە بە کەلامی بە ڕەبیە لە پاشیَ بەژنیَ جەواهێریَ سەلمان ژن لە کوردستانا وێران لە من حەرام بی لیَ من کەس نەویَ دە هەیار هەیار لیَ هەیار جەویَ من گۆ کچکیَ جەویَ بەژن برندیَ کارمامزی لەپێشڕەویَ.

وشەو ماناکانی (لاوکی جەوێ)

| وشە | ماناکەی |
|---|---|
| جەوێ | جەواهیر خێزانی سمکۆی شکاک بووە. |
| ڕەو | یــان ڕەوە، کاتێــک کۆمەڵێــک ئــاژەڵ یــان باڵنــدە بەیەکەوەو بەکۆمەڵ دەڕۆن. |
| ســــــــــوارێ قەوازێ عەجەمان | پێـدەچێت یەکەیەکـی چەکـداری تـایبەتی عەجەم بوو بێت. |
| بەرەبێل | جۆرێکە لە دەمانچە. |

## ١١- لاوکی (بێریوان (١)):

کورتە لاوکێکی زۆر بچوک بـووە، باسـی خۆشەویسـتی و عەشـق و دڵداری بووە، بە بەژن و بـاڵای خۆشەویستەکەیدا هەڵگوتوە، ئینجـا یـا ئەوەتە ناوی (بێریوان) بووە یان پیشەی (بێری) بووە واتە پیشەی مەڕ دۆشین بووە، لەم لاوکەدا بەنـاوی کـوڕەکەوە وەسـفێکی جـوانی خۆشەویسـتەکەی کـردوە، هەر لە بەژن و باڵاو بسک و شابسک و چاوی ڕەش و کوڵمی سوورو ئاڵ و ئینجا شێوەی پۆشینی جل و بەرگ، لە کەواو کراس و چارۆگەو هەروەها ئەم خشـڵانەی کە پێوەی بـوو وەک گـوارەو خەزێـم و خڕخـاڵ و خەنـاوکەو تـاکو لەنـجەو لارو رۆیشـتنی. بەبەنـد هـیچ شـتێکی ئەم لاوکە لەبەردەسـتدا نیـیەو لەیادنییە.

## ١٢- لاوکی گەنج خەلیل:

ئەم لاوکەش باس لە داستانی عەشق و خۆشەویستی و مردن لە پێناو خۆشەویستی داو هەروەها باس لە زوڵم و زۆری سەردەمی دەرەبەگایەتی و ژیـانی خێڵەکیـاتی دەکـات، کە هەمیشـە غەدر لە کچـان کـراوەو بەدڵ خـوازی خۆیـان بە شـو نەدراون، بەڵکـو بە زۆر بە شـودراون، بـاس لە دەوڵەمەنـد پەرستی و سامان پەرسـتی و دەسـەڵات پەرسـتی لەلایەک و لەلایەکـی تـریش

(١) بێریوان: یاخود بێری یان بێرکەر، مەڕ دۆش واتە ئەم ژن و کچانەی مەڕو بزن دەدۆشن، واتە شیری لێوەردەگرن.

باس له کەسایەتی پیاوی بوێرو ئازاو عەگید دەکات. هەرچەندە ئەو کەسە لەڕووی ماددەو سامانەوە هەژاریش بێت.

چیرۆکی ئەم لاوکە بەم شێوەیەیە: (گەنج خەلیل)و (حەفسەت) ئامۆزا بووینەو عەشقی یەکتر بووینەو یەکتریان خۆشویستووە، بەڵام (گەنج خەلیل) هەژارو نەدار بووەو باوکی (حەفسەت) نەیویستووە کچەکەی خۆی بداتێ، بەڵکو ویستوویەتی بیدات بە (بەکر ئاغا) ناوێک، کە دەوڵەمەندو هەبوو دەسەڵاتدار بووە، لە ئەنجامی ئەم ململانێیەی (گەنج خەلیل) لەگەڵ (بەکر ئاغا)، (گەنج خەلیل) هەرچەندە هەژار بووە، بەڵام پیاوێکی زۆر بە غیرەت و عەگید بووە سەری بۆ (بەکر ئاغا) شۆڕ نەکردووەو (بەکر ئاغا)ی کوشتووە، لەسەر کوشتنی (بەکر ئاغا) دەسەڵاتداری ئەو سەردەم هەرچەندە لە لاوکەکەدا ساغی نەکردۆتەوە، بەڵام پێ دەچێت تورک بووبێت بەفێڵ بووە یان بە لەشکرێکی زۆرەوە (گەنج خەلیل) دەگرن و دەیبەن زیندانی دەکەن لە بارودۆخێکی زۆر خراپی دادەنێن و ئازارو ئەشکەنجەی دەدەن و خواردنیشی نادەنێ، (حەفسەت) خەونی پێوە دەبینێ و خەونەکە بۆ دایکی دەگێڕێتەوە، دایکی (حەفسەت) مانای خەونەکەی بۆلێک دەداتەوەو پێی دەڵێ ئامۆزاکەت زیندانیە لای دەسەڵاتداران و بارودۆخی زۆر خراپە، (حەفسەت) هەڵدەستێ جل و بەرگی پیاوان دەپۆشێت و چەک و ئەسڵەحەی پیاوان هەڵدەگرێت و سواری ئەسپ دەبێت و دەچێت بۆ ئەم شوێنەی کە دەسەڵاتدارەکە (گەنج خەلیل)ی تیا بەند کردووە، کە چاویان بە (حەفسەت) دەکەوێ لەسەر شێوەی پیاوێکی سەنگین و بەهەیبەتی ئەم سەردەم دێتە بەرچاو، زۆر ڕێزی لێدەگرن و خزمەتی دەکەن و پرسیاری مەبەستی هاتنەکەی لێدەکەن، ئەویش پێیان دەڵێ بەدوای (گەنج خەلیل)داهاتووم. دەسەڵاتدارەکە فەرماندەدات (گەنج خەلیل) ببەن جوان بیشۆن و جلی جوانی لەبەربکەن و خواردنی بدەنێ و بیهێنن، چۆن فەرمانی پێکردوون وادەکەن، بەڵام سودی نابێت و (گەنج خەلیل) لە دواساتەکانی ژیانی داو لەگیانەلا دەبێت، دەیهێنن بۆلای (حەفسەت)، بەڵام تەنها بەچاوی دڵ (حەفسەت) دەبینێت و قسەی پێ ناکرێت، (حەفسەت) سەری دەخاتە سەرڕانی و پاش ماوەیەک گیانی دەردەچێت و چاوەکانی لێک دەنێ و (حەفسەت) مەیتەکەی دەباتەوە بۆ ناوچەی خۆیان و دەی نێژێ.

ئەم لاوکەش هەمیشــە بەقســەو بە بەنـد تەواوی کــردووە، بەداخەوە تۆمارنەکراوەو هیچ شتێک لەبەردەستدانیە، ئەوەی لە یادمـان بێت کە بە بەند دەیگـوت، (گەنـج خەلیـل) زەویەکـی باشـی هەبـووە (بەکـر ئاغـا) ویسـتویەتی زەویەکـــانی بەزۆر داگیربکـــات، (گەنـــج خەلیـــل) هەنـــدێک وڵاغ و جوتیـــار پەیدادەکات و دەست دەکات بە کێڵانی زەویەکەو خۆشی ئەسپێکی خراپ و کەچە شـیرێکی هەبـووە لە دیـار جوتیارەکـان دادەنیشـێت، کاتێک (بەکـر ئاغـا) خـۆیی و کۆمەڵێـک لە پیاوەکـانی پەیـدادەبن یەکێـک لە جوتیارەکـان هەواڵ بە (گەنـج خەلیـل) دەدات بە هـاتنی ئەم هێزە گەورەیەو وەک مەترسـیەکی گەورە نیشانی دەدات، بەڵام (گەنج خەلیل) لەسەرخۆ بەم بەندە پێی دەڵێت:-

بە چۆمێ دورزی داغێ داکەتم لەمن بە کنێرە، کورِۆ جوتیار تۆێ خۆ باوێ ورد بکێرە، ئەتو نازانی گەنج خەلیل سواربی بەچکە شێرە.

هەر لەم شــەڕە گەنـج خەلیـل بەکـر ئاغـا دەکـوژێ و هێـزەکەی تێـک دەشکێنێ. خەونەکەی حەفسەتیش بە بەند بەم شێوەیە بوو:-

وەرە لێ لێ وەرە لۆلـۆ نەمینـم نەمـایێ حەفسـەتێ دەگۆ دایـێ لەپاشـێ گەنجان و گەنج خەلیل کورِ مامێ خۆ نەمینێم لە دنیایێ. حەفسـەت دەبـێ دایـێ ئەم شەو خەونەکا بەسەر چاوێ من داهاتیە، لەخەوێ دا کەرەکا دارێ چنارێ لە حەوشـێ مارێ بابی مـن شـین بووە لە قەدێ کەرێ دارێ چنـارێ تەختەکـا مەحـمە سـولّتانیە، لەســەر تەختــێ مەحــمە سـولّتانی جـۆتە شــەمامەکا خەت خەتـیە، جـۆتە مارەکـا ڕەش بەلکـێ کەرێ دارێ چنـارێ شـۆڕبویتەوە، پیـرە کەرەکـا گـڕو خـۆی بەقەدی دارێ چنـارێ خورانـدیە، بولبولەکـا خـۆش ئـاواز لەسەر کەرێ دارێ چنارێ خونـدیە، جۆتە کانیەکا زم زم لە بـن کەرێ دارێ چنارێ دەر بووە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ نەمینم نەمایێ حەفسەتێ دەگۆ دایـێ لەپاشێ گەنجان و گەنج خەلیل کورِ مامێ خۆ نەمینێم لە دنیایێ.

زێنەب خانی دایکی حەفسەتی دەگۆ کچـم خەونێتە خەونـی خێرێ بـی یوسـفی میسـر سـەدەق لێـدابی، کەرێ دارێ چنـارێ بەژن و بـارایێ تەبـیە، تەختەکە مەحـمە سـولّتانی سینگێ تەبـیە، جۆتە شـەمامەکە خەت خەت جـۆت مەمکێ تەبیە، جۆتە مارەکا ڕەش شا بسکا تەبیە، پیرە کەری گڕو بەکر ئاغایە بەتەمای بەژن و بارایێ تەیە، بولبولەکا خـۆش ئـاواز گەنـج خەلیـل کـورِ مـامێ

تەیە، بەندە لە وراتێ غەریبیانە بێکەس و بێدەرەتانە، جۆتە کانیەکا زم زم فرمێسکی بەلێزمەی چاوانی تەیە وەرە لێ لێ وەرە لۆلۆ نەمینم نەمایێ حەفسەتێ دەگۆ دایێ لەپاشێ گەنجان و گەنج خەلیل کوڕ مامێ خۆ نەمێنم لە دنیایێ.

وشەو ماناکانی لاوکی (گەنج خەلیل)

| وشە | ماناکەی |
| --- | --- |
| چۆمێ دورزی داغێ | چۆمی دورزی داغ- وادی جبل الدروز لە لبنان. |
| کنێر | جۆرە گیایەکی بۆن خۆشە. |
| یوسفی میسر | یوسف پێغەمبەر (خودا لێی ڕازیبێت). |

## ١٣- لاوکی جەوهەر ئاغا(١):

ئەم لاوکەش باسی چۆنیەتی لەناوبردنی (جەوهەر ئاغا)ی سەرۆک (هۆزی شکاک)و یەکێک لەناودارانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکات لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە. (جەوهەر ئاغا) یاخود (جەعفەر ئاغا) لە هۆزی کوردانی شکاک بوەو برا گەورەی (سمکۆی شکاک) بووە، سەرۆک هۆزبووەو یەکێک بووە لە ناودارانی ناوچەی ورمێ و دەتوانین بلێین نیمچە فەرمانڕەوای ئەم ناوچەیە بووەو هێزێکی باشی چەکداری لە هۆزەکەی خۆی هەبووەو تەواوی هێزەکەی پابەند بوون پێوەیی و بەسەرداروگەورەی خۆیان زانیوە.

دەوڵەتی ئێران ترسی لێی هەبووەو هەمیشە لەناکۆکی دابوون بۆیە بەفێڵ و پیلان گێڕی لەناویان بردووە. خۆش بەختانە ئەم لاوکە لە هەردوو کاسێتە تۆمارکراوەکەدا هەیەو بەم شێوەیەیە:-

هەی لێ سوارۆ .... (درێژ دەبێتەوە) ئەمنێ گۆ بەیانە برا خۆش بەیانە دیسان بەیانە خۆش بەیانە بەوێ سەحەرێ سبەینێ کاغەزەک هاتیە لە تەورێزو لە تارانا بەران لە بۆ جەوهەراغا کاکێ سمکۆ بابێ بۆزۆ بەحری

---

(١) بۆ گوێگرتنی ئەم لاوکە لە یوتوب:
https://www.youtube.com/watch?v=vbZJTIAYR2g&fbclid=IwAR3UiAIeZNENebIn6WGbvNaIPS7wLCaPTTuHU_Tnwz1e5mT2rmhvS4Pbnuw

بەگ زەرد گولی جەوهەر خانە دەبابێتەوە تەورێزێ وێران براۆ لۆ بەمیوانە سوارۆ.

هەی لێ لێ ...... (درێژ دەبێتەوە) لێو ئەمان ئەورۆ جەوهەراغا سوارە لە شیلکێ قەز نەفەرێ بەسێ دەنگان کرەگازی مەمەند پاشا مامێ منی کەچکەکا دەلال چاوێ منی ئەمن ئەورۆ دەچمەوە دیوانی شای قەزەرێ دنیابوو لەوێ سەفەرێ سەرێ من هاتە بەرداری جەلاتێ بەران عۆبارێ من بەملێ تەبی لەپاشێ کوشتنێ من براۆ سمکۆیێ براکێ من دانێ لەناو کوردان سوارۆ بە مەزناتی.

بەرێ لێ لێ ...... (درێژ دەبێتەوە) لێو ئەورۆ مەمەند پاشا بەسێ دەنگان کرەگازی جەوهەراغا کورێ منی کورێ بابێ منی کەچکەکا دەلال چاوێ منی دەتورابە سەرخۆ رەیسێ کوردان رابە لەگەرخۆ بەرگەکا کوردی دانێ بەرگەکا قەزەرێ بکە بەرخۆ پێنچ سەد فیشەکا عەلی عوسمانی قەپاغ سپی باوێژە گەردەنێ خۆ بەرێ رێیێ تاران و تەورێزێ گەلە دوورە ئاغاۆ بدە بەرخۆ سوارۆ ئەتونازانی عەجەمان قەدیمول عەیام دوژمنێ سەرێ من و بابێ تەنە بەران ناموسێ مێران گەلە گرانە لەناو دوژمنان و نەیاران ناوەکا پوچ ئاغاۆ مەینە سەرخۆ.

بەرێ لێ لێ ..... (درێژ دەبێتەوە) لێو ئەورۆ جەوهەراغا کاکێ لۆ سمکۆ بابێ گولێ سوارە لە شیلکێ قەز نەفەرێ دەچیتە هۆڵێ دەپەنجەرێ بەسێ دەنگان کرەگازی موحتەبەرێ سەرێ خۆ دەرینە لە تاقان و لە پەنجەرێ مارخراپ نازانی سەفەری تەورێزێم کەتە بەرێ و ئاخ بەرێ موحتەبەر بەسێ دەنگان کرەگازی جەوهەراغا لۆ کاکێ سمکۆ بابێ گولێ دەتوو رابە سەرخۆ بەرگەکا کوردی دانێ بەرگەکا قەزەرێ بکە بەرخۆ پێنچ سەد فیشەکا عەلی عوسمانی قەپاغ سپی باوێژە گەردەنێ خۆو ئاخ بەران رابە چەند سوارێ کوردان ببە لەگەر خۆ دەچیەوە تەورێزێ وێران قەدیمول عەیام دوژمنێ سەرێ بابێ من و تەنە ناموسێ مێران گەلە گرانە لەناو دوژمنان و نەیاران بی سوارۆ بەران ناوەکا پوچ گەلە گرانە لۆ لۆ ئاغاۆ مەینە سەرخۆ.

بەرێ لێ لێ ..... (درێژ دەبێتەوە) لێو ئەورۆ جەوهەراغا دەگۆ لەگەر خۆ رادەبەم مستۆ میرزۆ حەسۆ بۆزۆ عەلۆ ئەمینێ چاوشین وەسمانی نازێ

دەوجا براوۆ ئەنگۆ دەستێ خۆ بدەنە دارێ جام بێزاران بەرێ خۆ بکەینە تەورێزێ وێران باژۆ سوارۆ باژۆ سەرخۆ بەران ڕێیێ تاران و تەورێزێ گەلە دوورە ئاغاوۆ بدەبەرخۆ بەران ناموسێ مێران گەلە گرانە ئاغاۆ مەینە سەرخۆ.

بەرێ لێ لێ .... (درێژ دەبێتەوە) لۆ لۆ لۆ ئەوڕۆ جەوهەراغا دەگۆ برا بەسەرایێ تەورێزێ وێران دا کەتیمە هاوینە لەمن باری بەفرە دەنگۆ برۆننە تفەنگێ دەستێ جەوهەراغا بابێ گولێ ڕەیسێ کوردان تێل بەتێلە ئارقەدارە لۆ ساف سەردەفە بەرێ لێ لێ .....

دەگۆ بەسەرایێ تەورێزێ داکەتیمە لۆ سەرایەکا گەلەک گەورەیە چەند مەزنە دەنگۆ برۆننە تفەنگێ دەستێ جەوهەراغا کاکێ سمکۆ لۆ بابێ گولێ تێل بەتێلە ئارقە دارە لۆ تێل بازنە ئەمان گازدەکا مستۆ میرزۆ عەلۆ حەسۆ بۆزۆ ئەگەر دونیا بوو ئەوڕۆکە سەرێ من هاتە بەرداری جەلاتێ بەران بابۆ ئەنگۆ تەخسیری لە کوشتنێ سوارێ عەجەمان مەکەن بەرێ بەوەی کەمە بەرەبی یە لە تەورێزێ وێران هاتیە جەلاتێ سەرێ منە ئای دەلێ لێ ... (درێژ دەبتەوە) دەلۆ لۆ .... (درێژ دەبتەوە).

ئەوڕۆ بەسەرایێ تەورێزێ داکەتیمە بیست وچوار دەرکەیە چل و چار قاوشەیە دوو سەدو پێنج هۆدەیە جەوهەراغا لە هەر دەرکەکا دەربازبووە پۆرا بەندەو لەدوا ڕا قوفلیان لێ قایم کردیە دەگۆ گەلی عاشیرەتێ کوردان بەشانێ چەپەم داڕۆنیە عەجەمان سەربانان کەتینە حەیفێ دلی من دەمینێ قازون و سەربازان پرکردینە لەبۆ کوشتنێ جەوهەراغا بابێ گولێ یان حازرکردیە بەلێ بابۆ ئەوڕۆ جەوهەراغا کاکێ سمکۆ بابێ گولێ وەکی وەی زانیە بەرێ خۆ لەسەرایێ  تەورێزێ کردیە سەلامی نەکردیە دەست ڕێژەکیان لەسەرایێ تەورێزێ کردیە برا دەکردە مەنجەنیق و لۆکورەخانە بەران حەیفەک و سەدجاران مەخابنێ دلێ من هاتیە دەست ڕێژەکیان لە جەوهەراغا بابێ گولێ کردیە دەلۆی لۆ نەمینێم سوارۆ حەیفێ دلێ من دەمینێ بەژنێ جەوهەراغا لە سەرایێ تەورێزێ کەتیە نەدیارە خانم و خاتوون و ئەسمەرو زەریە مافوران دانێن کەچ کەچ بالیفان باوێژنە پارا ئەمان ئەوڕۆ جەوهەراغا لەسەرایێ تەورێزێ کەتیە براۆ گەلە نەخۆش و لۆ چەند بێ حارە.

بەرێ لـێ لـێ ..... (درێـژ دەبێـتەوە) لێـو ئەورۆ مسـتۆ دەگـۆ دە هـایێ سەدجارا هایێ چەندی هاوار دەکەم هاوار نایێ برا هیمدادێ مە لەمە نایێ برا دەنگی جام بێزاران ئاگر بەردا ئەوی سەرایێ حەیفێ دلێ من دەمینـێ سـەری جەوهەراغـا بـابێ گولێ کەوتە بەرداری دەفەنـایێ ئـاخ دەهـایێ دەوای سـوارۆ لەمن نایێ.

بەرێ لێ لێ ... (درێژ دەبێتەوە) لێو دەوجا ئەورۆ مسـتۆ دەگـۆ نـاکەم کۆرۆ عەلۆ ناکەم ئەمن ڕابم سەرێ خۆ بە خـورامێ سـەرێ جەوهەراغـا بـابێ گـولێ دەکەم بەران دەنگـۆ چ کـریە دەنگـۆ ڕابـن دەسـتێ خـۆ بەدارێ جـام بێزاران بحەلینن تەخسـیریێ بە کوشـتنێ عەجەمـان مەکەن بەران بەوەی کەم بە ڕەبیە کوشتنێ وان سەبابان غەزایە لۆ لۆ قەت گوناح نییە.

بەرێ لـێ لـێ .... (درێـژ دەبێـتەوە) لـێ لـێ لێـو بەرێ چـار شـەوو چـار ڕۆژان لەسـەرایێ تەورێـزێ شـەڕیان بەتـار نەکردیە لەپاش چـار شـەوو چـار ڕۆژان دەگۆ نـازانم چ بکەم چ بکرینم چۆن خـۆ لەسـەرایێ تەورێـزێ نەجـات بدەم بـرا چ کریە لەبەردەمـی سـەرایێ تەورێـزێ بەردەکـا لادابیە دەوجـا خـۆ بەقادرماندا شۆڕکریە کاتەکی لەسـەرایێ تەورێزێ دەرچیە مستۆ گاز دەکا لـێ لێ لۆلۆلۆ دەپێدا پێدا بەرێ چار غەریبان بە تاقە سوارە کەتنە ڕێدا.

بەرێ دەوجـا دەگـۆ دەبـاژۆ سـوارۆ بـاژۆ چـار سـواری غەریـبم بـاژۆ بەرێ پشتێ خۆیـان کردە تەورێـزێ وێـران ڕووی خۆیـان کردە چۆلیە بەرێ ئەوێ ڕۆژێ موحتەبەر سـەربانی قەسرێ کەتیە دارێ دوربینێ بەرچـاوێ خـۆ لە قاندیە بەرێ دوربینێ کردە تیلێ بنی بەڕیە گازدەکـا عەیشـانێ ڕەبەنـێ دوو تەنیـال سـوارۆ دەوجـا دەلۆلـۆ لـۆی لـۆ ئەمـان تیپەکـا سـواران دێ و لەمـن دەرکەتیە یان چاوێ من ناکا حوکمێ دارێ دوربینێ یان بابێ گولێ یان لەگەر نییە ئای دەباژۆ سوارۆ لۆلۆ چەند غەریبی.

بەرێ لـێ لـێ ... (درێـژ دەبێـتەوە) لـێ لـێ لـۆ ئەوجـا عەیشـانێ دەگـۆ موحتەبەرێ دێرانێ ڕەبەنێ مار وێرانێ ئەمن ڕابم ئەسـپێ بـابێ گـولێ دەرینم لە تەویلان و تەویلە خانە بکەم قەشاویش و ڕنەکو گەل و گەل تیمارە حەیفێ دلێ من دەمینێ بابێ گولێ کەتیە لەسـەرایێ تەورێـزێ گەلەک نەخـۆش و زۆر بێچارە ئەوجا موحتەبەر دەگۆ عەیشانێ ڕەبەنێ مار وێرانێ ئەمـن ڕابـم لەنـاو

باغێ گولان ڕا گول بژێرکەم ئەمن نازانم لەپاشی جەوهەراغا کاکی سمکۆ سینگ و زەرد مەمکێ خۆ شەوێ لەسێباری شەوێ پێش کێش و حەلالی کێ کەم.

وشە و ماناکانی لاوکی (جەوهەر ئاغا)

| وشە | ماناکەی |
|---|---|
| تەورێزو تاران | دوو شاری ئێرانن. |
| شـــــــیلکێ قەز نەفەرێ | ناوی ماین یاخود ئەسپەکەی جەوهەراغا بووە. |
| دارێ جەلاتێ | لەوانەیە جەلادێ بێـت لەبنەڕەتـدا، واتە لەسـێدارەدان و کوشتن. |
| بەرگێ قەزەرێ | لەوانەیە جـــل وبەرگێکـــی تـــایبەتی ئەو ســـەردەمی دەسـەڵاتداران و پیاوانی ڕژێمی ئێران بووبێت، ئەگەری هەیە قەجەرێ بێت و لە قاجاریەکانەوە هاتبێت. |
| قازوون و سەرباز | پێـــدەچێت لەگەڵ ئەم قـــولەو ســـەنگەرانەی بێـــت، کە لەقشڵەو سەراو قەڵاکانی حکومەت دروست دەکران بۆ چاودێری کردن تیایانداو پاراستنی شوێنەکە. |
| تیلێ بنی بەڕی | - دەشتەکی چۆل و دوور.<br>- تێلـی بنـی بەڕێـی مثـل العـراق، سـوریا، تورکیـا. بارەگای سـەرەکی بنەماڵەی تمر پاشا مللی بووە، ئێسـتا کەوتـۆتە تورکیـا نـاوی (وێرانشـار) نزیـک سنووری سوریا. |
| قەشاویش و ڕنەک و گەل و گەل تیمارە | واتە شوشـتن و خـاوێن کـردنەوەو دەرمـان کردنـی وڵاغ (ئەسپ و ماین). |

### ١٤- لاوكی سمايل بابی سەرهەدی (١):

ئەم لاوكە يەكـێكە لەڕەشـە لاوكەكـان وخواليێخۆشـبوو بەدەنگێكـی ڕەسـەن و ئـاوازێكی زۆر تـايبەتی و خـۆش گوتـويەتی، ئەم لاوكەش هەنـدێكی بەقسـە واتە گێـڕانەوەی چيـرۆكەكەو نـاوە نـاوەش بە بەنـد گوتـويەتی، لە شەسـتەكانی سـەدەی ڕابـردوو زۆربەی شـەوەكان كە خزمەكـان هـاتون لە مـاڵەوە كۆبـوينەوە، بەتـايبەتی شـەوانی زسـتان، ئەم لاوكەو لاوكەكـانی تـرو حەيرانی بۆ گوتون، هەندێك جار نايەشی بۆ لێداون.

ئەم لاوكەش داستانێكی سوارچاكی ومێرخاسی وعەگيديی وئـازايەتيە، كە لە كەسايەتی (سمايل ئاغا)ی بابی سـەرهەدی كۆبـۆتەوە، هەروەهـا بـاس لە بێ وەفايی وخيانەت وپيلان گێڕيش دەكات، كە ئەمەيـان لە عەگيدو پياوەكانی (مـحەمەدی ميری پەهـلەوی) بـاوكی (سـمايل ئاغـا) كۆبـۆتەوە، لەگەڵ پيـاوەتی وگەورەيـی وچـاكە كـردن، كە ئەوەيـان لە كەسـايەتی (حـاجی ئاغـای ميللـی)دا دەردەكەوێت، هەمـوو ئەمـانە واتە نـاوەڕۆك و واتـای داسـتانەكە لە خـوارەوە لەلاوكەكەدا بەمشێوەيە باس كراوە:-

محەمەدی ميری پەهلەوی يەك كوڕی هەبووە ناوی سمايل ئاغا بووە، بەمنـداڵی ژنـی لۆهێنـاو پێـی گـوت كـوڕم مەملەكەتـی ڕەش بۆزيـان عيبـارەتە لەوەی مـن چـل عەگيـدم هەيە، ئەم وڵاتەيـان پاراسـتووە، ئەگەر ئەمـن مـردم ئەتوو دەست مەخە بەردەستی عەگيدان و نـاو لەخـۆت مەنێ عەگيدو رەيس هەتـاكو كەلكـی مەيـدانێت نەبـێ و مەچـووە ديوەخـانێ هەتـاكو عەگيـدەكان تەكليفت لێ نەكەن.

بـابی مـرد چەنـد سـاڵەك بەم حـاڵەی بـابی گـۆتی لەگەڵ عەگيدان ڕای بـواردوو كـوڕێكی بـوو نـاوی لێنـا سـەرهەد، واتە بـووە سـمايل ئاغـا بـابی سەرهەدی، عەگيدی بابيشی تەگبيريان كرد گوتيان سمايل ئاغا مندارەكی دەم ڕوتە ئەمە بەزەبری ڕمی، ئەم مەملەكەتەمان پاراستووە، ئەگەر سمايل ئاغا لە مەملەكەتـی ڕەش بۆزيـان بە ڕەعيـايەتی دانيشـت دەنـا خەبەری دەنـێ دەچينە مەيدانی كۆر حەمەد عەلی پاشای، خوا بەكێ هەمـانی دا بەشـەڕ سـەرۆكايەتی

(١) بۆ گوێگرتنی ئەم لاوكە لە يوتوب:
https://www.youtube.com/watch?v=A76VxhjT1ms&fbclid=IwAR3sGT4g_oViP7d3vSWphosFn4d0XSNzMC6W8RkBeMnN6X548TMKD9231ns

ئەم مەملەکەتە ساغ دەکەینەوە، مندارەکیشیان هێنا لەجێی محەمەدی میری پەهلەوی لەسەر کورسی دایان ناو ناویان لێنا رەیس، ڕۆژەک دوان سیان چار دەنگی قاوەی لەدیوەخانێ نەدەهات، سبەینەکێ سمایل ئاغا هەستا گوتی ستی خان عەجایەب دەنگی قاوە کوتانێ لەدیوەخانی بابی من نایێ دەبی تەگبیری چ بی، بابی من تەگبیری لۆمن کردیە نەچمە دیوەخانێ هەتا عەگید بەخۆیان تەکلیفم لێدەکەن عەجایەب دەنگی قاوە کوتانێ نایێ دەبی سەرەکی لە عەگیدان بدەم. دەرێ سەبر سەبر شۆڕبۆوە تەمەشای کرد مندارەکیان لەسەر تەختی دانایە گوتی ئەوە چییە گوتیان ئەوە رەیسە و لە جێی بابت دانیشتییە.

دەوجا دەرێ لۆی لۆ لۆی...(درێژ دەبێتەوە) لۆو سمایل ئاغا بابی سەرهەدی دەگۆ نابی کوڕۆ نابی عەگیدێ بابێ من نابی بابێ من ئەوێ ڕۆژێ تەگبیری لۆمن کردیە ئەوڕۆکە بەرانەکینێ ناو ناوی عەگیدی منە سوارۆو ئەتو مەچووە دیوەخانێ هەتا عەگیدی من بەخۆیان تەکلیف لەتوو دەکەن ئەوڕۆکە بەرانەکینێ غەدرەکی گەورەتان لەمن کردیە سوارۆو لۆ.

دەلێ لێ لێ ... (درێژ دەبێتەوە) لێو عەگیدی بابی جوابیان دایەوە کوڕۆ سمایلاغا بەرانەکینێ ئەوڕۆ ناو ناوی تو نییە ناوێ عەگیدی بابێ توە لە مەملەکەتی ڕەش بۆزیە ئەگەر دادەنیشی بە ڕەعیایەتیە دەنا بڕۆ سواربە دەچینەوە مەیدانی کۆر حەمەد عەلی پاشای هەتا بزانین لە مەیدانێ کێ بەرخەو کێ بەرانە ئای دەلۆی لۆ... (درێژ دەبێتەوە) ئای نەمینێم سوارێ غەریبم لۆو بابی سەرهەدی لێ.

وەکی وایان پێگوت ئەگەر دادەنیشی بە ڕەعیایەتی دەنا بڕۆ سواربە دەچینە مەیدانێ گەڕاوە زۆر عادزبوو گوتی فایدەی نییە.

ئای دەلۆی لۆی لۆی .... (درێژ دەبێتەوە) دەلۆی لۆ ئەوڕۆ سمایلاغا بەسێ دەنگان کرەگازی دەگۆ ستی خانە ستی خانی چاو بەنگیە ئاگرێ کولێ حەلەبێ بەربیتە مارێ هەرچل عەگیدی بابی من ئەوڕۆ تەگبیریان لەمن کردیە ئەمن ببەنە مەیدانێ کۆر حەمەد عەلی پاشای سەرم ببڕن وەک کاری بەرداکییە ئەتو ڕابە لەبۆمن بێنەوە بەرخەکا ناو بەرخیە لەبۆمن بکەوە چێشت و قاوەڵتی و بریانییە بەران ئەتو نازانی هەتا ئەمن سواربم لە ڕەش کۆتی

بچمەوە مەیدانی کۆر حەمەد عەلی پاشای مەیدانێ بگرم لەهەر چل عەگیدێ بابی خۆم ستی خانی چاو بەنگیيە دەکە ڕووی داکی سپی بی خۆش خۆش چێشت و نانی لەبۆ بابی سەرهەدی دروست کردییە ئەمان بابی سەرهەدی چ کردیە چێشت و نانی خۆی خواردیە هێدی هێدی لەبەرخۆکرد شەرواڕو دەمەل قۆپانەکی عاسمانیە لەگەر جزمەکا ئامودیە چەفیەکا زمڕانیە جۆتە زرێ یەکا داودیە خەنجەرەکا سالّح بەگی نێرۆیی کرمانیە ڕمەکا بیست و چار قەفیە نەمینێم سوارۆو ستی خانی چاو بەنگیە ڕاکشاندیە ڕەشکۆتیە لەپشتێ وی شەتاندیە زینەکا عەنتافیە جۆتە ڕکێفەکا حەوێزیە دانە لغاوەکا مرواریە دەگۆ بابی سەرهەدی ڕۆژێ سێ جاران سەرێ من ببی بەخورامی سەریە بەلێ هێشتا شەڕو هەوێرت قەت نەکردیە بزانم سواربە لەڕەشکۆتی دووجاران ڕەشکۆتی بینەو ببەو ئەمن بزانم کەلکی مەیدانێت هەیە یانە نییە سوارۆ لۆی لۆ لۆی ئای بابی سەرهەدم سوارێ غەرییبانم دە لۆی لۆ.

دەلێ لێ دەلێ لێ ... (درێژ دەبیتەوە دەلێ لێ دەلێ لێ) ئەمان ئەوڕۆ بابی سەرهەدی پێ نابو لە ڕکێفێ خۆ خستە ناو خانێ زینییە هێدی هێدی بیست و چار ڕکێفان لە ڕەشکۆتی لەقاندیە ئەمان دووجاری لەپێش قەسرێ ستی خانێ هێناو بردیە هەر بازەکی ڕەشکۆتی بە چل بازی کەلی کیویە مینایە قوشە دێوو لەلانێ تێکشیە ئەوڕۆ ستی خان گاز دەکا بابی سەرهەدی بڕۆ لە حیفزی خوای دابی قەت عەگید سواری وەکی تووم لە چ عێل و عاشیرەتان نەدیتیە سوارۆو دەباژۆ سوارێ گچکۆکە پێشڕەوێ سوارانم باژۆ لۆی لۆ لۆ ئەمان ئەوڕۆ بابی سەرهەدی بەرێ خۆی لەمەیدانی کۆڕ حەمەد عەلی پاشای کردیە لەوێ دابەزیە ڕەشکۆتی داکوتیە قەلونی خۆی دەرینابوو قەڵنەکی لەتوتنی گارێ تێکردیە بە بەر لێوی تەنکی هەربردیە نەمینێم سوارۆ وەی دەلۆ ئای دەلۆی لۆی سوارێ غەریبم وەی دەلێ لێ.

ئەو لەوێ دانیشتبوو قەڵنەی خۆ تێکردبوو هەتا هەر چل عەگیدی بابی خۆیان حازرکردبوو خۆیان لە چەکاندا غەرق کرد چەکی مەیدانێ چییە ئامادەیان کرد سواربوون بە تەپڵ و دۆڵ و زۆڕناوە داکشان لۆ مەیدانی کۆر حەمەد عەلی پاشای بابی سەرهەدیش بەتاقی تەنێیە.

ئای دەلۆی لۆی ... (درێژ دەبێتەوە) لۆی لۆو وەکی سمایلاغا چاوی بە چل عەگیدی بابی کەتیە هێدی هێدی پێی نابوو لە ڕکیفێ خۆ خستە ناو خانێ زینییە سەبر سەبر تەڕادی لەپێش عەگیدی بابی کردیە بەلێ برا دەگۆ چ محەلە محەلی چێشتەنگاوی میریە ئەورۆ مەیدانیان لێک گرتیە دێتن سینگینێ ڕکێبانە سێ ڕژنێ قایشانە هەوێلی سوارانە کۆڕینی عوبەیشیانە لێکدانی عەگیدانە مێر مێران دەلەقاندن داوو دەلینگان لە ڕکێفێ دەئاراندن تۆز دەگرتن بەرێ عاسمانێ یە دوو سەعاتی مەیدان لەعەگیدی بابی گرتیە سەرێ هەر چلیانی بەدارێ ڕمێ خستە سەر عاردیە ئای نەمینێم سوارۆ وەی دەلۆلۆ ....(درێژ دەبێتەوە) ئای بابی سەرهەدم سوارێ غەریبیانم وەی دەلۆ لۆ.

دەرێ سمایلاغا لە مەیدانی عەگیدی بابی ناجیح بوو زەمان زەمانی حکومەتە کابرایەکی بێکەسە لەپشت و قوەتی خۆی هاتەوە ڕووی کردەوە وراتی خۆیی و قەسری خۆی گوتی ستی خان سەرهەدم لۆبینە لەسەر پشتی وراغی سەرهەدی ماچ کرد گوتی کابرایەکی بێکەسم ئەمن لە وراتی خۆم دابنیشم حکومەت دەمگری ئەمن وادەڕۆم ڕوو دەکەمە ناو عوربانی عارەبان هەتا ماوەیەک ئەگەر بزانم حکومەت لە دوو من گەڕاو ویستی من بگرێ ئەوا ئەتوو سەرهەدم لۆ قوتارکە و مارو ولاتم ناوێ ئەگەر حکومەتیش تاقیبی نەکردم تەبیعی لۆخۆم دێمەوە دوعا بوونی لە ستی خانێ خواستوو جەرەوی وراغی شۆڕکردەوەو ڕۆیی.

دەوجا دەلۆی لۆی ... (درێژ دەبێتەوە) دەلۆی لۆی بابی سەرهەدی هێدی هێدی جەرەوێ وراغی خۆی شۆڕکردیە ڕووی کردە چۆلیە پشتی خۆی کردە ئاوەدانیە ئەوێ ڕۆژێ ڕەشکۆتی لەقاندیە بەرێ چەند شەوو چەند ڕۆژان ڕەشکۆتی ئاژۆتیە هەتا توشی عوربانی عارەبان هاتیە بەران شێخی عارەبان تەماشای کردیە سوارەک ڕووی لە عوربانێ وانکردیە بەران شێخ دەنگی لە وەلەکان ڕاکردیە دەگۆ کورۆ پیاوەکی گەلە گەورەیە زۆر ماقولە لەوی وەرگرن وراغە بزانم سەفەرێ ئەوێ سوارێ چییە نەمینێم سوارۆ وەی دەلۆلۆ.

وراغیان لە سمایلاغا وەرگرتوو سمایلاغا سەلامی کردوو بردیان لەسەری مەجلیسێ لەکن شێخی عارەبان دایان نا عادەتی شێخی عارەبانیش

وابووه هەتا حەفت شەوو ڕۆژان پرسیاری لە میوانی نەکردیە دەڵێ شەوێ وەختی کە دیوەخان چۆل بوو شێخی عارەبان ویستی بڕوا قاوەچی پێراوی لۆ جۆت دەکا بچیتەوە لای ماڕێ مێوانیش لەگەر قاوەچی لە دیوەخانێ دەمینێتەوە سمایلاغا گووتی عەجایەب شێخ سوئالی لەمن نەکرد ئەمن چم لۆچی هاتیمە لەچ دەگەڕێم دەرێ با پێی برێم بزانم شێخ چم جواب دەداتەوە.

دەوجا دەرێ دەلۆی لۆ... (درێژ دەبێتەوە) دەلۆی لۆ دەوجا بابی سەرهەدی بەسێ دەنگانی پێ گۆتیە شێخێ منی شێخێ گەورەو گرانی ساحێبێ لاوو دیوەخانی ساحیبێ کولکو کوڕانی جێێ قاچاغان و فیراران و پیاو کوژانی دەلۆی لۆی لۆو ئەتوو لۆ لەمنت سوئال نەکردیە ئەمن چیمە یان چ نیمە بەرێ خۆم لە دیوەخانی توکردیە دەوجا شێخ فەرمووی کوڕێ من ئەتوو چی و خێر دەبی ئیشاڵا بزانم سەفەرێ تە چیە بەران دەیگۆ ئەتو نازانی سمایلاغام کوڕی محەمەدی میری پەهلەوی بابی سەرهەدیم لەوراتی خۆم لێ قەومام هەر چل عەگیدی بابی خۆم بەدەستی خۆم سەربڕیە ئامان لە مەملەکەتی خۆم زەمان حکومەتە جێی قاچاغان و پیاو کوژان نییە لێی دابنیشی بەرێ خۆم لەوراتی تو کردیە بزانم فەرمانێ تە لەسەر چییە دەلۆی لۆلۆ.

بەلان دەوجا شێخی عارەبان حەیفێ درێ من دەمینێ بەسێ دەنگانی گازکردیە دەگۆ سمایلاغا کوڕی من گەلە بەخێربێی ئەتوو نازانی بەران دیوەخانی من جێی قاچاغان و پیاو کوژانی نییە مەملەکەتی عارەبستان گەلە زۆرە بزانە کێندەرێ جێی قاچاغان و فیراران و پیاو کوژانە دەلۆی لۆی لۆ بەران ئەمن کەلکی ڕاگرتنی دەلۆی لۆی لۆی پیاوکوژان و قاچاغانم نییە دەلێی لێی لێی ... (درێژ دەبێتەوە) لێ لێ دەوجا بابۆ ئەوێ شەوێ سمایل بابێ سەرهەدی لەمەراقان خەوی لێ نەکەتیە پێشی بەیانی بەسێ دەنگان کرەگازی قاوەچیە ئەتوڕابە قاوەکم لەبۆ لێنێ سەفەریمە ئەتوو نازانی شێخی توو چی بەمن گۆتیە ئەمان قاوەچی خۆش خۆش ڕابوو لەخەوێ شیرین قاوەکی لەبۆ بابی سەرهەدی چێ کردییە بابی سەرهەدی قاوەی خۆی نۆشکردییە ڕاکشاندبوو ڕەشکۆتی پێ نابوو لە ڕکێفێ سواری ڕەشکۆتی بووە سوارۆ لۆو بەرێ وای دەباژۆ سوارۆ باژۆ سوارێ غەریبم بابێ

سەرهەدی باژۆ لۆلۆ بەری خۆ کردە مەملەکەتێ غەریبیان باژۆ سوارۆ لۆلۆلۆو ئای دەلۆی لۆی خۆشەویستێ ستی خانی چاوبەنگیە.

دەرێ عەینی شت لە مەملەکەتی عەرەبستان ڕووی کردە عوربانی حاجی ئاغای کۆچەری. حاجی ئاغای کۆچەری ساحێبی دوازدە هەزار ماری کۆچەریە بەران لەپشتی خۆی بێکەسەو هیچ کەسی نییە لۆخۆشی زۆر ئیختیارە. ڕووی کردە دیوەخانی حاجی ئاغای ئێوارێ عەینی شت بە حاجی ئاغای گۆت ئەمن لێ قەومام حارم ئەوهایە دەرێ حاجی ئاغای کۆچەری جوابی داوە گۆتی سمایل ئاغا کوڕم یاخوا بەخێرێی سەرچاوی من حکومەت عایدی من عەشیرەتیش عایدی توو دانیشە ئەتوو لەجێی من ڕەیس بە. دەرێ سمایل ئاغا دانیشت حاجی ئاغای کۆچەری دیوەخانی لۆ سمایل ئاغای چۆلکرد لۆخۆی چۆوە مارێ حاجی ئاغا یەک کیژی هەیە ئەسمەرخان چ خاتونەکە. کولکی ئێزیدی لەگەر مارێ حاجی ئاغای کۆچەری قەدیمول عەیام دوژمنی یەکن چەند تاران و بڕۆو کوشت و کوشتاریان لێک کردیە، قیڕۆ و قنک هەردووک برازای کولکن ڕۆژەکێ لێیان دا لە تارانێ حاجی ئاغای کۆچەری ئاژوایان قاقەزیان لۆ حاجی ئاغای برد گوتیان سەرت سەلامەت بی قیڕۆ و قنک تارانیان برد، گوتی مەیدەنە من بیدەنە سمایل ئاغای لە دیوەخانێ دانیشتیە، دەرێ قاقەزیان دا سمایل ئاغای، سمایل ئاغا بە قاقەزێی داڕۆنی لە خۆشیان بزەی هاتێ، سمایل ئاغا گۆتی قاوەچی ئەمن سبەینێ شەوەکیان دەڕۆم لەدوو تارانێ، ئەتوو هەڕوە سەربانی قەسرێ برێ هاوارە حاجی ئاغای کۆچەریە ئەوە چەند سارە کەرسوارەکت لە دیوەخانێ ڕاگرتیە، ناوت لێنایە ڕەیسی مەملەکەتی، قاقەزی تووی بەدەست گەیشتییە ئەوشۆ هەراتییە کەس نازانی ڕووی لەکێ کردیە ئەتوو وە برێ.

ئای دەلۆی لۆلۆ... (درێژ دەبێتەوە) ئای دەلێی لۆلۆ بەرێ بابۆ سبەینێ پێشی بەیانیە قاوەچی قاوەکا لەبۆ بابی سەرهەدی چێ کردییە لۆ قاوەکا لێ نابوو بەهێلێ بەدارچینیە ئەمان بابی سەرهەدی قاوەی خۆی نۆش کردییە سەبر سەبر ڕەشکۆتی ڕاکشاندییە تەنگەو باری توند کردییە نەمینێم سوارۆو لۆی لۆو بەران لەبەری خۆی کردییە شەروارو دەمەل قۆپانەکا عاسمانییە لەگەر جزمەکا ئامودییە چەفیەکا زمڕانییە زرێیەکا داودی لەشانێ

خۆ بەستییە ئەمان ڕمەکا بیست و چار قەفییە لەگەر خەنجەرەکا ساڵح بەگی نێرۆیی کرمانییە هێدی هێدی پێ نابوو لە ڕکێفێ سەرخانێ زینێ کەتییە دوعا بوونی لە قاوەچی خواستییە ئەمان بەرێ خۆ کردە ئاوێ سۆرماوانێ چۆمێ دوورزی داغێ لەگەر سەحەرێ سبەینێ لەبن چیایێ دوورزی داغێ لەمن ڕاسەکنیە دەلۆی لۆوخا دەلێی لێ لێ .... (درێژ دەبێتەوە) لێ لێو قیرۆ دارێ دوربینێ بەرچاوێ خۆ لە قاندییە بەرێ دوربینێ لەبن چیایێ دوورزی داغێ کردییە بەسێ دەنگان کرەگازی بەران قنک بەوەی کەمە بە ڕەبییە سوارەکا لەبن چیایێ دوورزی داغێ لەپێشی مە سەکنییە مەگەر خودا ڕۆژی مەی نەینابی دەنا هەجەلێ مە بەدەستی ئەو سوارەی هاتییە سوارۆوخا. بەران بابۆو قاوەچی سبەینێ لەگەر تاوێ ڕۆژێ هەراتییە سەربانی دیوەخانێ کەتییە ئەمان گازدەکا کوڕۆ هاوارە حاجیاغای کۆچەرییە ئەوە سەرێ چەند سارە کەرسوارەکت لە دیوەخانێ ڕاگرتییە ناوت لێنایە ڕەیسی مەملەکەتی ئەوشۆ قاقەزی تووی بەدەست گەیشتیە لە ترسان هەراتیەو کەس نازانی رووی لەکێ کردیە نەمینێم سوارێ غەریبم وەی دەلۆلۆ دەوجا حاجیاغای کۆچەری لەتاوان سەربانی قەسرێ کەتییە دارێ دوربینێ بەرچاوێ خۆ لەقاندییە ئەمان بەرێ دوربینێ کردە ئاوێ سۆرماوانێ بن چیایێ دوورزی داغێ راگرتییە ئەمان دەگۆ کوڕۆ سەگی لەبابی سەگییە یان چاوێ من ناکا حوکمێ دارێ دووربینێ یان لە بن چیایێ دوورزی داغێ شەڕەو تۆز بەری عاسمانێی لەمن راگرتییە سوارۆوخا ئەمان ئەوڕۆ بابی سەرهەدی هێدی هێدی بەرێ خۆ کردە ناوتیپێ سوارێ ئێزیدیان ئەوڕۆ بابۆ تۆز دەگرتن بەرێ عاسمانانا دێتن سینگینێ ڕکێڤانە سێڕژنێ قایشانە هەوێلی سوارانە لێک دانی عەگیدانە کۆڕینێ عوبەیشیانە هاوار هاوارێ وەزلێ برا ئێزیدیانە ئەوڕۆ مێر مێران دەلەقاندن داوو دەلینگان لەڕکێبێ دەئالاندن تۆز دەگرتن بەرێ قبولیە دوو سەعاتی مەیدان لە ئێزیدیان گرتییە مینایە گورگەو دەکەوتە ناو کۆزێ مەڕیە بەرێ سوارۆ های دەلۆی لۆلۆ. ئای بابێ سەرهەدم لەوراتێ غەریبیانم قەستە سەرێ ئیزیدیانم سوارۆوو .....(درێژ دەبیتەوە).

دەرێ تارانی ئێزیدیانی لەگەر هی حاجی ئاغای کۆچەری پێشی بەسەر پاشیدا وەرسوڕاندوو دوو قەرەبینای بەسەردا تەقاندوو هێنای

گێـڕایەوەو لەگەر بـانگی مەغریبـێ تـارانی بەنـاو عوربـانی داکـرد، تـارانی هێنایەوەو وەکی ئەوەیان لە سمایل ئاغای دیت ئێوارێ چەند پیاوی زەریف و مناسـب لە دیوەخـانێ خڕبـوونەوە گوتیـان حـاجی ئاغـا عەگیـدی وامـان کەم دیتیـیە گـوتی ئەوجـا چـارەی ئەو عەگیـدەی چیـیە گوتیـان وەڵا چـارەی ئەو عەگیدەی چییە چارەی هەرئەوەیە گورەکت هەیە لە باغی پێش کێشی کەی، ئەسمەر خان چ ئەسمەر خـان هێشـتا بـای پێ نەکەتیەو کەس بەچاوی خـۆی نەیدیتییە، دەرێ بانگی مەلای کرد ئەسمەر خانی لێ مارەکردوو پێش کێشـی کرد، قەسرەکی لۆ ئامادەکردوو گوتی سمایل ئاغا ئێمە لە باوو باپیرمـانەوە لە قەدیمەوە هەروابووە چ کابرایەک بەزاوا بەنـدی بێتە کنمـان چ کچمـان بدەینە کابرایەکی چوونە دوو تارانێی لێ ناکەوی ئەگەر سبەینێ تارانی مـن هەمـووی لەو دەقەی ڕۆیـی ئەتـوو نەکەی بچـیە دوو تـارانێ. دەرێ سـێ ڕۆژی پـێ نەچـوو بەتەواوی کـولکی ئێزیـدی دوو بـرازای کـوژرایەو ئەوەنـدە کوشـت و کوشـتارەی لێ کرایە تەبیعی لەو حەقەی خۆش نـابی. دەرێ هـات لە تـارانی حـاجی ئاغـای داو تـارانی حـاجی ئاغـای ئـاژوا، خەبەریـان دا حـاجی ئاغـای گۆتیان سەرت سەلامەت بی کولکی ئێزیدی تـارانی ئـاژوا، گـوتی خەبەرمەدەنە سـمایل ئاغـای. مـام حـاجی ئەختیـارەو سبەینێ دەسـتی دا ڕمـی و سـواربوو ڕۆیـی لە دوو تـارانێ، ئەسـمەر خـان لە دەوری قەسـرێ هـاتوو چـۆی دەکـرد پیرێژن فسک و هۆڕیان بوو دەیانگوت بابی ئەسمەرخانێ لەدوو تارانێ ڕۆیـی بەو ئیختیاریەی، ئەسمەر لەخۆشی مێردی ئاگای لێ نیە، ئەسـمەرخان هـاتەوە ژۆرێ عاجزبوو سمایل ئاغـا گۆتی چییە ئەسـمەر، گۆتی چییە ئەتـو لەژۆرێ پـارت دایتەوەو تـارانی بابمیـان بردییە بـابم لەدوتـارانێ ڕۆییە، دەرێ سـمایل ئاغـا دەسـتی شـل کـرد لەبەری دەمـی ئەسـمەرخانێی داو گـوتی بابـت ئەوهـای بەمـن گـۆتییە ئەتـوش ئەوهـا دەرێـی ڕەشـکۆتم لـۆدەرینە دەرێ ئەسـمەرخان گۆتی سمایل ئاغا یاخوا لـۆ خـاتری وجـاغی بـاب و بـاپیرم توشـی سـەدەمەکی بێـی بەمـن نەبـی بەهـیچ کەسـەکی چارەسـەر نەکرێـی دوعـایەکی ئەوهـا زۆر گەورەی لێکرد.

ئـای دەلۆلـۆ... (درێـژ دەبێـتەوە) لـۆی لـۆی لـۆ بەلـێ دەوجـا بـابی سەرهەدی بەوێ سەحەرێ سبەینێ چ کردییە قاوەڵتی خۆی کردییە سـواربوو

هێـدی هێـدی جەرەوێ ڕەشـكۆتی شـۆڕكردییە ئامـان پشـتی خـۆی كـردە ئـاوەدانیە بەرێ خـۆی كـردە چـۆلیە ڕووی كـردە ئـاوێ سـۆرماوانێ چـۆمێ دوورزی داغێ بن چیایێ دوورزی داغێ برا سـەكنیە ئەمـان كاتەكی گەیشـتە بـن چیایێ دوورزی داغێ سەیری كردیەو پێداڕۆنیە حاجیاغا لەگەر كولكی ئێزیدی مەیدانیان لێک گرتیە ئەمـان ئەوجا بـابێ سـەرهەدی لەوێ دانیشـتیە تەماشـای دەست و ڕمی حاجیاغای كردیە حەیفێ درێ من هاتیە حاجیاغا زۆر ئیختیـارە كەلكـی مەیـدانێی نییە لەدری خـۆی دەیگـۆ بەنـدەكی پێداهەردەرێم بە كـولكی ئێزیدییە ئەگەر ڕووی كردە مەیدانی بابی سەرهەدی باشە دەنا قەیدێ ئەو بێ غیـرەتیەی ناكـا لەدواڕا رمەكـی داوێـمە بەینـی هەردوو قـۆرنجی بەتەمـامییە سـوارۆ لۆ. گـوتی پێی دەرێم ئەگەر ڕووی لەمن كرد باشـە ئەگەرنـا ئەو بێ غیرەتییە با لۆمن بی لە دواڕا لێی دەدەم حاجی ئاغا ئیختیارە كەلكی مەیدانێی نییە.

بەران دەلۆی لۆ ... (درێژ دەبێتەوە) لۆو ئەوڕۆ بابی سەرهەدی بەسـێ دەنگـان گـازكریە كـوڕۆ كولكـۆ كـولكێ ئێزیـدییە ئەتـو نـازانی مـام حـاجی زۆر ئیختیارە كەلكی مەیدانێی نییە بەلێ پێم باوەڕبكە سەرێ قیڕۆو قنكم وەزلێ لە مەیـدانێ بەدەسـتی خـۆم سـەربڕییە چەنـد وراغ و یەختـرمەی تـۆم لۆتـاران كـردییە ئەوڕۆ مەیـدان مەیـدانی تـوو سـمایل بـابێ سـەرهەدیان گـۆتییە ئەوجـا كولكی ئێزیدی وەكی وەی زانییە جەرەوی وراغی خـۆی وەرسـوڕاندییە بەرێ خۆ لە مەیدانی سمایلاغا كردییە.

بەرێ دەلـێ لـێ ... (درێـژ دەبێتەوە) لۆلـۆو سـوارۆ دەوجـا مـام حـاجی لەوێ دانیشتییە قەلونەكی تێكردییە قەلونا خۆ تەژی كـردییە تەماشـای دەسـت و ڕمـی سـمایلاغا بـابی سـەرهەدی كـردییە، ئەمـان سـمایلاغا لەگەر كـولكی ئێزیـدی لێک دەكەتـنە هـۆرتێ مەیـدانا ئەمـان لەسـبەینێ چێشـتەنگاوێ میـرییە هەتا نوێژی نیڕوانێ چ تاق پشتیان لە چ تاقیان نەساندییە نەمینێم سوارۆ لۆی لـۆ ... (درێـژ دەبێتەوە) لۆوخـا. دەوجـا بـابی سـەرهەدی زۆری تـرس لێغـارب كـردییە ئەوجـا چەنـد بەنـدان بەدری خۆیـدا هەرگـۆتییە، دەگـۆ ڕەبـی عەمـرت نەمینـێ بـابی سـەرهەدی لەوێ ڕۆژێـت كەوی لەمەیـدانی كـۆر حەمەد عەلـی پاشـای هەر چـل عەگیـدی بـابی خـۆت سـەربڕییە وەزلـێ چـاوی سـەرهەدت

لەوراتی غەریبیان بەجێ هێشتییە بەرێ ئەورۆ گەلە حەیفە لە وراتی غەریبیان بەدەستی ئێزیدیەکی بێیە کوشتنێ ئەمان چاوی سەرهەدی لەتوو ببیتە ئاخ و کەسەری بن گرییە سوارۆ دەکە عەمرت نەمینێ لەوێ ڕۆژێت کەوی لەبن چیایێ دورزی داغێ سەری قیڕۆو قنکت بڕییە ئەورۆ گەلە حەیفە بەدەستی ئێزیدیەکی بێ یە کوشتنێ ئاخ دەلێ سوارۆ ئای دەلۆی لۆی ... (درێژ دەبێتەوە) لۆی لۆ. ئەوجا سمایلاغا بیست و چار ڕکیفان لە ڕەشکۆتی لەقاندییە ئەورۆ هەر بازەکی ڕەشکۆتی بە چار بازی کەلی کێویە مینایە قوشەو دێوو لەلانێ فڕیە پشتی لە کولکی ئێزیدی ستاندییە خۆخستە سەرخانێ ڕکێفێ ڕمەکی حەوارەی بەینی هەردوو قۆرنجی کردییە قەلبوزی زینیشی لەگەر بردییە دەوجا بابۆ حاجیاغا وەکی وای چاو پێ کەتییە حاجیاغا سواربوو شانی لەگەر بابی سەرهەدی گرتییە دەکەوتنە ناو تیپێ سوارێ ئێزیدیانا میسالێ گورگە و دەکەوتە ناو کۆزی مەڕیە تاق تاق و جۆت جۆتی لەسەری مەیدانێ فڕێدانە سەر عەردیە دەلۆوخا بەرێ بابی سەرهەدم لێ لێ ... (درێژ دەبێتەوە) لێ لێ ئەمان خۆشەویستێ بەردرێ ئەسمەرخانم لێ لێ ... (دریژ دەبێتەوە) لێ لێ وخا ئای لە وراتی غەریب و غوربەتیانم نەمێنم سوارۆو لێ خا.

دەرێ تارانیان وەرسوڕاندەوە سمایلاغا ئەوە چەند هەلی لۆبێت کەیفەکی زۆر زۆری بەخۆی هات مام حاجیش هەندەی دیکە زەوقی لەگەڵ هات. دەرێ کۆنە عەگیدەکی پیری کولکی ئێزیدی زۆر پیرو قەدیم و دنیا دیتەبوو هات لەپێشی وان لە ئاوی سۆرماوانێ خۆی لەبۆسەی نا، سمایلاغا لە پێشی تارانێ تەڕادی دەکاو دێ و دەچی گەیشتە ئاوی سۆرماوانێ ڕاستی کۆنە عەگیدی ئێزیدی حاجی ئاغا سەیری کرد سمایل ئاغا سپی هەرمابوو چەفیەکی لەکن بوو لەبرینی خۆی پێچا گوایە نەهێلی حاجی ئاغا بزانی بەڵام حاجی ئاغا زانی گوتی سمایل ئاغا بڕۆوە ئەمرکە چەند دکتۆری لە مەملەکەتی کۆچەری هەیە خڕبنەوە هەتا ئەمن دەگەمەوە جێ عیلاجی برینی توو بکەن ئەم برینەی قەپات کەن، دەرێ گەیشتەوە جێ هەرچەندی دکتۆر هەوڵیاندا دەرمانیان بەکارهێنا خوێنی برینی سمایل ئاغایان پێ ڕانەوەستا حاجی ئاغا گەیشتەوە مارێ وەک سەیری کرد زۆر بەم وەزعەی سمایل ئاغا

تێکچوو، حاجی ئاغا دەرێ سمایل ئاغا لەگەر ئەسمەر خانی هیچ عادزیتان نەبووە، دەرێ بەخوای قسەکی ئەوها لەبەینمان هەبوو عادزیەکمان بووە دوعایەکی ئەوهای لەمن کردیە، حاجی ئاغا دەرێ ئەسمەر خانم لۆ بانگ کەن، دەرێ ئەسمەر خان هات بەدەستی خۆی دەستە مەرحەمەکی گرتەوە خستیە سەر برینی سمایل ئاغای خوێنەکە ڕاوەستاو برینەکەی قەپات بوو. سمایل ئاغا چەند ساڵەک بەم شێوەیە دەمینێت کەس نابێ سەر لەسەری بدات ڕۆژەکیان بەحاجی ئاغا دەڵێ ئەمن چەند ساڵە وراتی خۆم بەجێ هێشتیە ئەگەر مۆڵەتم بدەی دەچم بزانم ژنم مایە کوڕم مایە وراتی ڕەشبۆزیان چی بەسەر هاتیە. دەرێ سمایل ئاغا سواربوو چەند شەوو چەند ڕۆژ ئاژوای ڕۆژەکێ پێشی بەیانی داخلی وراتی خۆی بۆوە چووە پێش قەسری ستی خانێ. ئەوجا لێ لێ لێ ... (درێژ دەبێتەوە) لە هێی لێ لێ. ئەوجا دەرێ بابی سەرهەدی بەری خۆی لە قەسری ستی خانێ کردیە نۆبەدار تێیان ڕاخوڕی دەیان گۆ کوڕۆ ئەتوو کێی و کێ نی لۆلۆی سوارۆ لۆلۆ دەی گۆ کوڕۆ ئەتو نازانی سمایلاغام بابی سەرهەدی خۆشەویستی پێش دلێ ستی خانێ نەمینێم سوارۆ لۆ ئەمان گاز دەکەن ستی خانە ستی خانێ چاو بەنگییە سوارەکا لە پێش قەسرێ سەکنیە دەرێ ئەمن سمایلاغام بابی سەرهەدی ئەمان گاز دەکا لۆلۆ کوڕۆ سمایلاغا گەلەک بەخیربێی سەر سەرو سەرچاوی ستی خانێ ئەمان ئەتوو نازانی ئەوڕۆ سەرهەد گەورەیە لە دیوەخانێ ساحێبی چەند خورامـوو خزمەتکارانە بەرێ خۆ بکە دیوەخانێ مێوان بە لە سەرهەدی مندارە نەفامەو نەزانییە لۆوخا بەران سبەینێ چەندی ئەمن برێم بابی تووە بڕوام پێ ناکە لۆو قەت ئەتووی نەدیتییە نەمینێم سوارۆ ئای دەلێی لێ ... (درێژدەبێتەوە) لێ لێ لێو ئای دەلێ لێ سوارێ غەریبم وەی دەلۆخا.

دەرێ وەری نەگرت گوتی سبەینێ چەندی برێم بابتە سەرهەد بڕوام پێ ناکا قەت بابی خۆی نەدیتیە دەرێ داخووە کێیە داکم تەماحی تێ کردییە هەڕوو میوان بە لەسەرهەدی ئەوجا سبەینێ وەرەوە کنە من، دەرێ سمایل ئاغا بەری خۆی وەسوڕاند ڕووی لە دیوەخانێ کرد لەوێ نۆبە دار لێیان ڕاخوڕی گوتیان ئەتوو کێی گوتی ئەمن سمایل ئاغام بابی سەرهەدم خەبەریان دا سەرهەدی گوتیان بابت میوانە، دەرێ سەرهەد لەخەوێ بوو

لەخەوێ یان هەرپچڕی بەرەو پیری بابی چوو بەسەری قۆتی وبەپێی پێ خواستی گوتی ئەتوو بابی منی گوتی بەرێ بابتم گوتی بەچیت پێ باوەڕبکەم گوتی بەهەموو شتەک لە داکت بپرسە گوتی نەخێر ئەمن لەداکی خۆم زانییە ئەتوو سەری چل عەگیدی بابێ خۆتت بڕییە لە مەیدانی کۆر حەمەد عەلی پاشای، ئەگەر ئەمن لەتوو بم دەبی عەگید بم وەک توو ئەگەر لەتوو نەبم کەلکی مەیدانێم نییە، دەرێ بابە ئەمن و توو دەبی لە مەیدانێ لەیەک مەعلوم بین، دەرێ گوتی کوڕم ئەمن ماندیمە چەند شەوو ڕۆژە لەسەر پشتی وراغی گوتی بابە نەخێر قابیلی نییە دامەبەزە وەرسوڕێوە دەرێ سەرهەد مندارەو دری ناشکێنی دەنگی لە خورامان کرد وراغیان لۆ سەرهەدی زین و پەرداخ کرد، سمایل ئاغاش کو لەسەر پشتی ڕەشکۆتیە هەر لەسەر پشتی ڕەشکۆتیە. ئای دەلۆی لۆ دەلۆلۆ .... (درێژدەبێتەوە) دەلۆی لۆ دەوجا دەگۆ بەیانە برا خۆش بەیانە سەحەرێ سبەینێ باب و کوڕ لە مەیدانی کۆر حەمەد عەلی پاشا لێک دەکەوتنە مەیدانە سوارۆ لۆو لۆلۆ دەوجا دەرێ باب و کوڕ لێک دەکەوتنە مەیدانە مەیدانیان لێک گرتیە چەند سەریان یەکتر هیناو بردیە سوارۆو لۆ دەوجا سمایلاغا دری نەهاتیە لەسەرهەدی بدە دەگۆ کوڕۆ باخۆی لۆ بشکێنم بزانم کوڕێ من دری دێ لەمن بدا یاخود لێ نادا، بابی سەرهەدی خۆ لۆ سەرهەدی شکاندیە پشتی لەسەرهەدی کردیە سەرهەد دری نەهاتیە لەبابی بدە نوکە ڕمەکی گەیاندە بن ڕانی دەگۆ بابۆ لەتومە یان لەتونیمە ڕاستم پێ برێ بە تەمامیە دەلۆلۆخا. سمایلاغا گوتی کوڕێ من لەمەیدانی بابی خۆت دەرناچی بەران لەمنی دەرێ دەست و دەمی یەکتریان ماچ کرد باب و کوڕ پێک شادبوونەوە حەفت شەوو حەفت ڕۆژان شایی و دۆرو زوڕنایان گێڕا ئەوجا سەرهەد گوتی بابە ئێستا لە کێندەرێی گوتی لە کۆچەریان گوتی بابە سەری دوو بەرانان لە مەنجەرەکی ناکورێ داکم دەبەی بیبە نای بەی کەیفی خۆتە ئەتوو برۆ ئەتو لە کۆچەریان ڕا پێداوەرە ئەمنیش لە ڕەشبۆزیان ڕا پێدادێم تاکو لێکی دەدەین.

وشە و ماناکانی لاوکی (سمایل بابی سەرهەدی)

| وشە | ماناکەی |
|---|---|
| ئاوی سۆرماوانێ | دەکەوێتە دامێنی چیای سور لە وڵاتی سوریا لە ناوچەی کلس. |
| چیایێ دوورزی داغێ | جبل الدروز لە لبنان. |
| کۆزی مەڕی | شوێنی حەوانەوەی مەڕ. |
| قەرە بینا | جۆرە چەکێکی کۆن بووە، وەک دەمانچە بووە. |
| تەڕاد | سوار سوارانێ، واتە غار پێکردنی ماین و ئەسپ. |

## ١٥- لاوکی دەروێشی عەبدی(١):

ئەم لاوکەش یەکێکە لە ڕەشە لاوکەکان، داستانێکە لە غەدرو زوڵم و شەڕو هەوێل و ئازایەتی و بوێری و سوارچاکی و خۆشەویستی. (دەروێشی عەبدی) لە بنەڕەتدا ئێزیدیەو ناوی (میر سلێمان بەگ)ە، زۆر بچوک بووە باوک و دایکی مردون ئامۆزایەکی خۆی دەستگیرانی بووە، بەناوی (گولێ) زۆر جوان بووەو یەکتریان خۆش ویستووە، بەڵام ئامۆزایەکی تری بەناوی (محەمەدی زەرێ) (دەروێشی عەبدی) لە وراتی خۆی دەرکردووەو موڵک و ماڵ و دەستگیرانەکەشی لێ زەوتکردووە، دەروێش پیرە مامێکی دەبێ بەگەڵی دەکەوێت و دەڕۆن تاکو دەگەنە سنووری قەڵەمڕەوی (تەمر پاشای ملان)، لەوێ دەبێتە خزمەتکارو قاوەچی، (تەمر پاشا) شەڕی لەگەڵ (ڕەشید ئاغا)ی ئێزیدی هەبووەو مەیدانیان لێک گرتووە، دەروێش بەبێ ئاگاداری و بەنهێنی ڕۆژانە دەچێت مەڕو ماڵات و وڵاغی (ڕەشید ئاغا) بە تاران دێنێت، تەنها (عەدلە خان)ی کچی (تەمر پاشا)ی چاودێری دەکات و ئاگای لێیەو عەشقی دەروێشی دەبێت، ئەم پاڵە پەستۆیەی (دەروێشی عەبدی) لەسەر لەشکری

---

(١) بۆ گوێگرتنی ئەم لاوکەی لە یوتوب بەبێ مۆسیقا:
https://www.youtube.com/watch?v=TQEeGP6U0M8&fbclid=IwAR0vaR1bob7EunU59FM6WjWWpXo_n3QQIbpckws0LCaUyQMN60tZ5RNbN-8
هەروەها بۆ گوێگرتنی لاوکەکە بە مۆسیقاوە لە یوتوب:
https://www.youtube.com/watch?v=usmmdbzf7ZI&fbclid=IwAR344gL2XwgWO8Ubg8H2LD6yPVWkaoLnX5zbfXNHSNzSh9eC69hCeqXq29w

(ڕەشید ئاغا)ی ئێزیدی وادەکات (ڕەشید ئاغا) بشکێ و لەشەڕ بکشێتەوە، ئینجا (تەمر پاشا) دەڵێ کێیە ئەو ئازایەتیەی کردیە من (عەدلە خان)ی دەدەمێ، دەروێش قسان ناکات سێ جار دووبارەی دەکاتەوە ئینجا (عەدلە خان) دێتە دیوەخانێ و دەڵێ کەس نییە جگە لە (دەروێشی عەبدی)، ئینجا دەروێش دەڵێ پاشا ئەمن ئێزیدیم (عەدلە خان) لۆمن نابی، پاشا دەڵێ ئەگەر ئێزیدیش بی یەک تالانی ترهەیە، لۆم بکە (عەدلە خان)ت دەدەمێ. (تەمر پاشا) دەڵێ تارانی (محەمەدی زەرێ)م لۆبینە، ئینجا دەروێش دەچی محەمەدی زەرێ دەکوژێ و تالانەکەشی دەهێنێت.

لاوکە کە بەبەند بەم شێوەیەی خوارەوەیە:-

لۆی لۆی لۆی ... (درێژدەبێتەوە) لۆی لۆو هەی لێ خودێۆ دەگۆ دەروێشم دەروێشی عەبدیمە ڕم زراوێ ڕم لەپیمە سواری جوانە ماینەکا کەوێتی دامان تاریمە نەمینێم سوارۆو لۆی لۆ خودێۆ ئەمان ئەنگۆ نازانن خۆشەویستێ لەبەر دلێ عەدلە خانێ چاو بەنگیمە ئەمان عەدلێ دەگۆ هاوارە خودێۆ لەتۆم دەوێ دین و ئیمان تفەنگەکا بە لێدان ماینەکا خۆش بەز جۆتە تاژیەکا بکوژ کوتکەکا لە دارێ بناوێ لەبۆ خاترێ کوڕە سوارێ عەبدی ڕۆژێ سێ جاران سواربی بچیتەوە دەشتێ حۆگنێ تیلاوێ بنێ بەڕێ سوارۆخا. ئەمان ئەوڕۆ ئەنگۆ بڕۆننێ دەروێشی عەبدی سوارە لەجوانە ماینەکا قەرە قەبەشی کەوێتۆ ئێواران مەجالی بەرەو دیوەخانی تەمر پاشایێ ملان دێتۆ ئەمان خۆش دێ تەقێ ئەنگوستیلێ کوڕە سواری عەبدی لەسەر کێلەکا ڕمێتۆ قەرارێ من وابی ئێوارێ ئەمن ڕابم ڕانێ خۆ دانێم لەسەر ڕانی کوڕە سواری عەبدی ئەمان سبەینێ بابێ من لەپێش چاوی کوڕو کارێ گوندی سەرم دانێ لەبەرداری دەجەلێتۆ ئای دەلۆی لۆ ... (درێژدەبێتەوە) لۆوخا.

ئای لۆلۆ سوارۆ بەرێ لێ لێ ... (درێژدەبێتەوە) لە هێ لێ لێ دەوجا عەدلێ گازدەکا خودێۆ چ جارەکێ دەروێشی عەبدی دەچیتەوە مەیدانێ ڕەشیداغای ئێزیدیە ئەمن ڕابم لەشەقێ باڵێ خۆدا فڕیمە لەسەر کۆشکێ بابێ مەمەندو مشیر وەز نیشتیمە ڕابم بەرێ خۆ بکەمە لان و عەشیرەتێ کۆنێ ڕەشی عەرەبی پشتێ خۆ بکەمە وراتێ غەریبیان براوی هەتاوێ ئاخ بەران چ

جارەکێ ئێواران دەروێشی عەبدی دێتەوە لە مەیدانێ ڕەشیداغای ئێزیدیە ئەمن ڕابم چادرەکا لەبۆ کوڕە سوارێ عەبدی ڕابچەقینم، سینگێ خۆ بکەمە دۆشەکا مەمکێ خۆ بکەمە فنجانێ قاوێ ئەمن شەوێ لەسێ باری شەوێ دا ڕابم ڕوومەتێ ڕاستە بدەمە بەر قەفێ سمێڵێ ئەمان نەمینێم ڕوومەتێ چۆپە لەعەزەتی ویدا بێتە دەسلاوێ ئای دەلۆی لۆی ... (درێژدەبێتەوە) ئاخ لێ لێ دەروێشۆ.

ئەمان عەدلێ گازدەکا گەلی خانم و خاتوونێ گوندێ مە ئەنگۆ نازانن کوڕە سوارێ عەبدی سوارە لە جوانە ماینەکا کەوێتۆ لۆی لۆ ئەمان بەرانەکینێ گازدەکا زەینەب خانێ گول گولیە ئەتونازانی هەنکوە دەڕەوینم پەزی ڕەشیداغای ئێزیدیە لەگەر بێریە ئەمان زەینەب خانی خوشکی ڕەشیداغای ئێزیدیە گازدەکا کوڕۆ شۆڕە سوارێ حوسێنیە ئەگەر عەگیدی بەرێ خۆ بکە مەیدانە ئەگەر میوانی بەرێ خۆ بکە لاوو دیوەخانە نەمینێم سوارۆو لۆوخا. دەوجا دەروێشی عەبدی بەسێ دەنگان گازکریە زێنەب خانێ گول گولیە ئەتوو نازانی نەعەگیدێ مەیدانم ئەمان نەمەسافیرێ دیوەخانم وەزلێ قەستە سەرێ ئێزیدیانم کلێ چاوێ زەینەب خانم ئەمان سوندەکم خواردیە بە کەلامێ بە ڕەبیە بەو دینی خۆم پەرستیە هەنکوە دەڕەوینم پەزی ڕەشیداغای ئێزیدیە لەگەر بێریە لۆوخا. ئەمان دەروێشی عەبدی جۆتە قەرە بینایەکا بەسەر پەزی ڕەشیداغای ئێزیدیدا تەقاندیە ئەمان گازدەکا زەینەب خانێ گول گولیە ئەتوو ئێوارێ برێ ڕەشیداغای ئێزیدیە کەرسوارەکا لەمن ڕاهاتیە سوارۆو لە هۆی لۆلۆ ئەمان سوندەکی خواردیە بە کەلامێ بە ڕەبیە سبەینێ لەگەر گەردی بەیانییە دەگەمە سەر سەری ڕەشیداغای ئێزیدیە ئەمان سەری وی دەبڕم وەک کاری بەرداکییە دەدەمە بەرتۆپێ ڕمێ نسریە لۆ تەمر پاشای دەبەم بەدیاریە لۆوخا ئەمان لۆ بەندەوارم سوارۆ ... (درێژدەبێتەوە) لۆ ئای گەلە بریندارم لۆو چەند عەودالم دەروێشۆ لۆ ... (درێژدەبێتەوە) خا.

دەرێ تەمر پاشای ملی لەگەر ڕەشیداغای ئێزیدی چەند شەوو ڕۆژان لەدەشتی عودێ شەڕیان بوو شەڕەکی گەورەو سەخت، دەروێشی عەبدی نەدەچوە شەڕێ دەچوو لەلایەکی یان لە مەڕی ڕەشیداغای دەدا یان لە

وراغی و بەتاران دەیهینا عەدلە خانیش سبەینان دەچووە سەربانی قەسرێ تەمەشای دەکرد تەنها دەروێشی عەبدی تارانێ دەینی کەسی دیکە نییە، تارانێ بینی چاوی بە دەروێشی عەبدی کەوت بەتەواوی عەشقی دەروێشی بوو کەسی دیکەی ناهاتە بەرچاوی. دەروێش چوو مەڕی ڕەشیداغای هیناو بە زەینەب خانی خوشکی رەشیداغای گووت سوندەکم خواردیە بە کەلامێ بە ڕەبیە سبەینێ ئەو وەعدەی لەسەر سەری ڕەشیداغای حازرم سەری دەبڕم وەک کاری بەرداکییە لۆ تەمر پاشای دەبەم بەدیارییە.

دەرێ ئێوارێ وەکی شەڕ تەواوبوو ڕەشیداغا گەڕاوە خێمەی خۆی زەینەب خانی خوشکی پێی گووت برام ئەوڕۆکە سوارەک لەمن ڕاهاتیە سوندی بە قەسەمێ خواردیە سبەینێ لەگەر گەردی بەیانییە سەری تۆ ببڕی و لۆ تەمر پاشای ببە بە دیارییە، دەرێ خوشکم شکلی ئەو سوارەی کوبوو دەرێ وەڵاهی برام نازانم نەخالیدی بنی وەلیە نە مەلەکی ئاسمانی ژێریە قەت عەگیدی وام لەچ عاشیرەتان نەدیتیە. دەرێ خوشکم ئەوە لە خۆمانەو لەکەس نییە. دەرێ ڕەشیداغا دەنگی لە عێلی کرد گووتی کوڕۆ یاڵڵا چەند کەلە بارگیری مایە لێنێن بڕۆن بە خودای ئەوە سبەینێ یەکمان نایەلی، دەرێ سبەینێ هەستان لەشکری ڕەشیداغای نەمایە خەبەریان دا تەمر پاشای گووتیان سەرت سەلامەت بی دەشتی عودێ چۆلەو خێمە نەمایە دەرێ تەمر پاشا دەنگی لە عێلی کرد، گووتی کێیە ئەو ڕەشیداتیەی لەگەر من کردیە بێ عە دلە خانی بدەمێ، دەرێ پیرە کوڕە کوڕە خڕبوونەوە لە دیوەخانی تەمر پاشای مەلان ئەو گووتی ئەمن ئەو گووتی ئەمن عەدلە خانیش بەخۆی دەیزانی کێ یە ئەو حەرەکەی کردیە بەچە دەروێشیش قاوەی خۆی لێ دەنێ و هیچ گێی لێ نییە، دەرێ عەدلە خان خۆی شۆڕکردەوە لۆ دیوەخانێ گووتی ئێستا بابم لە یەکەکم مارەدەکا کە ئاگای لە هیچ نییە لەسەر ڕووی خۆی هەراوێشت هاتە دیوەخانێ، ئەوجا ئەوە بەند عەدلە خان لەوێ پێیدا هەردەرێ.

ئای دەلۆی لۆی ... (درێژدەبێتەوە) لۆی لۆی لۆو ئەمان ئەوڕۆ عەدلێ گازدەکا گەلی خانم و خاتوونانە ئەمن نازانم نە بەیانە نە بەری بەیانە، بەرێ نازانم نەبەیانە نەبەری بەیانە دەنگۆ بڕۆننە دەشتی عودێ نازانم نەتۆزە

نەتومـانە نە هەورە نە بـارانە نە ترشــە نە تـارانە نەتـۆزێ بـن پێیـێ سـوارێ عەبدۆییانە نەمینێم سوارۆ هەی لۆلۆ ئەمان گەلی خانم و خاتوونان گازدەکەن عەدلـێ عەدلە خـانی خـانمێ نـاو خاتوونـانی کچـی تەمـر پاشـای ملانـی ئەوە نەتـۆزە نە تومـانە نە هەورە نە بـارانە نە ترشــە نە تـارانە نە تـۆزێ بـن پێیـێ سـوارێ عەبـدۆییانە ئەتـوو نـازانی دەروێشـێ عەبـدیە دەینـی تـرش و تـارانی ئەحمەدیـان و باروریـان و ڕەشـکۆتیانە هەمـووی دەوارو ئەسـپانە دەکـا لە تەویلەو تەویلە خانێ مارێ تەمر پاشاێ ملانە ئەمان هەر لەبۆ خاترێ چاوێ عەدلە خـانە ئـای نەمینـێم سـوارۆ و هەی لـێ لـۆو لـۆو خـا دەبـا ڕۆژێ سـێ جـاران سـەرێ عەدلـێ ببـی بە خـورامی سـەرێ دەروێشـی عەبـدییە نەمینـێم سوارۆو لۆو ... (درێژدەبێتەوە) لۆوخا.

دەرێ وەکی عەدلە خان ئەو بەندەی بەدەروێشی داهەرگۆت مەجلیس تەمەشـای دەروێشـیان کـردوو تەمـر پاشـا تەمەشـای کـردوو گـووتی چیـیە دەروێش ئەگەر تێدای برێ، دەروێش گێی نەدایە، گووتی شـەرتی پیاوان سـێ جـارە ئەگەر ئەتـووی بـرێ، دەروێـش هەسـتاوە گـووتی گەورەم عەدلە خـان عەدلە خـانی خـۆت ئەمنـیش هەر قـاوەچیم قەراری دەروێشـی وابـی، چـونکە پێراوی غەریبیم لەکن توو دانایە هەتا حەیات لەبەدەنی دەروێشـی دامـایە هەر قاوە چیم و هەرچەند تـاران و بڕۆی هەیە لۆت دەکەم. تەمر پاشـا گـوتی نـا ئەوەی تێـدانییە بەران نـازانن دەروێشــی عەبـدی ئێزیـدیەو ئەوان ئیسـلامن، دەروێـش گـوتی ئـاخر پاشــا ئەمـن ئێزیـدیم، ئەوجـا گـوتی مـادام ئێزیـدی هەنکــوەش یەک تــاران هەیە، ئەم غەزووەم لــۆبکە قەراربــی عەدلە خانــت هەردەدەمـێ، گـوتی تـارانی مـحەمەدی زەرێـم لـۆبکە، مـحەمەدی زەرێـش ئەو کەسـەیە کە وەختـی خـۆی دەروێـش منـداربووە لە مەملەکەتـی خـۆی دەری کــردییە گــولێ دەســتگیرانی دەروێشــی بــووە زەوتــی کــردووەو لەخــۆی مارەکردییە. دەرێ سبەینێ دەروێشی عەبدی ناوی خوای دەینێ و سـواردەبی پیـرە مامەکەشـی بەگەری دەکەوی، پیـرە مـامەکەی لەتـاوان بەگەری دەکەوی دەرێ ئەوانە ئـامۆزان بگەنە یەک یەکتـر دەکوژن، دەرێ داژوا لۆ مەملەکەتێ ئێزیدیان پێشی بەیانی لە تارانی محەمەدی زەرێ دەدا دەیهینی تـارانی دێنێتە ئەو دیوەی ماران دەرێ مامە ئەتوو وردە وردە برۆ ئەمـن قەڵنەم تـێ کـردییە

ئاگرم پێ نییە وا دەگەڕێمەوە ئەو ڕەشمارەی ئاگرەکی داوێمە سەر قەڵنەی ودێم. دەروێشی عەبدی دەگەڕێتەوە بەر دەوی ماریٚ محەمەدی زەریٚ، محەمەدی زەرێش لەگەر گولیٚ بوک و زاوان.

دەوجا دەریٚ لۆی لۆی ... (درێژدەبێتەوە) لۆی لۆی لەهۆی لۆ دەوجا بابۆ دەرویشی عەبدی گازدەکا زەریە زەرێ وی ڕەشماریٚ قەلونەکم تێکردیە ئاگریٚ سەر قەلونێم لەکن نییە ئاگرەکم بدەنیٚ باوێمە سەر قەلونیٚ سەفەریمەو ڕیٚ ڕەویمە نەمینێم لۆ، دەوجا گولیٚ چاو بەنگیە بەسیٚ دەنگا گازکریە کوڕۆ محەمەدی زەریٚ سوارەکا لە پێش ماریٚ سەکنییە مەتلەبیٚ ئاگریٚ سەرقەلونێی کردییە، دەوجا محەمەدی زەریٚ گازدەکا گولیٚ چاوبەنگی قیمەتی نییە بزانە چی دەویٚ ئاگریٚ سەر قەلونێی لۆببە بریٚ لەویٚ ڕانەوەستی سەگی لەبابی سەگییە دەلۆی خا، دەوجا گولیٚ چاو بەنگی هێدی هێدی بە مقاشەکی ئاگری سەر قەلونێی لە بۆبردییە، ئەوجا دەروێشی عەبدی گازدەکا خانم بەوەی کەمە بە ڕەبیە مەخسودو مرازیٚ من ئاگریٚ سەر قەلونیٚ نییە ئەتوو نازانی بریٚ محەمەدی زەریٚ خەرجی حەفت سارانی نەدایە هەنکوە لێی دەسینم بە تەمامیە دەلۆوخا.

دەوجا گولیٚ چاوبەنگی بەسیٚ دەنگان گازکریە کوڕۆ محەمەدی زەریٚ ڕابە لە خەویٚ سەگی لە بابیٚ سەگییە ئەوی سوارە مەخسودوو مرازی ئاگری سەر قەلونیٚ نییە لۆی لۆو دەریٚ خەرجی حەفت سارانی نەدایە هەنکوە لێی دەسینم بە ئەلفیٚ داریٚ ڕمیٚ نسریە دەلۆوخا. بەریٚ دەلیٚ لیٚ دەلیٚ لیٚ دەلیٚ لیٚ ... (درێژدەبێتەوە) لەهیٚ لیٚ لیٚ.

دەوجا محەمەدی زەریٚ گازدەکا گولیٚ چاو بەنگییە ڕابە لەبۆمن دەرینە ڕەشبۆزۆ لەپشتیٚ وی بشەتینە زینەکا عەنتافیە، جۆتە ڕکێفەکا حەوێزییە، دانە لغاوەکا مرواریە، ڕمەکا بیست و چوار قەفیە، بزانم ئەویٚ سەبابە چییە بەویٚ سەحەریٚ سبەینیٚ لەبەریٚ ڕەشماریٚ سەکنیە لۆوخا.

دەوجا محەمەدی زەریٚ خۆ لەچەکاندا غەرگاندیە پیٚ نابوو لە ڕکێفیٚ سواری ڕەشبۆزی بووە، ئەمان بەویٚ سەحەریٚ سبەینیٚ لەگەر دەروێشی عەبدی لێک دەکەتنە هۆرتیٚ مەیدانا دێتن سینگینیٚ ڕکێفانە سیڕژنیٚ قایشانە هەوێلی سوارانە دەنگی مەتالانە لێکدانی عەگیدانە مێرمێران دەلەقاندن داوو

دەلینگان لە تۆزێ دەئاراندن، ئەوڕۆکە مەیدانیان لێک گرتییە دوو سەعاتیان لە مەیدانێ یەکتر هیناو بردیە، دەروێشی عەبدی پشتی لە محەمەدی زەرێ ساندیە لۆوخا ئەمان خۆ خەواندە لێ لێ لۆو سەرپانی ڕکێفانە ڕمەکا خەواندە بەینی هەردوو قۆرنجی محەمەدی زەرێ ئەمان خستە سەرعەردیە، گولێ چاوبەنگی دووجاران زریکاندی و هاواری کردییە ئەمان دەروێشی عەبدی گازدەکا گولی خان سۆر گولی خانی چاوبەنگییە مەگرەو مەگازینە فرمێسکان بەسەر ڕوومەتا سۆری گول گولی نارنجی دامەبارینەو خا ئەتۆسەرێ خۆ ڕا برندبکە میر سلیمان بەگی ئامۆزای خۆ بەچاوی خۆ وای ببینە ئەتو نازانی سەرێ چەند سارانە بەرێ محەمەدی زەرێ ئەمنی لە وراتی خۆ دەربەدەرکردیمە لۆی لۆ یەخسیرو بێکەس و بێ دەرەتانی کردیمە لۆو سوارۆخا بەرێ لۆی لۆ ... (درێژدەبێتەوە) ئاخ لهۆی لۆ دەروێشۆخا.

دەرێ گولێ وەکی وای زانی میر سلیمان بەگی ئامۆزایتی، گۆتی دەوجا میر سلیمان بەگ مارێ چۆل مەکە، گوتی سبەینێ نا دووسبەی ئەم وەعدەی لێرە حازرم دوعا بوونی لە گولێ خواست و ڕۆیی گەیشتەوە مامی، ئەو تارانەشی برد لۆ تەمر پاشای، گەیشتەوە دیوەخانێ تەمر پاشای، ئەوجا لەوێ دەرێن تەمر پاشا برازایەکی هەبووە کەوتبوونە دوای بە پیسۆ پیسۆ ناوی پیسۆ بوو، لەوێ کوڕو کارو برادەرانی خۆی پێیان گۆ عەمرت نەمینێ پیسۆ ئەوا دەروێشی عەبدی عەدلە خانی دەبا، لەوێ پیسۆ دەرێتە مامی مامە پیس نیم پیسم مەکە دوو جەمم تێرکەو لە مەیدانی دەروێشم کە، ئەگەر کوشتم ناجیحمکە، ئەگەر نەم کوشت خۆڕیمکە. ئەوجا لەوێ هەندەک دەرێن دەروێش لە دیوەخانێ خەوی لێکەت پیسۆ کوشتی، هەندەکیش دەرێن نەخێر دەروێش عەدلە خانی برد.

وشە و ماناکانی لاوکی (دەروێشی عەبدی)

| وشە | ماناکەی |
|---|---|
| تەمر پاشای ملان | - سەرۆکی هۆزی ملان.<br>- تەمر پاشا مللی باوکی عەدویلێ سەردەمانێک والی سێواس بووە، ماوەیەکیش سەرۆکی یەکێتی هۆزە کوردیەکان بووە، سەردەمی زێڕینی کوردان بووە، بۆیە عوسمانیەکان لەنێویان بردووە. |

| ماناکەی | وشە |
|---|---|
| - ئاماژەیە بۆ ڕمێکی باش و پڕ بەدەست، یاخود لەدەست خۆش.<br>- رم زراف: رمی باریک. | ڕم زراویٚ ڕم لەپیمە |
| جۆرێکە لە ماینی باش و ڕەسەن، هەروەها جوانی ڕەنگ. | کەوێت |
| هێمایە بۆ بەژن و باڵاو جوانی و پیاوەتی دەروێشی عەبدی کاتێک بەسواری بەرەو ماڵی تەمر پاشا دێتەوە. | کێلەکا ڕمیٚ تۆ |
| لەداخان بێتە سەماکردن و لەخۆ هەڵدان. | ڕومەتیٚ چۆپە لە عەزرەتی ویدا بێتە دەسلاویٚ |
| ڕانە مەڕ، مێگەلە مەڕ. | پەز |
| سەر بڕ، بکوژ، ئەوکەسەی تامەزرۆی کوشتنی بەرامبەرەکەیەتی | قەستە سەر |
| جۆرێک بووە لە جۆرەکانی ڕم. | ڕمی نسری |
| دەشتی عودیٚ بنی بەریٚی شوێنێکە کە ماڵی دەروێشی عەبدی (عەڤدی) لێبوە. | دەشتی عودیٚ |
| پێدەچێت هەریەک لەوانە هۆزێک بووبێت. | ئەحمەدیان و باروریان و ڕەشکۆتیان |
| - ژن، ئافرەت.<br>- جوان. | زەری |
| مەبەستی باج و سەرانەیە. | خەرجی |
| ناوی ولاغەکەی محەمەدی زەریٚ یە | ڕەش بۆز |
| دەنگی مەتالان دوورنییە دەنگی مەیتاران بێت، واتە کاتیٚ مەیتەرەکان ولاخ بۆ سوارەکان ئامادە دەکەن. | دەنگی مەتالانە |

### ١٦- لاوکی مەمۆ:

ئەم لاوکە کورتە لاوک بووە بەناوی لاوکی مەمۆ، باسی ئازایەتی و بوێری و کوڕە لاوێکی کوردی شۆڕشگێڕی کردوە، کە هەمیشە لە دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی یاخی بووەو ناوە ناوە زەبری کوشندەی لێوەشاندون، بۆیە هەمیشە حکومەت بەدوای دا گەڕایەو هێزی بەدوایدا دەرکردووە بۆ ئەوەی بیگرێت یاخود بیکوژێت، بەڵام بەداخەوە هیچ بەندێکمان لەم لاوکە لەبەردەستدا نییە، چونکە تۆمارنەکراوەو لەیادیش نەماوە، تەنها ئەوەی لەیاد مابێت لەهەموو دوابەندەکان، واتە لەکۆتایی بەندەکان گوتویەتی: پرینگێ چیایانم مەمۆ، قەستە سەرێ عارەبانم مەمۆ، کلێ چاوێ کچکا موسریانم مەمۆ.

### ١٧- صەباحی نوری باویلاغا و سمایل بەگی ڕەواندزێ:

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ئەم لاوکەی گوتوە، بەڵام تۆمارنەکراوەو بەبەندیش هیچ لەیاد نەماوە، پوختەو ناوەڕۆکی لاوکەکە بەمشێوەیە بووە:-

ماڵی (نوری باویلاغا) و (سمایل بەگی ڕەواندزێ)، کە هەردوولایان خەڵکی ناوچەی ڕەواندز بووینە، کێشە و ناکۆکیان هەبووە، (نوری باویلاغا) لە دەزگای پۆلیس بووە، (صەباح)ی کوڕی خوێندکار بووە و لە شاری هەولێر خوێندویەتی، (سمایل بەگ) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە، بەیانییەکی زوو کە (صەباح) بۆ قوتابخانە چووە (سمایل بەگی) بینیوەو تەقەی لێکردووەو زامداری کردووە، بۆیە لە دادگا داوای لەسەر تۆمارکردووە، (صەباح) ڕایکردووە بۆ ماڵی (عەلی کورە چی)، کە خزم و ناسیاویان بووە، بەڵام لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە. نوری زۆری هەوڵداوە (سمایل بەگ) ڕازی بکات بەوەی داواکەی بکێشێتەوە لەدادگاو لە (صەباح) خۆش بێت، بەڵام ناوبراو ڕازی نەبووە، (نوری باویلاغا) جلی پۆلیسی فڕێداوەو جلی ئاسایی لەبەرکردووەو بەرەو (گەلی عەلی بەگ) کەوتۆتەڕێ، (خدری حەمەدەشینی سەرچیا)ی ئاگادارکردۆتەوە، کە بۆسەیەک لە گەلی عەلی بەگ دابنێت، هەرچەندە لێپرسراوانی حکومەت و هاوڕێکانی

داوایـان لە (سـمایل بەگ) کـردووە نەچێـتەوە بـۆ ڕەوانـدز، چـونکە بۆسـەی بـۆدانراوەتە، بەڵام نـاوبراو گـوێی پـێ نەداوەو بەرەو ڕەوانـدز بەڕێکەوتـووە، کاتێک گەیشتۆتە گەلی عەلی بەگ کەوتۆتە ناو بۆسـەی (خـدری حەمەدەشـینی سەرچیا)و (نوری باویلاغا)و کوشتویانە.

ئەم ڕوداو و بەسەرهاتەی بە لاوک و بەند زۆر خۆش گوتوە.

## **دووەم/ حەیرانەکانی:**

کۆمەڵێک حەیرانی چڕیوە، بەڵام بەناو لە یاد نینە و حەیرانیش تۆزێک تـێکەڵ تـرە وەک لاوک نییە، بـۆیە جیـاکردنەوەی ناوەکـان و دیـاری کردنیـان هەندێک زەحمەتە. هەروەها (سەعدوڵڵا شێخانی) لەکتێبی (سـەربردەی کۆمەڵە حەیـران بێژێکـی کـورد)و (ڕۆژنـامەی هاوکـاری) چەنـد حەیرانێکـی ئەوی نوسیوەتەوە[١]، کە بەشـێکیان بەتۆمـارکراوی لای ئێمەنین. جگە لەمەش چەند بەسـتەیەکی خۆشـی گوتـوە، هەروەهـا چەنـد غەزەلێکـی زانیـوەو زۆر خۆشـی گوتون، بەڵام ئەوەی زانراوەو لەیاد ماوە تەنها (غەزەلی لاسـی ئەحمەد بەگـی بـاڵەکی)و (خەزارە شـۆڕێ مەزن مەلا نەبییە)، جگە لەمەش مەقـامی شـایی و گازلێدان و مەقامی بوکانەو حاجی لێی پێش بوکێی زانیوەو گوتویەتی.

حەیرانەکانیشی ئەوانەی کە بەتۆمارکراوی لامانن، ئەمانەن[٢]:

١- حەیران ئای یا .... دەرێم بابە ئەوڕۆ بەوێ ئێوارێ سەرێ منی مار وێران گەلە دێشـی حەیـران دەردێ لەدرم دەنـاری دەنگۆ زەینۆخۆتـان بـدەنە کـاولە بناری گەوارەکی دادەینا گەلە جوانە لەدوور دەباری لۆم نەمینێ حەیران ئـایی یا ..... دەوجا ئەوڕۆ بەوێ ئێوارێ بـابە زەینـی خۆتـان بـدەنێ سـەری گەواران

---

(١) بڕوانە: (سـەعدوڵڵا شـێخانی: سـەرچاوەی پێشـوو، ل٥٩-٦٢)، (مەحمـوودی عیسـمەتێ لەکۆڕی حەیـران بێژیـدا، ئامـادەکردنی: سـەعدوڵڵا شـێخانی، ڕۆژنـامەی هاوکـاری، ژمـارە (١٠١٤)، ١٠/١٠/١٩٨٨).

(٢) بۆ گوێگرتن لە حەیرانە تۆمارکراوەکانی، لە یوتوب بڕوانە:
https://www.youtube.com/watch?v=r3FceVFnc-4&fbclid=IwAR3sGT4g_oViP7d3vSWphosFn4d0XSNzMC6W8RkBeMnN6X548TMKD9231ns

تەڕ دەكاتەوە (تەپەو لاسۆری[١]) كلكەیێ (قەرەبێتك وقەرەبۆتكان[٢]) دەوزێ و دەوزێ یە ئامـان (كەركـی حسـینی غـازی[٣]) (زینـێ دارە بزمـاران[٤]) (ئـازی كەنـد[٥])ی بنـدیانان (چیغلـۆک[٦])ی كیـژ جوانـان (گردەسـۆر[٧])ی سـیانان (دێدەوان[٨])ی مەنتكـان ئەوڕۆ بەوێ ئێـوارێ سـەبرۆكە سـەبرۆكە لەكـاكینگۆ دایدەگێڕاوە بەسەر كاولە ئای یایی .... ئاقاری.

---

(١) تەپەو لاسـۆر: یەكـێكە لە گونـدەكانی دەشـتی قەراج سـەر بەنـاحیەی بـاقرتە، لەدامێنـی چیـای قەرەچـوغ هەڵكەوتـووەو دانیشـتوانەكەی زۆربەیـان سـەر بە هـۆزی بڵباسـن. ئەم زانیاریـانە لە بەڕێز (م. ڕەمەزان حەمەدەمین عەوێنەیی) وەرگیراوە.

(٢) قەرەبێتک و قەرەبۆتک: شوێنێكە دەكەوێتە ناوچەی كەندێناوەو لەسنوری ناحیەی سەرگەڕانە، لە ڕۆژهەڵاتـی قەزای مەخمـور هەڵكەوتـووەو نـزیكەی ٨ بـۆ ١٠ كـم لە سـەرگەڕانەوە دوورە، كەوتۆتە خوار كلكەی دارە بزمارە كە بۆ قەراج دەچێت. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (م. ڕەمەزان حەمەدەمین عەوێنەیی) وەرگیراوە.

(٣) كەلكی حسینی غازی: شوێنێكە دەكەوێتە لای چەپی بازارگەی مەخمور، پێكهاتووە لە كۆمەڵێک گومبەت و مەزارگە، كە گۆڕی چەند كەسایەتیەكی ئاینی لێیە، لەوانە گۆڕی حوسێنی غازی. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (م. ڕەمەزان حەمەدەمین عەوێنەیی) وەرگیراوە.

(٤) زینـێ دارە بزمـارە: یـاخود ناسـراوە بە كلـكەی دارە بزمـارە، شـوێنێكە لەسـنوری نـاحیەی سەرگەڕان، كەوتۆتە كۆتایی شاخی قەرەچوغ، كەندێناوەو قەراج بەیەک دەگەیەنێت یاخود پێک دەبەستێتەوە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (م. ڕەمەزان حەمەدەمین عەوێنەیی) وەرگیراوە.

(٥) ئازی كەند: ناسراوە بە ئازی كەندی بندیانان، سەر بە قەزای مەخمورە، دەكەوێتە بناری شاخی قەرەچـوغ لە خـۆرهەڵاتی قەزای مەخمـور، نـزیكەی ٨ بـۆ ١٠كـم لەناوەنـدی قەزاكەوە دوورەو دانیشتوانەكەی لە هۆزی بندیانن. ئەم زانیاریـانە لە بەڕێـز (م. ڕەمەزان حەمەدەمـین عەوێنەیـی) وەرگیراوە.

(٦) چیغلۆک: گوندێكە دەكەوێتە ناوەڕاستی كەندێناوەو سـەر بە نـاحیەی دیبەگەیە، نزیكە لەچیـای قەرەچـوغ و نـزیكەی ٣كـم لە ڕێگـای سـەرەكی هەولێـر-مەخمـور دوورەو دانیشـتوانەكەی پێكهاتووە لە هۆزەكانی شێروانی، ئۆمەربل، بندیان و ... هتد، زۆرجار بەنـاوی كوێخـا عەوڵای شـێروانی ناودەبرێـت، ئێسـتا ئـاوەدانەو نـزیكەی بیسـت مـاڵی تێدایە. ئەم زانیاریـانە لە بەڕێـز (د.قاسم عومەر) وەرگیراوە.

(٧) گردەسـۆر: دوو گونـدی زۆر لەیەكتـر نـزیكن، نێوانیـان نـزیكەی دووسـەد مەترێـک دەبێـت، كەتوونەتە ناوچەی پشت ڕێ و سەر بەناحیەی قوشتەپەن، نزیكەی شـەش بۆ حەوت كیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتـی ڕێگـای سـەرەكی هەولێـر-كەركـوک ن، دانیشـتوانەكەیان زۆربەی هەرەزۆری لە هـۆزی سـیانن، هەنـدێک شـێخانی و بـابۆكی و هیتـری تێدایە. ئەم زانیاریـانە لە بەڕێـز (بەكـر گردەسۆری) وەرگیراوە.

(٨) دێدەوان: بەرزایی دێدەوان یەكێكە لەبەرزاییەكـانی قەزای كۆیەو دەكەوێتە بەشـی ڕۆژئـاوای قەزاكەو ئاڕاستەی بەرزاییەكە لە باكورەوە بۆ باشورە لەنزیک گوندی دەربەنـدی گۆمەسـپان ئەو چیایە دەست پێدەكات بەئاڕاسـتەی ڕۆژهەڵات، دواتر لەنزیک دێگەڵە ئاڕاسـتەكەی بەرەو باشوور دەڕوات تا دەگاتە زێی بچوک، درێژی ئەو بەرزاییە (٥،٤٤)كم، بەرزاییەكەی (١١٦٠م)

٢- دەرێم بابە های یایی .... بابە ئەوڕۆ بەوێ ئێواریێ جوابەکیان دەدامێ دەرێن بەوێ فەسڵێ دەرە بوهاریێ ماری بابی حەیرانێ لێدەنێن لە کۆچ و کۆچباری دەچنەوە (بانە بۆران)ی کاولە هەواری دەنگۆ زەینۆ خۆ بدەنە پێش دەرکی قەرە ڕەشماریێ ماری بابی حەیرانێ حەیران ڕاوەستایە گەلە بەخان و مانی بەسەری بە (هیزار[1]) بەکەپوی بە (خەزێم[2]) بە (زەندەیێ بەبازن[3]) دەوجا گۆتمە حەیرانێ کیژۆرە جوانێ دەبا هەوریەت پیرۆزبێ ئای یایی ...... لەگەڵ هیزاری ئای یایی ..... دەوجا وەی بابە کیژ دەری کوڕە مار وێران یاخوا یاڕەبی هەوریم لێ بەمیرات بی لەگەل هیزاری، ئەتو نازانی مارە بابە گەوادەکەی من بەوێ فەسڵی دەرە بوهاریێ لێ دەنێن لە کۆچ و کۆچباری دەوجا دەچنەوە (بنە گەمەڕ[4])ێ کاولە هەواری بانە بۆرانی ئەوحەیفە ئەمن دەکوژی کوڕە حەیران بەجێ دەمینێ لەوراتەکەی غەریبی و غوربەتیان بەدرەکی گەلە بەغەم و ئای یایی ..... تاری دەوجا بابە .... ئایی یایی ........

٣- ئای بابە ... ئای یای ... بابە ئەوڕۆ ئێواریێ دەرێم نازانم لەبۆ برادەران بەکێندەریێ داهەربرێم بەبناران بەبناری کۆیە ئەمن دونێ ئێواریێ چاوم بەبەژنێ باریک و زەندەیێ بەبازن دەکەوت دێتەوە لەڕێێ ئای یایی .... سراویێ دەوجا بابە بنی پەرچەمی حەیرانێ گەلە جوانن ئەنگۆ زەینی خۆ بدەنێ بەخوای لەمن تاک و جۆت بوینە ئای یایی .... بەسەر بژانگ و ئایی یایی .... بڕۆێ ئای یایی .... بەران بابە پەرچەمی حەیرانێم بەچ دەشپاندن بەو

---

لەئاستی ڕووی دەریاوە. دەورە دراوە بە گوندەکانی بانەمورد لە ڕۆژهەڵات، بەلەبان لەباکوری ڕۆژهەڵات، حەسەن موترب لە باکوری ڕۆژئاوا، ڕولکە لە ڕۆژئاوا، سۆفی برایم لە باشووری ڕۆژئاوا، گوندی جل بەسەر دەکەوێتەی باشووری ڕۆژهەڵاتی. دانیشتوانی گوندی بانەمورد لە هۆزی شێخانیین، گوندی جل بەسەر سەیدن، دانیشتوانی چوار گوندەکەی تر لە هۆزی مەنتکن، بەڵام سنووری گوندی بانەمورد بەئەندازەی سنووری هەموو گوندەکانی تر دەبێت، بۆیە دەکرێت بڵێین چیای دێدەوان هاوبەشە لەنێوان هۆزی شێخانی و هۆزی مەنتک. ئەم زانیاریانە لە بەڕێزان (د. ناڵی جەواد)و (کامەران سەعدی) وەرگیراوە.

(١) هیزار: جۆرە کڵاوو دەسرۆکێک بووە ژنان لەسەریان کردووە.

(٢) خەزێم: جۆرە خشڵێک بوو ژنان و کچان بۆ جوانی لە لوتیان دەکرد.

(٣) زەندەیێ بەبازن: واتە باسکی پڕ بازن، یاخود باسک بازنی تێدابێت، بازن یان بازنۆکە ژنان و کچان لەدەستی دەکەن ئینجا لە ئاڵتون دروستکرابێت یان زیو یاخود هەرکانزاو ماددەیەکی تر.

(٤) بنە گەمەڕ: ماڵێکی سادەو چەند کەل و پەلێکی ساکار دەبەن بۆ شوێنێک کە لەوەڕگایە بۆ ماوەیەکی کاتی لێی دەمینێنەوە بۆ لەوەڕاندنی مێگەلەکانیان.

عەسکەرەکەی (عوسمان پاشا[1])یە هەموو فەسڵی سبەینان لەمنی مار وێران بەخوای تەعلیمیٚ خۆی دەکاتەوە لەبنەی ئای یایی ... زاخۆییٚ ئایی یا بەران بابە های یە های یە.... دەوجا دەرێم ئەوسارەکە لەگەر بەژنیٚ باریک گەلە ڕاستم قەت ناکەم درۆیە ئەمن دەست لەسەر بەژنیٚ باریک هەرناگرم هەتا ئەویٚ ڕۆژیٚ خوادایی گەورە نەمکوژی ناوەڵا بەکۆمەریٚ برایان و برادەران شۆڕم نەکەنەوە بۆ خاکی گری گەلینە گەلی برادەرینە ئایی یایی نەرێن ئەوە حەزرەتی عیزرائیل لەسەر سینگم چۆک نەدا بەروحەم نەبا نسکۆیە ناوەڵا هەتا ئەویٚ ڕۆژیٚ نەمدەن لەسێدارەی ئایی یایی ..... (حەماغای کۆیە[2]).

٤- دەوجا بابە ... ئای بابە ... هایەهایە بابە ئەمن دەرێم حەیران حەیرانە فرمێسکی چاوان کاروان کاروانە ئایی یایی ..... حەیران حەیرانە فرمێسکی چاوان کاروان کاروانە ئەتو نازانی سەریٚ سیٚ سار بوو حەز لێکردن لەگەر حەیرانیٚ گەلە خۆش بوو داکی پیٚ ناو بوو ئۆییۆ بەران نازانم چی بکەم ئەوسارەکە لەهەموو عالەمیٚ شایی و سەیرانە لەمن و بەژنیٚ باریک و زەندەییٚ بەبازن دەرێم دوایی دواییە دەست لێک بەردانە گەلینە گەلی برادەرینە بەخوای بڕوام پیٚ بکەن دەردی دەست لێک بەردانیٚ دەردەکی گەلەک ئایی یایی ..... گرانە دەوجا وەی بابە دەرێم حەیران حەیرانە حەیران چەندە بەنازە ئێواران قورینگە سبەینان قازە ئەمن دونیٚ سبیانیٚ لەکێندەریٚ گەیمە حەیرانیٚ لەڕیٚییٚ سراویٚ لەزاری کۆرانیٚ لەبن (کوندە[3]) ئاویٚ لۆم نەمینێی حەیران ئایی یایی .... دەوجا حەیران گەلە عادزبوو گوتم توخوا وەرە پێم بریٚ لۆچی عادزی گوتی کوڕە مار وێران ئەتوو نازانی ئەوسارەکە جوابەکیان دەدامیٚ دەرێن قورعە قورعەیە عەسکەر دەگیریٚ ئای یایی ... حەیران دەریٚ دەتدەمی خەناوکەییٚ بە قەنەفرو مەرجانان ئەگەر چویەوە وراتیٚ غەرییبیان لەبۆ کەیفی دری خۆت بی ئاویٚ سەر گێیٚ خەنجەریٚ گۆتم

---

(١) عوسمان پاشا: مەبەستی سەربازی دەوڵەتی عوسمانیە.

(٢) حەماغای کۆیە (حەماغای گەورە): لە بنەماڵەی غەفوری یە، ساڵی ١٨٣٦ لە کۆیە لەدایک بووە، ساڵی ١٩١٨ بۆتە قائمقامی کۆیە، ساڵی ١٩٢٠ کۆچی دوایی کردووە، یەکێک بووە لە کەسایەتیە دیارەکانی کۆیەو ناوچەکە. (مەسعود محمد: حەماغای گەورە، ل١٣-١٩).

(٣) کوندە: لەپێستی بزن دروستدەکرا، بەهۆی جەفت و دەرماناتەوە خۆش دەکرا، ئاویان تێدەکردو ئاوەکەی سارد دەکرد.

حەیران خەناوکەی بە قەنەفرو مەرجانان نا ئاویمە سەر گێلاکەی خەنجەریێ گۆتی هەتیم دەتدەمێ بازنی بە کلیلان بازن و گوارەو خەزێمان بیکەوە تەنکەیێ تفەنگی گۆتم مار وێران بازنەی بە کلیلان ناکەمەوە تەنکەیێ تفەنگێ ئای یای....... گۆتی مادام دەتدەمێ (جۆتە شەمامە[1])و شەمامەیێ بەندی باغەرێ گۆتم حەیران کیژی ئەو عەیامەی گەلە بێ شەرتن گەلەک مەترسیان دەکەم ئەوسارەکە لەگەر منی مار وێران بە خاین بێیە دەرێ ئایی یایی ......

٥- ئای بابە های یای های ..... ئای حەیران دەرێم ئەورۆ ئێوارێ نازانم بەکێندەرێ داهەربریم حەیران دەرێم بەدێدەوانی بول بول دەخونی لە (دار قەزوان[2])ی گەلە خۆشە بەوێ فەسڵی دەرە بوهارێ سواری جوانە ماینەکی (کەحێلە[3]) بی دەست دەیەوە تفەنگەکی (قۆنداغ خڕ[4]) لۆم نەمینێ ی حەیران دەوجا بەوی فەسڵی دەرە بوهارێ وەکی خێڵ دێنە خوارێ بچیەوە بەرایی کۆچ و کۆچ باری دەتو زەینێ خۆت بدەیێ بەژنێ باریک و نازدار حەیرانێ گەلە جوانە بەخان و مانی بەسەری بەهیزار بەکەپووی بە خەزێم بەزەندەیێ بە بازن بەقەد و قامەتی شیرین بەچارۆگەکی عەنتیکە بەکراسەکی نۆک نۆکی بەقۆندەرەی زەردی زرۆقی ڕادەکێشێتەوە سەری (شێوەر[5])ێ لەمن چەند دانە شیرین لەپێشی کۆچ و ئایی یایی ..... کۆچ باری ئایی یایی ..... های یە های یە های ..... دەوجا دەرێم خۆزگە بە خۆزی داری خوای بوایە دووڕاموسانم قەرد بوایە لەسەر حەیرانێ بەوێ فەسڵی دەرە بوهارێ یەکیان لەئەوەل هەواری ئەوی دیکەیان لەگەڕە گەڕەیی (لەهێبان[6]) لەدەشتی کاولە قەراجی لۆیە لۆم نەمینێ حەیران دەوجا دەرێم گەلینە گەلی برادەرینە لەبەر تنوکە تنوکەیە بارانێ ناوەڵا لەبەینی چیغ و ئای یایی ..... ڕەشمارێ.

---

(١) جۆتە شەمامە: مەبەستی جووت مەمکانێتی.

(٢) دار قەزوان: جۆرە دارێکە لەشاخەکان دەڕوێت، لەبەرەکەی تەزبێح دروست دەکرێت.

(٣) کەحێلە: جۆرە ماینەکی باش و جوانە لەڕوی ڕەسەنایەتی و ڕەنگەوە.

(٤) قۆنداغ خڕ: جۆرێک بووە لە تفەنگ.

(٥) شێوەر: مەبەستی وڵاغە (ماین یان ئەسپ).

(٦) لەهێبان: گوندێکە لەناوچەی کەندێناوە، سەر بە ناحیەی سەر گەڕانەو نزیکەی ٤کم لێ یەوە دوورەو کەوتۆتە بەشی خۆرئاوای، دانیشتوانەکەی پێکهاتووە لە هۆزەکانی سیان، مامە سێنی، بامەندی، شێروانی و ... هتد. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (م. ڕەمەزان حەمەدەمین عەوێنەیی) وەرگیراوە.

٦- ئای یایی های یای ....ئای دەوجا دەرێم (بەستۆڕ[١]) لەمن بەستۆڕە گەلینە گەلی برادەرینە دەرێم بەستۆڕ بەستۆڕە ئەورۆ بەوێ سبیانێ بەستۆڕ لە غێمان لەبەر تۆزو تەم تومانێ لەبەر (فڕنەیێ مەعنەکان[٢]) لەبەر بۆنی گولەو باروتان لەبەر قاژەیێ (پێنچ تیر[٣])ان لەبەر دەنگی تۆپ خانێ لۆیە لۆم نەمینێی حەیران دەوجا دەرێم ئەورۆ بەوێ سبیانێ ئەسمەری کا بایزی (زراری[٤]) دەیگۆ ڕۆژێ سێ جاران سەرێ من ببی بەخورامی کوڕە سواران ئەورۆ بەوێ سبیانێ بەعام سوار بن بەخوای لەبۆ خاتری ئەسمەری کا بایزی بێنەوە ئایی یایی ..... مەیدانێ بەران با........ بە دەوجا ئەسمەری دەگۆ حەیفەک و سەدجار مەخابنێ پیرە دنیایێ لەمن دەمینێ ئەوسارەکە لەهەموو عالەمێ دەکوژرێ شوان و گاوانێ گوندی دەوجا لە ئەسمەرێ کا بایزی زراری دەکوژرێ مەولودی حەسەنی ئەرێ گەلینە گەلی برادەرینە دەنگۆ زەینێ خۆ بدەنێ شێرەکەی مل بەزنجیرە بەوێ سبەینێ لەمنی مار وێران ئایی یایی ..... کەتیە لەگەر مەلانێ دەرێم با..... بە های یە های یە ..... هایە ئای هایە هایە..... دەوجا ئەسمەری کا بایزی دەگۆ ڕۆژێ سێجاران سەرێ من ببی بە خورامی سەرێ بابی جەمیل و مەجید ئەورۆ بەوێ ئێوارێ دەیانکردەوە تەگبیرو ڕایێ دەیانگۆ دەسوتینین دەرگای (سەرا[٥])یێ دەشکینین دەشکینین دەرگای بەندیخانێ بەخوای دەکوژین ڕەشەی (چاوەش[٦])ی دەردەینین کاکلاغای گەردی لەبەندیخانێ بەزەبری ئای یایی ..... هەرامە کارخانێ.

٧- دەرێم با.... بە ئای یایی هایە یایە..... دەوجا دەرێم ئەورۆ بەوێ سبیانێ لەکێندەرێ گەیمە حەیرانێ لە ڕێی سراوێ لەزاری کەلەنێ لەبن کوندە ئاوێ دەوجا سەلامەکم لەبەژنێ باریک و زەندەیێ بەبازن دەکرد گۆتم بینە ڕاموسم خەت و خاری گەردەنێ بەینی گوارەو خەزێمێ ئای یایی ..... حەیران لەمن

(١) بەستۆڕ: بەستۆڕەیە دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی هەولێر-پیرمام.

(٢) فڕنەیێ مەعنەکان: فڕنەیێ محنەگان- پڕماندنی وڵاخ (ئەسپ و ماین).

(٣) پێنچ تیر: جۆرێکە لە تفەنگ.

(٤) زراری: هۆزی زراری لە باکوری رۆژئاوای شاری هەولێر نیشتەجێن.

(٥) سەرا: فەرمانگەی حکومەت و شوێنی دەوام کردنی پۆلیس و قائممقام و...هتد.

(٦) چاوەش: پلەیەکی سەربازی پۆلیس بووە، وابزانم سێ خەت (عەریف).

عادزە گفتوگۆی جارانی نینە گۆتم حەیران لۆ چ عادزی گفتوگۆی جارانت نینە هـای یە هـای یە گـۆتی کـوڕە تـیم حەیـران ئەوڕۆ لەسـەر دەراوی لەدەسـتە خوشکانم زانینە (دووگراویانت[١]) بەسەر من گرتینە گۆتم وەڵا ڕاستە درۆنینە بەران یەکیانـت دەکەم بەکـارەکەری ئەوی دیکەیـان شـەوی زسـتانان گەلە سەرماو غەدارن لەبۆ خۆتی مار ویران لانکەی ئایی یایی ..... پێ بژینە.

٨- حەیـران دەرێـم بە مـحەمەدەکەی مـار لەمەکـکەو مەدینـێ ئەوڕۆ بەوێ ئێوارێ دوو تیریـان لێدایم سـەرێ وان تیـران بەقولابن بەخـوای لەمنـێ مـار وێـران بنیـان وەسـتاین گـۆل گـۆلی خینـێ ئـایی یـایی ... جـوابەکم لۆبـدەنە برادەران دەمەکم بێنە سەرینێ بەچاوانم بڕۆننێ بەران ئای یایی .... دەستانم نەدەنـێ بـرینە بەژنـێ باریـک و نـازدار حەیرانـێ دەسـتەیەک مەرحەمـانم لـۆ بگریتەوە لە تۆزی هیزارێ لە عارەقەی سینگ و زەرد مەمکان بیخاتەوە سـەر برینـێ منـی مـار وێـران بەڵکـو قەپـات بـی چـونکە شـەوی زسـتانان گەلەک سەرماو غەدارن نەوەکو بینیتەوە (زوخمە لەگەر هەرامەتەشەنێ[٢]) ئـایی یـایی .... کیژ دەرێ برینێ کوڕە حەیرانێ گەلە قۆڵە زۆر مەترسیان دەکەم بینیتەوە تەشەنێ لەمنی مار وێران بگرێتەوە جێێ شەو ڕاموسانێ.
٩- دەرێم با..... بە هایە هایە ..... های دەوجا دەرێم بەینی (دێگەرە[٣])و کـاولە (سـماق شـیرن[٤])ێ لەمـن بە جۆگەو ڕوبـارە مەڕۆ بت گەمـێ حەیـران ئەوڕۆ بەوێ سبیانێ دەرێم حەیـران گەلە مندارە کۆمەرێ ناسـکە سـواران هـاتینە لە بۆ داخوازی بەژنێ باریک دەوجا دەرێم حەیفەک و سەدجاران مەخـابنێ پیرە دنیایێ بەژنێ باریک لەبۆ گولەکەی مێردان کەرەبابی سـەربارەداری دەکەنەوە

(١) دووگراوی: دوو یار دوو خۆشەویست.
(٢) واتە ساردی کاری تێ بکات و برینەکە هەوبکات.
(٣) دێگەرە: ناحیەی دێگەڵە دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی هەولێر-کۆیە.
(٤) سماق شیرن: دوو گوند هەیە بەناوی سماق شیرن، کە دانیشتووی هەردوو گوندەکە سـەیدن و خزمی یەکن، زۆریش لێک نزیکن، ئەم ڕوبارە ئاوەی کە لەسـەرووی دێگەڵەوە دێت و بەنـاوی دادەڕوات، بەنێـوان هەردوو گونـدا دەڕوات، سـماق شـیرنی گەورە نـزیکە لە ڕێگـای سـەرەکی کۆیە-هەولێر، نزیکەی ٣کم لە دێگەڵەوە دوورە. سماق شـیرنی بچـوک دەکەوێتە سـەر ڕێگـای دێگەڵە-بیستانەو نزیکەی ٥کم لەدێگەڵەوە دوورە. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (ئەسعەد خضر قـادر حەمەد) وەرگیراوە.

سـواره ئەمـن گـۆتم سـەید حەسـەنی (بەسـتێ[1]) دوری دەسـتم ناتگـاتێ شـێم حەمەداغـای (ڕیشـوانێ[2]) دەبـا ڕۆژێ سـێ جـاران دەسـتی منـت دامـان بـی سەدجار ئای یایی ..... هاوارە.

(١) بەستێ: گوندی بەستێ کەوتۆتە بناری قەندیل، سەر بەناحیەی ژاراوە، قەزای قەڵادزێ.
(٢) ڕیشوان: دوو گوند هەیە بەناوی ڕیشوان، دووری نێوانیان نزیکەی دووسەد مەتر دەبێت و دەکەونە باکوری ڕۆژئاوای پارێزگای هەولێرو سەر بەناحیەی دارە شەکران و قەزای خەباتن، یەکیان ناسراوە بە ڕیشوانی یوسفی و دانیشتوانەکەی لە هۆزی زرارین، ئەوەی تریان ڕیشوانی نوری یەو دانیشتوانەکەی لە هۆزی هەرکین. ئەم زانیاریانە لە بەڕێز (م. ئەسعەد زراری) وەرگیراوە.

# بەشی سێیەم
# چەند کورتە وتار و چاوپێکەوتنێک دەربارەی مام مەحمود

**یەکەم/ بولبولی خۆشخوانی وراتی کۆیێ (مەحمود حەمەد شێخانی)[1]:**

سروشتی جوان و دڵڕفێنی وراتی کۆیێ بۆتە ئیلهامی دەنگ و سەدای ئەفسوناوی و شیعری نازک و ناوازە. وراتی کۆیە کانگای دەنگی خۆش و سەدای پڕجۆش بووە. لە وراتی کۆیەشدا هۆزی (شێخانی) یەکێک بوون لەو هۆزانەی دەنگ خۆش و هونەرمەندی بەرزیان تیادا هەڵکەوتووە، کە بەناوبانگترینیان هونەرمەندی گەل مامۆستا (تاهیر تۆفیق)ە، تا هونەری کوردی مابێت مایەی شانازی گەل و نیشتیمان و وراتی کۆیەیە. یەکێکی تر لەدەنگ خۆش و خۆشخوانەکانی تری کۆیە حەیران بێژو لاوک بێژ (مەحمود حەمەد شێخانی)ە، کە بولبولێکی خۆشخوان و دەنگ خۆشی وراتی کۆیێ بووەو لەسالانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەنگ و سەدای مام مەحمود هەموو وراتی کۆیە دەگرێتەوەو ئیدی هیچ گوندو شوێنێکی ئەم ناوچەیە نامێنێ ئاشنای سەدای خۆشی مام مەحمود نەبێ نەک هەردەنگ خۆشی، بەڵکو سەدای شمشاڵ و نایەی مام مەحمود هەموانی دەخرۆشاند بەجۆرێک مام مەحمود نایەی ژەنیوە ئەوەندە وەستایانە لێیی داوە خەڵکی وتویانەی (هەردەڵێی قسەی پێدەکا) بێگومان ئەودەنگە بەجۆشە لە خۆڕانییە مام مەحمود عاشقێکی سەرسەخت و دڵ تەڕ بوو وە بەعەشقەکەشی نەگەیشت بوو هێندەی تر دڵی پڕ لە جۆشی دەکوڵاو ناخی دەروونی بەحەیران و لاوک هەڵدەرێشت. مام مەحمود ناوی تەواوی (مەحمود حەمەد

(١) شوکری فازیل شێخانی: بولبولی خۆشخوانی وراتی کۆیێ (مەحمود حەمەد شێخانی)، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە (٣٦)، مایسی ٢٠١٥، ل١٤-١٥. بۆ دەقی ئەم وتارە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١). (زۆرمان هەوڵدا نوسەری ئەم وتارە لەنزیکەوە بناسم و ببینم، بەڵام بەداخەوە هیچ زانیاریەکمان لەسەری دەست نەکەوت).

ڕەسوڵ مەلاکە) ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی (ئیلنجاغی گەورە)ی وراتی کۆیە کە بە (ئیلنجاغی شێخانیان) ناسرابوو لەدایک دەبێت، لە خێزانێکی هەژارو جوتیار لەدایک دەبێت، هەرزۆر منداڵ دەبێت کە خۆی دەیگوت (هەرئەوەتە بەفکرم دێ) باوکی کۆچی دوایی دەکات ئیدی بە هەژاری و دەردی سەری و جوتیاری و شوانی و سەپانی ڕۆژەکانی تەمەنی بەڕێدەکا، بەڵام هەر لە هەڕەتی لاویەوە سەداو ئاوازی خۆشی مام مەحمود دەنگ دەداتەوەو لەزۆر دیوەخان و کۆڕو دانیشتنان وەکو بولبول دەیچریکاندو ڕووی لەهەر شوێنێک بکردایە داوایان لێ دەکرد لاوک و حەیرانیان بۆ بچڕێ ئەویش دڵی نەدەشکاندن هەروەها لەگەڵ کۆمەڵێ بنەماڵەی ناوداری کۆیە زۆر دۆست بوو لەلایان دەماوەو شەوتابەیانی کۆڕو دیوەخانیان گەرم دەکردوو چریکەی لاوک و حەیران دنیای پڕدەکرد. بەڵام کەلتورو داب و نەریت ئەم دەنگە خۆشە کپ دەکەن، چونکە کاتێ هونەرمەندی گەل مامۆستا تاهیر تۆفیق بەحوکمی ئەوەی لەگەڵ مام مەحمود خزمن و لەهەمان عەشیرەتن و هەردووکیان (شێخانی)ن داوای لێدەکات بێت بۆ ئێزگەی بەغداو ئەولەوێ هاوکاری دەکات و حەیفە ئەو دەنگە خۆشە تۆمار نەکرێ، بۆیە مام مەحمود لە ئیلنجاغەوە بەڕێدەکەوێ و شەو لەکەرکوک لەلای خزمێکی خۆی دەمینێتەوە کە دەڵێ دەمەوێ بچم بۆ ئێزگە ئەو خزمەی مام مەحمود دەست بەگریان دەکات و دەڵێ چۆن دەچی بۆ ئێزگەو حەیامان دەچێ و ئێزگە وایەو وایەو هەموو (چاوەشن) ئەتو کودەبی بەگەرئەوانە بکەوی و......هتد. ئابەم قسە نەزان و جاهیلانەیە مام مەحمود پەشیمان دەکاتەوە لە چوونی بۆ ئێزگە و مام مەحمود دەگەڕێتەوە بۆ ئیلنجاغ (ئەم بەسەرهاتەم لەدەمی خۆیەوە بیستووەو بۆی گێڕاینەوە کاتی خۆی لە کۆیە).

ئینجا بەم شێوەیە دەنگی مام مەحمودی خۆشخوان تۆمارناکرێ تاکو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە ئەوکاتە مام مەحمود تەمەنیشی ڕوو لەهەڵکشان بوو کە بێگومان ئەگەر بەگەنجی دەنگی تۆمارکرابا دەنگی یەکجار ساف و ناسکتربوو، بەڵام خزمەکانی خۆی هەر لەماڵی خۆیان بە مسەجەل دەنگی تۆماردەکەن و جارێکی دیکەش مامۆستا (زرار داربەسەری) عودی

بۆدەژەنێ و ئەویش کۆمەڵێ لاوک و حەیران دەچڕێ و (مامۆستا زراری)ش تۆماری دەکات ئینجا ئەم دوو کاسێتە بەناو خەڵکدا بڵاودەبنەوەو ئێستا لە تۆمارگاکانی (کۆیەو هەولێر) دەست دەکەون و بەدەنگێکی یەکجار خۆش و کوردانە حەیران و لاوک دەچڕێ.

مام مەحمود جگە لەدەنگ خۆشی پیاوێکی یەکجار قسەخۆش و دنیایی و مەجلیسی بوو (مام مەحمود گوڵی مەجلیسان بوو)، مرۆڤێکی هەژارو کورد پەروەربوو بەشداری شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦٢ دەکات و لەشەڕی (هەیبە سوڵتان) لەگەڵ حەیران بێژی گەورەی کورد (حەسەن حەیران) هەریەکەو لەشوێنی خۆیەوە لاوک و حەیران دەڵێن بە بێ ئەوەی ئاگایان لەیەکتری بێت بەحەیران جوابی یەک دەدەنەوە بەڕاستی دیمەنێکی ناوازە بووە، ئینجا دواتر یەکتری دەناسن، مام مەحمود لەگەڵ کۆمەڵێ حەیران بێژی دیکەی کورد وەکو (حەسەن سیساوەو حوسێن کێشکێ .... هتد) نێوانیان زۆر خۆش دەبێ و دۆستی یەک دەبن. مام مەحمود ڕاستە پیاوێکی نەخوێندەواربوو، بەڵام تابلێی مرۆڤێکی ڕۆشنبیرو هەست بەرزبوو سەربەرزانە خوێندنی بەهەردوو کوڕەکەی کاک عەلی و دکتۆر وەلی تەواوکردوو ئێستا دکتۆر وەلی سەرۆکی زانکۆی کۆیەیە مرۆڤێکی ڕۆشنبیری وراتەکەیە. مام مەحمود ساڵانی حەفتاکان ماڵی گواستەوە بۆ شاری هەولێرو لە دائیرەی ئاوەدانکردنەوە (ئیشغال)یان پێ دەگوت وەک کرێکار دادەمەزرێ و پیاوێکی زۆر چوست و چالاک و خاوێن و پاک و ڕێک پۆش و دڵ تەڕبوو چەندین چیرۆکی سەیر لەسەر دەنگ خۆشی مام مەحمود هەیە، کە من ئێستا تەنها یەکێکیان دەگێڕمەوە کە خۆی بۆ بابمی باس دەکرد منیش تائێستا لەبیرم ماوەو تۆمارم کردووە ئەویش بەم جۆرە بوو:-

کاتێک مام مەحمود نازانم چ ساڵێک دەبێ لە کرێکاری دەبێ لە دائیرەی ئەشغاڵ کەوا ڕێگاوبانیان دروستدەکرد لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان جارێکیان کاروانێکی ماڵە کۆچەریەکان و ڕەوەندەکان بەلای ئەواندا تێپەڕدەبێ کرێکارەکانی تر دەڵێن دەی مام مەحمود بزانین ئێستاش دەنگت خۆشە بزانین دەتوانی ئەم کاروانە ڕابگری، مام مەحمودیش دەست دەخاتە

بنگوێی بەندە حەیرانێک دەڵێت یەکسەر کاروانەکە ڕادەوەستێ و ژنێکی کاروانەکە کە دەنگی زۆر خۆش بووە ئەویش بەبەندە حەیرانێک جوابی دەداتەوە، ئیدی مام مەحمود لەوبەرو ژنی دەنگخۆشی کاروانە لەم بەر بەحەیران جوابی یەک دەدەنەوە خودایە دەبێ چ دیمەنێکی دلڕفێن و جوان بووبێ خۆزگە ئەمانە تۆماردەکران! ئینجا سەرقافڵەی کاروانەکە دێتەلای مام مەحمود و دەڵێ تکات لێدەکەم هیچکە حەیران مەڵێ بەوخودایەی ڕێگامان زۆر دوورەو ئێزنمان بدە بڕۆین ئەوها بڕوا هەتا نیوەی شەوێ ناگەینە جێ هەتا ئەتو حەیران بڵێی بەودەنگە خۆشەی ئەوا کاروانەکەی ئێمە یەک بست لەشوێنی خۆی ناجوڵێ و دەنگ خۆشەکانی ئێمەش دەست بە حەیران وتن دەکەن مام مەحمود دەڵێ باشەو وتی ئینجا کە وەستام کاروانەکە دەستی بەحەرەکەکردو ڕۆیشتن.

دیارە شێخانیەکان وەکو مامۆستا باکوری ئاماژەی پێدەدات یەکەم کەس بوون حەیران و لاوکیان هێناوەتە کۆیە و بەتایبەت لاوک، چونکە من بەڕاستی تا ئێستا لەوراتی کۆیێ بێجگە لە مام مەحمودی کەسم نەدیوە لاوک ببێژێ، چونکە مام مەحمود زۆر وەستایانە لاوکی دەگۆت بەتایبەتی (دەروێشی عەبدی) کە ئەمەش بۆ ئەو بنەچە مێژووییەی ئێزیدیەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە، چونکە شێخانیەکانی وراتی کۆیێ لەبنەڕەت ئێزیدی بوون دواتر بوین بەئیسلام. مامۆستا (تاهیر ئەحمەد حەوێزی) لە کتێبی (مێژووی کۆیە)، کە باسی دەنگ خۆشەکانی گوندەکانی کۆیە دەکات یەکەم ناو دەنوسێ (مەحمود حەمەد ئیلنجاغی). بەداخەوە ئەم بولبولە خۆشخوانە لەکۆتایی ساڵانی هەشتاکان توشی نەخۆشیەکی کوشندەبوو بەهۆیەوە دەنگی لەدەستداو نەیدەتوانی قسەبکات و دەنگی دەرنەدەهات، کە بەڕاستی بۆ دەنگ خۆش و هونەرمەندان ئەوەش بۆخۆی مردنێکە، کە نەتوانێ بچریکێنێ و دەنگ هەڵێنێ، بەمجۆرە مام مەحمود کۆتاییەکانی تەمەنی بەڕێدەکرد تاوەکو ساڵی ١٩٩٤ لەشاری هەولێرکۆچی دوایی کردوو هەر لە هەولێر نێژرا، ئیتر هەزاران هەزار سڵاو لە گیانی پاکی مام مەحمود شێخانی و هونەرمەندی گەل مامۆستا تاهیر تۆفیق شێخانی و سەرجەم هونەرمەندانی کوردستان.

ئەمەش نمونەیەک لە حەیرانەکانی مام مەحمود:

حەیران بە کێندەرێ دا هەربرێم بە بناران بناری کۆیێ

دونێ سبیانێ لۆخۆم ڕاوەستا بووم لەسەر ڕێی حەمامی حەسەناغای

بەژنێ باریک دێتەوە لەڕێیێ سراوێ لەگەر کۆمەڕێکێ شل و مل و ناسک بەدەنان

پەرچەمێ حەیرانێ گەلە جوانن دێتە خوارێ بەسەر برژانگ و برۆیێ

بەژنێ حەیرانێ لەبۆمن بمینێ بەدارەکی خالس و مەندەلی وەکی فەسڵی دەرە بواران

لەسەریان دەگرن نارنجە لە بنیان دەگرن زەردە لیمۆیێ

برام ئەمن گەلە ڕاستم لەگەر بەژنی باریک قەت ناکەم درۆیێ

دەست لەسەر بەژنێ باریک هەرناگرم هەتا ئەوێ ڕۆژێ

یان خودایێ گەورە دەمکوژی یان دەمدەن لەسێدارەی حەمەغای کۆیێ

## دووەم- جوامێر و قسەخۆش و نوکتە گۆیەکەی گوندی ئیلنجاغی گەورە (1) !

ساڵی ١٩٧٠ مامۆستا بووم، لە گوندی ئیلنجاغی گەورە، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای کۆیە، دانیشتوانی ئەم گوندە هەر لە کۆنەوە زۆر خزم دۆست و میوان پەروەر بووینە، بەردەوام باوەشیان بۆ پێشمەرگەو کەسانی لێقەوماو کردۆتەوە. خەڵکی ئیلنجاغ لەگشت خۆشی و ناخۆشیەکدا بەبەردەوامی زۆر لەگەڵ یەکتر هاریکاربووینە جا بۆیە بەڕاستی پەیوەندی خزمایەتی و کەلتوری و کاسە جیرانەتی هەر لەخۆیان دەوەشێتەوە! هەڵبەتە تا ئیستاشی لەگەڵدابێت ئەو سۆزو خۆشەویستیە بەردەوام هەر هاودەمیان بووە! یەکێک لە کەسایەتیەکانی دانیشتوانی ئەم گوندە، یادی بەخێر (کاک مەحمودە) کە باوکی کاک (عەلی ئیلنجاغی و دکتۆر وەلی)ە.

---

(١) بەقەڵەمی مامۆستا (زرار قادر خەیلانی)، ١١/ ١٠/ ٢٠١٨. بۆدەقی وتارەکەی بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣). ناوبراو لە ڕێککەوتی (١٩٤٥/٧/١) لەدایک بووە و ئێستا لەشاری هەولێر نیشتەجێیە.

کاک مەحمود ڕۆحی شادبێت، جوامێرێکی قسەخۆش و حەرەم گران و هونەردۆست و نوکتە گۆیەکی بەسەلیقە بوو.. کە ڕووبەڕوی دەهاتی، هەر لە دوورەوە بەکلیلی نوکتەکانی دەرگای دڵی بەرامبەرەکەی دەکردەوە.! ئەو پیاوە یادی بەخێر، تا بڵێی ورە بەرزو گەشبین بوو.. چونکە وادیاربوو لەناخەوە، چەشەو خولیایەکی بەرزی هونەری دەی بزواند.! بۆیە موچڕک و تەزووی شادی لەدڵ و دەروونی خەمڵی بوو.! وایدەزانی کە هەموو دونیا هی ئەوە.. بۆیە هەردەم، دەم بەخەندەو پێکەنین بوو.! هەرچەندە لەڕووی ماددیەوە نەدارو دەست کورت بوو، بەڵام لەویژدانەوە جوامێرێکی گەلێ چاوتێرو سەر بڵند بوو.! هەرگیز هەستی بەکەمی نەدەکرد.. هەمووکەس خۆشیان دەویست و، ئەویش گشت لایەکی خۆش دەویست. ئەو پیاوە هونەر دۆست و چاوتێرە، دەنگێکی یەکجار کاریگەرو بەجۆشی هەبوو، لەلاوک و حەیران و بەستەو مەقام زۆر بلیمەت و بەتوانابوو، زوو زوو یەکترمان دەدیت، હاموشۆمان خۆش بوو.

ساڵی ١٩٧٦ بوو، ڕۆژێکیان هاتە لامان، میوانمان بوو، نیوەڕۆ لەلامان مایەوەو بەنوکتەو قسە خۆشەکانی زۆر دڵی خۆش کردین و، خێزانیشم پێی گوت: کاکە مەحمود، حەزدەکەین ئەگەر هەندێک (حەیرانیشمان لۆ برێی) ئەویش بەشێوازە شیرنەکەی لەوەڵامدا گووتی: ئەی بەچاوان (براژنە ڕەحیم).

ئیتر دوای نان خواردن، تەسجیلێکی ئاساییمان هەبوو، هێنامان و منیش عودەکەم نەسب و مشتوماڵ کردوو هەربەبێ پڕۆڤەو ئامادەباشی، کاک مەحمود دەستی پێکردوو، بەبێ وچان کاتژمێرێکی تەواو، لاوک و حەیرانی بۆ گوتین! بەبێ ئەوەی هەست بەهیچ جۆرە ماندوبونێک بکات.! جەوێکی یەکجار بەتام و بۆی بۆ خولقاندبووین، یاخوا گۆڕەکەی پڕ نوربێ، تاکو ئێستاش شریتی گۆرانیەکانی لەلامان ماوە..

ئەم پیاوە، لەشایی و داوەت و زەماوەندی بوک گواستنەوەی خزمان، بەبەستە خۆشەکانی هەموو خەڵکی ئاوایی دەخستە جۆش و خرۆشەوە.. پێچی شایی دەم لەدەم بەجۆش تر دەبوو.!

خۆهەڵپەڕکێ و شایی، گەرم نەدەبو، تا کاکە مەحمود دەنگی نەهاتبایە..!!

دیارە گۆرانی و لاوک و حەیرانەکانی تام و بۆی گیاو گۆرو گوڵ و گوڵزاری پێدەشت و چیاو چۆل و کوێستان و گەرمیانی کوردستانی لێدەهات.
کەگوێت لێدەگرت، ئاوازەکان سۆزی خۆشەویستی گوێ ئاگردان و هەوارو بارگەو بنەو کاسەجیرانەتی و سوننەی میللی سەلیقەی شادی دەبزواندی، بۆیە هەرچەندە گۆرانی بگوتایە، قەت لێی تێرنەدەبوی..!!
*ڕۆحت شاد هونەر دۆستەکەی گوێ ئاگردانی کوردەواری.!
*یادت بەخێر جوامێرە قسەخۆش و نوکتە گۆیەکەی گوندی ئیلنجاغی گەورە.

## سێیەم- کورتەیەک لە ناسینی من بۆ مام (مەحمود حەمەد ڕەسوڵ) خودا لێی خۆشبێت [1]:

سەرەتای ناسینی من بۆ مام (مەحمود حەمەد ڕەسوڵ) بۆ ئاداری ساڵی ١٩٧٤ دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی لەڕێی کاک جەلال ڕەزا و کاک ڕەشیدی برای هاتن بۆلام بەمەبەستی دامەزراندنی لە ئیشغال، کە دیتم پیاوێکی ڕێک و پێک و جوامێر، هیچ سێ و دووم نەکردوو یەکسەر بە (عامل ماهر) دام مەزراند بە ڕۆژانەیەکی باش، کە بتوانێ بژێوی ژیانی دابین بکات.
ئیتر ناسیاویی و خزمایەتیمان پەرەی دەستاند تا گەیشتە ڕادەیەک وامدەزانی مامی ڕاستەقینەمە.. سەیریش لەوەدابوو ناوی باوو باپیریشمان زۆر لێک نزیک بوو ناوی ئەو (مەحمود حەمەد ڕەسوڵ) بوو، ناوی منیش (نادر صالح حەمەد ڕەسوڵ) بوو، هەروەکو مام مەحمود برای باوکم بێ و من برازای بم. وادیارە ئەو جۆرە ناوە زۆر باوە لە وراتی کۆیە، ئێمەش لە بنەڕەت خەڵکی وراتی کۆیەو خەڵکی گوندی (بانیماران)ین.
مام مەحمود پیاوێکی زۆر زیرەک و وریاو داناو قسەخۆش بوو حەکیم و جوامێرو پیاوی مەجلیس و کۆمەڵایەتی بوو جێگای حورمەت و

(١) بەقەڵەمی ئەندازیار (نادر صالح حەمەد ڕەسوڵ شێخانی)، ١٠/ ١١/ ٢٠١٨. بۆ دەقی وتارەکەی بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٤). ناوبراو لە ڕێککەوتی (١٩٤١/٧/١) لەدایک بووەو ئێستا لە وڵاتی دانیمارک نیشتەجێیە.

خۆشەویستی هەموو ناسیارو خزم و کەسی هۆزی شێخان بوو.. پیاوی سوڵح و مەسرەتی بوو لەهەر شوێنێک بوایە شوێنی خۆی دەکردەوەو دەبووە جێگای خۆشەویستی و حورمەتی دەوروبەری. کەم دوو بوو هیچ قسەیەکی نەدەکرد ئەگەر حیکمەتێکی تێدانەبوایە.. زۆر زیرەک بوو هەندەی پێ نەچوو فێری لێخوڕینی بلدۆزەر بوو وە زۆر بەلێوەشاوەیی و زانستی ئیشەکەی دەکرد و هەردەم هەوڵی دەدا من سەربەرزبم لە کارەکەم، چونکە خۆی بەخزم و نزیکی من دەزانی و ئەوەش نیشانەی وەفاداریە.

زۆر دلسۆزبوو بۆ هۆزی شێخان هەردەم هەوڵی دەدا کەسایەتیەکانی ئەو هۆزە بناسی وهۆزەکەی سەربڵندبن و تەباو بێ کێشەو ناکۆکی بن و هەردەم یەکگرتووبن. وەدەمەوێ ئەوەش بڵێم، دەنگێکی زۆر خۆش و بەسۆزی هەبوو، حەیران بێژەکی زۆر بەتوانا بوو، بەڵام بەداخەوە لەبەرنەریتی کۆمەڵایەتی سەردەمی ئەو ئەم بەهرەیەیان پێ عەیب و شورەیی بوە لەبەرئەوە بەرهەمی تۆمارکراوی دەگمەنە. تەنها ئەگەر لەمەجلیسێک خەڵکەکەی خۆش بویستایە، سۆزی هەڵدەستاو خۆشترین حەیرانی بەدەنگە زوڵاڵەکەی خۆشەویستانی خۆی دەینا جۆش و خرۆش.

هەزار هەزار ڕەحمەت لەگیانی پاکی بێ هەرزیندووە لەناومان ئاواتە خوازم هاوتای زۆر بێ لەهۆزی شێخان.

## چوارەم- چاوپێکەوتن لەگەڵ (حەلیمە ڕەسوڵ) [1]:

لە ساڵانی ١٩٥٥-١٩٥٦ خەزورم واتە (سلێمان مەلا ئەحمەد ئاغا) کە ناسرابوو بە (کاک ئاغای مەلا ئەحمەد ئاغا) ئاشی ئاگری هەبوو لەنزیک گوندی (دار بەڕولە) لەسەر ڕێگای سەرەکی کۆیە-تەق تەق، کە ئێستاش شوێنەوارەکی کەمی ماوە. هاوسەرەکەم واتە خولێخۆش بوو (نافع ئاغا) سەرپەرشتی کارپێکردنی ئاشەکەی دەکردووماڵمان لەلای ئاشەکە بوو. لە وراتی کۆیە جگە لەم ئاشە ئاشێکی تر نەبوو بۆیە خەڵکێکی زۆر لە گوندەکانەوە دەهاتن بۆ

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ (حەلیمە ڕەسوڵ) کۆیە، ٢٢/١٠/ ٢٠١٨. ناوبراو خێزانی خوالێخۆشبێ (نافع ئاغای غەفوری)یە، لە ڕێککەوتی (١/ ٧/ ١٩٣٩) لەدایک بووەو ئێستا لەشاری کۆیە نیشتەجێیە.

باراش لێکردن، بۆیە هەمیشە جگە لە هاوسەرەکەم دوو سێ کەسی تریش بەمانگانە وەک ئاشەوان لەسەر ئاشەکە کاریان دەکرد یەکێک لەوانە کاکە (مەحمود) بوو بۆماوەیەک لەسەر ئاشەکەبووماڵەکەشی هێنا بۆئەوێ یەک منداڵی هەبوو بەناوی (عەلی).

ماوەیەک بەیەکەوە بووین نێوانمان زۆر خۆش بوو، کاک مەحمود پیاوێکی زۆر لەسەرەخۆو ڕوخۆش و قسەخۆش و سوعبەت چی بوو، هەروەها دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو، هەمیشە کەدادەنیشتین لاوک و حەیرانی زۆر خۆشی بۆ دەگوتین، بەڕاستی من تاکو ئێستا هیچ دەنگێکم وەک دەنگی کاکە مەحمود پێ خۆش نییە.

ئەم سەردەم زۆر خۆشتربوو لەئێستا، هەرچەندە هەمووولایەکمان نەبوون بووین، بەڵام هەمووومان دڵمان زۆر خۆش بوو، هەمووولایەکمان هاوسەرەکەم و کاکە مەحمود و ئەوانی تریش خەزورم کرێی دەداینێ واتە کرێگرتەی خەزورم بووین، وەک ئێستا خەڵک خەمبارو دڵ ناخۆش نەبوو، کاک مەحمود هەمیشە دەم بەپێکەنین و قسەخۆش و دەنگ خۆش و لاوک بێژوو حەیران بێژێکی باش بوو دەنگی گەلەک خۆش بوو.

## پێنجەم- کاک محمود حەمەد ئیلنجاغی و یادەوەریەک [(١)]:

گۆرانی و مەقام گۆتن لە کۆیەو وڵاتی کۆیە مێژووییەکی کۆن و ڕەسەنی هەیە وستایلی تایبەتی خۆی هەیە، بەهۆی ئەوەی دەمێکە لەم دەڤەرە ئاوێتەبوونێکی شارستانی ڕوویداوە. هونەریش بەشێکە لە شارستانیەت، کۆیە هەم بەکۆنی مێژوو ڕابردووەکەی هەم مەڵبەندێکی دێرینی شاربووە، تایبەتمەندی گۆرانی و مەقامی خۆی لێ خولقاوە، نەوە لەدوای نەوە ماوەتەوە، ئەمەش بەهۆی زیندویی شارەکەو تێکەڵاوی لەگەڵ دەوروبەرو وڵاتان. عەرەب دەڵێ: (المقام لغه مشترکه بین الشعوب والاقالیم المجاوره).

---

(١) بەقەڵەمی (شێخ صلاح شێخ شرف)، ٧/ ١/ ٢٠١٩. بۆدەقی وتارەکەی بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٥). ناوبراو لە ڕێککەوتی (١٩٤٨/٧/١) لەدایک بووەو ئێستا لەشاری کۆیە نیشتەجێیە.

لەم باسەی ئێمە مەجالی ئەوە نییە ئێمە لەسەر ئەو بابەتە بەدرێژی بدوێین، تەنها ئەوە دەڵێین و هێما بۆ هەندێ مەقام دەکەین کە مۆری ناوچەکەیان پێوەیە، وەک: شلەو خانان، دەماغم وەزنە، بازان باز قەتار، سالم سالم ئاری گوری ...هتد. لێرە زۆر مەقام بێژوو دەنگ خۆش و تەرەب دۆست هەڵکەوتوون، ئەمین ئاغا ئەختەر، حاجی یە گەورە، حوسێن ئیسماعیل، عەبەی چایەچی، تایەر تۆفیق و ... هتد. دیارە ئەمانە نەمامی ڕواوی ئەم باغە بەپیت و بەرەکەتەیە، بەڵام لەوڵاتی کۆیەدا کە بە ڕۆژئاوای کۆیە دەوترێت حەیران و لاوک باوەخان دەنگ شارەزا وەستا هەبووە.

بەڕای ئێمە حەیران مەڵبەندی سەرەکی دەشتی هەولێرە، قەراج و کەندێناوەو مەخمورو ڕۆژئاوای هەولێرو خۆشناوەتی گەیوەتە موکریان لە ڕۆژهەڵات، هەروەها لە بتوێن و پشدەر ئاوازی حەیران دەبیستی.

دیارە ئەم دەڤەرەی وڵاتی کۆیە دراوسێ و تێکەڵی عەشیرەتی لەگەڵ دەشتی هەولێر هەیە و بەشێکە لە جوگرافیای حەیران.

لاوک زیاتر بەناوچەی کرمانجی سەروو مەڵبەندێتی ئەمیش ئەوەندە دوورنییە بای ئەوە لێک نزیکن کە پەیوەندیان هەبێ، بەڵام بەبۆچونی ئێمە هۆی سەرەکی لاوک کە لەم دەڤەرە هەیە وامەزندەی دەکەین لاوک لەگەڵ هاتنی شێخانیەکان (ئەو مێژووە بۆ مێژوو نوس و لێکۆڵەرەوان جێ دێڵین) ئەم کۆچ و ڕەوە لەگەڵیاندا لەمەڵبەندی لاوکەوە لە مەملەکەتی شێخان و ئێزیدیان بۆ ئێرە هاوردە کراوە. هەردیارە زیاتریش لەنێو خزمانی شێخانی بەدی دەکرێ و دەبیستری، لەناو شێخانیەکانیشدا گۆیندەی ماون.

دیارە لاوک بەیتێکی سەربردەی ئازایەتی و سوارچاکی و قارەمانیەتی ئەکتەرانی ناو ئەم لاوکە وەبەسەرهاتی مێژووی نەتەوەکەمانن، وەک لاوکی شێخ مەحمود، هی کاوێس ئاغاو لاوکەکانی تر.

من لێرەوە دەچمە سەرباسەکە. کاک مەحمود حەمەد ئیلنجاغی پیاوێکی دەستە پیاوو چاوگەشی سورکەڵانە بوو، وەک بێتەوە بەرچاوم پەیوەندی خزمانی ئیلنجاغ و شێخەکانی تەکیەی تاڵەبانی کۆیە، هەم شێخەکان موڵکیان هەبوو لەگوندەکەو لەلایەن خزمەکانەوە بەکاردەهات، هەم خاڵوانی ماڵی شێخ

ئەدیب و شێخ عەیزوڵڵا بوون. هەندێ لەدەنگ خۆشەکانیان کە پیاوی ماقوڵ بوون لەدانیشتنی تایبەت و مجلیس دا نەبان حەیرانیان نەدەگوت، بەبیری ئێمە خاڵە سمایلە سوری بانی ماران، مەحمود ئیلنجاغی و مەلا ئەحمەدی حافز بەناوبانگ بوون.

بیرەوەریەکەم لەگەڵ ئەم دەنگ خۆش و حەیران و لاوک بێژە تۆمار دەکەم بۆ مێژوو.

دیارە کاک مەحمود وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێ کرد لەدانیشتنی تایبەت دا نەبوایە گۆرانی نەدەگوت، بیرم دێ پێش شۆڕشی ١٤ی تەممزی ١٩٥٨ بوو ئەوساڵە مام جەلالی ڕەحمەتی لە کۆیە بوو، نازانم چۆن بوو من لە قوتابخانەی سەرەتایی بووم لەدیوەخانی تەکیەی شێخ حسام الدین، کە کاک مەحمود میوانی ماڵی شێخ بوو، لەگەڵ مام جەلال دا دانیشتبوون دوو قۆڵی و منیش چام بۆ دەبردن، دیارە باسەکە لەسەر حەیران و گۆرانی بوو. کاک مەحمود ئەوەی گێڕایەوە وتی عەسکەر بووم شەو خەفەربووم لەبەردەمی (باب النظام) دانیشتبووم لەبەر خۆمەوە لاوکێکم دەگوت کە بەسەر مەلا مستەفا بارزانی دا گوترابوو. بارزانیەکان ئاوارەبوون لە ڕوسیا، سونبولی بەرخۆدان بوون. کاتێک سەرم هەڵبڕی ئەفسەری ئێشکگر لەسەر سەرم وەستابوو، منیش بەرزەپێ هەستام و سەلامم بۆکرد. پرسی ئەوە چت دەگوت؟ منیش ترسام وتم گەورەم لەبەر خۆمەوە نوزەنوزێکم دەکرد، بیری ماڵەوەو گوندەکەمانم دەکرد، گوتی وەرە بۆ ژێر خێمەکەی من، منیش ناچار بەدوای کەوتم، ئەمری کرد وتی ئەو لاوکەم بۆ بڵێ، چەند پاڕامەوە وازی نەهێنا ئەفسەرەکە کورد بوو وتی مەترسە، ئەوەندەی من لاوکەکەم دەوت ئەفسەرەکە بەگوڕ فرمێسک بەچاویدا دەهاتە خوارەوەو بەکوڵ دەگریا. جا ترسم نەماو زانیم ئەویش کوردەو نیشتیمان پەروەرە. ئیتر بەیانی هەفتەیەک ئیجازەی دامێ. ئەمە پێش شۆڕشی ١٤ی تەمموز بوو. دیار بوو مام جەلال زۆر بەپەرۆش بوو. ئەمە گەواهیەکی مێژووییە.

## شەشەم- سۆزێک لە غوربەتەوە [1]:

کۆتایی ساڵی ١٩٨٩بوو ئێمە مەفرەزەیەک پێشمەرگەی پارتیزان دوای چواردە مانگ مانەوە لەسنوری هەولێر تازە گەڕابوینەوە قاسمەڕەش لەسەر سنور. بەهۆی ئەو کارەسات و ماڵ وێرانیەی ڕژێمی بەعس بەسەر شۆڕش و خەڵکی کوردستانی هێنابوو زۆر نیگەران بووین، بەتایبەتی کە ئەمان بینی پێشمەرگە هیچ هیوایەکی بەپاشەڕۆژی شۆڕش نەمابوو، وردە وردە خۆیان تەسلیم بە ڕژێم دەکردەوە. من و کاک جەلال ئیلنجاغی یش بەو ماندویەتیەی کە گەڕابوینەوەو بەو بارەدەروونییە ناخۆشەی کە باسمکرد، بۆ ئەوەی کەمێک پشوو بدەین دوای سەردانی هەندێک برادەر لە شارەکانی کوردستان (ئێران) لە شاری خانێ ی ڕۆژهەلاتی کوردستان ژورێکمان لەحەوشەی ماڵێک گرت لەگەڕەکی کۆنە خانێ. بۆ شەوەکەی کە تازە یاتاغمان ڕاخستبوو زۆر بێ خولق بوین، خاوەنی خانوەکە کەناوی مام سەید بوو هات بۆ بەخێرهێنانمان، کە بینیمانی هەستی کرد زۆر بێتاقەتین بۆیە کەوتە شۆخی و گاڵتەکردن، دیاربوو هەولّی دەدا بەقسەی خۆش جەوەکەمان بگۆڕێت، لەپڕ هەڵساو گوتی دەزانن ئەمن چ نەوارێکم هەیە، نەوارێکم هەیە ئەمان نەوار، ئێستا دەچم بۆتان دێنم، ئێمەش لەدڵی خۆماندا گوتمان داخوە نەوارەکەی چی بێ. کاتێک هاتەوە لامان سەیرمان کرد تسجیلێکی سانیۆی بەدەستەوەیە، کە دەستی خستە سەر دوگمەی تەسجیلەکە گوێبیستی چریکەو دەنگە بەسۆزەکەی مام مەحمود بوین، کە بەلاوکێکی زۆر غەریبی بەسۆز دەستی پێکرد، بەڕاستی لەوشەوەدا لەو غوربەتەدا ئەو دەنگە بۆ ئێمە ئەگەر بە ڕۆح و بەخەیاڵیش بێت ئێمەی شادکردەوە بەزێدو وڵاتی خۆمان. بەتایبەتیش کە دەنگی مام مەحمود نەک هەر بۆئێمە، کە دەنگی کەسێکی ئازیزمان بوو جێی سەرسامی بوو، بەڵکو بۆ هەرکەسێکی تر بەهەمان شێوە، چونکە دەنگی ئەو دەنگێکی ڕەسەنی ناو ئێش و ئازاری کوردەواریەو لەسەرچاوەیەکی زۆر

(١) بەقەڵەمی لیوا (کاوە ئەنوەر نادر) ناسراو بە (مامۆستا کاوە)، ١٠/ ١/ ٢٠١٩. بۆ دەقی وتارەکەی بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٦). ناوبراو لە ڕێککەوتی (١٩٦٧/٧/١) لەدایک بووەو ئێستا لەشاری هەولێر نیشتەجێیە.

سروشتی یەوە هەڵدەقوڵێ، ئەگەر نا دەنگێک چۆن بێ ستریۆ بێ ژووری دەنگ بێ پڕۆڤە بەبێ ئەوەی مامۆستایەکی هەبووبێ کە شارەزای ئاوازو مەقامات بێ، تەنها لەکۆڕو دانیشتنی ئاسایی بەتەسجیلێکی سادە دەنگی مام مەحمود لەو سۆزە دەگمەن ورەسەن و تایبەتیانەیە، کە هەرکەسێکی کورد گوێ بیستی بێ ورەو وزەی پێ دەبەخشێ، دەیگەڕێنێتەوە دنیای ڕابردوی شتە جوان و ڕەسەنەکانی کورد لە پیاوەتی، جوامێری، لە وەفاداری و گیانی قوربانی و بەرخۆدان.

**حەوتەم- بە کۆچی دوایی خوالێخۆش بوو ئەستێرەیەکی گەش لە گوندی ئیلنجاغی شێخانیان و لەدەڤەرەکانی وراتی کۆیە پوکایەوە[(١)]:**

بەکۆچی دوایی ئەو تائێستاش شوێنەکەی هەر بەتاریکی ماوەتەوە، چونکە تاکێکی تر دەرنەکەوت کە شوێنەکەی پڕبکاتەوەو هەمان خەسڵەتەکانی خوالێخۆشبووی تێدابێت، لە دەنگ خۆشی و شارەزایی لەلاوک و حەیران، جوامێری و بەهەڵوێستی بۆ خزم و دۆست و دراوسێ و هەرتاکێک کە پێویستی پێی هەبایە دەستی هاوکاری و یارمەتی بۆ هەمووماڵێک لەم گوندە درێژ دەکرد بەبێ جیاوازی.

من زۆرم خۆش دەویست، لەگەڵ ئەوەی کە بن عام و دراوسێش بوین، وەجیاوازی تەمەنیشمان زۆر بوو، بەڵام زۆر برادەریش بووین، من هەر پێم دەوت کاکە مەحمود.

هەڵوێستی زۆر ئازایانەو چاونەترسیم لێ بیستووەو لێشم دیتوە، هەموو کەسی خۆش دەویست و سەری بۆ کەسیش دانەدەهێنا. من خوێندکار بووم لە دواناوەندی کۆیەو دواتریش لەزانکۆی بەغداد، هەرکاتێ دەهاتمەوە کاکم مەحمود دەهاتە ماڵمان کە دەیزانی زۆرم حەز لە گۆرانیەکانیەتی گەلێ

---

(١) بەقەڵەمی مامۆستا (نوری عەبدولا فەتحوڵڵا)، ١٦/ ١/ ٢٠١٩. بۆ دەقی وتارەکەی بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٧). ناوبراو لە ڕێککەوتی (١٩٥٠/٧/١) لەدایکبووە و ئێستا لەشاری کۆیە نیشتەجێیە.

لاوک و حەیرانی زۆر خۆشی بۆ دەگوتم بەبۆنەی هاتنەوەم بۆماڵەوە، ئیتر خزم و دراوسێش کە گوێیان لەدەنگی دەبوو هەموویان دەهاتنە ماڵمان تا درەنگانی شەو بەگۆرانی و بەقسەی خۆش شەومان دەکردەوە، خەندە سەرلێوەکانی بەرنەدەدا هەمووکاتێک دەم بەپێکەنین و بە زەوق بوو لەگەڵمان.

من قەت بەکزی و گرژیم نەدیوە، هەمووکاتێک گەشبین بوو لەژیان. ساڵی ۱۹۷۰ خوێندکاری قۆناغی دووەمی کۆلێج بووم لە بەغداد. لەدوکانەکانی شارع رەشید لە شوێنێک نایەی جوانی لێدانرابوو، منیش کە خۆم هیچ لەنایەو شمشاڵ نازانم یەکسەر کاکم مەحمودم بیرکەوتەوەو مامەڵەی یەکێکیانم کرد وتی بە (٤۰۰) فلسە، منیش بۆ کاکم مەحمودم کڕی و هێنامەوە، هەر ئەو شەوەی کە گەیشتمەوە نایەم دایێ و هات لەماڵمان دانیشت زۆری نایە بۆ لێداین، کە زۆر بەتوانابوو لێی و دواتریش گەلێ گۆرانی خۆشی بۆ وتین، ئەم نایە تا کۆتایی تەمەنی هەر لای مابوو.

لەگوندی ئیلنجاغ خزمایەتی و دۆستایەتی و بەهانای یەکترەوە هاتن باڵی بەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا کێشابوو تاڕادەیەکی یەکجار زۆر، بەڵام دڵسۆزی خوالێخۆشبوو لەم ڕادانەش تێپەڕ بوو بوو، یەک نمونەی زۆر سادەو ساکار دەگێڕمەوە کە بەچاوی خۆم بینی بووم:-

پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم، ماوەیەکی کەم پێش ڕۆژئاوا دایکم هەندێک بە پەشۆکاوی هاتە دەرەوەو وتی مانگاکەمان لە گاڕان نەهاتۆتەوە، کاکم مەحمود گوێی لێ بوو پاش ماوەیەک هاتە ماڵمان و گوتیە باوکم عەبدوڵڵا ئەوە چی دەکەیت؟ ئەویش گوتی چی بکەم؟ خەریکی نانخواردنم، گوتی مانگاکەت نەهاتۆتەوەو نان دەخۆیت! کێ دەڵێ ئێستا گورگ نایگاتێ و نایخوا! بابڕۆین بەشوێنیدا، باوکم وتی گاڕان ئەمڕۆ بۆ کوێ ڕۆیشتووە، کاکم مەحمود وتی من پێش ئەوەی بێمەلای تۆ چومە لای (مام حەمە زەرد خوالێیخۆشبێ)، کە ئەوکاتە گاوانی گوندی بوو، پێی وتم من ئەمڕۆ گاڕانم بەکێلە شینەدا بردە خوڕخوڕەو بەراوان و بورەی مامزی و گەری عاسیەو بەدەوروبەری گەری دارەبەنەیی و بە ڕەشمارۆکانداو بەهەمان ڕێگای کێلە

شینەو یاروەری گەڕایمەوە. باوکم و کاکم مەحمود لایتێکیان گرتە دەست و نازانم هی کامیان بوو، ڕۆیشتن لەوانەیە کاتژمێر شەشی ئێوارە بوبێ کاتژمێر نۆ گەڕانەوەو مانگایان بەپێش خۆیان دابوو، دانیشتن، وتی ئێ عەبدوڵڵا من چۆن نانم پێ دەخورا مانگای تۆ ون بێ.

لەوانەیە سەدان نمونەی بەمشێوە جوامێرانەیەی هەبووبێ، بۆیە کۆچکردنی خەسارەتێکی گەورەبوو لەکیسمان چوو. خودا بە بەهەشتی گەورەی خۆی شاد بکا بۆ ئەو هەموو دڵسۆزیەو کارە مرۆییانەی.

## هەشتەم- چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەنورە نادر)[1]:

ئەمن بە هەموو خەڵکی ئیلنجاغم گوتووە کاکە، زۆر جار هەندێک برادەرو ناسیاو پێ یان دەگۆتم ئەوانە هەمووی برای تۆن؟ دەمگۆت نەخێر خەڵکی ئیلنجاغ ئەوەی بە تەمەن لەمن گەورەتربێت پێی دەڵێم کاکە، (ئەوە جاران نەریتێکی دانیشتوانی گوندی ئیلنجاغی گەورە بوو)، بۆیە بەکاکم مەحمودم دەگوت کاکە مەحمود.

کاکم مەحمود منی زۆر خۆش دەویست، دۆستایەتیمان زۆر خۆش بوو، زۆر جاران دەهاتەماڵی ئێمە قسەی خۆشی بۆ دەکردین، لاوک و حەیرانی بۆ دەگوتین، دەی گوت ئەوە لەبەر خاتری ئەنوەریە. کاکم مەحمود پیاوێکی زۆر بەرێزبوو زۆر تەڕبوو دانیشتن و مەجلیسی زۆر خۆش بوو، پیاوێکی دڵسۆزو کورد پەروەر بوو. هەروەها لە ئیلنجاغ خەڵک خۆشی دەویست و ڕێزیان دەگرت، ولە گوندەکانی دەوروبەریش خۆشیان دەویست، دەنگی خۆش بوو، قسەی خۆش بوو.

من زۆرم متمانە بە کاکم مەحمود هەبوو، هەموو قسەیەکی خۆمم لەکن دەکرد، ئەگەر نهێنیش بوایە هەرگیز لێی نەدەترسام و باوەڕم پێی هەبوو. هەرچەندە ئەو لەگەڵ من لە ڕێکخستنی حیزبی دا نەبووە، بەڵام زۆر لە ڕێکخستنەکان بۆمن باشتر بوو، زۆر کێشەو گرفت هەبووە لەگەڵی

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەنوەر نادر خدر)، ناسراو بە (مام ئەنوەر)، کۆیە، ٢٠١٩/٢/١٥. ناوبراو لە ڕێککەوتی (١٩٣٨/٧/١) لەدایکبووە و ئێستا لەشاری کۆیە نیشتەجێیە.

چارەسەر کردوم. ڕەحمان چەلەبی کادیری (پ.د.ک) بوو، دەهاتەماڵی کاکم مەحمودو زۆر جاران لەدوای دەناردم دەی گوت دەبی ئیش لەگەڵ ئێمە بکەی، منیش دەمگوت نایکەم، کاکم مەحمود بەئاماژە پێی دەگوتم باشەو گوێی مەدەرێ، ئەوها زۆر جاران هاوکارم بووە.

ئەوکاتەی کە کاکم مەحمودو مام وسو و مامۆستا زاهیر زیندانی کران، گوایە مام وسو ڕێنیشاندەر بووە بۆ هێزەکەی (شێخ ستار)ی باڵی مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) بۆ ئیلنجاغ، من گەواهی ئەوە دەدەم مام وسو ئاگاداری هیچ نەبوو بەناهەق ماوەیەک لە هیران زیندانی کران لەلایەن باڵی مەلایی (پ.د.ک).

ساڵی ١٩٦٣ من و کاکم مەحمودو کۆمەڵێکی تر لەخەڵکی ئیلنجاغ و بانیماران بەشداریمان لەگەڵ ئەم هێزەی کە دەیویست بەرگری بکات لە داگیرکردنەوەی کۆیە کرد، چونکە هێزێکی ڕژێم لە هەولێرەوە دەهات بۆ داگیرکردنەوەی کۆیە، دوای ئەوەی نەمانتوانی ڕێگری لە هێزەکەی عێراق بکەین، پاشەکشەمان کرد بۆ کۆیەو دوایش بۆ چیای هەیبەت سوڵتان. لە سەر هەیبەت سوڵتان کاکم مەحمود لەگەڵ (حەسەن حەیران) دانیشتن و وەک گەڕەلاوژە بە نۆبەت هەندێک حەیران و لاوکیان گوت.

بەڕاستی پیاوێکی قسەخۆش و دەنگ خۆش و مەجلیس خۆش بوو، زۆرجار سوالفەی خۆشی بۆ دەگێڕاینەوە:-

هەربۆخۆشی گوتی: شەوێکیان میوانی مام کوێخا ڕەسوڵی مەرزان بووم، پێیان دەگۆتم لاوکێک بڵێ، مام ڕەسوڵیش دەی گوت من حەکایەتتان بۆ دەڵێم، ژنەکەی دەی گوت ڕەسوڵ تۆ حەکایەت مەکە، (ئەمەش لە کوردەواری بەشتێکی سوک دادەنرێ)، بۆیە بووە شەڕی مام ڕەسوڵ و خێزانەکەی، کە ناچاربووین ناوبژیان بکەین.

پیاوێک بوو لەگەڵ هەرکەسێک بوایە وای دەکرد خۆشی بوێت و جێگای خۆی لە دڵی دەکردەوە.

**نۆیەم- هەڵسەنگاندنێکی تیۆریی و ئەکادیمی بۆ دەنگی مام مەحمود[1]:**

حەیف و مخابن بۆ دەنگێک کە بە گوێی هەموو گوێگرانی کورد ئاشنا نەبووە، دیارە هۆکار و ڕێگری خۆی هەبووە کە لە راستیدا چیرۆکەکەی نازانم، بەڵام هەر ئاستەنگ و ڕێگرییەک هەبووبێت بەڕاستی غەدرێکی گەورە لە گوێگری کورد و بەهرەیەکی زۆر ناوازە و گەشی کەسێک کراوە کە شایستەی ئەوەبێت بە تەواوی گوێی لێبگیرێت و سەرمەست و حەیرانت بکات. لەم چەند لاوک و حەیرانەی بە دەنگی زوڵاڵی (مەحمود حەمەد شێخانی) بەردەستە و گوێبیستیان بووین. هەوڵم داوە زۆر ڕاستگۆیانە و بە شێوەیەکی تەواو زانستی قسە لەسەر لاوک و حەیرانەکان بکەم.

لەنێو چوار چینەکەی دەنگی موزیکدا ناوبراو دەنگی دەچێتە خانەی (تینۆر-Tenor ) لە نێو میانەیەکی شەشی فرەدا (تۆنی صۆڵ بۆ تۆنی فا دێز) ئەو مەودا دەنگیەیە کە لەو لاوک و حەیرانەدا دەرکەوتووە، کە بەردەستن و گوێبستیان بووین، مەسافەیەکی هەناسەی کە لە "٢٠ چرکە" نزیک دەبێتەوە، کە ئەمە مەودایەکی یەکجار درێژە. بەدڵنیاییەوە کە مەودای دەنگی فراوانتربووە لەوەی کە بەردەستە. بەتایبەت ئەگەر بتوانرایە کە بچێتە بۆ نموونە (ئێستگەی بەغدا)ی ئەو کات، لە چەند ڕەهەندێکەوە سوودی زۆری دەبوو لەوانە: مەودای دەنگی فراوانتر پیشان دەدرا، بە دڵنیاییەوە بەرهەمەکانی زیاتر و پوختتر دەبوون، لەو سنووورە تەسکەی وراتی کۆیە دەردەچوو و هاوشێوەی (سێوە و تایەرتۆفیق) دەنگی زیاتر بە گوێی خەڵکی دەگەیشت، جگە لەوەی کە بەرهەمێکی زۆر و زەوەندتر دەچوویە سەر خەرمانی گۆرانی و موزیکی کوردی، بە تایبەت لە بواری لاوک و حەیران.

لێرەدا بە پوختی دەچمە سەر باس و لێکۆڵینەوەی ئەو بەرهەمە گرنگانەی کە بەردەستن.

---

(١) بە قەڵەمی (مامۆستا ئارەزوو ئیسماعیل مەنصور) هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە هونەری میوزیک. کۆیە، ٢٠١٩/٣/٢٣.

**لاوکی جەوهەر ئاغا**

مەقامی بەیات لەسەر تۆنی (لا) بە نەفەسێکی درێژ دەچڕێت، کە لە میانییەکی دەنگی (٤ چواریدا) خۆی دەدۆزێتەوە، جیا لەوەی کە مەقامەکە سکێڵی تەواو نیە (کە ئەمەش بە تایبەت لە وتنی لاوک و حەیراندا شتێکی بەرچاو و دیارە)، بەڵام لە نێوان میانەی یەک و دوودا کە مابەینەکەیان یەک تۆنی تەواوە، واتە یەک دەنگە و دابەش دەبێت بۆ چوار چارەکە تۆن ئەو سیانیان بەکار دێنێت، هەر وەک ئەوە بۆ موزیسیانێک ڕونترە کە بڵێم (لە میانی دەنگی "لا و سی" هەر سێ تۆنی سی سروشتی و سی کار بیمۆڵ و سی بیمۆڵ بەکار دێنێت لە چونە سەر و هاتنە خواردا). هەرچەندە ئەمە کارێکی قورس و ئەستەمە، بەڵام لای زوربەی لاوک بێژە بە تواناکان ئەم حاڵەتە دوبارە دەبێتەوە و تا ڕاددەیەکی ئەوتۆ کە (خووی) پێوە دەگرن، ئەمەش یەکێکە لە ناسنامە و مۆرکی هەرە گرنگی لاوک. لەو وشانەی کە زۆر دووبارە دەبێتەوە (هەی لێ لێ و لۆ لۆ) لێرەدا تەواو نەفەسی درێژی خۆی نمایش دەکات کە نەفەسەیکی تەواو درێژ و دەنگێکی پڕە و تووشی ئاستەنگی هەناسەدان نابێتەوە. جیا لەوە کە چەندین وشەی کورمانجی لە نێو تێکستەکەیدا هەیە، لە بەکارهێنان و دەربڕینیاندا هیچ ئاستەنگ و کەموکوڕیەکی فۆنەتیک و دەربڕین بەدی ناکرێت و وشەکان تەواو ڕونن و بۆ تێگەیشتن ئاسان و دڵگیرن. هەروەها لە هەمان شێوازی دەربڕین و شێوە دیالەکتیکیدا هەمان بۆچوون تەواو ڕاستە.

بەکارهێنانی دەم و لێو و قوڕگ لە یەک کاتدا تەواو وەک گۆرانیبێژ و لاوک بێژێکی دانپێدانرا و بەکار دەهێنێت و لە تەکنیک و دینامیکیەتدا بۆ دروستکردنی دەنگی ورد و سەرنج ڕاکێش "هەستڕاکێش" سوودی گەورەی لەم بابەتە وەرگرتووە. هەرچەندە بە ڤیدیۆ لاوک و حەیرانەکەم نەبینیوە بەڵام لە شێوە دەنگ و ئەوەی کە هەست پێدەکرێت جووڵەی جەستەی وەک (ڕاوەشاندنی دەست و جووڵەی سەر و مل و پانکردنەوەی دەم وخۆ خوارکردنەوەی کەمەر...تاد) بۆ دروستکردنی وردە تۆنی لاوەکی بەکارهێناوە کە ئەم ئاکارە لەو لاوکبێژانەدا زیاتر بەدی دەکرێت کە لەناخەوە و زیاتر بە

کوڵ و کۆڤانەوە لاوک دەچڕن و بابەتی شیعر و بەسەرهاتەکە تەواو کاریگەری لە ناوەوەی کەسە لاوک بێژەکە کردووە. ئەو هەی لێ لێ و لۆ لۆیەی کە لە زوربەی لاوکەکاندا دەیڵێتەوە لە لاوکی سمایلاغا زۆر کاریگەرتر و قووڵترە کە مەودا کاتیەکەی لە "١٨چرکە" زیاترە و هەناسەی قوڵتر هەڵدەکێشێت و وەردەگرێتەوە، دیارە ئەوە یەکێک لەو دەلالەتانەیە کە ئەم لاوکەیان زۆرترین کاریگەری لەسەر لاوکبێژەکە هەبووە.

لاوکی سمایلاغا لە مەقامی بەیات و لەسەر تۆنی (صۆڵ دێزە- کە پێم وایە لە ڕاستیەکەی خۆیدا تۆنی صۆڵ بێت بەڵام لە کاتی گواستنەوەی لە سیستەمی ئەنەلۆگەوە بۆ دیجیتەڵ نیو تۆن بەرز بووبێتەوە و کەمێک خێراتر خۆ دەنوێنێت و ئەگەر بەراورد بکرێت بە لاوک و حەیرانەکان تر.

هەدێک جار دوای ئەوەی کە لاوک بێژ هەر خۆی حیکایەتخوانی دەکات و دواتر بەردەوام دەبێت لە لاوک بێژیەکە هەندێک جار ناچێتەوە سەر هەمان تۆن کە پێشتر لاوکی پێچڕیوە، بەڵکو (نیو تۆن هەندێکجار یەک تۆنی تەواو) بەرزتر یان نزمتر دەستپێدەکاتەوە. لێرەدا لاوکی سمایلاغا بە حیکایتخوانی (دوای ئەوەی سمایلاغا و سەرهەد یەکتری دەناسنەوە) لە خولەکی ٣٨:٣٠ کۆتایی پێدێت. ڕاستەوخۆ و بە بێ موزیک حەیران دەستپێدەکات (کە ئەمە تێیدا ڕونە، بەرهەمێکی جیاوازە و لە کاتێکی تردا تۆمار کراوە).

حەیرانەکان مەقامی "بەیات"ن وەک زوربەی حەیرانی کوردی لەسەر هەمان پەیژەیە، تاک و تەرا هەندێک مەقامی تری بەردەکەوێت. ئەوەی کە لێرەدا دەگووترێت لەسەر تۆنی "سی" دەگوترێت کە نزیکەی (یەک تۆن و نیو) لە تۆنی لاوکەکان بەرزترە و هەروەک لە حەیرانەی کوردیدا ڕونە مەودای دەنگی لە میانەیەکی چواریدا خۆی دەبینێتەوە، بە شێوازێکی نا جێگیر و نادیاریش خۆی لە میانەی پێنجەم دەدات و بە خێرایی دەگەڕێتەوە بۆ جێگیربوون لە میانەی چوارەم. کەواتە مەودای دەنگی لە حەیرانەکاندا لە (تۆنی "سی" بۆ تۆنی "می"یە و هەندێکجار دەچێتە تۆنی فا دێز کە میانەی پێنجەمە.) ئەوەی کە جێگەی سەرنج و تێڕامانە لە چڕینی حەیرانەکاندا شارەزاییەکی تەواو بە شێوازی (چڕین- ئەداء)ەکەوە هەیە کە زۆر

کارامەییانە لچ و لێو و وەرگرتنەوەی هەناسەی ناوەکیکی و قۆقزکردنی مەلاشوو بە تەواوی هەستی پێدەکرێت، کە ئەم حاڵەتانە لە حەیرانبێژێکی تەواو شارەزا و وەستاکاردا هەیە. لە لاوکی (دەروێشی عڤدی) بە هەمان شێوەی لاوکەکانی تر هەمان مەقام و هەمان میانە و درێژکردنەوە و هەمان کارامەییان تێدایە، بۆیە دوبارەکردنەوە و درێژکردنەوەی نوسینەکەم بە گرنگ نەزانی

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم/ کتێبەکان:


١. ئەسعەد عەدۆ: کەلەپوری کوردەواری، کۆبەرهەم، چ١، هەولێر، ٢٠١٥.
٢. پشکۆ عبدالرحمن: راپەڕینی شاری کەرکوک لە ساڵی ١٩٩١، چ١، مەکتەبی رووناکبیری ی.ن.ک، ٢٠٠٣.
٣. تاهر احمد حوێزی: مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم- بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٤.
٤. جون توش: المنهج في دراسة التاريخ، اتجاهات ومنهجيات وأهداف جديدة في دراسة التاريخ الحديث، ترجمة: د.ميلاد المقرحي، منشورات جانعة قاريونس، بنغازي- ليبيا، ١٩٩٤.
٥. سەعدوڵڵا شێخانی: سەربردەی کۆمەڵە حەیران بێژێکی کورد، چ١، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئەسعەد، ١٩٨٨.
٦. صلاح شێخ شرف، ئەمیناغای حەوێزی- ئەختەر ١٨٨٨/١٨٣٨، شاعیرو مامۆستای مەقام و خاوەن دیوەخانی هونەر، سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە، ٢٠٠٨.
٧. عومەر شێخەڵا دەشتەکی: داستان و گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیدا، چ١، بەرگی یەکەم، چاپخانەی صلاح الدین- هەولێر، ١٩٧٨.
٨. مەسعود محمد: حەماغای گەورە، چ٢، چاپخانەی ئاراس- هەولێر، .
٩. نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردو عەجەم، مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٥.
١٠. د.هاوژین صلێوە، مێژووی هەرمۆتە، چاپخانەی زانا- سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.
١١. هۆشمەند عەلی مەحمود: ڕاپەڕینی شاری هەولێر ساڵی ١٩٩١- توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، چ١، چاپخانەی شهاب-هەولێر، ٢٠٠٩.


## دووەم/ گۆڤارو ڕۆژنامە:


١٢. شوکری فازیل شێخانی: بولبولی خۆشخوانی وراتی کۆیێ (مەحمود حەمەد شێخانی)، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە (٣٦)، مایسی ٢٠١٥.

١٣. هۆشمەند عەلی مەحمود: سمکۆی شکاک، ڕۆڵی لەبزووتنەوەی کوردایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا (١٩١٨-١٩٣٠)، گۆڤاری ٢١K، ژمارە (٩)، ساڵی ٢٠١٠.
١٤. شکۆ حەمەد: شێخانی بن داسنی، مێژووی سەرهەڵدان و دروستبوونی هۆزی شێخانی لە دەڤەری کۆیە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، دووتوێیەکی تایبەتە سەبارەت بە هۆزی شێخانی، ساڵی بیست و حەوتەم، ژمارە (٧٧٤٧)،هەینی وشەممە ٢١-٢٢/١٢/٢٠١٨.
١٥. مەحموودی عیسمەتێ لەکۆڕی حەیران بێژیدا، ئامادەکردنی: سەعدوڵڵا شێخانی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١٠١٤)، ١٠/١٠/١٩٨٨.

## سێیەم/ وتار و چاوپێکەوتنەکان:

١٦. مامۆستا (زرار قادر خەیلانی)، ١١/ ١٠/ ٢٠١٨.
١٧. خاتوو (حەلیمە ڕەسوڵ) کۆیە، ١٠/٢٢/ ٢٠١٨.
١٨. ئەندازیار (نادر صالّح حەمەد ڕەسوڵ شێخانی)، ١٠/ ١١/ ٢٠١٨.
١٩. (شێخ صلاح شێخ شرف)، ٧/ ١/ ٢٠١٩.
٢٠. لیوا (کاوە ئەنوەر نادر) ناسراو بە (مامۆستا کاوە)، ١٠/ ١/ ٢٠١٩.
٢١. مامۆستا (نوری عەبدوڵا فەتحوڵڵا)، ٢٠١٩/١/١٦.
٢٢. (ئەنوەر نادر خدر)، ناسراو بە (مام ئەنوەر)، کۆیە، ٢٠١٩/٢/١٥.
٢٣. مامۆستا ئارەزوو ئیسماعیل مەنصور، کۆیە، ٢٠١٩/٣/٢٣.

## چوارەم/ وەرگرتنی زانیاری لەڕێی پەیوەندی تەلەفۆنیەوە:

٢٤. بەڕێز (بەکر گردەسۆری).
٢٥. بەڕێز (جەلال ئەحمەد شوشە).
٢٦. بەڕێز (حاجی پیرداود حەمەدئەمین).
٢٧. بەڕێز (د. ناڵی جەواد).
٢٨. بەڕێز (د.قاسم عومەر).
٢٩. بەڕێز (ڕەسوڵ حەمەد ڕەسوڵ).
٣٠. بەڕێز (زانا وسو وەسمان).
٣١. بەڕێز (سالم ڕەشید ڕەزا).

٣٢. بەڕێز (عەلی عەزیز حەمەدەمین).
٣٣. بەڕێز (فازڵ محەمەد شەریف).
٣٤. بەڕێز (فەرهاد حاجی عەلی خدر).
٣٥. بەڕێز (فەرهاد سەلیم کۆخە حەوێز).
٣٦. بەڕێز (فەرهاد نافع ئاغا).
٣٧. بەرێز (فەریق سەرهید دزەیی).
٣٨. بەڕێز (فەهد هیدایەت).
٣٩. بەڕێز (کامەران سەعدی).
٤٠. بەڕێز (م. ڕۆستەم تاهیر عزەت).
٤١. بەڕێز (م. ڕەمەزان حەمەدەمین عەوێنەیی).
٤٢. بەڕێز (م. کاکەخان عەولا ڕەسوڵ).
٤٣. بەڕێز (م. هەوراز زاهیر عوسمان).
٤٤. بەڕێز (م. ئەسعەد زراری).
٤٥. بەڕێز (نیهاد جەمیل).
٤٦. بەڕێز (وەهاب محەمەد نەجیم).
٤٧. بەڕێز (ئەسعەد خضر قادر حەمەد).
٤٨. بەڕێز (ئەنوەر عزیز باوە).
٤٩. بەڕێز خاتوو (شیلان عومەر عەباس).
٥٠. بەڕێز مقدم (دلزار ئیسماعیل).
٥١. بەڕێز وەستا (مەحمود عوسمان قادر).

## پێنجەم/ ئینتەرنێت:

لاوک و حەیرانە تۆمارکراوەکانی، کەناڵی یوتوبی (زانیار وەلی مەحمود):
٥٢. https://www.youtube.com/channel/UCvVCeZ4BzfLCdBBSnGnWvFA?view_as=subscriber&fbclid=IwAR27GMqHv1I08p4MJMUqp3rgXYYNyu7TmCHZLMSVFCkRtEIsdRF9kaL22gs
٥٣. پەیجی عەلی هەژار لە فەیسبوک (https://www.facebook.com/pg/shahidalihazhar/posts/
٥٤. عبدالستار تاهیر شریف: لە کوردیپیدیا وەرگیراوە: ?q=20081126133731526&lng=1

٥٥.تاهیر تۆفیق شێخانی: لە ویکیپیدیا وەرگیراوە:
https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D8%AA%D8%A7%DB%8C%DB%95%D8%B1_%D8%AA%DB%86%D9%81%DB%8C%D9%82
٥٦. حەسەن حەیران: لە سایتی روداو وەرگیراوە:
http://www.rudaw.net/NewsDetails.aspx?pageid=316191

# سوپاس و پێزانین


- زۆر سوپاس بۆ بەڕێز (پ.ی.د.نەوزاد ئەنوەر عمر)، بەپێدا چوونەوەی زمانەوانی.

- زۆر سوپاس بۆ بەڕێزان (م. ئەسعەد عەدۆ)، (د.هاوژین صلێوە) و (دێدەوان یەعقوب)، بۆ هاوکاری و پێدانی چەند سەرچاوەیەک.

- زۆر سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی بەچاوپێکەوتن و نوسینی وتار و بیرەوەرییان تایبەت بە (مام مەحمود) هاوکارمان بوون. هەروەها زۆر سوپاس بۆ سەرجەم ئەو بەڕێزانەی بەپێدانی زانیاریی هاوکارمان بوون، کە لە لیستی سەرچاوەکاندا ناویان هاتووە.

# پاشکۆکان

## درەختی بنەماڵەی مام مەحمود



## پاشکۆی ژمارە (١)

وتاری// شوکری فازیل شێخانی: بولبولی خۆشخوانی وراتی کۆیێ (مەحمود حەمەد شێخانی)، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە (٣٦)، مایسی ٢٠١٥، ل١٤-١٥.

# بولبولی خۆشخوانی وراتی کۆیێ (مەحمود حەمەد شێخانی)

**شوکری فازیل شێخانی**

سروشتی جوان و دڵرفێنی وراتی کۆیێ بۆتە ئیلهامی دەنگ و سەدای ئەفسوناوی و شیعری نازک و ناوازە. وراتی کۆیە کانگای دەنگی خۆش و سەدای پرجۆش بووە. لە وراتی کۆیەشدا هۆزی (شێخانی) یەکێک بوون لەو هۆزانەی دەنگ خۆش و هونەرمەندی بەرزیان تیادا هەڵکەوتووە کە باناوبانگترینیان هونەرمەندی گەل ماموستا (تاهیر تۆفیق)ە، کەوا تا هونەری کوردی مابێ مایەی شانازی گەل و نیشتمان و وراتی کۆیە یە. یەکێکی تر لە دەنگ خۆش و خۆشخوانەکانی تری کۆیە حەیران بێژ و لاوک بێژ (مەحمود حەمەد شێخانی)ە، کە بولبولێکی خۆشخوان و دەنگ خۆشی وراتی کۆیێ بووە و لەسالانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەنگ و سەدای مام مەحمود هەموو وراتی کۆیە دەگرێتەوە و ئیدی هیچ گوندو شوێنێکی ئەم ناوچەیە نامێنێ ئاشنای سەدای خۆشی مام مەحمود نەبێ نەک هەر دەنگ خۆشی بەڵکو سەدای شمشاڵ و نایەی مام مەحمود هەموانی دەخرۆشاند بەجۆرێک مام مەحمود نایەی ژەنیوە ئەوەندە وەستایانە لێی داوە خەڵکی وتویانە (هەر دەرلێی قسەی پێ دەکا) بێ گومان ئەو دەنگە بەجۆشە لە خـۆڕا نیە مام مەحمود عاشقێکی سەرسەخت و دڵ تەڕ بوو وەبە عەشقەکەشی نەگەیشتبوو هێندەی تر دڵی پڕ لە جۆشی دەکوڵا و ناخی دەروونی بە حەیران و لاوک هەڵدەڕێژت. مام مەحمود ناوی تەواوی (مەحمود حەمەد ڕەسول مەلاک)ە ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی (ئیلنجاغی گەورە)ی وراتی کۆیێ کە بە (ئیلنجاغی شێخانیان) ناسرابوو لە دایک دەبێ لە خێزانێکی هەژار و جوتیار لە



مەحمود حەمەد شێخانی

دایک دەبێ هەر زۆر منداڵ دەبێ کە خۆی دەیگوت (هەر ئەوەتە بە فکرم دێ) باوکی کۆچی دوایی دەکات ئیدی بە هەژاری و دەردی سەری و جوتیاری و شوانی و سەپانی ڕۆژەکانی تەمەنی بەرێ دەکا بەڵام هەر لە هەرەتی لاویەوە سەدا و ئـاوازی خۆشێ مام مەحمود دەنگ دەداتەوەو لە زۆر دیوەخان و کۆڕو دانیشتنان وەک و بولبول دەیچریکاند و ڕووی لەهەر شوێنێک داوایان لێ دەکرد لاوک و حەیرانیان بۆ بچڕێ ئەویش دڵی نەدەشکاندن هەروها لەگەڵ کۆمەڵێ بنەماڵەی ناوداری کۆیە زۆر دۆست بوو و لەلایان دەماوە و شەو تا بەیانی کۆڕ و دیوەخانیان گەرم دکرد و چریکەی لاوک و حەیران دنیای پڕدەکرد. بەڵام کلتورو داب و نەریت ئەم دەنگە خۆشە کپ دەکەن چونکە کاتێ هونەرمەندی گەل ماموستا تاهیر تۆفیق بە حوکمی ئەوەی لەگەڵ مام مەحمود خزمن و لە هەمان عەشیرەتن و هەردووکیان (شێخانی)ن داوای لێ دەکات بێت بۆ ئێزگەی بەغدا و ئەو لەوێ هاوکاری دەکات و حەیفە ئەوە دەنگە خۆشە تۆمار نەکرێ ، بۆیە مام مەحمود لە ئیلنجاغەوە بەڕی دەکەوێ و شەو لە کەرکوک لەلای خزمێکی خۆی دەمێنێەوە کە دەڵێ دەمەوێ بچم بۆ ئێزگە ئەو خزمەی مام مەحمود دەست بەگریان دەکات و دەڵێ چۆن دەچی بۆ ئێزگە و حەیامان دەچێ و ئێزگە وایە وایە و هەموو (چاوەشن) ئەتوو کو دەبی بەگەر ئەوانە بکەویی و ...هتد ئا بەم قسە نەزان و جاهیلانەیە مام مەحمود پەشیمان دەکاتەوە لەچوونی بۆ ئێزگە و مام مەمود دەگەڕێتەوە بۆ ئیلنجاغ ((ئەم بەسەرهاتەم لە دەمی خۆیەوە بیستووە و بۆ گێڕاینەوە کاتی خۆی لە کۆیە)). ئینجا بەم شێوەیە دەنگی مام مەحمودی خـۆشـخـوان تۆماقناکرێ تـاوەکـو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە ئەو کاتە مام مەحمود تەمەنیشی ڕوو لە هەڵکشان بوو کە بێ گومان ئەگەر بە گەنجی دەنگی تۆمار کرابا دەنگی یەگجار ساف و ناسکتر بوو بەڵام خزمەکانی خۆی هەر لەماڵی خۆیان بە موسەجەل دەنگی تۆمار دەکەن و جارێکی دیکەش ماموستا (زرار داربەسەری) عودی بۆ دەژەنێ و ئەویش کۆمەڵێ لاوک و حەیران دەچڕێ و ماموستا زراریش تۆماری دەکات ئنجا ئەم دوو کاسێتە بەناو خەڵکدا بڵاو دەبنەوە و ئێستا لە تۆمار گاکانی (کۆیە و هەولێر) دەست دەکەون و بە دەنگێکی یەکجار خۆش و کوردانە حەیران و لاوک

دەچـڕێ. مام مەحمود جگە لە دەنگ خۆشی پیاوێکی یەکجار قسە خۆش و دنیای و مەجلیسی بوو (مام مەحمود گوڵی مەجلیسان بوو) وە مرۆڤێکی هـەژار و کـوردپـەروەر بوو بەشداری شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٢ دەكات و لەشەڕی (هەیبەی سوڵتان) لەگەڵ حەیران بێژی گەورەی کورد (حەسەن حەیران) هەریەکەو لە شوێنی خۆیەوە لاوک و حەیران دەڵێن بەبێ ئەوەی ئاگایان لەیەکتر بێت بە حەیران جوابی یەک دەدەنـەوە بەڕاستی دیمەنێکی ناوازە بووە ئنجا دواتر یەکتری دەناسن، وە مام مەحمود لە گەڵ کۆمەڵی حەیران بێژی دیکەی کورد وەکو (حەسەن سیساوە و حوسێن کێشکێ ...هتد) نێوانیان زۆر خۆش دەبی و دۆستی یەک دەبن. مام مەحمود ڕاستە پیاوێکی نەخوێندەوار بوو بەڵام تابڵێی مرۆڤێکی ڕۆشەنبیر و هەست بەرز بوو سەربەرزانە خوێندی بە هـەردوو کوڕەکەی کاک عەلی و دکتۆر وەلی تەواو کردو ئێستا دکتۆر وەلی سەرۆکی زانکۆی کۆیە یە مرۆڤێکی ڕۆشەنبیری وراتەکەیە. مام مەحمود ساڵانی حەفتاکان ماڵی گواستەوە بۆ شاری هەولێر و لە دائیرەی ئاوەدانکردنەوە کە (ئیشغال)پێ دەوت وەک (کرێکار) دادەمەزرێ و پیاوێکی زۆر چوست و چالاک و خاوێن و پاک و ڕێک پۆش و دڵ تەڕ بوو وە چەندین چیرۆکی سەیر لەسەر دەنگ خۆشی مام مەحمود هەیە کە من ئێستا تەنها یەکێکیان دەگێڕمەوە کە خۆی بۆ بابمی باس دەکرد منیش تا ئێستا لە بیرم ماوە و تۆمارم کردووە ئەویش بەم جۆرە بوو: کاتێ مام مەحمود نازانم چ ساڵێک دەبێ لە کرێکاری دەبێ لە دائیرەی ئیشغال کـەوا ڕێگاوبانیان دروست دەکرد لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان جارێکیان کاروانێکی ماڵە کۆچەریەکان و ڕەوەنـدەکـان بەلای ئەواندا تێپەڕ دەبێ کرێکارەکانی تر دەڵێن دەی مام مەحمود بزانین ئێستاش دەنگت خۆشە بزانین دەتوانی ئەم کاروانە ڕابگری مام مەحمودیش دەست دەخاتە بن گوێی بەندە حەیرانێک دەڵێت یەکسەر کاروانەکە ڕادەوەستێ و ژنێکی کاروانەکە کە دەنگی زۆر خۆش بووە ئەویش بە بەندە حەیرانێک جوابی دەداتەوە ئیدی مام مەحمود لەو بەر و ژنی دەنگ خۆشی کاروانەکە لەم بەر بە حەیران جوابی یەک دەدەنـەوە خوادیە دەبێ چ دیمەنێکی دڵ ڕفێن و جوان بوبێ خۆزگە ئەمانە تۆمار دەکران! ئینجا سەر قافڵەی کاروانەکە دێتە لای مام مەحمود و دەڵێ تکات لێ دەکەم هیچکە حەیران مەڵێ بەوخودایەی ڕێگامان زۆر دوورە و ئیزنمان بدە بڕۆین ئەوها بڕوا هەتا نیوەی شەوێ ناگەینە جێ هەتا ئەتوو حەیران بڵێی بەو دەنگە خۆشەی ئەوا کاروانەکەی ئێمە یەک بست لە شوێنی خۆی ناجوڵێ و دەنگ خۆشەکانی ئێمەش دەست بە حەیران وتن دەکەن مام مەحمود دەڵێ باشە و وتی ئینجا کە وەستام کاروانەکە دەستی بە حەرەکە کرد و ڕۆیشتن. دیارە شێخانیەکان وەکو مامۆستا باکووری ئاماژەی پێ دەدات یەکەم کەس بوون حەیران و لاوکیان هێناوەتە کۆیە و بەتایبەت لاوک چونکە من بەڕاستی تا ئێستا لە وراتی کۆیە بێجگە لە مام مەحمودی کەسم نەدیوە لاوک ببێژێ چونکە مام مەحمود زۆر وەستایانە لاوکی دەگۆت بەتایبەتی (دەروێشی عەڤدی) کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەچە مێژوویەی ئێزدیەکانی کوردستان چونکە شێخانیەکانی وراتی کۆیێ لە بنەڕەت ئێزدی بوون دواتر بووین بە ئیسلام. وە مامۆستا (تاهیر ئەحمە حەوێزی) لە کتێبی (مێژووی کۆیە) کە باسی دەنـگ خۆشەکانی گوندەکانی کۆیە دەکـات یەکەم ناو دەنووسێ (محمود حەمەد ئیلنجاغی). بە داخـەوە ئەم بولبولە خۆش خوانە لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکان تووشی نەخۆشیەکی کوشندە بوو بەهۆیەوە دەنگی لەدەست داو نەیدەتوای قسە بکات ودەنگی دەرنەدەهات کە بەڕاستی بۆ دەنگ خۆش و هونەرمەندان ئەوەش بۆخۆی مردنێکە کە نەتوانی بچریکێنی و دەنگ هەڵێنی بەم جۆرە مام مەحمود کۆتاییەکانی تەمەنی بەڕێ دەکرد تاوەکو ساڵی ١٩٩٤ لەشاری هەولێر کۆچی دوایی کرد و هەر لە هەولێر نێژرا ئیتر هـەزاران هەزار سڵاو لە گیانی پاکی مام مەحود شێخانی و هونەرمەندی گەل مامۆستا تاهیر تۆفیق شێخانی و سەرجەم هونەرمەندانی کوردستان.

ئەمەش نموونەیەک لە حەیرانەکانی مام مەحمود:

حەیران بە کێندەرێ دا هەربرێم بە بناران بە بناری کۆیێ
دونێ سبیانێ لۆخۆم ڕاوەستا بووم لەسەر ڕێی حەمامی حەسەناغەی
بەژنێ باریک دێتەوە لە ڕێیێ سراوێ لە گەر کۆمەرێکێ شل و مل و ناسک بەدەنان
پەرچەمێ حەیرانێ گەلە جوانن دێتە خوارێ بەسەر برژانگ و برۆیێ
بەژنێ حەیرانێ لە بۆمن بمینێ بە دارەکی خالس و مەندەلی وەکی فەسڵی دەرە بواران
لەسەریان دەگرن نارنجە لە بنیان دەگرن زەردە لیمۆیێ
برام ئەمن گەلە ڕاستم لەگەر بەژنی باریک قەت ناکەم درۆیێ
دەست لەسەر بەژنێ باریک هەرناگرم هەتا ئەوێ ڕۆژێ
یان خودایێ گەورە دەمکوژی یان دەمدەن لە سێدارەی حەماغەی کۆیێ

پێناسەی هـەنـدێ وشـەی ناو حەیرانەکە


حەمامی حەسەناغەی: حەمامێکی بەناوبانگی شاری کۆیە بووە (حەمامی حەسەن ئاغای).

خالس و مەندەلی: کاتی خۆی لیمۆ و نارنجی ناوچەی خالس و مەندەلی زۆر زۆر بە ناووبانگ بووە.

حەماغەی کۆیێ: مەبەستی حەماغای غەفوری بووە کە مرۆڤێکی یەکجار بە ناووبانگی سەردەمی خۆی بووە دیارە بۆ سزادانی خەڵکی (سێدارە) شی هەبووە و حاکمێکی تەواو بووە .

## پاشکۆی ژمارە (٢)

تاهر احمد حوێزی: مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم- بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٤، ل ٢٧٠.



( ملاعزیز )ی شاخەپیسکە ، لە ( هیران )ی دەی‌خوێند ، لە دەورکردنەوەی ( سیوطی )و ( کافی ) لە سعات چواری عەرەبی شەو ، لە ترسی ژنان ، دەوری‌دەکردەوە ، لەسەر بانی مزگەوت‌و حجرەکە ، کە خلق دەنوستن ، دەستی‌پێ‌دەکرد ، خەلق کە گوێی لە دەنگی دەبوو ، دەستی لە ئیشێ رەق‌دەبوو .

دە ژن بە لانکەوە ، تا منداڵیان نەگریە ، لەگەڵ خۆیان دەبردە باخچەی ( واحد بگی هیرانێ ) تا نەگریەن ، ئەوە بێجگە لەو ژنانەی منداڵیان نەبوو ، بۆ ئەمەی گوێ لە دەنگی ( ملاعزیز ) ڕابگرن ، وە لەبۆ بەدینی‌یەش یەکەم بوو ، هەتا دوو سعاتی شەو دەما ، ئەوە بەو دەنگە خۆشەی دەوری دەکردەوە .

## هەندێ دەنگ‌خۆشی گوندەکان

محمود حمد ایلنجاغی گەورە ، ( عبداللەی مارفی ) پێبازۆکی لە ( بەندان ) ، ( ملارضای ملاصادق )ی لە بانگدانا .

( فتاح مصطفی )ی شیوەجانی لە مقامی بکرەیی دروونەی یەکەم بوو ، لاوك‌و حەیرانەی چاك‌دەزانی وزێدە سەپانی چاك‌بوو ، خوشکی تێلەکێشی بوو ، سوارە ( مەلۆ )ی گەنمی قەندەهاری تێلەکێش زیاتری پێ‌هەڵنەگیراوە .

فتاح بە تێلەکێشی گوتوە : « من کەدروومەوە ، ئەتۆ بیکە بە ( گەلاوێز ) ، بزانم دەرەقەتم دێی ! « هەتا بەری بردە سەرێ ، ئەو ژنە لە دووی گەلاوێژی کرد ، ٢٠ ، ٢٥ سواڵە ماوە ، کە فتاح بەرەی کەیاندۆتە سەرێ !.

## پاشکۆی ژمارە (٣)

جوامێرو قسەخۆش و نوکتە گۆیەکەی گوندی ئیلنجاغی گەورە !

بەقەڵەمی مامۆستا زرار قادر خەیلانی، (١١/ ١٠/ ٢٠١٨)

بەقەڵەمی
زرار قادر خەیلانی
٢٠١٨/١٠/١١

جوامێر و قسەخۆش و
نوکتە گۆیەکەی گوندی ئیلنجاغی
گەورە..!

ساڵی ١٩٧٠ مامۆستا بووم، لە گوندی ئیلنجاغی گەورە، کەدەکەوێتە رۆژاوای کۆیە..
دانیشتوانی ئەم گوندە، هەر لە کۆنەوە، زۆر خزمدۆست و میوان پەروەر بوونە و
بەردەوام باوەشیان بۆ پێشمەرگەو کەسانی لێقەوماو کردۆتەوە..

خەڵکی ئیلنجاغ لە گشت خۆشی و ناخۆشییەکدا، بە بەردەوامی زۆر لەگەڵ
یەکتر هاریکار بوونە.. جا بۆیە بەڕاستی پەیوەندی خزمایەتی و کەلتووری و
کاسەجیرانەتی هەر لە خۆیان دەوەشێتەوە..!
هەڵبەتە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەو سۆز و خۆشەویستییە بەردەوام، هەر
هاوڕەمیان بووە..!
یەکێك لە کەسایەتییەکانی دانیشتوانی ئەم گوندە، یادی بەخێر (کاکە محموود)ە
کە باوکی کاك (عەلی ئیلنجاغی و دکتۆر وەلی)یە.

کاك محموود رۆحی شادبێت، جوامێرێکی قسەخۆش و حەریەگران و هونەر دۆست و
نوکتەگۆیێکی بەسەلیقە بوو.. کە روو بەڕووی دەهاتی؛ هەر لە دوورەوە
بەکلیلی نوکتەکانی، دەرگای دڵی بەرانبەرەکەی دەکردەوە..!
ئەو پیاوە یادی بەخێر، تا بڵێیت ورەبەرز و گەشبین بوو.. چونکە
وا دیاربوو لە ناخەوە، چێژ و خولیاێکی بەرزی هونەری دەبیزواند..!
بۆیە مووچرکە و تەزووی شادی لە دڵ و دەروونی خەڵکیبوو..! وایدەزانی
کە لە هەموو دونیا هەڵنەوە.. بۆیە هەر دەم و دەم بەخەندە و پێکەنین بوو..!
هەر چەندە لە رووی مادیەوە نەدار و دەستکورت بوو، بەڵام لە ویژدانەوە
جوامێرێکی گەلێ چاوتێر و سەربڵند بوو..! هەرگیز هەستی بەکەمی نەکرد..
هەموو کەسی خۆشیان دەویست و، ئەویشی گشت لایەکی خۆش دەویست.

ئەو پیاوە هونەر دۆستە و چاوتێرە، دەنگێکی یەکجار کاریگەر و بە جۆشی هەبوو،
لە لاوک و حەیران و بەستە و مەقام، زۆر بلیمەت و بە توانا بوو، زوو زوو یەکترمان
دەدیت وە هاموشۆمان خۆش بوو.

ساڵی ١٩٧٦ بوو، ڕۆژێکیان هاتە لامان، میوانمان بوو، شەوەکەی لەلامان مایەوە و
بە نوکتە و قسە خۆشەکانی زۆر دڵی خۆش کردین و، خێزانیشم پێی گوت:
کاکە مەحموود، چێژ دەکەین ئەگەر هەندێ ((حەیرانێکمان بۆ بڵێی لێو بمرێنێ))
ئەویش بە شێوازە شیرینەکەی لە وەڵامدا گوتی: ئەی بە چاوان (برا ڕەحیم).

ئیتر دوای نان خواردن، تەسجیلێکی ئاسایمان هەبوو، هێنامان و فیشی
(عود) ەکەم نەسب و [illegible] و ماڵ کرد و هەر بە بێ پڕۆڤە و ئامادە باشی، کاک
مەحموود دەستی پێکرد وا بە بێ وچان کاتژمێرێکی تەواو، لاوک و حەیرانی
بۆ گوتین! بە بێ ئەوەی هەست بە هیچ جۆرە ماندوو بوونێک بکات...
جەوێکی یەکجار بە تام و بۆی بۆ خولقاند بووین، یا خوا گۆڕەکەی پڕ نوور بێ،
تاکو ئێستاش شریتی گۆرانییەکانی لە لامان ماوە..

ئەم پیاوە، لە شایی و داوەت و ئاهەنگەکانی بووک گواستنەوەی خزمان،
بە بەستە خۆشەکانی هەموو خەڵکی ئاوایی دەخستە جۆش و خرۆشەوە..
پێچکی شایی دەم لە دەم بە جۆشتر دەبوو...
خۆ هەڵپەڕکێ و شایی، گەرم نابوو، تا کاکە مەحموود دەنگی
نەهاتبایە...!!

دیارە گۆرانی و لاوک و حەیرانەکانی تام و بۆی گیا و گوڵ و گوڵ و گوڵزاری
پێدەشت و چیا و چۆڵ و کوێستانەکانی گەرمیانی کوردستانی لێدەهات،
کە گوێت لێدەگرت، ئاوەزەکان سۆزی خۆشەویستی گوێگرتن و هەوار و
بارگە و بنە و کاسە جیرانەتی و سوننەی میللی سەلیقەی شادی
دەبزواندی، بۆیە هەرچەندە گۆرانی بگوتایە، قەت لێی تێر نابووی...!!

## پاشكۆی ژماره (٤)

دەقی وتاری ئەندازیار نادر صالح حمد شێخانی، ١٠/ ١١/ ٢٠١٨.

کورتەیەک لە ناسینی من بۆ مام
(مەحمود حەمەد رەسول)
خوا لێی خۆشبوو

سەرەتای ناسینی من بۆ مام (مەحمود حەمەد رەسول) دەگەڕێتەوە بۆ ئاواری ساڵی ١٩٧٤. پاش ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی (بەعس) هەرەسی هێنا، خەڵک بە لێشاو تێکڕا بەرەو ئەو ناوچانەی سەر بە شۆڕشی کوردستان بوو دەچوون شۆڕشی ئەیلول دووبارە بەرپا بووەوە. لەو کاتەدا زاوایەکی من کە ناوی کاک ڕەشید بوو بەلام ناوی ڕاستی (مجید رەزا حەمەد) بوو، ئەوەی حەمەدئاغای گوندی (کەوەر) کە بە برا گەورەی هۆزی سلێمان دەناسرێ. کاک ڕەشید لەگەڵ ئامۆزاکانی تێکڕا لەگەڵ (ئالیفی) ئاغای ئامۆزاکەی پەیوەندیان بە شۆڕش کرد لە بەرەی دوراجی کوێخا و لە گوندی (گوێزەرەجێ). کاک ڕەشید هەتا لە کاتێ زۆر هەوردو بچوک بوون دارایییان خراپ بوو حاڵیان زۆر شپرزە بوو، چونکە لە سەرەتای دەست پێ کردنەوەی شۆڕش، زۆر لە خەڵکەکە وەکو بۆ سەیران بچن وا بوو، لەو باوەڕەدا بوون کە ڕژێمی (بەعس) ئەودرا بەرسیە گەورە دەبینێ خەڵک هەموو بۆ پاوشتی شۆڕش چوون، ناچار دەبێ دان بە مافی کورد دا دەنێ و بە یاسای (١١) ئادار جێ بە جێ دەکا. بەلام لە ڕاستیدا وانە بوو، ڕژێم بەردەوام بوو لە ناوبردنی شۆڕش تا لە دوواییدا ڕێکەوتننامەی (جەزائیر) مۆرکرا و هەرەسیان بە شۆڕشی کورد هێنا

(٤٠-١)

لە بەر باری زۆر خراپی ماڵ و خێزانی کەماڵ ڕەشید
بە گوڵ کەماڵی جەلال طە بەرای ڕێگە کە وتیان بچن بۆ قوتی
کەماڵ (ڕەشیدی) و بەری کەوتن بۆ وڵاتی کوێت
و کەماڵ ئارە شیدی بهێنیتە دەچو نکە بە کەماڵ ڕەشیدی
نە شۆڕشی کەمتر دەکا و نە زیاد دەکا. خۆشتا بەخشانە
کەماڵی (جەلال) بە ڕێگای دەچێتە گوندی (لێلنباغ)
گوندی خزمانی شێخمان شەوڵا لای مام (محمود) مێوان
دەبێ و ئەویش مێوانداریەکی باشی دەکا و بەیانیش
زوو بە کەس دەڕۆن بۆ گوندی (گۆرتەپە) لەوێ
کەماڵ ڕەشیدی دەبینن و دووبارە شەوێکی تر
لە مێوانداری مام محمود دەبن و سبەی خۆشتا
دەکەن و قسە تەری زۆر دەکەن و کەمام محمود گوێ
بیستی دەبێت کە خزمێکیان بەناو (نادر) لێپرسراوی
پرۆژەی ڕێگای هەولێر کۆیەیە. پێیان
دەڵێ من دەزانم باشترینە بۆ ئێوە بەین
لەلای ئەو دام بە زرینوا و ئینتی وامە
بە سەرچاو... کە هات دیم پیاوێکی ڕێک و
پێک و جوامێر هیچی نەدووم نەکرد بە کەس
بە (عامل طاهر) دام بە زرانە بەرزۆرانە کە باشی
کە بتوانی بڕێکی زیاتر دابین بکا.
لێرە ناسیاوی و خزمایەتیان پەروەی دەستاند

(٣ - ٢)

تا گەیشتە رادەیەک وام دەزانی مامی
راستەقینەمە .. سەیریش لەوەدابوو
ناوی باب و باپیریشمان زۆر لێک نزیک بوو
ناوی ئەو (محمود حمەد رەسول) بوو ناوی منیش
(نادر صالح حمە رەسول) بوو، هەروەکو مام محمود
برای باوکم بێ و منیش برازای بێم. وا دیارە کە جۆرە
ناوە زۆر باوە لە وڵاتی کۆیەدا لێرەشدا لەبیرە
رەنگە خەڵکی وڵاتی کۆیەش وەک خەڵکی گوندی
(باڵەکایەتی) بێگانە تا ئێستا باوکم و خەڵکی زۆری بەناوەو
لە ماڵی خۆی رەحمی کردووە و هەر بیریشی لێ
نەدەکردەوە.

مام محمود پیاوێکی زۆر زیرەک و وریا و دانا و
خۆش بوو حەکیم و بەوەفا و پیاوی مەجلیس و
کۆمەڵایەتی بوو جێگای حورمەت و خۆشە
ویستی هەموو ناسیاو و خزم و کەسی هۆزی شێخان
بوو .. پیاوی سولح و سەرەتی بوو لە هەر شوێنێک
بووایە شوێنی خۆی دەکردەوە و دەبووە
جێگای خۆشەویستی و حورمەتی دەوروبەری.
کەم دوو بوو هیچ قسەیەکی نەدەکرد ئەگەر حیکمەتێکی
تێدا نەبووایە .. زۆر زیرەک بوو هەندەی
پێ نەچوو غیری کە خوێندەوار بوو وە زۆر

(٤-٢)

بەپێی شارەزایی و زانستی پیشەکەی دەکرد و
~~هەرچەند~~ هەروەهام هەوڵی دەدا من سەربەرزبم
بەکارەکەم چونکە خۆی بەخزمو نزیکی من
دەزانی و ئەوەش نیشانەی وەفاداریە.
زۆر دڵسۆز بوو بۆ هۆزی شێخان هەروەهام
هەوڵی دەدا کەسایەتیی کاڵی ئەم هۆزە
هۆزەکەی سەربلند بێ و تەباو
بناسێو.
جێی لێپرسینەو ناکۆکی بێ و هەروەهام یەکگرتوو بێ.
وەک دەبوو ئەوەش بڵێم ، دەنگێکی زۆر خۆشی و
بەسۆزی هەبوو ، هەمیشان بێڕاوەکێ زۆر بەئاوازانا
بوو بەڵام بەداخەوە لەبەر نەزیکی کۆمەڵایەتی
سەردەمی ئەوەڵ هەرەبەیان لەلای عەیب و شوورەیی
بووە لەبەر ئەوە بەرهەمی تۆمارکراوی دەگمەنە.
تەنیا ئەگەر لەم جیهانە خەڵکەکەی خۆی بووستایە ،
سۆزی هەڵدەستا و خۆشترین هەیرانەکە بەرەنگە
زەلالەکەی خۆشی و بیستانی مشتووی دەتباجۆش و خرۆش
هەزار هەزار رەحمەت لەگیانی پاکی بێ
هەر زیندوو بە لەناومان تاوات خۆشوازم هاوڕێی
زۆر بێ لەهۆزی شێخان.

ئەندازیار / نادر صالح حمد شێخانی
١٠|١١|٢٠١٨

–٤–٤–

## پاشکۆی ژمارە (٥)

دەقی وتاری شێخ صلاح شێخ شرف، ٧/ ١/ ٢٠١٩.

کاک محمود حمد النجاغی

و یادەوەریەک

گورانی و مەقام وگۆتن لە کۆیە و وولاتی کۆیە
مێژوویەکی کۆن و رەسەنی هەیە وە ستایلی تایبەتی
خۆی هەیە بەهۆی ئەوەی دەنگە لەم دەڤەرە
ئاوێتە بوونێکی شارستانی دووی داوە (التفاعل الحضاري)
چونە ریشی بە شێکە لە شارستانیەتی کۆیە هەم بە کۆنی
مێژوو رابردووەکەی هەم مەلبەندێکی دێرینی شار بووە
تایبەتمەندی گورانی ومەقامی خۆی لێ خولقاوە
ماوەتەوە نەوە لە دوای نەوە ئەمەش بەهۆی زیندووی
بشارەکە وتێکەڵاوی لەگەڵ دەوروبەر و وولاتان عەرەبیە
دەڵێ (المقام لغة مشتركة بين الشعوب والأقاليم المجاورة)
لەم باسە ئێمە مەجالی ئەوەی نییە ئێمە لەسەر ئەو بابەتە
بەدرێژی بدوێین تەنها ئەوە دەلێین وەکو هێما بۆ مەندی
مەقام دەکەین کە حۆری ناوچەکە یان بووەیە وەکو
مشلە و خانان، دەماغم وەزنە، بازان بازرقەتار. سالم سالم
شاری گورەیە سـ هشت
لێرە زۆر مقام بێژ و دەنگ خۆش تەرەب دۆستی هەڵکەوتون
ئەمین آغا اُحتو، حاجی بە گەورە، حسین اسماعیل، عەبەی
چاپەچی، تا بەر توفیقە ـ هێند) دیارە ئەماتە نەماوی
دوای ئەم باغە بەپێت و بەرەکەتە بە
بەلام لە وولاتی کۆیە (تا) کە بە رۆژئاوای کۆیە دەوترێ حەیران
ملاوەک باوە خان دەنگ شارەزا وەستا هەبووە.
بەرای ئێمە حەیران مەلبەندی سەرەکی دەشتی هەولێر
قەراج و کەندیناو و مەخمور رۆژئاوای هەولێر و خۆشناوەتی

٢/

دیارە ئەم دەڤەرەی وولاتی کۆیە دراوسێی وتێکەڵی عەشیرەتی لەگەڵ دەشتی هەولێر هەیە بەشێکە لە جغرافیە هەولێران

لاولێ زیاتر بە ناوچەی کرمانجی سەروو مەلبەندیەتی ئەمیش ئەوەند دووری یە بای ئەوە لێلی نزیکی لە کونتاکیان بێ

بەلام بە ڕەئی ئێمە هۆی سەرەکی لاوکی کەلەم دەڤەر هەیە وا مەزنەدەی دەکەین لاولێ لەگەڵ هاتنی شێخانیەکان (ئەو میژووە بۆ میژوونوس و لێکۆلەرەوان جێ دەهێڵین).

ئەم کۆچ و ڕەوە لەگەڵیاندا لە مەلبەندی لاوکەوە لە مەملەکەتی شێخان و بە زێدیان بۆ ئێرە هاوردە تراوە هەر دیارە زیاتریش لە نێو خزمانی شێخانی بەدی دەکرێ دەبیستری لەناو شێخانیەکانیشدا گۆیندەی ماون.

دیارە کە لاوک بەبنچینەی سەرپردەی ئازایەتی و سواچاکی قارەمانیەتی ئەکتەرانی ناو ئەم لاوکە کەوە بەسەرهاتی میژووی نەتەوەکەمانن وەک لاوکی شێخ محمود و حەکاویس آغا لاوکەکانی تر

من لێرەوە دەچمە سەر باسەکە کاکە محمود حمد إلنجاخی پیاوێکی دەستە پیاو چاوگەشی سووکەلە ئەبوو وەک قەتەوە بەرچاوم پەیوەندی خزمانی إلنجاخ و شێخەکانی تەکیەی تالەبانی بە کۆیە هەم شێخەکانی ملکیان هەبو لە گوێتەکەو لە لایەن خزمەکانەوە بەکار دەهات هەم خالوانی مامی شێخ أدیب و شێخ عزالله بوون

هەندێ لە دەنگ و صوت کانیان کە پیاوی ماقوڵ بوون لە دانیشتنی تایبەتی و مجلسدا ئەیان ...

٣/

کاک محمود إلنجاغی و ملا أحمدی حافظ بەناوبانگ بوون
بیرەوەریەکەم کە لەگەڵ ئەم دەنگ خۆش و هەیران و لاوك
بێژی تۆمار دەکەم بۆ مێژوو.
دیارە کاک محمود وەک لە سەرەوە ئیشارەتم پێ کرد
لە دانیشتنی تایبەتیانە بوایە گۆرانی ئەدەوت. بیرم دێ
پێش شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ بوو ئەو ساڵە مام جەلالی
رەحمەتی لەکۆیە بوو نازانم چۆن بوو من لە قوتابخانەی سەرەتایی
بووم لە دیوەخانی تەکیەی شێخ حسام الدین کە کاک محمود
میوانی ماڵی شێخ بوو لەگەڵ مام جەلالدا دانیشتبوون
دوو قۆڵی منیش چام بۆ دەبردن دیارە باسە لەمە
هەیران و گۆرانی بوو
کاک محمود ئەوەی گێڕایەوە دوای عەسکەر بووم
شەو خەفەر بووم لە بەردەمی باب النظام دانیشتبووم.
لە بەرخۆمەوە لاوکێکم دەوت کە بەسەرهاتەی مستەفا
بارزانی دا ووترابوو
بارزانیەکان ئاوارە بوون لە رووسیا سۆڤیەتی
بەرخۆردان. کاتێ سەرم هەڵبڕی ضابط خضر لە سەر
سەرم وەستابوو منیش بە رێزەوە هەستام و سەلامم
بۆ کرد. پرسی ئەوە چیت دەوت منیش ترسام
ووتم گەورەم لە بەرخۆمەوە ئۆزە ئۆزێکم دەکرد
بە بیری ماڵەوە گوندەکەمان دەکرد. ووتی وەرە بۆ ژێر
خێمەکەی من منیش ناچار بە دوای کەوتم ئەمری کرد
ووتی ئەو لاوکەم بۆ بڵێ چەند پارامەوە وازی لێ نەهێنا
ضابطەکە کورد بوو ووتی ...

لاوکەکەم دەوت ضابطە بەگوڕ فرمیسکی بەچاوی دا
دا دەهاتە خوارەوە بەکوڵ دەگریا.
جا ترسم ئەوەندە وەزانیم ئەویش کوردەو نیشتمان پەروەرە
ئیتر بەیانی هەفتەیەک إجازەی دامێ.
ئەم پیش شۆڕشی چواردەی تەموز بوو.
دیاربو مام جەلال زۆر بەپەرۆش بو.
ئەم گەواهیەکی مێژوویە.

صلاح شیخ شرف
٢٠٠٩/١/٧

## پاشکۆی ژماره (٦)

دەقی وتاری لیوا کاوه ئەنوەر نادر (م.کاوه)، ٢٠١٩/١/١٠


سۆزيك له غوربه ته وه

كۆتايي سالي ١٩٨٩بو ئيمه مه فره زه يه ك بيشمه ركه ي بارتيزان دواي جوارده مانك مانه وه له سنوري هه ولير تازه كه رابوينه وه قاسمه ره ش له سه رسنور . به هوي ئه وكاره سات ومالويرانيه ي رزيمي به عس به سه رشورش وخه لكي كوردستاني هينابو زور نيكه ران بوين به تايبه تي كه ئه مانبيني بيشمه ركه هيج هيوايه كي به باشه روزي شورش نه مابو ورده ورده خويان ته سليم به رزيم ده كرده وه من وكاك جلال ئيلنجاغيش به وماندويه تيه ي كه كه رابوينه وه و به و باره ده رونيه ناخوشه ي كه باسم كرد بو ئه وه ي كه ميك بشوبده ين دواي سه رداني هه ندي براده ر له شاره كاني كوردستان له شاري خاني ي روزهه لاتي كوردستان زوريكمان له حه وشه ي ماليك كرت له كه ره كي كونه خاني بو شه وه كه ي كه تازه ياتاغمان راخستبو زور بي خولق بو ين خاوه ني خانوه كه كه ناوي مام سه يد بوهات بو به خيرهينانمان كه بينيماني هه ستي كردزور بيتاقه تين بويه كه وته شوخي وكالته كردن دياربو هه ولي ده دا به قسه ي خوش جه وه كه مان بكوري له برهه لساوكوتي ده زانن ئه من ج نه واريكم هه يه نه ئه مان نه وار ئيستا ده جم بوتان دينم ئيمه ش له دلي خوماندا كوتمان داخو نه واره كه ي جي بي كاتيك هاته وه لامان سه يرمان كرد ته سجيليكي سانيوي به ده سته وه يه كه ده ستي خسته سه ردوكمه ي ته سجيله كه كويبيستي جريكه وده نكه به سوزه كه ي مام محمود بوين كه به لاوكيكي زورغه ريبي به سوز ده ستي بيكرد به راستي له وشه وه دا له وغوربه ته دا ئه وده نكه بوئيمه ئه كه ربه روح و به خه ياليش بيت ئيمه ي شاد كرده وه به زيدو ولاتي خومان به تايبه تيش كه ده نكي مام محمود نه ك هه ربوئيمه كه ده نكي كه سيكي ئازيزمان بو جي ي سه رسامي بوبه لكوبوهه ركه سيكي تربه هه مان شيوه جونكه ده نكي ئه وده نكيكي ره سه ني ناوئيش وئازاري كورده واريه و له سه رجاوه يه كي زورسروشتيه وه هه لده قولي ئه كه رنا ده نكيك جون بي ستريو بي زوري ده نك بي بروفه به بي ئه وه ي ماموستايه كي هه بوبي كه شاره زاي ئاوازو مه قامات بي ته نها له كورو دانيشتني ئاسايي به ته سجيليكي ساده ده نكي مام محمود له وسوزه ده كمه ن و ره سه ن و تايبه تيانه يه كه هه ركه سيكي كورد كويبيستي بي وره و وزه ي بي ده به خشي ده يكه رينيته وه دنياي رابردوي شته جوان وره سه نه كاني كورد له بياوه تي جواميري له وه فاداري و كياني قورباني وبه رخودان .

لیوا
کاوه انور نادر
ناسراو به م.کاوه
٢٠١٩/١/١٠

# پاشکۆی ژمارە (٧)

دەقی وتاری م.نوری عەبدوڵا فتحوڵا


مامۆستا نوری عبدالله فتح الله

من قەت بەکرێ وگرتنیم نەدیوە ، ئەمەو ماڵێکی گەرشبین بوو
لە ژیان . لە ساڵی ١٩٧٠ کە من خوێندکاری قۆناغی دووەمی
کۆلێج بووم بە یاسای ١١/ ئادار دەرچوو ئەمەو بەغدا بە کوردو
عەرەبەوە بوو شایی و هەڵپەڕکێ بەڕوا بکەن ئێمە ئاهەنگە
گەورەمان لە بەغدا دەگێڕا بڕوانامە لە کوردستان بەم
شێوەیە بوون . هەر لەم رۆژەدا بارزانی د. محمود ئیدریسی
بارزانی و مسعود بارزانی هاتنە بەغداو سەرکۆمار احمد حسن بکر
~~[illegible]~~ لە پێشوازیان دابوو تەوقەی لەگەڵ د. محمود عثمان کردوو
ماڵی ئیدریس و ماڵی مسعودیشی ماچ کرد ، دوای ئەوە
بەکەسەر بووە ئاهەنگی گێڕان . من ئەو رۆژە جلی کوردیم
لەبەر بوو بەهەر شوێنێک دا دەڕۆیشتم بەغدادییەکان
بانگیان دەکردم ( کاکە پیشمەرگە ) واتا کاکە
بۆ شایی تا کۆتایی فیشی بە شارەیم دەکرد . لەگەڵ ئەوەدام
لە دوکانەکانی شارع رشید لە شوێنێک زۆر نایەی جوانی
لێدەنرا بووە فیشی کە خۆم هیچ لە نایەو مشتشل نازانم
یەکسەر بۆ ماڵم محمودم بیرکەوتەوە و داوای یەکێکیانم کرد
وتی بە (٤٠٠) فلسە فیشی بۆ ماڵی محمودم کڕی و هێنامەوە
هەر ئەم شوێنە گەیشتمەوە نایەکەم دایە و هات
لە ماڵان دانیشت زۆری نایە بۆ لێدای کە زۆر بە تواناو بوو
لێ بووداتریش گەلێ گۆرانی خۆشی بۆ وتین . ئێمە نایە تا
کۆتایی تەمەنی هەر لای مالبوو .
بەگوێرەی ئیلیجاغ خزمایەتی و دۆستایەتی و بەهاناوی
یەکترەوە هاتین بالی بەسەربەرە بووە ئێستایە کۆمەڵایەتیە
کانمدا گیشتبوو تا پادەیەکی یەکجار زۆر . برام دلسۆزی

خوالێخۆشبوو مامم محمود لە دانیە لەم ڕادانەش
تێبینیی بووبێ، بەڵێ بەخۆشیی زۆر جا دەچووە سالار
دەگێڕایەوە کە بە چاوی خۆم بینیبووم:- بۆلی شەشەم
سەرەتایی بووم، ماوەیەکی کەم پێش ڕۆژئاوا
دایکم هەندێ بە پەشۆکاوی هاتە دەرەوە و وتی:
مانگاکەمان لە گاران نەهاتۆتەوە، مامم محمود گوێی لێبوو
پاش ماوەیەک هاتە ماڵمان و گوتیە باوکم عبداللە
ئەوە چی دەکەیت، گوتی چی بکەم؟ ئێوارێ نانخواردنم.
وتی: مانگاکەت نەهاتۆتەوە و نان دەخۆیت؟ لێی
دەڵێ ئێستا گورگ نایگاتێ و نایخوا؟ .. با بڕۆین:
بە شوێنیدا، باوکم وتی: گاران ئەمڕۆ بۆ
کوێ ڕۆیشتووە؟ مامم محمود وتی: من پێش ئەوەی
بێمە ماڵێ تۆ چووم لای خوالێخۆشبوو (حەمەزەرد) کە
ئەو کاتە گاوانی گوندی بوو لێی وتم: من ئەمڕۆ گارانم
بە کێلەشینەدا بردە خوارەوە و بە زاواناو بووری
ماخزی و گەرانی سیعەیە و بە دەوروبەری گرکی
دابەزیو بەرەو شاڕۆکاندا و بە هەمان ڕێگادا کێلە
شینە و یارەوەری گەڕاندمەوە: باوکم و مامم محمود
لە پێشبگیانا گرتە دەست و نازانم هی کامیان بوو،
ڕۆیشتن: لە دانەیە کاتژمێر ٦ ی ئێوارە بووبێتە کاتژمێر
٩ گەڕانەوە و مانگایان بە پێش خۆیاندا بوو، دانیشتن

— ٤ —

وتی : ئەی عەبدوللا من چۆن ناتم بێ دەخورا
مانگا ب ئەو وەنەوەی . لە دانیە سەر دانی خوێنم ب
بەم شێوەیە جوانەی لە بەروی بوتیە کۆچکردنی
ئەم سارە تیکی گەورە بوو لە کەسەکانی چوو ، خودا
بە بەهەشتی گەورەی خۆی شادیکا بۆ ئێوە ئەمەوێ
دلسۆزی کارە هەر پیانەی .

٢٠١٥/١/١٦

# وێنەکان

# دەربارەی نوسەر

د.هۆشمەند عەلی مەحمود شێخانی ڕۆژی هەینی ١٥ی ئابی ساڵی ١٩٨٠ لە گەڕەکی سەیداوەی شاری هەولێر لەدایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری هەولێرو ئامادەیشی لە قەڵادزێ تەواوکردووە. ساڵی ٢٠٠٣ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی بە پلەی چوارەم بەدەستهێناوە. هەروەها لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٦ لە بەشی مێژووی زانکۆی کۆیە بە پلەی زۆر باش بڕوانامەی ماستەرو پاشان بڕوانامەی دکتۆرای بە پلەی نایاب لە مانگی شوباتی ٢٠١٢ لەبەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە. لە مانگی نیسانی ٢٠١٦وە پلەی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەرە. لە ٢٧ی شوباتی ٢٠٠٤وە تائێستا لە زانکۆی کۆیە ئەرکی ئەکادیمی خۆی جێبەجێ دەکات.

**پەرتوکە چاپکراوەکانی:**

١- عەبدولڕەحمان قاسملوو، ژیان و ڕۆڵی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا (١٩٣٣-١٩٨٩)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر (٢٠٠٧).

٢- ڕاپەرینی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٩١دا (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر (٢٠٠٩).

٣- ڕۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٧٩-١٩٨٩) لێکۆڵینەوەیەک لە دۆخی سیاسیی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، چاپخانەی شەهاب، هەولێر (٢٠١٢).

**توێژینەوە بڵاوکراوەکانی:**

١. ڕاپەرینی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٩١دا (توێژینەوەیەکی مێژوویی – سیاسییە)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٧)، ساڵی ٢٠٠٧. ( ل ١٠٣-١٣٢).

٢. تورکیا لەماوەی فەرمانڕەوایەتی عیسمەت ئینۆنۆدا (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە بارودۆخی سیاسیی- ئابووری و کۆمەڵایەتی)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە (١٤)، ساڵی ٢٠١٠. (ل ١٨٩-٢١٨)

٣. محەمەد سادق شەرەفکەندی ژیان و تێکۆشانی سیاسیی (١٩٣٨-١٩٩٢) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٣٥)، ساڵی ٢٠١٥. (ل ٩١-١٣٢)

٤. بزاڤی توتن لە ئێران (١٨٩٠- ١٨٩٢)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ساڵی ٢٠١٥.

٥. غەنی بلوریان ژیان و تێکۆشانی سیاسیی (١٩٢٤-٢٠١١) لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٤)، ساڵی ٢٠١٥. (ل ١٩٥-٢٤٠).

٦. بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە جەنگی عێراق- ئێران ١٩٨٠-١٩٨٨، گۆڤاری زانکۆی صلاح الدین، ٢٠١٧.

٧. کێشەی ئەرمەن لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (١)، ٢٠١٨.

٨. تایبەتمەندییەکانی کەسێتی دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو، گۆڤاری K٢١، ژمارە (١)، ساڵی ٢٠٠٨.

٩. تێکۆشانی سیاسیی عەبدولڕەحمان قاسملوو لە حیزبی توودەی ئێران دا (١٩٤٨-١٩٦٨)، گۆڤاری تیشک، ژمارە (٢٥)، پایزی ١٣٨٨هەتاوی. (٢٠٠٩ز).

١٠. سمکۆی شکاک ڕۆڵی لە بزوتنەوەی کوردایەتی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا (١٩١٨-١٩٣٠)، گۆڤاری K٢١، ژمارە (٩)، ساڵی ٢٠١٠.

١١. ناپلیۆن وەک کونسولی یەکەمی فەرەنسا "کودەتای برومر و کار و ڕیفۆرمە نێوخۆییەکانی" (١٧٩٩-١٨٠٤)، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (١٤)، ساڵی بەهاری ٢٠١٠.

١٢. یەکێتی ئەڵمانیا لەساڵی (١٨٧١)دا، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (١٥)، ساڵی ٢٠١٠.

ئەمە جگە لە چالاکی وجولانەوە نا ئەکادیمیەکانی وەک نوسینی بابەت لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی.

## ئەزمونی کارگێڕی

جگە لە ئەرکی مامۆستایەتی، ئەزمونی کارگێڕیشی هەیە، لەسەرەتای بنیادنانی زانکۆی کۆیە چەندین پۆستی کارگێری هەبووە، لەوانە بەرپرسی نوسینگەی ڕاگرایەتی کۆلێژی پەروەردە ساڵی ٢٠٠٤، بەرپرسی نوسینگەی سەرۆکی زانکۆی کۆیە ساڵی٢٠٠٤-٢٠٠٥، بەڕێوەبەری تۆمارگای کۆلێژی پەروەردە ساڵی٢٠٠٦، بەڕێوەبەری تۆمارگای کۆلێژی یاسای ئێواران ساڵی٢٠٠٧، هەروەها بەڕێوەبەری تۆمارگای گشتی زانکۆی کۆیە ساڵی٢٠٠٦-٢٠٠٨. یاریدەدەری ڕاگر لە پەیمانگای تەکنیکی هەیبەت سوڵتان (٢٠١٦-٢٠١٧).



# MEHMUD HEMED ŞÊXANÎ

Dengêkî Resenî Win 1926-1994

سەیری وێنەم کەن تەواو شێواوە
بە سەختی ژیان پشتم چەماوە

بۆم بە جێهێشتوون لاوک و حەیران
بەشە کەلتوری ڕەسەنی کوردان